لەمەدا مانای واقعی دوو چەمکی؛ (١) یەکسانی ژن و پیاو، (٢) ڕزگاری ژن لەدەست ستەم، گرێیان خواردووە بە ڕزگاری گشت کۆمەڵگە لەدەست هەوتە کۆنەپەرست و فاشیستە مەزهەبی و قەومیەکانی بورژوازی.
ئەمەش واتا بزوتنەوەی ڕزگاری ژنان و خەبات لە پەناو هێنانەدی یەکسانیدا، هەتا بەدەستهێنانی ێفەمەکی ێیشێیش، لەووی بابەتیەوە، بەتە بشەکی جیانەکراوەی بزوتنەوەی سۆشیالیستی چینی کرکار بەدژی سەرمایەدری، ووەو هەڵتەکاندنی دەسەڵاتی بورژوازی و ژەهەوژورکردنی بناغەی سیستمە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکەی.

نەک هەر مەژووی فەمنیزمی لیبەڵ و ێفەمیستی جیهان، بەکو کار و چالاکی هەکخراوەکانی هاوشوشیان لە عەراق و کوردستاندا ئەوەی سەلماندوە کە هەتا هێنانەدی سادەترین ێفەم و بەدەستهێنانی

کۆمەک ئازادی و گۆڕینی یاسایەک، کە مەرکەبی سەرکاغەز نەبێت، پێویستە بە پەرەسەندن و بەهێزبوونی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە ئازگاریخواز و پێشڕەوکانی کۆمەڵگە و بوونی بزوتنەوەیەکی کرێکاری بەهێزی خاوەن ئاسۆیەکی سۆشیالیستی کە توانای داسپاندنی پاشکۆیی هەبێت بەسەر دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی بورژوازی و بتوانێ سنور دابنێ بۆ دەستدرێژی و سەرکوتی دەسەڵات و حکومەتکەیان.

ماویەتی …

ناوەڕاستی مارسی ۲۰۲۱
.-.-.-.-.-
ئەم وتارە لە ژمارە یانزەی مانگی مارسی ۲۰۲۱دا لە بڵاوکراوەی (دەوت) چاپی وەرەقی لە کوردستان بڵاوکراوەتەوە.

من و گۆستان.. نووسینی: دابین کامەران کەریم شارەزا

گۆستان بەمن و دەوڵەن و کەشی قەنگین بە ئەوە…

من خەم هیچ کاتێک لەگۆستان بەزار نابم، وە هەرکاتێک ناچاربم بچم هەوایەکی پاک و دوور لەجەنجاڵی ژیان هەمژم ئەوا بەبە دووی دڵی گۆستان هەدەبژەرم.
لەنەو گۆستانەکاندا پیاسە دەکەم و پەم وایە ئارەزومە بەنەو گۆڕەکاندا بگەڕەم زیاتر لەشوێنەکانی تر.
بەنی تەرمەکان زەر ئارام بەخشن کە لەژەر گیا و خاک و گۆڕاکانەوە دەت و نیگەرانت ناکەن.
هەر بە جدی مردووەکان ئازارت نادەن!ناتشکێنن! قەخنەی ڕووخێنەر ناگرن! تاکن و تاکیت قبوڵ دەکەن.
من بەنی مردوو و بگەنیوی ئەوانم زەر لە بەنی زیندووەکان پێ خۆشترە (زیندووەکان)هەرچەندە خەیان بشۆن و عەتر بدەن لەخەیان هەشتا بەنکی وەرسکەر و ناخۆشیان لێدێ!ئاخر زیندووەکان لە قاڵبی مردوو هاتونەتە دەرەوە و لەژیکانێ بیر ناکەنەوە، بۆیە بیرکردنەوە بەبەوای من کار دەکاتە سەر بەن خۆشی و ناخۆشی کەسەکان.

بۆیە هەرکاتێک ناچار بین بچین بۆ گەشت و گوزار، گەستانەکان بدەن بەمن و ئاوەش خۆتان بگەن بۆ باخ و دەوەنەکان.
لەگەستان دەستەکانم دەخەمە ژێر سەرم لانەوان بۆدە گەڵ و لار و گەورەکاندا پرسە دەگێرم، من چەندان ساڵە بەو شێوازە سەیران دەکەم تاکو ئێستا جام هێشک، پاسوانێک، کورد کوژێک؟..نەهاتووە بۆ ئێرە بەردەرگای فلان بەرپرسە و موڵکی فلان پاشایە، لەگەرستان تاکو ئێستا وەنەوشەیەک، هانجێک، مارسی(دز)ێکم دەبنی بشکێنێتەوە سەرم و ئازارم بدا.
یاداشت و گومان و بیرەوەریەکی هەزار لاپەڕەی بەرپرسێک یاخود نووسەرێکی ژەهر هێژ بۆ هەندەی نووسینەکی کورتی سەر گەڵکان سوودبەخش نین، ئاخر ماوەرانی لەوە زیاتر من تا ئێستا هیوای لەناوچوون بۆ ستەمکار و خەفرەش و تاڵانچیکان دەکەم بەڵام لەرەوە پەیدە هیوای تەمەن درێژیان بۆ دەخوازم چونکە بۆاستی مردوو پاکە و (پەم تاوانە) بچنە نیو ئاو قاپە.

نووسینی سەر کەڵی مردوە پاکەکان هیچ کاتێک بۆ هۆ نەبوون، وەڵە نووسینی سەر هەندێک گەڵ کە هی بەرپرسێک و دەستەیشتوەکە لە ئاستی لەژیک ئاوەندە گاتەجاری و پێکەنیناویە ناچار هەردوو دەستم توند بۆ کەڵی گەڵکە دەگرم تاوەکو لەگەڵ پێکەنینا نەکەوم!
ماوەیەکی زۆرە نووسینی سەر گەڵکەی خەمم ئامادە کردووە و هەشتاش زۆر زۆر لەی هازیم. نووسینەکانی ترم هەشتا مۆرکەبەکەیان وشك نەبووەتەوە کە لەیان بەزار دەبم، بەڵام نووسینی سەر گەڵکەی خەمم هەشتا خەش دەوێت. ئەم نووسینە هەڵگری خاڵی دەستوورێکە. بەدبەختانە ئاوەندەش گومان ناکرێت کە ئەم نووسینە لەسەر کەللەیەك کە سەرپەرشتیی ئاوی کردووە دەستنیشان بکرێت، مەگەر ئاوی دەوێت لەم بارەیەوە کارەك بکات.
بۆ ئاوی یادی من بکەنەوە، یەکەم جار دەبێت خودی من بدزنەوە، من ترسم لەوە هەیە کە خزمان و هاوەیان بۆ دەزینەوەی مردنی من تەواو بکەونە زەحمەتەوە، هەر بۆ جارەی کە دەکەونە زەحمەتەوە لە کاتێکدا زیندووم و دەگەڵن بم. بۆ هەی ئەمەویە کە پەلە دەکەم پێش ئاوەی کە درەنگ بکات ئەمە لەرەدا تۆمار بکەم.

لەکۆتاییدا حەزەکەم ئاو پارچە شعرەی پێشو دابنەم کە بۆاستی زۆر بۆجوانی هەنیویەتەوە.

لە گەستان بۆ بترسم!
خۆ هیچ نەبۆ لەوە لەو وڵاتە
وەک تەرازوو کش و ماتە،

ماڵچکۆیەکی خەمم دەبێت
لانە و لانی دونیام لێبیر دەباتەوە!

ماڵچکۆیەک نە مانگانە کرێی دەدەم
نە کەس داوای کلیلەکەی دەکاتەوە!

مرۆڤایەتی لەنێوان (بووشت) و (بە ووشت)دا.. فازیل شـــەوە

دەزانم تەنگژە و دژوواریی ڕۆژانەی ژیان و ترسی پێتا و لێیی ئایندە، ئەوەندە تاکی کوردی سەرلەشیواو کردووە، کە نەک مەیلی خوێندنەوەی نییە، بەڵکو مەیلی باوەشە (خەش و گەرمەکانیشی) وەکجاران نەماوە. حەزم دەکرد، بە چەند دەقیقەیەک، خەتان لەبیرکەن و بەیەکەوە، ئەم بابەتە بکەینە دەردەدە و بە هزر و بیر و ناخێکی مرۆڤانەتر، گوێ بە یەکتری بگرین:

دەڵێم: ئەوەی قەدرگران، لە خەتان پرسیووە: ئەمە بەرەو کوێ دەچێین و کەتا قەناغمان کوێندەرێیە و چەنە و چ ئایندەیەک چاوەڕوانە؟

ئەوەدەزانن: ئێستا، دەڵاخانە کراوەتەوە بە کەین و فرۆشتنی زەویی سەر مانگ؟ ئێستا نووسینگەی گەشت و گوزار هەیە، بۆ ئەوانەی حەزیان لە سەفەرە بە سەر مانگ، دوو سەت کەسکیش خەیان ناونووسکردووە و پلیتی سەفەریشیان بەیووە؟ ئێستا، ئەوا خەڵکانێک، خەریکی دابەشکردن و تاپۆکردنی پارچە پارچەی ئاسمانن؟ چەند ساڵکی دیە، هەر وەاتەی وەستگەی بەرهەمهێنانی (کارەبای خەی) لە ئاسمانی خەی دامەزراندووە و تیشکی خەر، وەزیەکی پاک و بەکارو بەلاشیان بە دەستبەر دەکات؟ ئەوە دەزانن، وەک چۆن ئێستا لە هەموو ماڵکانی کوردستان بگەڕێت، چوار کەندوو نادەزیتەوە، ئا بەم شێوەیەش، دوای چەند ساڵکی دی، زمان هەیە، وەک ئەو کەندووانە لەناودەچن و مەدیان بەسەردەچێ؟ ... زەری دیکەش، بن زەریاکان و مەریخ و ...و ...!

جا بەڕانبەر، ئەو هەموو خیاڵە داهێنەرانەی زانایان، ئەمرۆ، ژمارەیەکی بەرچاو لە زاناو فیلەسووفەکانی زانستەکانی مرۆیی یان

بینین (مرۆڤناسی بە هەموو شتەکانیەوە)، شێوە و تێڕوانینی جیاوازی مرۆڤ بەرامبەر بە ژیان و مردن و خراپترین و زانستییترین لێکدانەوەیان بۆ گرفتەکانی ئێستا و پرسیارە ئاڵۆزەکانی: "ئەمەی مرۆڤ بەرەو کوێ دەبات؟ ئایندەمان چۆن دەبێ؟"

لێتان ناشارمەوە، ئاکامی زۆر لە لێکدانەوەکان، تۆقێنەر و ترسناک و ناخۆشن. ـــ قسەیان لەسەر ناکەم، با پتر ڕەشبین نەبین ـ
بەڵام: خاڵێکی (زۆر بایەخدار) هەیە کە ئێوە زانا و فەیلەسوفانی، هەوڵستێی لەسەردەکەن و بە جددی کاری لەسەر دەکەن، ئێویش (بەڕۆشتی) و (بە ڕۆشتی) یەکە.

چۆن:
یەک: تاکو ئێستا وەختە، زاراوەی (ڕەوشت) پێناسەیەکی لە قالبدراوی نییە. کێشەیش نازانی لە کێنگەیەوە مرۆڤ، ڕەوشتی کردووەتە بەشێک لە بوونی خۆی. زانستی ڕەوشت، یان ڕەوشتناسی و ڕەوشتزانی، هەر دوای سەداکانی ناوەند، وەک زانست لە ڕۆژئاوادا کتێبیان لەسەر نووسراو دواتر دەیان فەیلەسوف و کەسێناسان کردیانە بابەتی خەیان. دەگوترێ، ڕەوشت،"چەپکێک لەو بەها و نەریتانەی، مرۆڤ دایهێناوە بۆ جیاوازکردنەوەی جوانی و ناشیرینی، هەق و ناهەق، چاکە و خراپە . جا لە ڕێگەیی هەشمەندی و ئاگایی مرۆڤەوە، ئەو نەریتانە دەبن بە پێوەر و تەرازووی هەڵسەنگاندنی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کەسەکان، پتریش وابەستەی یەکسانی و سەربەستی و دادپەروەری دەبن"

دوو: هاتنی ئایینەکان، ج ئایینە داهێنەرەکان و چ ئایینە ئاسمانییەکانن، سنووری دیاریکراویان بۆ زاراوەی (ڕەوشت) دانا، بەگوێرەی لێکدانەوە و تێڕامان و پێویستی خەیان، بۆ ئێو زاراوەیە. هەر بۆیە، جار هەیە جیاوازیی لە (ڕەوشت)ی کەمڵە جیاوازەکاندا دەبینرێت.

سێ: بەگشتی جاران (ڕەوشت) لە نێو بازنەی چەند وشەیک و دەستەواژەیەکی دیاریکراودا، دەناسرایەوە، بە نموونە، لە لای خەمان، بەڕەوشتی (حەزی و دزی بوو.) بەڕەوشتیش شتێ جوانەکانی دیکەی مرۆڤ بوون. کەمێ بە خەی دەستێاتی ڕۆهای هەبوو، بە چەسپاندنی ئێو (ڕەوشتێ)، – زۆربەیجاران، بەبێ ئێوەی هانا بە یاسا و چەک و دەستێات ببات. واتا منداڵ هەر کە دەهات گوربە، وردە وردە لە ڕەوشت شارزادەبوو، بە هەردوو دیوەکەیەوە.

چوار: ئەستا ئەو زانا و فەیلەسوفانەی خەریکی لێکۆڵینەوەن لەسەر (ڕەوشت)، دەڵێن:"لەوەتەی مرۆڤ پەی ناوتە سەر ئەم زەوییە، قەت بە قەد ئیمڕۆ عەوجە بە ڕەوشت نییە و نەبووە"

چۆن؟
ئەوان دەڵێن، ئەو داهێنانە تەکنەلۆژیا پێشکەوتووانەی سەردەم، ئاگەر زوو بە یاسا و یاساکانی (ڕەوشت) جڵەوونەکرین، ئەوا ژیان و بوونی مرۆڤ بەرەو هەڕەسکی زۆر ترسناک و سەخت دەچێت. بۆچێ؟

چونکە لەمەودوا پێویست ناکات بە خێرایی و دەمانچە و تفەنگ، بچیتە سەر کەس و بیکوژیت. تەنها دەتوانی ئەوەی گەرەکتە بیکوژی، تەنها لە ماڵەکەی خۆت و کوژراویش لە ماڵەکەی خۆی.

بە زەنگی مۆبایلێک، بە کورتە نامەیەک، بە وێنەیەک، بە گرتەیەک، بە پەیامێکی بڵاوکراوەیەک، بە بڵاوکردنەوەیەک، بە یەکێک لە ئامێرە وەسیلەکانی بەردەستت، وەک تەڵەفۆنە کەمەرایەتیەکان و ئینتەرنێت و مۆبایل...، دەتوانی ژن و مێرد لێک بکەی، کچی شەریف ناشەریف بکەی، پیاوێکی پاک و بێگەوشت ناپاک و بەرەوشت بکەی، سەرکردەی دەسەڵاتدار بەوخۆنی، کەمپانیای گەورە مایپووچ بکەی، چ شتێکی خراپت بە خەیاڵ دادێ دەتوانی بیکەی، ئەوکاتەی کە ئەو ئامێرانە بەبێ چاوکردنی ڕەوشتی جوان بەکارهاتن.
زۆر لەمانەش ترسناکتر، ئەو زانیانەی دەڵێن: ئیمڕۆ، ئاگەر (ڕەوشت) بە هووە جوانەکەی، نەکرێتە بەشێکی زیندوو لە بوون و ماهیەتی مرۆڤایەتی، ئەوا تەواوی چارەنووسی مرۆڤ لە بەردەم خەتەرێکی گەورە دایە. ئەمڕۆ، ئەوەندە چەکە کەمەکوژی لە جبەخانەکانی جیهاندا ئامارکراون، بای ئەوەیە کە شەش جاران ژیان بە تەواوی لەسەر ئەم زەمینەی ئەمەدا بسڕێتەوە و ئەوەی زیی ڕوحە نەیهێڵی.

لەو ماوەی دوایدا، منداڵیکی هەرزەکار، توانی بووی بچێتە نێو دەسیەیی گرنگترین بەشی چەکە خەترناکەکانی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا. باشە چ ڕوو دەدا، ئاگەر سبەینێ، کەسێکی ئاڵوودەی مرۆڤ کوشتن، دەستی گەیشتە ئەو زانیارییانەو پەنجەی نا بە دوگمەی بەمبە ئەتەمییەکان؟!

بە کوردی و کرمانجی، دەستەیەکی زۆر لەو زانا و فەیلوسوفانە دەڵێن، ئەمە چەند خەریکی داهێنانی نوێی و پێشکەوتووین لە بوارەکانی تەکنەلۆژیاو و پیشەسازیدا، ئاگەر بەهەمان شێوە خەریکی پەروەردەیەکی سەرکەوتووانەی مرۆقدەست نەبین بە نەوەیەکی

(بووشت) ئەوا دەبێ بزانین، هەرچی ئەمە دەکەین، بۆ کوشتن و قڕکردنی خەمانە.

لێرەدا، بێندەر، بەچوونی ئەو زانایانە ــ کە من بە ڕاست و دروستیان دەزانم، بۆ ئایەتێکی قورئانی پیرۆز ئاڤەدەکەم. کە زۆر پەیوەستە بە ڕەوشی ئیمڕۆ و دەکرێ، بەخەبەرگرتن لە هەردوو جەمسەرەکەی تووندڕەوی، سوودی لێوەرگرین و لە عیبرەتەکەی تێبگەین.

خودا دەفەرموو:(وَإِذَا أَرَدْنَا أَن نُّهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا فَفَسَقُوا فِيهَا فَحَقَّ عَلَيْهَا الْقَوْلُ فَدَمَّرْنَاهَا تَدْمِيرًا).

کەواتە، ئەگەر مرۆڤ، وابزانێ کە بۆ تەنها بۆ ڕابواردن و بۆ وەدەستهێنانی شتە بەنرخ و گران بەهاکان، بەختەوەر دەبێ، ئەوا نەفامییەکی کوشندەیە. (ڕەوشت) نەکراتە کۆمەکەی ئەو ژیانە نوێیە، ئەوا داتەپینی حەتمییە.

زانا و فەیلەسوفەکانی مرۆڤناسی و مرۆڤزانیە هەروا دەڵێن، بەیەکەی مرۆڤایەتی دەبێ چاو بە زاراوەی (ڕەوشت) دا بخشێنێتەوە.
هاوڕێیانی ئازیزم. تکایە بابەتەکەم، بابەتێکی فەلسەفی قوولی ئایندەی مرۆڤایەتییە، بۆ کوشتنی ژن و تێکدانەوەو شەڕ ئەو شتانەی مەبەستنەوە.

ڕەوشت، بۆ واتای، هەر شتێ مرۆڤ جوانتر و پاکتر و ئاسوودەتر دەکات.

ئەم بابەتەم بۆ کاربەدستانی پەروەردە و ئایین و کەمەناس و هەموو ئەوانەیە کە مرۆڤیان خۆش دەوێ و جوان بیردەکەنەوە بۆ ئایندەی نەوەکانیان.

پشتی نەهەنگ
..
عەلی حەمەشید
..

چـــەند خەشبو لە خـەونمدا
سوار شـــەپەلی دەریـــــا بووم
لـەگـــەیدا وەک هـــــاوەڵ
بـە هەموو لایەک دەچـــــووم
...
ماسی و نـەهـــەنگ لەناو ئاو
وەکـــــو تابلۆ دەگیر بـــوون
باش سەرســـــامیان کردبووم
چەند جوان دەهاتن و دەچـوون
...
شەپەلەکـــــە خـرا بـــوو
کەوتمـــە نـــــاو دەریاوە
تەماشام کـرد نـەهـــەنگێک
پشتی خـــــەی بەم دانـــاوە
...
ئیتر ســـواری پشتی بـــووم
ئای ئای چەند خەشبوو لەلام
لەگەڵ ئـەویش ناو دەریـــا
زەر بـــەتـــەواوی گـــەڵام
...
زانی کەمن مـــــاندوو بووم
چونکە جـــار جـــار دەگریام
بەیـــــە منی گەیـــــاندە
لەوار دەریـــــاکە و داینام
...

منیش چوومـــــە وشکانیی و
هەتـــــا توانیم پێکەنیم
بەیە بەقاقاکەی خـــەم
من لەو خـــــــەوە ڕاپەڕیم
...
٢٣/٧/٢٠٢٠

شانۆیی هاملەت-ی کامەران ڕەئوف.. کاوە جەلال

دەبەری

"هاملەت" وەک تەما هەمیشە هەنووکەییە، واتا بە هەموو سەردەمێک دەگونجێت و لە هەموو کولتوورێکدا دەرفەتی داشتنەوەی نوێی دەخسێنێت.
لە هەوڵی نزیککەوتنەوە لە فێنامێنۆلۆژیای هونەریی کان هەمیشە کورتهێن دەبێت گەر بگوترێ شابلۆنی تەواوکراو لێیان نزیکبکەوینەوە. ئاخر مرۆ لە هەوڵی بەو چێشنەدا دەچاوی ئەو داواکارییە ناخەکی-ئێستێتیکییانە ناکات کە خودی فێنامێنی نیگاکردوو-نیگاکراو زیتی کردوونتەوە. هاوکات ئەوەش ئاشکرایە کە هەر ژانرێکی هونەری مەرکی تایبەتی هەیە کە داوای نیگاکردنەوەی تایبەت بە خۆی دەکات و دەبێت بە دینەومای هەر خەریکبوونێک پێوەی. لەم پێوەندییەدا گومانی تێدا نییە کە دراما وەک داشتنی کردارنوێنی ئالۆزتر لە هەزان یان چیرۆک، ئەوجا مەسەلەکە پێوەند بە درامایەکەوە کە دەشێت کارەساتێکی لە لایەن درامایەکی دیکەی سەردەمێکی دیاریکراوی کولتوورێکی دیکەوە وروژێنرابێت، ئالۆزتر و داوای پەوەخەریکبوونی تۆژەری یان دەخنەیی تایبەت بە خۆی دەکات.

[بە خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرە بکەن..](#)

KawaJalal_HamletDownload

کورتەیەک دەربارەی مەژووی فەلسەفە نووسینی.. ئاراس سەعید

١٠(فەلسەفە لەبەر ئەوە سەری هەڵدا، چونکە مرۆڤ نەیدەتوانی بیر لەگەردوون نەکاتەوە)

ئەستە: میتافیزیک

فەلسەفە(philosophy) زاراوەیەکی لەکدراوی یۆنانییە، لەدوو بەش پێکهاتووە[(فیلە)ر(phili)] بەواتای خۆشەویستی و [(سۆفیا)(sophia)] بەواتایی دانایی دێت. هەردوو زاراوەکە بەواتای خۆشەویستی بە دانایی دێت.
٢★ یەکەمین کەس ئەم زاراوەیەی بەکارهێناوە (فیساگۆرس) بووە، ئەمەش لەکاتێکدا لە دەپرسن تە کەسێکی دانایت دەێت نەخێر من کەسێکی دانا دەستم. ★فیلوسوف★
هەرچەندە فەلسەفە بابەتێکی فرەهەندە و ناتوانرێت پێناسەیەکی گشتی بۆ بکرێت، بەڵام لە دیدی منەوە(فەلسەفە لە گشتایەتی خۆیدا هونەری پرسیارکردن و تاقیکردنەوەی شتەکانە، لە ڕوانگەی ئامان و بیرکردنەوە بۆ گەیشتن و دۆزینەوەی فاکتە شاراوەکان). وەکو سوکرات دەێت:" ژیانێک تاقی نەکرابێتەوە واتایی ژیانی نیە". واتا ئەو ژیانە ساختەیەی کە لەسەر بونیادی ترادسیۆن و زانیاریە ساختەکان بونیادنراوە پەویستە تاقیبکرێتەوەو لە ڕوانگەی نەشتەری ڕەخنەوە شیبکرێتەوە.

٣★ (جۆن دیڤد) بەمجۆرە پێناسەی فەلسەفە دەکات:
" کۆششێکە مرۆڤ بەوونکردنەوەی ئامانجە بنەڕەتیەکانی لەژیاندا ئەنجامی دەدات ".

مەحاڵە بەبێ تێگەشتن لەچەمکی (لۆگۆس و میتۆس) لە خودی بابەتەکە تێبگەین.
چیەتی چەمکی (لۆگۆس و میتۆس) :
ئۆگەر بگەڕێنەوە بۆ نێو دونیایی فیکر و فەلسەفە، لە ئەنجامی کارلێکی ئەم دووچەمکەدا، داهێنانی فەلسەفی گۆڕە و فەرهەنگی دڕوشاوە بەرهەمهاتووە.
★لۆگۆس زاراوەیەکی یۆنانییە، بەواتایی، هزر یان ئاوەز دێت، لەزمانی عەرەبیدا بەوشەی (نطق) نوکراوەتەوە. (د.ڕەهبەری محمود زادە) سەبارەت بە وشەی لۆگۆس دەڵێت؛ " لۆگۆس لەهێندی وشە دەبەتەوە لەزمانی ئینگلیزی پێی دەوترێت (لاجیک) یان(لۆجیک)". هەروەها دەڵێت؛ ئەو تێرمانەی کۆتای پاشگری لۆجی دێت وەکو؛ (ئیپستمۆلۆجی، سۆسیۆلۆجی) لەزاراوەی لۆگۆس، ئاوەزەوە وەرگیراوە.
"لۆگۆس" چەشنێکی تایبەت لەبیرکردنەوەیە دەربارەی جیهان، کە ڕووداوەکان و دیاردەکان لەچوارچێوەی سروشتی هزر و لەژیکدا تەتەڕە دەکات. "تەتەڕەکردن"[] بریتیە لەوەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کەمرۆڤ لەقۆناغە سەرەتاییەکانی هزردا ورژاندویەتی. بەشێوەیەکی تر

بریتیە لەوەی ئەو پرسیارانەی بە (بۆ) یان(بۆچی) دەست پێ دەکەن.

"میتۆس" چۆنێکی تایبەت لێبیرکردنەوەیە لەبارەی هەواوکان و دیاردەکات، کە هەکاری هەوانی دیاردەکان لەچوارچێوەی "سەروسروشتەوە" تەتەڵە دەکات، بەشێوەیەک هەکاری هەوانی دیاردەکان دەبەستێتەوە بەهێزێکی نادیارەوە. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە چۆنێکە لە ئوستورە، یاخود بیرکردنەوەی ئەفسانەیی. کە بریتیە لەچیرۆکێک لەبارەی خودا یان بونەوەرێکی ئەفسانەی لە بارەی سەرچاوەی جیهان.
یان سەرچاوەی جیهان چیە و ئوستورە دەپرسی شتەکان بۆچی وان.
وەکو؛ مار بۆچی دەستی نیە،
یان فەان بونەوەر بۆچی وایە.
پەیمانی کەندا بەم شێوەیە وەڵامی ئەو پرسە دراوەتەوە، "کاتێک شەیتان دەچێتە بەهەشت بە فریودانی حەوا، لەشێوەی مار دەیشت، بەیە خودا بەیانی دا تا جیهان ماوە بە دەست و لاق بێ".
٤٭(دکتەر هەبەر) دەڵێت؛ ئوستورە لەزەمەنێکی پیرەزی سەرەتایی هەیداوە و بەدرێژایی ژیان دووبارە دەبێتەوە، چونکە کردەیەک موقەدەسی خودایە و لەزەمان و "شوێن و کاتدا" خالیە.
هەڵەبام بارت لەبارەی ئوستورەوە دەڵێت؛ "ئوستورە چۆنێکە هاگیاندنێکە کە هەوادەدات مێژوو بکات بەسروشت".
ئوستورە لەمیتەسەوە هاتووە. تێبینی؛ ئوستورەکان خالین لەشوێن و کات، بەیە دەبینین لەناو گەلانی جیهاندا ئوستورەکان دووبارە دەبنەوە. بەنمونە ئوستورەی باوک کوژی، لە ناو دونیای ئەدەبیاتی یەنانداە دەبینریت کە ئەدیب باوکی دەکوژێت. هەمان ئوستورە لە ئەدەبیاتی فارسدا دەبنینەوە کە ئوستورەی ڕەستەم و زوهرابە، یان هەواوی لافاوە مەزنەکە کە لەسەرجەم ئوستورەو چیرۆکە ئاینیەکانی گەلاندا دووبارە بێتەوە.
(ئەلیکساندەر گەربەڤسکی) لەکتێبی" نهەنی کۆنترین مێژودا" باس لەوەدەکات، کە ئوستورەی ئادەم و حەوا لەپەش کتێبە ئیبراهیمیەکانەوە، لەناو ئەدەبیاتی سەمەری و هندیەکان باسکراوە.

مێژووی فەلسەفە

هەرکات بڕ چەمکی مێژووی فەلسەفە دەکەوین، ڕاستەوخۆ ئاوەز و بیرکردنەوەمان دەچێتەوە بەلای مێژووی (گریک) شارستانیەتی یەنان. ئەویش بەهەی ئەوەی بەیەکەمین جار ئێستە لەکتێبی میتافیزیک ئاماژەیی بە "تالیسی ماتایی" کردووە، کە وەکو یەکەمین فەیلەسوف لەمێژووی مرۆڤایەتیدا دەناسرێت و زۆربەی فەیلەسوفان کەکن لەسەر

ئاوەی فەلسەفە لە تاییسەوە دەست پێدەکات. بەڵام ئەمە ناکۆنە ژێرجەبر و کاریگەری دەگمانەی مێژووەوە. (تاییسی ماتایی) جەختکردنەوە نیە، لەسەر بیرنانی کردنی (تاییس)، بەڵکو لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە چیتر بەشوێیەکی نوێ بیری لەسروشت کردنەوە جیاواز لەبیکردنەوەی (میتەلەژیا و میتەس).
٥★ بەپێ سەرچاوە مێژوویێکان تاییس (585) زاینی ژیاوە. بەمانایەکی دی لەو ساڵەدا بیرکردنەوەی فەلسفیانە لەیۆنان سەری هەڵداوە. بەڵام شتێکی ئاشکرایە ئارگومێنتە مێژوویێکان ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن. فەلسەفە لەپێش تاییسەوە، لەناوچەکانی تری جیهاندا هەبووون، بۆ ئەمەش گەلێک ئارگومێنت لە ئاردان، کڵونی دەکۆنەوە ئەو بیرکردنەوە فەلسفیانەی لەیۆناندا باوبوون، لەناوچەکانی تردا هەبووون. یاخود هاوشانی یۆنانیێکان سەری هەڵداوە، وەکو مەبەندەکانی خەرهەڵاتی لە (هیند و چین و میسر و بابل و ئرانیێکان).
٦★ ئۆگەر (تاییس ساڵی 585 پ ز) ژیابێت، ئەوا بوودا ساڵی (500 پ ز) و، کۆنفۆشویس (550پ ز) و، زەردەشت ساڵی (550) ژیاون.

بەڵام لەڕدا پرسیارێکی گرنگ دێتە پێشەوە، بۆچی "فەلسەفە" لە لەشارستانیەتەکانی تردا لەگەشەکردن وەستاو، لە یۆناندا گەشتە لووتکە. ئەمە لەدیدی منەوە سێ فاکتەری سەرەکی هەیە کە ئەمانن:

یەک: سروشتی یۆنان بەهەی ژێرەمی کەمەڵایەتی یۆنان کە لەدایکبوونی دیموکراسی و بەقەولی ٧(هانائارێنت):" دەوڵەت شارەکانی یۆنان ڕەخراوێک بووە لە جڤات، کە لەنواندنی کردە و قسەکردنیان لەگەڵ یەکتری دەردەکەوت و

بەهەمان ئامانج پێکەوە دەژین، بەشێوەیێکی تر دەوڵەت شار بەواتای دەرکەوتن دێت، کە چۆن کەسانێک بەمن دەردەکەون منیش بەهەمان شێوە دەردەکەوم."
بەپێ سەرچاوە مێژوویێکانیش دەسەڵاتی دیموکراسی لەیۆنان لەدایک بووە و ئەمەش کەشێکی ئازادی ڕەخساندووە.
دوو: بەهەی تێنەپەڕاندنی دەگمەکانی ئایین و نەبوونی ئازادی لەناو گەلانی تردا، بەراورد بەشارستانیەتی یۆنان. شتێکی ئاشکراش، فەلسەفە هەمیشە یەکانگیرە لەگەڵ ئازادی و لە ژینگەیێک نامێنتەوە ئازادی بە ڕەخنەگرتن و بیرکردنەوە فەراهەم نەکات.
سێ: دەگەڕێتەوە بە بوونی چەمکی ڕەخنە، کە لە شارستانیەتی یۆناندا ڕەگی گرنگی بینیوە.

ئەو قۆناغانەی فەلسەفەی پێدا تێپەڕیون

یەک: قۆناغی (پێش سوکرات) لە سەدەی (حەوتی) پ ز، دەست پێ دەکات تا نزیکی نزیکەی (چوار سەد) ئەم قۆناغە دەگرێتەوە، کە لە بنەڕەتی بوون و ماهیەتی جیهان دەکۆڵێتەوە
قۆناغی دووەم: قۆناغی فەلسەفەی کلاسیکی یۆنانیە و لەم قۆناغەدا فەلسەفە لە ترۆپکی گەشەکردندایە و دووبارەی دژبەیەک دەنێ ئاراوە ئۆیش (سەفستایەکان) و (فەیلەسوفانی یۆنان). ئەم قۆناغەش دەربارەی کردە مۆراڵیەکانی قۆناغی مرۆڤ و ژیانی حوکومەانی و گەردوون و سروشت و پرسە؟فەلسەفیەکانیان وروژاندووە.
قۆناغی سێیەم (سەدەکانی ناوەڕاست) تاریکترین قۆناغی بیرکردنەوەیە و گەشەی مەعریفی چاق دەبەستی ئۆیش بەهەی تەکۆکردنی فەلسەفە و گونجاندنی لەگەڵ ئایینی مەسیحیدا.
قۆناغی چوارەم: کە لەخۆنێ دیکارتەوە دەست پێدەکات و لە دەستی هەگڵ دەگاتە لووتکە بە قۆناغی فەلسەفەی نوێ ناسراوە لەم قۆناغەدا جیهانی هزر و زانست شانبەشانی پێشکەوتنی پیشەسازی پێکەوتنێکی مەزنی بەخۆیەوە بینیوەو لەم قۆناغەدا دووبیازی گرنگی دژبەیەک سەرهەڵدەدن ئەوانیش (ئەزموونگەرایی و ڕاشیونالیست)، پاشان قۆناغی ئایدیالیزم و ماتریالیزمی ئەمانی و دواتریش فەلسەفەی مەدەرن دێتە ئاراوە. هەریەک لەم قۆناغانەش تایبەتمەندی و خەسڵەتی دیاریکراوی خۆی هەیەو پێویستە بەو کۆنتەکستە مێژووییەی تێدا دێتە ئاراوەو کاریگەری لەسەر تێفکرین و بیرکردنەوەی مرۆڤ دروست کردووە.

پرسە فەلسەفیەکان چین

- ئەمە هەندێک جار دەپرسین بوون چیە، مرۆڤ چۆن دروست بووە جیهان لەچیەوە هاتۆتەبوون، خودا چیە؟
۸⋆میتافیزیک لقێکی فەلسەفەیە کە وەڵامی ئەم پرسە دەداتەوەو ئەمەش لە تاقیسەوە دەست پێ دەکات کە لەبنەڕەتی ئەو مادەیە دەکۆڵێتەوە کەجیهانی لە دروستبووە.
_ ئایا ئەمە دەتوانین چی بزانین ئایا مرۆڤ توانایی زانینی سنوردارە یان دەتوانێ تەواوی نهێنیەکانی جیهان ئەزموون بکات؟
و: لقێکی فەلسەفە بەناوی ئیپستمەلۆژیا وەڵامی ئەم پرسەمان دەداتەوە، کە لەسوکراتەوە دەست پێ دەکات و لە سەردەستی کانت پێپەر دەگات بە لوتکە. وەکو ئەوەی کانت فەیلەسوفی ئەمانی دەڵێت:" من دەتوانم چی بزانم"

-کام ڕەفتاری مرۆڤ باش ببێتە مایەی پێکەوە ژیان و ئاسوودەی ئەوانی تر. بۆچی من مرۆڤێکی باشبم
و:فەلسەفەی ئەخلاق لە ئەو باباتانەن دەکاتە ژرپرسیارەوە لە ڕەگەی پرس و دڕئەنجامەکانیەوە وەڵامی ئەو پرسەمان دەداتەوە.

کام جۆر حوکمانی دەبێتە هۆی فەراهەمکردنی ئازادی و ئاسایش و پێکەوە یان. چ جۆرە دەوڵەتێک باشە؟
لقێکی فەلسەفە بەناوی فەلسەفەی سیاسیەوە وەڵامی ئەم پرسانەمان دەداتەوە لەو بابەتانە دەکەێتەوە….هتد ئەمجگە لەوەی فەلسەفە یەکێکە لەو ئامڕازانەی دەبێتە (موظاف) دەچێتە پێش هەرناوەکی تڕوە و لەو بابەتانەدەکەێتەوە وەکو(فەلسەفەی زمان، فەلسەفەی مژوو، فەلسەفەی یاسا، فەلسەفەی زانست، فەلسەفەی فەلسەفەو …هتد).
بگشتی فەلسەفە هونڕی پرسیاکردن و گومان و تەماناە بە دەزینەوە و چارسڕی ئارشەو گرفتکان تا ژیانێکی شایستەی و هونڕیانە بسەر بڕین.

سڕچاوەکان

١. ەبوار سیوەیلی: سەفستایەکانی یەنان ، چاپخانەی هاوسڕ هەولێر

٢. هیوا جەلال: سڕەتایەک بە فەلسەفەی زمان، دەزگای ەنوەن
٣. هەمان سڕچاوە
٤. ەهبڕی مەحمود زادە: کەرسی فەلسەفەی ەژئاوا
٥. arne nees: filofiens historie,i, hans reizels forlag : kopen haven,s.26
٦. هەمان سڕچاوە
٧. نامیلکەی فەلسەفەی هانا ئارەنت، و: ئارام مەحمود، دەزگای ئایدیا. 2017
٨. (ت.ز لاڤین) : فەلسەفە بە هەموان، و:ئارام مەحمود.

بەرگریەک لە شکۆ، لە یاسا و لە دادپەروەری.. جەمال کەشش

گریمان یەک ڕۆژ، بە تەنها یەک ڕۆژ، دادگایەکی سەربەخۆ، و بەپێی ستانداردە جیهانیەکانی ئەمرۆ، پێیوابکرێت لە کوردستانی عێراقدا، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان؛ بە سەرۆک و جێگر و دامەزراوە باڵاکانیەوە، بەرگەی یەک ساعات ناگرێت و پێویستە هەڵبوەشێتەوە:

• لەسەر تاوانکانی شەڕی نێوخۆ، کوشتاری بۆنقەستی لاوە خوێنگەرمەکانی کوردستان، هەتا هەرزەکار و مەردمندالیش.

• لەسەر تیرۆری بەکۆمەڵی نێیارانی سیاسیان، ڕۆژنامەنوسان، کەبەرانی سیاسیان.

• لەسەر دزی و تاڵانیەک کە هەموو بەگژ و دەکیومینتەکانی دراون بە پەرلەمان و دەزگای دەستپاکی، کە لایەن ئەندامانی باڵای حزبە دەسەڵاتدارەکانی ئەستای کوردستانەوە ئەنجامدەدرێن.

• لەسەر بەشداری لە پلانی قەزاوونی لەشکری وەاتانی بگانە، لەسەر ئادەستکردنەوەی ئەپەزسیۆنی وەاتانی سەرکوتگەری دەوروبەر.

• لەسەر ئەشکەنجەی زیندانیان، لەسەر شەوازی قەهراوی و فاشیانەی دەزگاکانی ئاسایش و پاراستن و دژە تیرۆر.

• لەسەر قەلاچۆکردنی ژنان و داددانی تاوانباران.

• لەسەر ئەنفال، هەڵەبجە، بازرگانی لەگەڵ داعش، قاچاخچیەتی دەرمان و چەک، …

• لەسەر هەڵبەستنی درۆ، نەفرەتی ئاسیستی، دەسوەردان لە ژیانی تایبەتی تاکەکاندا.

• لەسەر ….

دامەزراندنی دادگا و دامەزراوەی دادوەری سەربەخۆ، ووونکاری (شەفافیەت) و ئەقەکانی لەکەینەوە و سەلماندنی تاوان و بەتاوانی (بەرائەت)، پێویستی بە شەرعیەتێکی یاسایی دەوڵەت هەیە، کە لەدەرەوەی لەابینین و سروشتی دەسەڵاتی ئەستای کوردستاندایە.

سازکردنی سیناریۆی "سیخوڕی" و "تەکدانی ئاسایشی نەتەوەیی"، و پڕوپاگەندەسازی بە ڕۆژنامەنوسان و هەڵسوڕاوانی خێپیشاندانکان، بەکارهێنانکی دامەزراوەی قەزاییە بە فشار و ئەجێندانی سیاسی، ڕاگەیاندنی تاوانباری پێش هەڵدانەوەی پەردەی شانۆگەرییەکە گەلێک لە سنوری سزادانی "کەیسی شەروان شەروانی هاوەکانی" واوترە.

بەکارهێنانی پێگەی سیاسی بۆ سەرکوتکردنی ڕۆژنامەنوس و هەڵسوڕاوانی سیاسی و جەماوەری، بەناوی یاسا و بەو تۆمەتانەی کە بیانووی نایاسایین، مەترسیترین هێنگاوە بۆ دووانی هێزی هەڵکخراوەکانی مافی مرۆڤی جیهانی و پارێزەرکانیان، بەگەی پێویستیان بە بڕیاری دادگاکە خستە ڕوو (نەبونی پارێزەر، سەرنگونکردن و دابەشاندنیان لە دونیای دەرەوە، بەبەگەیی، گواستنەوەی دادگا، هەڵوەشاندنەوەی ئیفادە، ئەشکەنجە، تاوانبارکردنیان لەلایەن سەرۆک وەزیرانەوە، ... پەلەپەلی دادگا و ...). سازکردنی ئەم شانۆگەریەش، بگەڕێ پێوەندی بە دادوەری و دیاریکردنی تاوانبارەوە نییە، هەڵشێ بە کەمەگا، بە ڕۆژنامەنوسان و خەڵکی ناڕازی و ئەپۆزسیۆن دەڵێ ئەوە ببینن.

بابەتکانی دادگەری و یاساکانی تەشریع و سزا و تاوانکان، ئاوێنەی ژیان و ماف و شکۆ و ستانداری ژیانی هەر کەمەگایەکن، (لەگەڵ ئەوەدا پاریزگاری مافی خاوەندارییەتی تایبەتی، بنەمای دەستورویاساکانی دەوڵەتی بورژوازی و پیرۆزییەکانیەتی)) بەڵام خەبات بۆ دامەزراندنی سیستەمکی کراوە و پێشکەوتوی مەدەنی و مافی یەکسانی هاوڵاتیان لەبەرامبەر دادگا، ئەقڵیەکی گرنگە بۆ بردنەپێشەوەی خەبات لە پێناو جیهانێکی ئازاد و یەکساندا.
ئازادی دەربڕین و هەڵسوڕانی ئازادی سیاسی و مافی دەستهێنانی زانیاری و ئازادییە گشتییەکان، کاریگەرترین هێزی شکاندنی سیستەمە تۆتالیتاریەکانە و دروشانەوەی خەباتی بزوتنەوەی سۆشیالیستی و ئازادیخوازییە. پارێزەران و دادوەرانی ئازادیخواز، مەشخەڵی فراوانکردنەوە و بەستنەوەی ئەم خەباتە بە دەسەڵاتی سیاسی یەوە هەیە.
خەبات بۆ ئازادی تەواوی زیندانی سیاسی بادینان، هاوخەباتی لەگەڵ کەسوکاری زیندانیەکان، لەگەڵ حەسرەت و فرمێسکی منا و دایک و هاوسەریان، بەشکە لە بەرگریکردن لە شکەی مرۆڤ و مافی یەکسان و دادپەروەری.

٢٠٢١-٣-٢٠

دەوری حزبە کوردیەکان لە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا!.. نوری بەشیر

٣٣ ساڵ بەسەر کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا تێدەپەڕێت و کاریگەری و ئاسەوار و تراژیدیا دژی ئینسانیەکانی ئەم کۆمەڵکوژیە کە راستەوخۆ ئەنجامدەرەکەی رژێمی بەرژوا ناسیونالیستی بەعس بوو، لەهەر یاداوەرێکدا بەردەوام دێ و دەرونی هەموو ئینسانێکی مرۆڤدۆست و ئازادیخواز لە کوردستان و جیهاندا ئازار دەدات.
بەجیا لە کۆمەڵکوژی پێنجهەزار کەس لە ماوەیەکی کەمدا، بەجیا لە دەهەزار بریندارى ئەم کیمیابارانەو بەسەرو شوێنبووونی دیانی دیکە، یادوەری ناخۆشی ئەم کارەساتە لەلایەن کەسوکاری قوربانیان و میدیاکانەوە ئاشکرابوونی بۆگەی نوێ لە شەریکبوونی حزبەکانی کوردایەتی لەو کارەساتەدا دەدرێت بەگوێی خەڵکی کوردستان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتیداو بریندکان دەکولێتەوە.
بۆگومان ئەمە تەنها کارەسات و کۆمەڵکوژیەک نیە کە رژێمی دەندەی بەرژوازی بەعس ئەنجامی دابێت، بەڵکو ئەنفالەکانی کوردستان، خاپورکردنی سەدان هەزار دێهات، سەرگەردانی دیان هەزار کەس و لە زیندان تۆندکردن و ئیعدامی فەردی و دەستەجەمعی و زیندەبەچاڵکردنی هەزارانی تر کە تا ئێستاش لە ئاستی کوردستان و سەرتاسەری عێراقدا ساڵانە دیان گۆڕی بەکۆمەڵ دەدۆزرێتەوە، بەشێکی تری تاوانە دژی ئینسانیەکانی ئەو رژێمەیە لە کوردستان و عێراق. هەڵەبجەت رژێمی بەعس بەهاوکاری دەوڵەتانی بەرژوازی و هێزە ئیمریالیستیەکانی وەکو ئەمریکا ئەو تاوانەی ئەنجام داوە بەناوی ئەوەی کە ئێران بەوکارە هەستاوە پاکانەی رژێمی بەعس و سەدام کراوە لەلایەن دەوڵەتانی رۆژاوای دەستی ئەو کاتەی سەدامەوە. بەڵام لەوە بەئازارتر دەوری حزبەکانی کوردایەتی و ئیسلامیەکانی بەناو ئۆپۆزیسیۆنی بەعس بووە لە ڕەوانی ئەم تاوانە کۆمەڵکوژیەدا. ئەمە تەنیا قسەی دەستە و تاقمێکی دیاریکراو نیە کە دژی ئەم حزبانەی ناسیونالیستی کورد بێت، بەڵکو قسەی زۆربەی خەڵکی کوردستان و بەدیان بۆگە هەیە لەسەریان و لەهەمووی سەرنجراکیشتر سەران و ئەندامانی حزبەکانی خۆیان پشتڕاستی دەکەنەوە.

بۆگەکان سەبارەت بە دەوری حزبەکانی کوردایەتی لەو کارەسات و تاوانانەدا!

هیچ شتو کشمکشێک بۆ پاساو و یەکلایەنە نیە! راستە کیمیابارانی هەڵەبجەو پێشتر دژیان شۆنیتری وەک سووسنان و بالیسان و شیخ وەسانان و ئەنفال و خاپورکردنی هەزاران دێهات راستەوخۆ ڕژێمی ناسیونالیستی عەرەبی بەعس بەسەرکردایەتی سەدام حسین ئەنجامیداوە، بەڵام بەپێی بەڵگەنامەکان و شایەدحاڵەکان، حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و ئیسلامیەکانی کوردستان و عێراق دژواریان هەبووە لە ڕووداوانی ئەم کارەساتە مەرگبارەدا. ئەوەتا سەرکردەکانی کوردایەتی و ئیسلامیەکان کاتێک کە دەکەونە بەرامبەر یەکێتری هەندێک لەڕاستی ئەو تاوانانەی یەکێتر هەڵەدەماڵن کە بەرامبەر بە خەڵک ئەنجامیانداوە.

یەکێتی کاتێک لە ڕەکەوتن لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا ساڵی ١٩٨٤ بڕیاری دەبێت، بۆ سەرانی بەعس دەڵێن کە دەستی سوپای کەماری ئیسلامی دەگرن بەسەر سوپای عێراق و دێهێنێنە کوردستان و ئەوانیش پێیانوتوون ئەمەش کیمیایی دەکەین بەسەر شارەکانی کوردستاندا. ئەوەبوو ئەم حزبانەی بزوتنەوەی کوردایەتی نێک گۆیان بەم هەڵەشانەو دووبارە بوونەوەی کارەساتەکان نەدا، بەڵکو سوربوون لەسەری و دوای کارەساتەکەش خەزگیان بۆ چەندین کارەساتی تری وەک کیمیابارانی هەڵەبجە دەخواست. سەرەنجام بڕیاریان لەشکریان بۆ جمهوری ئیسلامی بناو هەڵەبجە بیانویان دایە دەست سەدامی تاوانبار تا ئەو تاوانە بەوننەیە ئەنجام بدات. بەسەراحەت و بۆ بەرچاوی سەدان ئەندامانی یەکێتیەوە جەلال تاڵەبانی لەساڵی ٢٠٠٩ دا لە پلینمی چوارەمی یەکێتیدا لە سەر کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە دەڵێت:

نەوشیروان مستەفا بەبێ ڕەزامەندی سکرتێری گشتی کە فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگە بوو هەروەها بەبێ ڕەزامەندی زۆربەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتیش، فەرمانی عەسکەری دابوو بە فەرماندەو هەڤاڵانی دژە هەڵەبجە، کە وەکو بشک لە هاوکێشە عەسکەریەکانی جەنگی عێراق – ئێران هەوێی رزگارکردنی هەڵەبجە بدەن؛ گوایە بە کەمکردنەوەی گوشار بوو بە سەر سەرکردایەتی کە ڕژێم پەلاماری دەدات، بەتایبەتی حکومەت پێشتر هێرشێی بە ناردبوین کە هەر پەلامارێک لەگەڵ پاسداران بە سەر هەر شۆنێک، بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی جوابی دەبێت، تەنانەت گەر شاری سلێمانیش بێت.
نەوشیروانیش لە وەڵامدا دەڵێت: لەو سەردەمدا کە ئێمە بە دژی شکاو و دەرونی بریندارەوە باسی ئەوەمان ئەکرد چۆن هەوێی "ئازادکردنی هەڵەبجە" بوو بە "کارەساتکی ئینسانی"، تاڵەبانی بە

هیچ هەمینەوەیەك وتوویەتی: "کیمیابارانی هەڵەبجە مەسەلەی کوردی بردە ناو مەیدانی نێودەوڵەتیەوە... ئاخ بە دووسە هەڵەبجەی تر".

ئەم حزبانەی کوردایەتی هەر ئەمەیان نەکرد کە لایەنێک بوون لەکارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا، بەڵکو بوونەهەی کوژرانی نزیکەی ٧٠ کەس لە پێشمەرگەکانی کەمەڵە، ڕەکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران کە لەو ناوچەیە بوون، بەهەی ئاوەی یەکێتی لەو پیلانەی خەیان و جمهوری ئیسلامی ئێران ئاگاداریان نەکردبوونەوە و غافڵگیرکران.
سەرباری کارەساتی هەڵەبجە، یەکێتی بەسەرپەرشتی نەوشیروان مستەفاو کەکردنەوەی هەزەکی زەری پێشمەرگەو سوپای پاسداران بەرەو کەرکوک ڕەشتن بە لەدان لە بەریە نەوتەکان و ئەمەش وەک کارەساتی هەڵەبجە، ئەنفالی ناوچەکانی ئەو دەوروبەرەو کیمیابارانی تری بەدوای خەیدا هەنا. هەموو ئەوکارانە لە چوارچەوەی هەکەوتنی یەکێتی بەسەرپەرشتی نەوشیروان مستەفا لەگەڵ جمهوری ئیسلامی ئێراندا ئەنجام دراون کە لەمانگی ١٠ ی ١٩٨٦ دا لەتاران واژووکرابوو.
دەوری حزبەکانی کوردایەتی هەر بەوەوە ناوەستە کە دەوریان هەبووە لە ڕوودانی کارەساتی هەڵەبجەدا، بەڵکو خەشیان تاوانیان بەرامبەر بەو خەڵکە ئەنجام داوە کە کیمیایی قەتوعامی کردبوون.

برای یەکێک لە قوربانیەکانی هەڵەبجە بەناوی مامستا کەسار محەمەد دەڵێت: لە کیمیابارانی هەڵەبجەدا خەی و خانوادەکەی بەرکەوتوون دەڵێت: باوکم، دایکم، دوو خوشك، براگەورەکەم و برازایەکم لە ساڵی ١٩٨٨ شەهید بوون. خوشکەکەم لە کیمیابارانی هەڵەبجە شەهید بوو، بەناو پێشمەرگە دەستیان بەی و بازنەکانی دەستیان دزی" خوشکەکەم چەندین جار خزمەتی ئەو پێشمەرگانەی کردووەو کە هەشتاش لە ژیاندا ماون".
مەلا بەختیار کە ناوبەناو کارنامەی سەرانی حزبەکەی و حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لەشاخ و لەشار کەمکەم دەردەخات، ئەمجارە لەسەر کارەساتی هەڵەبجە و کارنامەی حزبەکەی و پێشمەرگەکانی یەکێتی و لەپرسراوانیان ئاوا دەڵێت: کە یادی هەڵەبجە دەکرێتەوە جگە لە فاشیەتی بەعس، لە ناخمدا بریندکیتر دەکولێتەوە، ئەویش زامی ئەو تاوانبارانەیە کە لەکاتی مەرگساتەکەدا بەناو شارەکەدا گەڕاون و تەرمیان هەداوتەوەو ملوانکە و ئەنگوست و سەعاتی دەستی ژنەکانیان کەکردەتەوە، دەستی تاوانیان بردەتە گیرفانی قوربانیەکان و پارەکانیان دزیووە.

مەلا بەختیار لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت لە خەکی باوەڕ پەکراوم

بیستوو کە تاوانباری وا هەیە کە هەشتا لە ژیانیشدا ماوە پەنجەی ئاوساوی دەستی ژنانیان بەیووە، هەتا ئێستاقو ئەنگوستیلەکانیان ببەن. ماڵانیان تاڵان کردووە و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا فرۆشتویانە. لەم تاوانبارانە هەیە کاربەدەست و پلەی سەربازی گەورەیان هەیە! من ئەستاش قسەیان لەگەڵ ناکەم!!
سەرباری ئەمە حزبەکانی کوردایەتی بووەتە پەناگەی هەموو ئەو تاوانبارانەی سەر بە ڕژێمی بەعس کە دەوریان هەبوو لە تاوان و کەمەکوژی و کیمیاباران و ئەنفالی خەڵکی کوردستاندا لەپاڵ هێزە سەربازیەکانی بەعس. بەشێکی بەرپرسانی فەوجە خەفیفەکان دواتر بوونە سەرکردەو بەرپرسی هەرێمەکە لە پارتی و یەکێتی و قوربانیەکانی هەڵەبجەو ئەنفالیش لە بەمافی و هەژاری و پەراوێزخراندا ڕاگیراون و ئازاری یادەوەریەکان و نەخشیەکانی دوای ئەو کارەساتەو ئازاری بینینی تاوانباران لە پستی بەرزی حزبی و حکومیدا، ژیانیانی تاڵ و سەخت و پە ئازار کردوە.

ئومێد بەکەوتنی هەرێم و بەغدا سەرگەردانیە! .. عوسمانی حاجی مارف

ماوەیەکە هەوای میدیاکان سەرقاڵی دانیشتنەکانی نێوان هەرێم و بەغدان، ئەو گفتوگۆو دانیشتنانەی کە نە سەرەتاکەی لە بیری خەیان و خەڵکدا ماوە و نە دەزانرێت کۆتاییەکەی کەی هاتگەیەنرێت. هەژانە لە هەواڵەکاندا دوای چەندین جار لە گەیشتنی شاندی هەرێم بە بەغداو پاشان گەڕانەوەیان بە دەستی بەتاڵ، ئەوە هاتگەیەنرێت کە بەم زووانە هەردوولا کۆبونەوەیەکی دیکە دەکەون، گوایە تەنها چەند خاڵێک ماوە بەیاری لەسەر بدرێت. بەڵام بە ڕەشنی دەبینین ئەو بانگەشانەی کە ماوەن و دواتر لە دانیشتنەکانی تردا قسەی لەسەر بکرێنەوە، نیشانەکانی ئاڵۆزی و بارگرژی هەتاهەتایی پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا نیشان دەدات، چونکە کێشەی پشکی بودجەو هەڵەی ناردنەدەرەوەی نەوت و نەخشەو پلانی داهاتوی سنورەکان و نفوزو ناوچەگەرێتی و هێزی سەربازی..هتد هیچ کات نایتوانیوە خاڵی هاوبەشی دانیشتن و

هەڵکەوتنەکان بێت و نابێت.

مەسەلەیەک کە پەیوستە جێگای سەرنجی جدیمان بێت ئەوەیە کە ئاخۆ لەدەرەوەی چاوی هێزە میلیشیاکانەوە تا چەندە چاوەڕوانی پەیوستە بە ئەوەی بزانرێت ئێگەری ئەوە هەیە ئەنجامی ئەم سەوداومامەڵەیە ئەنجامەکەی هەڵکەوتن دەبێت یا رەنگەکەوتن؟ گەر بەهەر ئەنجامێک بگات تا چەند پەیوەندی بە بەرژەوەندی خەڵکی هێژارو نەداراوە هەیە؟

ماوەی ٣٠ساڵ لەدەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی لە هەرەمدا کە پڕە لە ئەزموونی دەسەڵاتی میلیشیایی و مافیایی و تاڵانی، دەست بەسەراگرتنی سەروەت و سامانی کوردستان، دابەشکردنی کوردستان بە زەنی زەردو سەوز، شەڕی ناوخۆ ماوەرانی و کارەسات،...هتد. نمونەی سەپاندنی ئەوپەڕی ناجێگیری سیاسی و نائارامی و نائاسودەیی بووە. دامەزراندنی دەسەڵاتی بنەماڵە و نیشاندانی چەندین دەورە لە حکومەتی کارتۆنی و بەدەسەڵاتی پەرلەمانیە، بە دابەشکردنی رێژەی ئەندامانی کابینەی پەرلەمان و وەزارەتکان لە سەر بنەمای تەوافقی پێشوەخت بە گوێرەی هاوسەنگی هێزی حزبەکان، باشترین نمونەن بە حاڵیبوون لە بزوتنەوەی کوردایەتی کە خاوەنی چ جۆرە ئەزموونێکی قێیراناوی و پرشکست و نائینسانی و تاڵانچی و مافیایین، ئەهلی پێکهێنان و دامەزراندنی دەوڵەت نەبوون و نین، پاشکۆبون بە بەرژەوەندی سیاسی ووڵاتانی زلهێزی دنیا و ووڵاتانی ناوچەکە مانای ئەوپەڕی شەهامەت و ئەرکی "نیشتمان پەروەریانە".

هێزە میلیشیاکانی بزوتنەوەی کوردایەتی کە بەهەی پاشکۆبونیان و پەیوەستبونیان بە بەرژەوەندیە سیاسیەکانی ئەمریکاو بەرژەوەندی ووڵاتانی ناوچەکە بونەتە خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا، هەر بەهەمان پاشکۆ بون و پەیوەست بونەوە لە ساڵی ٢٠٠٣وە دەرگیر بون، یەکەم بەشراکەتیان لە پێکهێنانی حکومەتی عێراق و چوونە پاڵ هێزە شیعەکان و بەهێزکردنی ئاگری شەری تائفی. دووەم مامەڵەکردنی کەشکانیان لەگەڵ حکومەتی بەغدا، بە هەمان پرسەی بەرژەوەندیە سیاسیەکانی ئەمریکاو ووڵاتانی ناوچەکە و هێزە میلیشیا ئیسلامی و تائیفیەکان دەوریان دیوە و سودەکی زەرتریان لە کەرکەی سەرمایەو جەردەیی و تاڵانی و گەندەڵی وەرگرتووە. سێیەم دەورەکی پشتوانیان دیوە لە خستکردنەوە ناجێگیری و گێژاوی سیاسی لە عێراقداو لە هەمانکاتدا زیاتر سپاردنی کوردستان بە چارەنوسێکی نادیار.

بە مانایەک بەدوای شەڕی کەنداوو دوای ڕوخانی حکومەتی بەعس و تا

ئەستا، عێراق و کوردستان بونەتە مەیدانێک بۆ شەڕو ئاڵۆزی نێوان هێزە میلیشیاکان و دەخالەتی راستەوخۆی ووڵاتان کە نێ جگیری سیاسی مانایەکی هەیە، نێ دەتوانرێت حکومەتێکی ناوەندی یەکلایی کرێتەوە، ووڵاتێکی پارچەپارچەیە، کە کاریگەری کێشمەکێش و دەخالەتی بەردەوامی ئەمریکا و ئێران و تورکیا..هتد واقعیەتێکە تەنها هاوسەنگی هێزە کە پێیوەندی و نفوزی هێزە سیاسیەکان دیاری دەکات و ئاوگۆیان پەدەکات و کاریگەری لەسەر هاوکێشەی سیاسی عێراق و کوردستان و بەرژەوەندی دەسەڵاتەکانیان دەبێت، بە جۆرێک مسۆگەری مانەوەو سودی پاشکەبونیان بە ووڵاتانی ترەوە دەخسێت، لە هەمان کاتدا هیزە سیاسیەکان دەکەونە ناو چوارچێوەی سەوداو مامەڵەیەکەوە کە هیچ جۆرە کرامەت و بەهایەکی ئینسانی ناهێنێوە، تا ئەو ئاستەی سەرکردەکان نزمترین ئاست لە ریسوایی و سوکایەتی لەسەر خەیان حزبەکانیان قەبوڵ دەکەن.

گەر بمانەوێت زیاتر ئاماژە بەم خاڵە بدەین بە نمونە ئەوە باش دەبینین کە ئاڵاستەی پارتی بە ڕەکەوتن لەگەڵ بۆغدا جیاوازە لەگەڵ ئاڵاستەی ڕەکەوتنێک کە یەکێتی دەخوازێ لەگەڵ بۆغدا بێکات، مامەڵەو خواستی پارتی لە ئیمکانات و مەوقعیەتی هاوسەنگی هێزەکەیەوە گرانترو زیاترە لە یەکێتی، چونکە مەوقعیەتێک لە لاوازی هاوسەنگی هێز کەبەسەر یەکێتیدا سەپێنراوە ئامادەی ملکەچی هەر جۆرە ڕەکەوتنێکە لەگەڵ بۆغدا گەر بەی بلوێت، بە ناوی پێیوەندی سەربەخۆو لامەرکەزیەوە، بەڵام لە بەرژەوەندی بۆغدا نیە ئەو ملکەچیەی یەکێتی قەبوڵ بکات، بەڵکو گەر بۆغدا بەی بگونجێت هەوڵ ئەدات ئەو ملکەچیە بکاتە ناچاریەک بەسەر پارتیدا، بۆیە دەبینین لە دانیشتنەکاندا زیاتر پەداگری لەسەر ئەو خاڵانە دەکرێت تا پارتی ٢٥٠هەزار بەرمیل نەوت و کۆنترۆڵی خاڵە سنوریەکان و داهاتەکانی ڕادەستی بۆغدا بکات، ئەوکات بۆغدا پابەند دەبێت بە دانی ڕێژەی ئەو داهاتەی دەبێت بدرێت بە هەرێم، مانای هەرێم بەڵای بۆغداوە یانی پارتی و تورکیا!، بەڵای پارتیشەو بۆغدا یانی شیعەو ئێران! هەر لەم واقعیەتەوەیە کە ئەتوانین ئەو بۆچونەی باوەڵی بەیەک ڕیزی کورد هەیە وەڵام بدەینەوە و بڵێین خەتان فریو مەدەن و لەخەوو خەیاڵیشدا بیر لەو یەک ڕیزیە مەکەنەوە، ڕۆگای کۆتاییهێنان بەم دەسەڵاتە و دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆک ئاسانترو کارسازترە.

بۆیە؛ یەکەم هەر جۆرە چاوەڕوانیەک کە تروسکاییەک لە جگیری سیاسی نیشان بدات جگە لە چەواشەکاری مانایەکی تر نابەخشێت، ڕەکەوتن یان ڕەک نەکەوتن تەنها کێشەی نێوان هێزە میلیشیاکان خەیانەو پێیوەندی

بە چارەنوس و باشبونی ژیان و گوزەرانی خەڵکەوەنیە. دووەم تەواوی سەوداو مامەڵەکانیان لە نێوان یەکدا بەڵکەوتن یا نەکەوتن هەمووی کاتیو لەهەر ئاوگەرمک لە هاوسەنگی هەزیاندا دەخکی تر بەخەیاڵەوە دەبینیت. سێیەم مەسەلەی بنەڕەتی بونی تەواوی ئەو هەزە میلیشیایانە لە کوردستان یا لە عێراقدا، جا بەناوی حکومەتی هەرێم وە یان حکومەتی بەغداوە بێت، پارێزەری ئاوپەڕەی دەخی دەندانەی سەرمایەداری و کەڵەکەی سەرمایەن، داڕێژەری نەخشەی بەردەوامی ئاوپەڕەی کاری هەرزان و تەشەنەی هەژاری و نەداری و برسێتین، نائینسانی و بەدەربەستن بەرامبەر ژیانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و پەداویستیکانیان.

جگەلە کۆتایی ئەم دەسەاتەو بەرپابونی شۆڕشکی کۆمەایەتی بە دابینکردنی ئازادی و یەکسانی، هەر چاوەنیەکی تر سەرگەردانی و ئومێدەکی بە هودەیە.

٢٤/٣/٢٠٢١

خوێندنەوەیەک بە سەردانەکەی ئەم دواییەی پاپای ڤاتیکان بە عێراق وکوردستان*.. عەبدوڵا ساڵح

لێژەر دروشمی، (ئەو هەموتان بران، کووتەیەکی ئینجیلە)، ڕۆژی (٥-٣-٢٠٢١) پاپای ڤاتیکان، فرانسیسی یەکەم، بەسەردانەکی فەرمی بە ماوەی (٤) ڕۆژ گەیشتە عێراق، ئەمش یەکەم جارە لەمێژوودا پاپەک بێتە ئەم ووڵاتە، هەروەها یەکەم سەردانی پاپایە بە دەرەوەی ڤاتیکان دوای بڵاوبونەوەی پەتای کۆرونا.
پاپ لەم سەردانیدا، جگە لە بەغدا و دیداری گەورە بەرپرسانی عێراق، سەردانی مەرجەعی شیعەکان، عەلی سیستانی کرد لە نەجەف، و چووە کۆنە شاری ئوور لە پارێزگای زیقار، کە گوایە مەڵبەندی "برایم پێیامبەر" بووە و هەرسەک ئایینەکە؛ جولەکە، کریستیان و

موسەمان بێ "باوکێ گەورەی پێامبەران"ی خۆیانی دەزانن، هەربۆیە مەبەستی بوو بایەخی مێژوویی و شارستانیەتی ئەو ووڵاتە دەرخا و پێامێک بدا کە سەرچاوەی هەرسێک ئایین یەکە. دواتر سەردانی پارێزگای نەینەوای کرد، کە لەسەر دەستی داعش بەشێکی زۆری وێران کرابوو، ئەمجا هاتە کوردستان و لە یاریگای فرانسوا حەریری لە هەولێر ڕووسەمێکی نزا و نوێژی بەرپاکرد بە بۆشداری نزیک لە دە هەزار کەس و دواتر عەراقی جێهێشت.
ئەم سەردانە لە کاتێکدا بوو کە بەردەوامی باری ئاسایش و ئارامی عەراق ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو خراپتر دەچوو ئەستاشی لەگەڵ بێ، ڤایرەسی کۆرۆنا تا دێت زیاتر بڵاو دەبێتەوە، بۆغدا بەهەی زاڵ بوونی دەسەڵاتی میلیشیا شیعەکان، شوێنکەوتەی مۆترسیدار و ئاسایشی تیا نیە، ناوچەی سنوز لەژێر موشەک باراندایە، داعش خۆریکی سەرهەڵدانەوەیە، بەڵام هەموو ئەو مۆترسیانە نەیانتوانی ببنە بەربەست بۆ ڕۆیشتنی لەم سەردانە.
کەواتە پاپ بۆ لەم بارودۆخەدا ئەم سەردانەی ئەنجامدا؟! ئایا نەردراوە بۆ عەراق؟ یاخود ئارەزوومەندانە خۆی ملمی لە چەقۆ خشاندوە و بەرەو مۆترسیەک هەنگاوی ناوە کە ڕەنگ بوو لەم سەردانەیدا بۆی بڵتە پێش؟ تەنانەت شێخی ئەزهەر (أحمد الطيب) ئەم سەردانەی وەک هەنگاوێکی بوێرانەی پاپا باس کرد! ئەمە ئەو بابەتە و ئەو پرسیارەیە کە هەوە دەدەم لەم باسە کۆرتەدا تیشکێکی بخەمەسەر و وەڵامێکی وەرگرمەوە.
دەزگا زۆبەلاحەکانی میدیای نوودووەتی، بەر لەو سەردانە، ویستیان پڕوپاگەندەیەکی وا بکەن کە گوایە سەردانێکی "ڕوحیە" و دوورە لە سیاسەت، بەڵام پێامەکانی پاپا، لە یەکەم هەنگاویدا لە ناو خاکی عەراق، پێچەوانەی ئەم ئیدعایە دەرچوون، مەبەست و مەرامی سەردانەکە، کتومت سیاسی بوو، بەڵام لە قاوغێکی "ڕوحی"دا، سیاسی بوونی ئەم سەردانە لە یەکەم پێامی پاپادا دەردەکەوە کە دەڵێ: (با تفەنگەکان بدەنگ بن)، (با ئایین لەپێناو ئاشتی و برایەتیدا بێ)، (وەستانەوەی کەمەڵگای بۆشاری دژی نایەکسانی ئابوری)، (بەرەو ڕوبونەوەی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات)، ئەمجا داوا لە کەمەڵگای نوودووەتی دەکا بە کەمەگ لەپێناو (بەرقەراری ئاشتی لە عەراق و خەرهەڵاتی ناوەڕاست).
ئەم ڕاستیە، ئاگرچی بۆشک لە کریستیانەکان دانی پێدانان، بەڵام ناکرێ بڵێین پاپ تەنیا بەنوێژێک یا نزایەک و بەسەرکردنەوەیەک ئەم گۆشتەی کردوە وخۆی توشی ئەم مۆترسیە کردوە. شایانی وەبیرهێنانەوەیە کە پاپا، جگە لە پێگە ئایینیەکەی، سەرکی دەوڵەتکیشە کە باوەزخانەی لە زوربەی زۆری ووڵاتانی جیهانـدا

هەیە، بەیە ئامانجە سیاسیەکانی ئەو سەردانە، ناتوانێ تەنیا لەژێر قاوغی (ڕوحی)دا پەردەپۆش بکرێ. لە ڕاستیدا ناوبراو لەو سەردانەیدا بە شوێن کۆمەڵێک ئامانجەوە بوو کە دەکرێ ئاوا کورتیان بکەینەوە:
یەکەم، هاتوە مەری کریستیانەتی لە عێراق و کوردستان بدا و مژووو بخاتەوە بەر چاوی هەمووان و بیریان بهێنێتەوە کە ئەوان؛ (کلدان، ئاشوری و سریانی)، کۆنترین پێکهاتەی نەک تەنیا ئەم دوو شوێنە، بگرە هی سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، هەر بەیە ساحیب ماڵن و کەس ناتوانێ وەک میوان حیسابیان بۆ بکا و نابێ جێپێیان لێق بێ و هەر هەنگاوێک بنرێ بۆ داشتنەوەی دووبارەی نەخشەی سیاسی عێراق دەبێ ڕەنگ و نەخشی ئەوان، جێگای دیار و بەرچاوی هەبێ. بەکورتی گیان بخاتەوە جەستەی کریستیانەتی، بەتایبەت کە لە سەردەمی دەسەڵاتی داعشدا گورزێکی دەندانەی بەرچاوی بەرکەوت.
دووەم، پاپا، وەک "گەورە مەرجەعی کریستیانەکان" دانی نا بە "مەرجەعیەتی شیعە" لە نەجەف وەک مەرجەعێکی باوەڕ پێکراو، وە بە ڕەسمی دەریخست (نەجەف) لای ئەوان زیاتر بەهادارە تا (قوم)، کە سیاسەتکانی ڕووەو پاوانخوازیە و بەرەو پێکهێنانی هیلالی شیعی ملدەنێ، ئەمەش دەکرێ وەک داکوتانی بزمارێک لە نێوان هەردووک مەرجەعیەتدا هەژمار بکرێ، شایانی باسە هەمان پاپا لە شوباتی ساڵی (٢٠١٩)دا نامەیەکی لەگەڵ "گەورە مەرجەعی سونیەکان"، شێخی ئەزهەر، مەر کرد لەژێر ناونیشانی (نامەی برایەتی مرۆڤایەتی لەپێناو ئاشتی جیهانی و پێکەوە ژیان).
سێیەم، پاپا بەم سەردانەی، بە ماوەی چوار ڕۆژ عێراقی کردە خەراکەکی بەرچاو و کەم وێنە لە دەزگا کانی ڕاگەیاندندا، لانی کەم لای زیاتر لە ملیارێک ئینسان کە پەیڕەوی قاتیکان دەکەن، ئەمەش بەخێی وەک پشتیوانیەکی بەرچاو بە دەسەڵاتدارانی عێراق و کوردستان هەژمار دەکرێ، هەر بەیە بەم بۆنەوە، یەکسەر، دوای کۆتایی سەردانەکە، وە بەمەبەستی دروێنە کردنی دەستکەوتە سیاسیەکانی ئەم سەردانە، مستەفا کازمی سەرەک وەزیرانی عێراق، بانگەوازی کەبونەوەی بەرفراوانی هەڵە "نیشتمانیەکانی" ڕاگەیاند بە ئاشتی و تەبایی و پێکەوە ژیان، هەردووک بارزانیش "لەبەیک"یان بەم پەیامە گوت! ئەمەش وەک هەوڵێک بۆ دەرباز بوون لەو تەنگژە قوڵە ئابوریە، سیاسیە، کۆمەڵایەتیەی هەردووک دەسەڵات تێی کەوتون لە ئەنجامی ئەو ناڕەزایەتیە جەماوەریە بەر فروانەی کە ڕۆژ بەڕۆژ دژی هەردووک دەسەڵات لە بڕەو دایە.
دامەزراوە ئایینیەکان، بەدرێژایی مێژوو؛ یا خێیان دەسەڵاتێکی سەرکوتگەر بوون، وە یا لە خزمەت دەسەڵاتە سەرکوتگەرەکاندا بوون،

بەمبەستی پارێزگاری لە تەختوتاراجی ئەو دەستاتانە، لەو ئاستەیشدا ڕەلی سەرکیان گەیاوە وەک یەکێک لە سەکتەرکانی سەرخانی کەمەکە بەردەوام سیاستەکانیان لە خزمەت مانەوەی سیستمی زاڵی ئابوری دا بووە کە ژێرخانی کەمگەیە، مژووی هیچ کام لەو ئایینانە ئەوەمان پێناڵێ کە ئەوان، وەک ئەوەی لافوگزافی پەولەدەدەن، لە خزمەت ئارامی و ئاسایش و پێکەوە ژیاندا کاریان کردبێ. ئەگەر بانگەوازێکی لەم جۆرەشیان ڕاگەیاندبێ، ئەوە تەنیا بەمبەستی فریودانی خەڵک بووە. بەردەوامیش، تا ئەو شوێنەی دەستاتیان بۆ کردبێ، کوتکی دەستی چەوسێنەران بوون وە یا خۆیان چەوسێنەر بوون. دامەزراوەی ئایینی ئەمڕۆی قاتیکانیش میراتگری ئەو مژووە خوێناوییە کە کڵێسە بە درێژایی مژووی دەستاتی، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەنجامیداوە، ئەوەی ئەمڕۆ ئەم دەستاتە ئایینییەی خزاندەتە ناوبزمکەوە کە لە کیلۆمەترێکی دووجا کەمترە و دانیشتوانەکەی لە چەند سەدەک تێپەڕ ناکەن، ئەگەرچی هەژموونی فیکریشی بەربڵاو بێ، ئەوە خەبات و تێکۆشانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ئازادی خوازی ئەو وڵاتانە بووە کە تەوقی ئایینیان لە ملی خۆیان داڕنیوە و بەرەکی ئایینیان گرتوە و فەیان داوەتە ناو شوێنە ئاسایەکەی خۆی کە کڵێسە و دەستاتی ئەویان لە ناو کەمەدا تا ئەندازەیەکی بەرچاو کەتا کردوە، ئەمە جگە لە پشکۆتنی زانست و زانیاری کە بەردەوام بەتە مایەی پوچەڵکردنەوەی خورافاتی ئایینی و پاشکشەکردن پێی.

ئەگەرچی دامەزراوەی قاتیکان لە ئێستادا لە ژێر پەردەی "مرۆڤ دۆستی" پەیامی خۆی ڕادەگەیەنێ و پاپا وەک ئاشتیخوازێک خۆی وەنا دەکا، بەڵام هەموو ئەو هەوڵانەی ئەم دەزگایە، لە دوا شیکردنەوەدا، بەردەوام لە خزمەت مانەوەی سیستمی زاڵمانەی سەرمایەداری دایە و لەهەوڵی بڕوادانە بەم شێوازە لە دەسەڵات و ژیان و گوزەران.

———

(١) قاتیکان بچوکترین دەوڵەتی جیهانە، دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای ڕۆما پایتەختی ئیتاڵیا. ڕووبەرەکەی (٠،٤٤) کیلۆمەتر دووجایە و دانیشتوانەکەی، بەگوێرەی سەرژمێری ساڵی (٢٠٠٤)، تەنیا (٩٢١) کەسە. لەساڵی (١٩٢٩)دا لە ئیتاڵیا جیابۆتەوە و بۆتە قەوارەیەکی سەربەخۆ. زمانی ڕەسمی قاتیکان لاتینییە، خاوەنی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤاری تایبەت بە خۆیەتی. [لە ئینسایکڵۆپیدیای ئازادی (ویکیپیدیا)وە وەرگیراوە].

ناوەڕاستی ئازاری ٢٠٢١

کتێبی ژنە پیشەوەرەکانی کۆیە 1900 _ 2015)ی فازیل شەوقی

ئەم کتێبە (144) لاپەڕەی قەبارە نیو) (A4و بە پشتبەستن بە چەندین سەرچاوە، باسی ژن و پیشەوەری و پانتاڵای ژیان و گوزەرانی لە کۆیەیی جاراندا دەکات. بە وردی ڕیزبەندی (72) پیشە کە ژن ئەنجامیانداوە لەگەڵ ناوی پیشەوەرەکان باس دەکات. ئەم کتێبە بە یەکەمین توێژینەوەی ئەنترپۆلۆژیی پیشەوەریی ژنان لە کوردستان دادەندرێت. مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی پێداچوونەوەی بە کردوە و دکتۆرە عەتیە حەمە سەعید پێشکی بە نووسیوە و لە خەرجی نووسەر لە چاپخانەی شەهاب لە هەولێر چاپکراوە .

[بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن ...]

https://dengekan.info/wp-content/uploads/2021/03/FazilShawro_Koya.pdf

مرواریيەکانی ئەوین.. مـرواری چوارەم.. شیعر: ستیڤان شەمزینی

ماچێکت ئەکەم بە لەوکانتەوە بمنێنتەوە
کاتێ پێدەکەنیت
ماچێکت ئەکەم بە پەوتەوە بمنێنتەوە
کاتێ فرمێسک ئەڕژی

دەتەنگیپەکانت
بە ئەکەمە گوڵدانەکی پە کریستاڵی بزە
تابلۆی شادیپەکانیشت
بە ئەگرمە چوارچێوەی هەتاو

چرپاندنم بە گوێی ئازارەکانما
چیتر نامەوێ سروودی بە تاقەتی بەهەوە
نامەیەکم بە نووسیت کە بێیت و
بە هەنگڤ تەخەکانی پەکەنین نەژەنم بکەیتەوە

قەدیسەکم لە پەرستگای رووخاوی دەدا
تەرانیمە بە تەنهایی ئەخوێنمەوە
عارفەکم کونجی مەیخانەم گرتووە
بیر لە سووتانی رەزی رەحم ئەکەمەوە

چ هەقیقەتێکە کە ماتماتیکی عەشقمان ئەوێە:
من لەگڵ تە یەکسانین بە یەک؟
چ درێیکی زلە فیزیای دابان
منی مەجنوون لەگڵ تەی لەیلا ئەکاتە دووان؟

خەم بدەمە بەر شنەبا یان گەڕووکە
هەر کامیان بێت دەمهێنێوە بەردەم تە!
خێت بدەیتە دەست رەشەبا
یا رووبارەکی پەستەچی ئەتخەنەوە سندووقی دەم

هێندە سەیری ئاسمانم کردووە
باران غیرە ئەکات ئاشقی کام ئەستێرە بووم
هێندەم شیعر بە نووسیووی
قەڵەم لە دووڕەوە ئەتناسە و ئیرەیيت پە ئەبا

چیرۆکی ژوانمان کۆتە ناو
دەفتەرە خوێناوییەکانی بیرەوەریی
حکایەتی ماچەکانمان کۆتە نێو
گەروویی بەروونی وشکە ساڵی

بە زمانی نیگا پێت وتم
خۆشەویستیت رژاوەتە نێو هەستم
بە زاری دە پێم وتی
ژنێک لە بنەچەی گوڵ بووەتە قیبلەم

خەیاڵیش بێت
هەر لە کیشوەری عەشقتا بەیداخ هەڵئەکەم
خەونیش بێت
دەرگای ئەو خەونە وەنەوشەییە لەخەم دائەخەم

ئەگەر ئەوینت گە و ئاگریش بێت
ئەبەم ئاگربازترین پیاو
ئەگەر عەشقت رووباریش بێت
ئەبەم خنکاوترین مەلەوان

تەم لە شاری مەم و ڕووناکی و
لە کوچەی عەشق دەزیەوە
منت لە مەملەکەتی شیعر
لە هەبەستی سووتاندا ناسی

کەنار رووباری راین

ئیسلامگەرای تونـــــــــدڕەو، ئیسلامگەرای میـــــــــانڕەو.. نووسینی: ستیڤان شەمزینی

بە قسەکردن لەسەر دیاردەیەکی وەک ئیسلامی سیاسیی پێویستیمان بە روونکردنەوەیەکی فراوانتر بە ئاوەڕی بتوانین بەشێوەیەکی گشتیی و لە تەواوی سیاقە جیاوازەکانەوە لەو دیاردەیە بدوێین، بۆیە من لێرەدا لەسەر سێ ئاست یان ڕاستر بۆم لەسەر سێ تەوەر قسە دەکەم کە بۆم شێوەیە تەوزیفی دەکەم:

تەوەری یەکەم : ئیسلامگەرا چییە؟

دوا بەدوای هەژموونگەلی دەوڵەتی خەلافەتی عوسمانلی لە دوانزەی ئازاری ساڵی 1924دا لەلایەن تورکە کەمالییەکانەوە، بە چەند ساڵێکی کەم یەکەمین گروپی ئیسلامی ڕیشەییخواز لە میسر بە ناوی گروپی (برایانی موسڵمان ـــ اخوان المسلمین) دروست بوو کە مەهامی سەرەکی ئەم دەستەیە گیانەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی خەلافەت بوو بە سەر شانەی سیاسیی، لێرەوە لە نێو دنیای ئیسلامیدا زەمینە سازبوو بە سەرهەڵدان و پەکهاتنی چەندین گروپی تری ئیسلامی ڕادیکاڵی کە هەموویان خۆنیان بە گیانەوەی دەوڵەتی خەلافەتەوە دەدی، کە دەتوانین (إخوان المسلمین) بە دایکی هەمویان دابنێین، لە هەناوی ئەو گروپەدا چەندین گروپی تر دێنە دەرەوە کە هەر یەکەکیان بە ئاستێکی جیاواز هەنگاو بەرەو ئەو خوونە دەنێت.

ئەم ڕەوتانە بە هیچ خوێندنەوەیەکی عەقڵانی و ژیربژیی و دیدکی نوێ و هاوچەرخ بە چەمکە قورئانی و ئیسلامییەکان بە هەمان تاکتیکی سەردەمی پێغەمبەر (محەمەد)ەوە، کەوتنە کار بە کۆنترۆڵکردنی جیهان یان باشتر بڵێین بە پاشکۆپێکردنی جیهان بە دڕخی ڕابردوویەکی دوور کە لە تەوانینی ئەواندا ئەو ڕابردووە ڕابردوویەکی بە خۆش و بگرە و کەمڵی پێشین (سلف) کەمڵکی نموونەیی (مثالی) بە هاوتا بووە، ئەرشیفی ئەو ڕابردووە بە ڕاددەیەک خەنی و دەوڵەمەندە کە وێنامی هەموو پرسیارە عەقڵانی و مەعریفییەکانی مرۆڤی کۆن و نوێ و کەمڵی کۆن و نوێی داوەتەوە، هەر بۆیە پێویست ناکات مرۆڤ

لە غەیری ئەم رابردووە پاکە بە شتەکی تر بگۆڕێ.

هەروەک چۆن (ئەبوبەکری سدیق) دەیگووت (گەر بە گوریسی ملی حوشترەکەم بگۆڕم لەنێو قورئاندا دەیدزمەوە) ئەم رووتش بە هەمان شێوە رابردوو و دینەکەی گشتگیر دەکات و دەیەوێ جارێکی تر کتومت بە هیچ جیاوازییەک ئەو رابردووە وەک خەی بگەڕێنێتەوە بە بە لەبەر چاوگرتنی هەلومەرجی بابەتی و کۆمەڵایەتی دنیای نوێ کە دنیایەکە پڕ لە ئاڵوگۆڕی خێرا. لەم حاڵەتشدا کەی ئیسلامگەرەکان بە تووندڕەو و میانڕەوە هەمان خوونیان هەیە و تەنیا ستایڵی کارکردنی سیاسییان لەک جیاوازە، بەڵام لە دوا وەستگەدا هاوئامانج و هاوڕێگان.

سەرباری ئەمەش ئەم رووتانە هاتوون تا دەروازەکانی عەقڵ کەم بدەن و دەرگاکانی دیالۆگ دابخەن و بە شێوەیەکی نەقڵی و بە بیرکردنەوە لە نێو تەکستەکان و مێژوودا شوێنکەوتە بن، چوونکە هەموو جۆرە لێژیکبازییەک لە فەرهەنگی ئیواندا یەکسانە بە زەندیق بوون (فمن تمنطق تزندق) و مافی بیرکردنەوە و ڕامان و هەڵوەستەکردن لە دەرەوەی کتێب و سوونەت و ڕای کەی زانایان (إجماع العلماء) ڕەت دەکەنەوە، تەنانەت ئیخوانەکان دوژمنی سەرەکی ریفەرمخوازیی و نوێگەرانی بیری ئیسلامی بوون و بە هەمان شێوەی حەنبەلییەکان کۆتنێ دژایەتیکردنی ڕەشنفکران و موسەمانانی نوێخواز، گەر لە رابردووەدا حەنبەلییەکان بەربەستی یەکەمی بەردەم ڕووتکی عەقڵانی وەک (معتەزلە) بووبن ئەوا ئیخوانەکان و ئیسلامگەرای هاوچەرخ بەربەستی سەرەکی بەردەم ڕەنسانسی ئیسلامی بوون کە (محەمەد عەبدە ــ جەمالەددین ئەفغانی) پێشەنگی بوون، لەم چەرخشدا (د.نەسر حامد ئەبوو زەد ــ د.محەمەد ئەرگۆن و چەندانی تر) خەکانێکی ناسراو بوون لە هەمان بواردا.

تەوەری دووەم : تووندڕەویی و میانڕەویی

بەر لە هەر شتێک جیاکاریی و پەلەنکردنی ئیسلامگەرەکان بە سەر دوو پایەگا، کە یەکەمیان پایەگای تووندڕەوەکانە و هەموو جۆرە عەقڵ و گفتوگۆ و زمانی پێکەوە هەڵکردنێک نراوەتە لاوە، بە پێچەوانەشەوە پایەگاکەی تر بەوای بە دیموکراسی و دیالۆگ و هاوئاهەنگی هەیە و بیروڕاکانی خەی بەسەر ئەوی دیدا ناسەپێنێت و بەشێوەیەکی بەرچاو کراوەیە کە زیاتر لەنێو ئەم پایەگایەدا پێنج بە (إخوان المسلمين) درۆژ دەکرێت. لە بنەڕەتەوە هەیە، چوونکە لە راستیدا ئیسلامگەرای تووندڕەو و میانڕەو بوونی نییە، هەر چەندە دەتوانین

موسەمانی توندڕەو و میانڕەو لەک جودا بکەینەوە، بەڵام ئەوی لەنێو ئاڕاستەی ئیسلامگەرایدا بەت ناتوانرێت وەک میانڕەو وەسف بکرێت، چوونکە کەی ئیسلامگەرەکان لە توندڕەویدا یەکانگیر و هاوبەشن.

لەرەدا جێی خۆیەتی ئەو پرسیارە لەو ئیسلامگەرانە بکەین کە خۆیان بە میانڕەو دەزانن: ئایا باوەڕی خۆیان ئیلغا کردەتەوە بە ئایەتەکانی جیهاد و هاندانی کوشتن و توندوتیژیی؟ ئایا میانڕەوکان سورەتی (التوبە)یان لە قورئانەکەی بن باخەڵیان دەرهێناوە؟ ئایا میانڕەوکان هێشتا بڕوایان وا نییە بەهەشت لە ژێر شەبەنگی شمشێردایە؟ ئایا میانڕەوکان جورئەتی ئەوە دەکەن کە حەدیسەکانی جیهاد و تاڵانی پشتگوێ بخەن و بڵێن سەردەمی کارپێکردنیان بەسەرچووە؟ ئایا میانڕەوکانیش تەکفیری ئەو کەسانە ناکەن کە ڕەخنە لە ئیسلام و پارتە سیاسییەکانیان دەگرن؟.

بەگومان تاکە شتێک ڕووتی میانڕەو لە توندڕەو جیا دەکاتەوە لەوەدایە کە ئەوی یەکەمیان هەڵومەرجی بابەتی خوێندەتەوە و دەزانێت پارسەنگی هێز بەڵای کەدا لارە، بەڵام ئەوی دووەمیان بەبێ تێگەیشتن لە زەمینە و واقیع بڕیارێکی هەڵچووانە بانگەشەی بکارهێنانی زەبروزەنگ دەکات، گەر وردبینەوە لە مێژووی (إخوان المسلمين) لە نزیکەوە بەر ئەم ڕاستییە دەکەوین: بە نموونە لە سەرەتای کاری ئەو گروپەدا بڕیارێک دەردەکەون وەک کەمەکی ریفەرمخواز، لەو ساتەوەختەشدا (حسن البنا) دەیووت (لەگەڵ خەڵکی وەک دار وابن گەر بەردیان تێگرتن ئەوا ئەوە بەریان تێبگرن)، بەڵام لەوکاتەی کە دەبنە ڕکخراوێکی تەکمە و بە نفوز دەمامکەی سەرچاویان لادەدەن و لەم لەحزەیەدا (حسن البنا) دەڵێ (ئەوەی لەبەردەم هاووڵاتیانی میسردایە، هەبێژاردنە لە نێوان دوو سەنگەردا: پەیوەندیکردن بە ئیخوانەوە یان دژایەتیکردنمان). بەنا، ڕەگەی سڵەم نابینێ و هەر دەستایەتی نەکردن و قبوڵنەکردنێکی بە دوژمنایەتیکردنی تەدەگات.

تا دەگات بەوەی ئیخوانەکان هەڵدەستن بە دەرکردنی گۆڤاری (النذير) کە لە ڕاستیدا ناوی گۆڤارێکە هەگری گەڵێک مانا و مەدلولاتی تایبەت بە خۆیەتی کە گرنگترینیان بریتییە لە تەعبیرکردن لە هەستی توندوتیژیی گروپەکە. ئیدی لە پرسەیێکی لەسەرخۆدا گروپەکە بەرەو ڕووتێکی چەکداریی دەڕوات و (حەسەن بەنا)ش باسی جیهاد دەکات و ئەمجارەیان لە جیهادی دەروونەوە باز دەدات بەرەو جیهادی کوشتنی نەیاران. هەر لەم بارەوە بەنا دەڵێت (جیهاد فەرزێکی پەویست و ئاشکرایە کە هەر دەبێت بکرێت). ئیدی لەم بەرەوارە بەدواوە ئەم

گروپە چەندین جموجۆڵی چەکداریی و جیهادیی بەدەخات کە تیرۆرکردنی (نەقراشی پاشا) نموونەیەکی هەرە بەرجەستەیانە.

ئەم جۆژنە نەورۆزە، تاقانەی بۆنی نەتەوەیی کوردان، هۆژانی بەرجەستەکردنی ئاو بەختەوەرییەیە، بە شێوەیەکی جیاواز: پشتر خەی بۆ ئامادە دەکرێ، جوانترین پۆشاکی بۆ دەکرێ، بۆ دەخشیەوە پۆشوازی لێدەکرێ، بۆ کرداریش، بۆ شایی و گۆرانی و سروود و ئاگرکردنەوە و سەیران و خواردن و خواردنەوە، پیرۆزبای کردن، ئاوم هەستێ بۆ کردار دەردەبڕین.

هەموتان کەکن، کە نەورۆز، سەرەتای نوێ بوونەوەی ژیانە، لە سرووشت و ژینگە و هەموو بوونەوەرکاندا. کەواتە نەورۆز جۆژنی سرووشت و دارودرەخت و هەموو بوونەوەرکانە. دەبێ ئاوڕش بزانین، کە ئەمە نەک هیچ بۆهایەکمان بۆ بوونی ئاو سرووشتێ نییە، بەڵکو بوون و بەردەوامبوونیشمان مەحاڵە. هەر بۆ نموونە، بۆ لەناو بردنی مەرووڵە، کەی ژیان لەسەر زەوی کەتایی دێ!

هەخنەکەتم قبووڵ نییە، کە دەڵێی: لەم وەتەدا منداڵ و گەنج و ژن و پیر، لەسەر بۆ بایەخترین شت، دەدرێنە بەر دەستەژی گوللە،

تەیش هاتوویت، بەرگری لە مافی بەرازێک دەکەی! ئەوە گەر ئەمە بچووونی تە بە، بەداخەوە، ناهۆشیاریییمان زۆر لە تێلەزگەدایە. بۆچە؟

یەک: کە بەرازەکە بەدیار کەوت، چەندان چەکدار، بە چەکی جیاواز کەوتنە تەقەکردن لە بەرازەکە. کەواتە، ژمارەیەک لەو سەیرانکەرانە چەکیان بە سەیران هەناوە – لە کاتێکدا کوردستان ئاسایش و هەمنیی لە زۆر وڵاتی ئەوروپا باشترە. ئەو ئەوە دەگەینی، کە گیانی تە لەم نەورۆزدا لە خەتەردایە، دوور نییە لەسەر بچووکترین شت، دەست بە ئەو چەکە بەرن. واتا لە هەموو چرکەیەکدا، چارەنووسێکی وەک چارەنووسی بەرازەکە چاوەڕێتە.

دوو: گریمان لە جیاتی بەرازەکە، ئاسکێک، یان پلینگێک، لەو ناوە بەدیار کەوتبایە. بە دڵنایییەوە، چارەنووسی ئەوانیش هەر وەک بەرازەکە دەبوو، چونکە ناوچەکە بە خاوەنە. کەواتە هەی کوشتنی بەرازەکە لەبەر ئەوەی نییە کە بەرازەو گەشتی حەرامەوە بزڕێ.

سێ: ئایا ئەگەر ئەو بەرازە تەقەی لێنەکرابایە، پۆلاماری کەسی دەدا؟ ئەوانەی لە سرووشتی ئەو گیاندارە شارەزابن، دڵنیان، نەخێر. کەواتە چەند جوان بوو چەندە بە سوود بوو، ئەگەر منداڵ و خوێندکارو خەڵکەکە هەر تەماشایان کردبایەو، چیژەکیشیان لە بینینی گیاندارێکی کەوی وەرگرتبایە لەم سرووشتە. ئەوەشمان لەبیر نەچی، ئەوا سەیرانکەرانن چووونەتە سەر خاکی بەرازەکە، ئەو نەهاتووەتە بەر ماڵی کەس.

چوار: جگە لەو کەسانەی کە بەچاوی خۆیان کوشتنی بەرازەکەیان بینی، لە هەموو جیهان، لە ڕێی میدیاکانەوە، کوردانێکی زۆر بینیان و – لە چەند ڕۆژنامەیەکی غەیری کوردیش هەواڵەکەم خوێندەوە. ئاخە بە هەزاران لەو بینەرانە، دەیان بە بەرازەکە نەسووتا؟ منداڵەکان شەو کوشتنەکەیان نەهاتەوە بەرچاوی؟ ئایا لەبەر چاوی زۆرکەسان، ئەو چەکدار و ئەو بەرازکوژانە سەرکەنە نەکراون؟ ئەدی تێکدانی ئاووهەوای سەیرانکەران و دروستکردنی ئەو پشتووی. هیچ کاردانەوەی نەبووە؟

پێنج: ئەمە یەکەم بەراز و دواییەن بەراز نییە، کە ئەمە هەر بە زۆق دەیانکوژین. جاران لەسەر دیواری دیوەخانەکانی شێخ و ئاغایەکانی کوردستان هەواسینی پستەی پڕینگ، شانازی بوو. تا گەیشتینە ئەم ڕۆژەی کە یەک تاکمان لە نەهشتن. ئەگەر هەشتا ساڵ

پێش ئیمە، هۆشیاریمان هەبووایا، بۆ پارستنی ژینگەو بوونەوەرەکانمان، ئیمە، لەم نەورۆزدا ئەو بڕازمان نەدەکوشت. لە کەوی زاگرۆس (١٢٠٠) جۆرە گیانداری کەوی لە بوو، ئیمڕۆ، بە داتای وردی زانستی، هەر (٤٠٠) جۆری لە ماوە. هەموو بەدەستی ئەمە لەناوچوون.

شەش: ئایا، ئەگەر ئەو بڕازە، کارمامزی، مانی سەرکردەیەکی پلە بڵندی ناوچەکە بوویا، کەس حەددی هەبوو تەقەی لە بکات؟ ئەدی، کە ئەو بڕازە، هی ئەو کوردستانیە، بۆچی پۆلیس و ژینگەپارێزانی کورستان، نەچوون، لێپرسینەوە لەو چەکدارانە بکەن کە ئەو تاوانیان کرد؟ کە بڕپرسی ئەم ژینگەیە؟ کوا داواکاری گشتی؟ کە گیانی بوونەوەرکانمان دەپارێزێ؟

حەوت: بۆچی میدیا کوردی، ئەم بابەتەی بە خەشیی و نوکتەکردن گەیاندوە، ئایا ئەوە ئاستی ناهۆشیاریی باڵاترین دەزگای ئەم هەرێمە نیشان نادات؟ دەبوو، ئەوان هۆشیار بکاوبکەنەوەو دژی کوشتنی ئەو گیاندارە قسە بکەن و ڕاگری بکەن لە دووبارە بوونەوەی.

هەشت: من لە کتێبی (کەو لە کوردروریدا) ٣٤ شوێنی ناوکردنی ئەو باڵندە جوان و دەنگ خۆشەم باسکردووە. ئەوە، باوەڕم پێدەکەن، کە بە یەک تاقە باڵکەو، یەک گوللەی ئارپێچیان پیوە ناوە؟ کەواتە کەلتووری کوشتن، کوشتنی هەموو شتێک، بە هەموو شێوەیەک، باوەو باو بووە، لەم کوردستانەدا. دەبە چارە بکرێ و ئەو کەلتوور کۆتایی پێ بێ.

نە: چاوەڕوان مەبن، بتوانن، ڕۆژێکی خۆشی نەورۆز لەم هەرێمەدا بەسەر بەرن، تا ڕاپز لە هەموو پنچە گیایەک و بوونەوەرێک نەگرن.

کوشتنی ئەم بڕازەی ئەم نەورۆزە، تاوان بووکرا.

چیرۆک بە منداڵان.. ملوانکەکەی

دایگورم.. نووسینی: رزا شوان

مالی دایگورم لە گەڕەکەکی شاری (مەهاباد) ە، لە رۆژهەڵاتی کوردستان. لەگەڵ کوڕە بچووکەکەیدا، خاڵە (دڵشاد) م، لە خانوویەکی گوندا دەژین، کە شەش ژووری تێدایە. ئەم خانووەش لە باب و باپیرانیانەوە بۆیان ماوەتەوە.
مالی ئەمەش لە گەڕەکەکی تری شاری مەهاباد دایە، زۆر لە مالی دایگورمەوە دوورنین، زوو سەردانی یەکتری دەکەین. بە تایبەتیش دایگورم زوو زوو سەرمان لێدەدات. زۆر ئەمەی خۆشدەوێت.. هەر بە (کچە جوانەکەم) ناوم دەبات. من و دایکم و باوکم و کاکە (خەبات) یشم زۆر ئەومان خۆشدەوێت و زۆریش رۆزی لێدەگرین.
ئەمساڵ من لە پۆلی پێنجەمی قوتابخانەی بنەڕەتی دام. هەر لە سەرەتای ساڵەوە، دایگورم پێی وتم: خۆندە گیان، کچە جوانەکەم. ئەمساڵ بە جۆژنی نەورۆز من دەستە جلی تازەی کوردیت بۆ دیاری بۆ دەکەم.
دوو رۆژ لە پێش جۆژنی نەورۆز دا، دایە گورم هات بۆ ماڵمان، دەستە جلی تازەی کوردی رەنگاوڕەنگی زۆر جوانی بۆ کێبووم و بۆی هێنام. لێبڕم کرد.. زور جوان و پۆ بە بڕبرم بوون زۆر سوپاسی دایگورم کرد. هەر لە منداڵیمەوە زۆر لە شەوان دایگورە چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی زۆر خۆشی بۆ دەگێڕامەوە. زۆربەیانم لێبیرە.
داوام لێکرد کە بۆ ئەمشەویش چیرۆکێکی کوردی تۆرم بۆ بگێڕێتەوە.
دایگورە: خۆندە گیان، ئەستا چیرۆکەکی بەسەرهاتی راستی خەمت بۆ دەگێڕمەوە.
پرسیم: بەسەرهاتێکی خۆشە یا ناخۆشە؟
دایگورە: ناخۆشە و خۆشیشە. منداڵ بووم، لە تەمەنی تۆدا بووم، واتە دە ساڵان بووم. لە پۆلی چوارەمی سەرەتایدا بووم. کچێکی جوانکیلە و خۆشەویست بووم. تەنیا خوشکی سێ برا بووم. هەموویان منیان زۆر خۆشدەویست، بۆ تایبەتیش دایکم. وەکو ئێستا بڕ لە جۆژنی نەورۆز، دایکم دەستی جلی تازەی کوردی رەنگاوڕەنگی بۆ دووریم. ملوانکەیەکی زۆر جوانیشی کردە ملم. کاتی خۆی باوکم پێشکەشی کردبوو. ملوانکەکە زۆر جوان

و موورووکانی هەریەکە لە رەنگێک بوون. زۆر لە دەمدا جوان و شیرین بوو، بەجگە لە جوانییەکەی، دیاری و یادگاری دایکم بوو. کە دەچووم بۆ قوتابخانە، لە ترسی ئەوەی کە نەبچێتەوە یا ون نەبێت. لە ملم دامدەکەن و لەناو شتێکدا لە شوێنکی مالەکەمان دامدەنا.. کە دەهاتمەوە لە ملم دەکرد.
رۆژێک کە لە قوتابخانە گەڕامەوە. هەرچەندم کرد نەهاتەوە بیرم کە ملوانکەکەم لە کوێ داناوە. لەگەڵ دایکمدا زۆر گەڕاین، بەڵام نەماندۆزییەوە. گریام و خەمێکی زۆرم خوارد. دایکم دەمی دایەوە و وتی:"خەم مەخۆ ملوانکەیەکی ترت بۆ دەکەم" بەڵام رازی نەبووم، هیچ ملوانکەیەک وەک ئەو ملوانکەیەم دڵخۆشی نەدەکردم. نەدەزرایەوە.
ساڵ ڕەبی و ساڵ هات، گەورە بووم و بووم بە کچێکی تەواو. شووم بە (دیاکۆ) ی باوە گەورەت کرد. سێ کوڕ و دوو کچمان هەیە، کە یەکێکیان (دەسۆز) ی دایکتە، ئەوی تریان پوورە (میدیا) تە. دایکیشت شووی کرد، تۆ و کاکە (خەبات)ی براتی هەیە. دوای ئەو هەموو ڕۆژگار و تەمەنێ.. ملوانکە بزربووکەم لەبیرنەچووە و جاروبار کە دەهاتەوە بەرچاوم، هەناسەیەکی قوووم بەی هەدەکەشا.
پرسیم: هەر نەدەزرایەوە؟
دایگورە: خەندە گیان، وەکو دەزانی و بینیوتە، کە ژوورێکی گەورەمان لە خانووەکەماندا هەیە و کلیلمان کردووە. لە کاتی دایک و باوکمدا، هەر شتێکی زیادەمان ببوایە، یا پێویستیمان پێی نەمایە، یا شتێکی تازەمان بکڕیایە، کەنەکەمان دەخستە ئەو ژوورەوە. شتی هەمەڕەنگی جوان و کەن وکەلەپووری بەنرخی تێدایە.
پڕی لەگەڵ خاڵ و خاڵژنتدا بۆیامان دا، کە هەموومان شتەکانی ناو ئەو ژوورە پاک بشۆرین یا بیان سڕینەوە و سڕلەنوێ بە ڕەنگی دایان بنەین. ژوورەکە پڕبوو لە جاجاڵکە. قەرییەکی گەورەی چینی جوان لەسەر ڕەفتی قەد دیواری ژوورەکە دانرابوو. دامگرت بە ئەوەی کە لەگەڵ ئەو شتانەدا دایبنێم کە بە شەرین دامان نابوون. خۆ خەڵک لە قەرییەکەوە هات.. قەباغی قەرییەکەم لادا.. بینیم ملوانکەکەم لەناو قەرییەکە دایە. خەریکبوو لە خۆشیا گەشگەداربم و ببوورمەوە. قسەم بە ناکرا. هاتەوە بیرم کە ئەو ڕۆژەی نەماندۆزییەوە، خەم پێش ئەوەی کە بچم بە قوتابخانە خستمە ناو ئەم قەرییەوە. پاک شۆریم و کردمە ملم. وا هەستم دەکرد، کە کێژێکە جوانکیلەکەی ئەو ڕۆژەم، کە بە یەکەمین جار دایکم لە

ملی کردم.
پرسیم: ئەی کەا ملوانکەکەت.. لە ملت نییە.. بۆ نەتهێنا تا پێشانی منی بدەیت؟
دایگۆرە: کچە جوانەکەم.. وەرە پێشەوە.. چاوەکانت بنووقێنە.
چوومە پێشەوە و چاوەکانم نووقاند.. ملوانکەکەی کردە ملم و وتی: پێشکێشت بۆ. کە چاوەکانم کردەوە و ملوانکەکەم بینی.. خۆریکبوو لە خۆشیا باڵبگرم و هەڵبفڕم. باوەشم لە دایە گۆرە دا. تۆر تۆر رووەتەکانیم ماچکرد.. زۆر زۆریش سوپاسم کرد.
دایگۆرە: خاندە گیان، کچە جوانەکەم.. ئاگات لە ملوانکەکەت بێت، بزری نەکەیت، تا وەکو من خەفەتی بۆ نەخۆیت.
وتم: دڵنیابە زۆر ئاگام لێی دەبێت.. چونکە ئەمە جوانترین دیاری و یادگاریی تێی دایگۆرەی خۆشەویستمانە.
نەرویج: ٢٠٢٠

چاوپێکەوتن لەگەڵ گەران عەبدوڵا.. ئامادەکردنی: عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

ئەم چاوپێکەوتنە لەلایەن کاک عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)ەوە ئەنجامدرا بۆ مەبەستی بڵاوکردنەوەی لە گۆڤاری هانای ژمارە ٦ کە تایبەت بوو بە یادی ١٥٠ ساڵەی کۆمۆنەی پاریس، بەڵام بە هۆکاری هەڵەیەکی تەکنیکی بڵاونەبووە.
گەران.

-_____

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ):

- **بەبۆنەی بەڕێزتان جۆهەری دەسەڵاتی شۆشگێڕانە لە چیدا خەی**

بەرجەستە دەکاتەوە؟

گەران عەبدوللا:
پەم وایە دەربڕینی (جۆهەری دەستەاتی شەشگەرانە) خێی لە خێدا دەربڕینێکی وردە نییە یان بە مانایەکی تر زۆرتر لە وشەیەکی فەنتازییانە دەچێت تا ئەو شوێنەی دەربڕینێکی کەنکریتی دیاریکراوبێت، چوونکە ماناو پێناسەکەی لە دیدگای چینەکەوە بە چینەکی تر، لە ئایدیۆلۆجییەتکەوە بە ئایدیۆلۆجییەکی تر دەگۆڕێت. ئەگەر ئەو سێ وشەیە لەک دابڕین و بە جیا هەڵوەستەیەکی کورتیان لەسەر بکەین پەم وایە وەڵامەکەم زۆرشنتر دەبێتەوە.
وشەی جۆهەر لەم شوێنەدا و لە پەیوەندبوون بەدەستەات و شەشەوە واتە ئەو خەون خواستنەی بزووتنەوەیەک کە لەکاری کورت مەوداو درێژ مەودای خەیدا دەیخاتە ئەجیندای خەیەوە و لەەوتی چوونە پێشەوەی خەیدا پەوپاگەندەیان بەدەکات و وەک خواستەک کە قابیلی جێبەجێبوونە باسیان لەوەدەکات، بەڵام مەژوو ئەوەی پێنیشان داوین کە زۆربەی جار زۆرینەی خواستەکان پاش بەدەستەوەگرتنی دەستەات فەرامەش کراون یان تەسلیمی قەدەرێکی نادیار کراون.
دەستەات: واتە سەپاندنی هەژموون، کەبونەوەی هەز لەدەستی کەسێک، گروپێک، حزبێک یان واوتر ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراو. وە زۆربەی جار لای هەزی ئەپزسیۆن دەستەات بەتە ئامانج نەوەکوو وەسیلە. هەر کاتێک دەستەات بوو بە ئامانج لەو کاتەدا خواست و شەوەی ەکخستنی خەڵک بە شەوەیەکی سیستماتیک دەکرێتە خزمەتی گەشتن بە دەستەات و ئازادیش لە مانا ەەکانیدا دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە.
شەشگەر: پەم وایە شەش و شەشگەرتی بونەتە شەواوترین وشەی دونیای ئەمە، وەزۆرترین جار بەرژەوەند خواز و چەقە کەش و مافیاکان زیرەکانە توانیویانە شەپۆلی نائازایەتییەکانی خەڵک بقۆزنەوە بە گەشتن بە ئامانجەکانی خۆیان. لەژێر ناوی شەشگەرتیدا توانیویانە لە نەوجومگەکانی دەستەاتدا جێگای خۆیان بکەنەوە و ەەوتی شەش و خواستەکانی بە ئاقارێکدا بەرن کە خۆیان ویستیان لەسەر بووە. وشەی شەشگەر زۆرتر وەک و تاک دەردەکەوێت نەوەکوو کەمە. بزووتنەوەی سۆشیالیستی نوێ سەرباری بیرکردنەوە دەزینەوەی ئامرازەکانی خەبات، گرنگی گەانکاری لە زۆر دەستەواژەو وشەدا بکات.
من بە باشی دەزانم لە جیاتی (دەستەاتی شەشگەرانە) بەیەن ناوەندی نوێنرایەتی شوراکان، یان هەر ناوێکی شیاوی تر کە ئەو پێگەیەی دەستەات خوازیێ فەردییە خاڵی کاتەوە. ناوێک دەربڕی هەژموونی خوارەوەبێت واتە پێگەی هەز لە خوارەوە بە سەرەوە نەوەک

بە پێچەوانەوە.
ئێستا دەتوانم بەم سەر پرسیارەکەتان و بەم جۆرەی خوارەوە بدەمەوە، بەرجەستە دەبەتەوە لە پیادەکردن و جێبەجێکردنی هەموو ئەو بڕیار و داخوازیانەی کە بونەوە گشتکانی ناوەندکانی کار و ژیانی خەڵکی کە لە لایەن نوێنەرکانیانەوە لە ئاستکی فراوانتردا قسەو باسیان لەسەر دەکرێت و دەخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە لە چوار چێوەی داخوازیکدا، بە ئاقاری یەکسانی ژیانی مرۆڤکان.

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ):

• ئایا ئەم ئاڵتێرناتیڤە دەتوانێت لە ئەمەی جیهانی لیبرالیزمدا بێتە بواری جێبەجێکردنەوە؟ ئاستەنگەکان چین؟

گۆران عەبدوڵا:
لیبراڵیزم ئێجیندایەک بە دەوامەندکردنی دەوامەندکان و هەژارترکردنی هەژاران و بڕۆدان بە پێپلیزم، لەمەدا نوێنەرایەتی سیاسەتی ئابوری جیهانی ناکات یان زۆر لاواز بووە.
ئەو ئاژگارە بەسەر چوو کە وەک [کریس هیدجس](#) لە کتێبی مەرگی چینی لیبراڵدا باسیان دەکات " لیبراڵەکان لە کەمەگەیەکی دیموکراتی ئاسایدا زمانی ئەمانن بە سەرمایەدارەکان، ریفەرمی پچە پچە و قابیلی جێبەجێکردن پێشنیار دەکەن وەک هیوایەک بۆ ویەکسانی دیانخوازە ووە. ئەمانە وەکوو دیاریەک دەبەخشنە دەوڵەت و میکانیزمی هەزەکی، وەکوو سەگی هاریش هەرش دەکەنە سەر هەژە کەمەیاتیە ڕادیکاڵەکان و ناشرینیان دەکەن و چینی لیبراڵ و ئیتی دەسەڵاتدار وەک پێکهاتەیەکی بەسوود بە کەمەگە دەناسێنن." ئەگا خۆشکردن و لابردنی گرفتی سنووریکان بە کەمپانیا زەبەلاحکان بو بەهەکاری کەڵکی سەرمایەی خۆیاڵی لە دەستی ژمارەیەکی یەکجار کەمی سەرمایەداردا. ئەوەی لیبراڵیزم لە سەرتاکانی خۆیدا بانگەشتی بەدەکرد، لە دۆیی ئەم دووایانەدا لەبەرانبەر بازاری ئازادو عەوڵمەدا بوون بە تازو چوون بە ئاسماندا. هەر بۆیە [جۆنفەر وەش](#) لە سیمنارێکیدا لە [هەڵی سی بی سی](#) لە شاری تۆرنتۆ وتی: لیبراڵیزم بۆو بەربەریەت دەوات.
پاش قەیرانی ٢٠٠٨ لە بریتانیا کەمەک لە بیرمەند و سیاسەتمەدار تەکیان پێکهێنا بە بنیاتنانی ئابوری لەسەر بنەمای بیری چەپ. کەسێک لەم تەڕە بە ناوی [کرستین بۆری](#) کە کەسایەتیەکی سەرکیە لەم تەڕە بە ڕۆژنامەی گاردیان دەڵێ: "دەماوەت ئابوری

بگ□□نینەوە بە سەر بنەماکانی خۆی. خوازیارین لە ئابووری بپرسین، کێیە ئەم ســـــەروەتی هەیە؟ کێیە دەســـــــەڵاتدارێتی هەیە لەم کەمپانیایە؟ وتاری ئابووری ئاسایی ئەم پرسیارانە دەشارێتەوە کەوا بە بەرژەوەندی کە دەسەڵاتیان هەیە.”
بازاڕی ئابووری جیهانی بەتەنها لەدەستی نیوولیبراڵ□کاندا نەماوە. ئەمرۆ چین و ڕوسیا وەک دوو هێزی گەورەی ئابووری لەمەیدانن بەتایبەت چین، وەهەردوو ئەم دوو وڵاتە لەدەرەوەی کتلەکانی نیوولیبــاڵیزمن، تەنانەت **پــوتین** لە لــوتکەی ٢٠ لە یابــان لە قسەیەکیدا وتی: “لیبراڵییەکەتان شوێن بزر دەبێت”.
ئاماژەکان ئەوەمان پێپیشان دەدەن کە کەشی سۆشیالیزم بەتەنها لەگەڵ لیبراڵیزم نییە، ئەوەی دەبینرێت پێپاڵیزمی سیاسییە کەلە بڕووداید. ڕاست تەنها ئەم چەکەی پێماوە شڵەی پێبکات، ڕۆشنیش لایەکەی تر دەبینێت کە سۆشیالیزمە. بەیە بینیمان چۆن لە ئەمریکا دژایەتی **بەرنی ساندەرز**یان دەکرد و چەندین سایتیان بە دژایەتی سۆشیالیزم دروست کردبوو.
سۆشیالیزم بە ترو تفاقە کۆنەکەیەوە بەردی بە ناخرێتە سەر بڕد و لە مەدا شل و شڵواو پڕتوازترین هێزی سیاسییە، بەڵام بیری سۆشیالیزم لە ڕیزەکانی نەوەی نوێدا بە ڕۆشنی دەردەکەوێت. نەوەیەک توانیوێتی خۆی لە ژێر هەژموونی نەوەی سی و چلەکان دەربهێنێت کە گۆشکرابوون بەدژایەتی کردنی سۆشیالیزم. بەشە هۆشیارەکەی نەوەی ئەمرۆ لە سای تەکنەلەجیا و کامپووتەرەوەی سنورەکان و تەکنەلوبووندە کەمەڵایەتییەکان و بینینی دونیا وەک یەک کتلە وە تێگەشتن لەوەی چارەنووسی بەشەرەکان پێیوەندییەکی پتەویان پێکەوە هەیە، ئەوانە بونەتە فاکتەری بنەمای فکری ئەو. لەڕەوە چیرەکەکانی ڕۆنگ و سنورو نەتەوەو نیشتمان لە بڕانبەر شوناسی مرۆڤ و سروشتدا کاڵدەبنەوە.

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ):

▪ ئایا خەڵکی کوردستان لەکۆی داخوازی شووڕاکان بوونێ و دان چ لە سەرەتای نەوەدەکان و چ لەئێستادا؟

گەران عەبدوڵا:
بزووتنەوەی شوراکان لە کوردستان بەشێک نەبووە لە زهنییەت و ئەزمونی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان، بەڵکوو بەدیلێکی شیاوی ڕەخستن بوو لەلایەن بزووتنەوەی سۆشیالیستییەوە یان بە دیاریکراوی بەڵشین کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە. لەو ماوە کورتەی تەمەنی شوراکاندا، هەوڵسەواوانی بزووتنەوەی شورایی ویستیان لە ڕێی بەرزکردنەوەی کۆمەڵێک شیعارەوە کە بەشێکی دانپێداوبوون لە خواستی

خەڵک، ویستمان خەڵک ئاشنا بکەین بەم شێوەیە لە هەڵکەوتن.
خەڵک لەو ماوە کورتەی هاپەیندا لە فۆزایەکی سیاسی، ئیداری، ئیقتیسادی و ئەمنیدا ژیانی دەکرد. ئەو بارودۆخە فرسەتی بیرکردنەوەی بە خەڵک نەدەدا بە بیرکردنەوە لەو داخوازیانەو هەوەدان بە بەدەستهێنانیان، ئەمە سەرباری ئەوەی هادەی هەڵکەوتن و ئەزموونی هەڵکەوتنی جەماوەری لەوپەڕی لاوازی خۆیدا بوو. لە مێژووی سیاسی کوردستان دەکرێت بڵێین بوون یان دەستبردنی خەڵک بە هەڵکەوتنی خۆیان لەدەرەوەی ئەحزابی سیاسی بە بەرگریکردن لە خۆیان وجودی نەبووە. ئەحزابی کوردی تەنها شاخ و چەکی ئاشنا دەکرد بە خەڵک وە هەموو ئەو هەوڵانەی شوعەکانیشی لەبار دەبرد کە لەناو جوتیاران یان کرێکاراندا دەیاندا.
بارودۆخی هەڵکەوتنی جەماوەری سەربەخۆ لە ئێستادا خراپتر بووە نەک باشتر. لەم ٣٠ ساڵەی دەسەڵاتی کوردیدا سەرباری دابەشکردنی خەڵک بەسەر ئەحزابی سیاسیدا، توانیویانە لە هەی بەناو ئەپزسیۆنەوە هەوحیەتی ناهەڵکەراوبوون بە باوەر بوون بە هەڵکەوتن پەرەپێبدەن. خەڵک ناڕازییە، خەڵک خەونی ژیانێکی باشتری هەیە، بەڵام نابێت بە قاڵبێکی ئامادەکراوەوە داوای هەڵکەوتن و جوڵە لە خەڵک بکرێت.
کۆمۆنەی پاریس، شوراکان لە سەقیەت و خە بەرەوپێبردنەکەی هەژاڤا هەڵقوڵاوی واقعێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە، بۆیە بەئاسانی جێگەوتە دەبێت.

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ):

- **تە دەڵێیت کۆمۆنەی پاریس و شوراکان لە سەقیەت و خەبەرەوپێبردبەکانی هەژاڤا جێگەوتە دەبن، ئایا خەبەرەوپێبردنەکانی هەژاڤا تا چەند لە شوراوە نزیکن و هەروەها تا چ ئەندازەیەک سوونەتی شووراییان تیا جێگیر کراوە؟**

گۆران عەبدوڵا:

بەرەمای ئیداری خەبەرەوپێبردنی هەژاڤا کۆمۆنەکانە، بەهەمان شێوەی شورایی لە شۆڕشی کار و ژیان پێک دێت وە پێیەوە لە دیموکراتییەتی ڕاستەوخۆ لە خوارەوە بە سەرەوە دەکات. ئەوەی لە سیستمی شورایی جیای دەکاتەوە ئەم کۆمۆنانە لەسەر بنەمای چینایەتی نییە، واتە دەکرێت خاوەن کار و کرێکار هەردووکیان لەیەک کۆمۆنەدابن. شوراکان بەشێوەیەکی گشتی لەژێر کاریگەری فکری سۆشیالزمدان و بەشۆڕن سەپاندنی دەسەڵاتی کرێکاریەوەن، بەڵام ئەمە لە کۆمۆنەکان وا نییە

وە دەکرێت لەژێر بواری فکریی و سیاسیدا جیاوازبن چ لە ناو یەک کۆمۆنەیان لەگەڵ کۆمۆنکانی تر. پێکهاتە جیاکخراوەکەی زیاتر نزیکایەتی بە کۆمۆنکانی پاریس هەیە تا بە شورا. لە کۆتایدا دەموەت بەم هەموو ئەزمونانە هەڵگری خاڵی لاوازو بەهێزن، ناکرێت هیچکامیکیان وەک قاڵبێکی هاوردەو ئامادەکراو بۆ جێکخستن بخرێتە پێشی کۆمەڵگە. پاریس ێکان کۆمۆنکانیان دروستکرد، ێوسێکان یش سۆفیەتاتکان و جێژائاڤاش سیستمی خەبەڵوبردنکانی دامەزراند بۆ سوود وەرگرتن لە ئەزموونی کرێکاران و جوتیاران لەژێر شۆڕشی جیهاندا لەوانە ئیسپانیا، یۆگسلاڤیا و بەشێوەیکی گشتی ئەمریکای لاتین.

گەران عەبدوڵا
تەرنتۆ
٢٠٢١\٢\١٥

مانیفێستی فیدراسیۆنی هونەرمەندانی کۆمۆنەی پاریس. لە ئینگلیزییەوە : عەبدوڵا سەڵمان(مەشخەڵ)

فیدراسیۆنی هونەرمەندان
مانیفێستی فیدراسیۆنی هونەرمەندانی کۆمۆنەی پاریس

وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە : جەف سکینەر
لە ئینگلیزییەوە : عەبدوڵا سەڵمان(مەشخەڵ)

کۆمۆنەی پاریس لە جۆهەری خۆیدا، یەکەمین ئەزموونی بەرفراوانی حکومەانی سۆشیالیستی بوو. لە ١٨ ی مانگی ئازاری ساڵی ١٨٧١،کرێکارانی ڕادیکاڵ و پێشەوەران کە خۆیان لە گاردی نیشتمانیی

□□کخستبوو،لەگەڵ هەڕەشەهاتنی سوپای نیزامی فەرەنسا، بڕیاریان دا کۆمەڵەکەیان بەسەر شاردا گرت. دوای چەند هەفتەیەک کۆمەڵەکە هەڵبژاردەرا و یەکسەریش ڕایگەیاند کە کرێکاران دەتوانن دەست بەسەر کارگەکاندا بگرن و بەڕێوەی ببەن. هەروەها بڕیاریان خزمەتی سەربازی ئیجباری و سزای ئیعدام هەڵوەشێنرانەوە و ئایین لە دەوڵەت جیاکرایەوە و تەئمینی کۆمەڵایەتی و مووچەی خانەنشینی جێگیرکرا. کرێکارانی شۆڕشگێڕ و دیموکراسیخواز ڕۆژانە ڕۆژنامەی نوێیان دەدەزیێنەوە بە بڵاوکردنەوە شار.
ئەمڕۆ ڕۆژنامەیەکی تەواو لەڕووی وێنەکێشی و جیاوازی هونەری ئاراوە بە بەرخوردکردن بە هونەر. لە ١٥ی مانگی نیسانی ١٨٧١،هونەرمەندان و پەیکەرسازان و شارەزایانی جوانسازی لەسەرتاسەری پاریس بە جەستاف کوربیەی گەورە هونەرمەند و ئوژین پۆتیە کە دواتر بوو بە نووسەری سروودی ئینتەرناسیونال، کۆبوونەوە و بە دیاریکردنی شێوازی چۆنیەتی ئەم بەرخوردکردنە بە هونەر. هەکارەکانی ئەم پێشنیارە ڕوون بوون. کۆنتڕۆڵی هونەرمەندان بەسەر هونەرەوە، هونەر و کلتوور وەکو ماف، هەروەها پرسیاری ئەوپەیان کرد بۆچی دەوڵەت و دەوڵەمەندان تەنها چێژ لە هونەر وەردەگرن. بەیە لەسەر مکوڕی ئەم هونەرمەندانە فیدراسیۆن پێکهات کە هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە لەناوەندێکی جوانیدا کار بکات و بژێت. کریستین ڕۆز نووسەری کتێبی (ێفاهیەتی کۆمەڵگە، خەیاڵی سیاسی کۆمۆنەی پاریس) بەمجۆرە بایەخدارانە وێنای دەکات؛ (ڕەنگە وا دەرکەوێت کە ئەم داواکارییەکی بچووک و تەنانەت ڕازاندنەوە بێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە بەو مانایەیە کە دەبێت تەواوی پەیوەندییەکانمان نەک تەنها لەگەڵ هونەر، بەڵکو لەگەڵ کار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سروشت و تەنانەت ژینگەی ژیانیشەوە ڕێکبخەینەوە. ئەمەش بە مانای گشتیکردنی هونەر و جوانیی و تێکەڵاوکردنییەتی بە ژیانی ڕۆژانە و نەشاردنەوەیانە لە هەڵە تایبەتییەکان و کۆنکردنەوەیانە لەبیرەوەرییە قەزەوەنە نێتەوگەرییەکان.(١)
ئەم دەقەی خوارەوە کە لە ڕاپەرت و بڕیاوکراوە ڕۆژانەییەکانی کۆمۆنەوە وەرگیراوە، مانیفێستی ئەو هونەرمەندانە لەخۆدەگرێ. ئەمەش تا ئەو جێگەیەی کە ئەمە ئاگادار بین، یەکەمین وەرگێڕانی مانیفێستی هونەرمەندانی کۆمۆنەی پاریسە.(٢)

کۆمەڵەی هونەرمەندان

دوونە لە کاتژمێر دوو، دیداری هونەرمەندان لەسەر داوای بڵاز کەربی بە ڕۆژامەندی کۆمۆنە لە هۆڵی وانە وتنەوە لە کۆلێژی پزیشکی هاتە سازکردن. هەڵکە جەمەی دەهات و هەموو هونەرکان نوێنەرایەتی

دەکران. لەوانە بە هونەری شۆکار هەردوو هونەرمەند فەین پەرین و هیرۆ، هەورەها لە پەیکەرسازیی بەهزان موولینە و دیلابلانش و هونەری کارتۆن بەرتۆ و هونەری هەکەین بەهز میشەان و بەخنە بەهز فیلیپ بەرتی و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندازیارانی تەلارسازی لەو بوون. بە پێکهێنانی کۆمەڵەی هونەرمەندان زیاتر لە ٤٠٠ کەس ئامادەی ئەو دیدارە بوون.
بەهز کەربی سەرکایەتی دیدارەکەی دەکرد و هەریەک لە موولینە و ئەژین پەتیەش یارمەتیدەری بوون. پەتیەر یەکەمجار و وەک پێش هەموو شتێک ئاپەرتی لەژنەی ئامادەکاری خوێندەوە کە هەر خەی نووسیبووی و ئامادەشی کردبوو. ئەم دەکیومێنتە زۆر جێی بایەخەی بەاستی لەوانلەو بوو لە بیرکردنەوەی بەرزی پەداویستییەکان و چارەنووسی هونەری هاوچەرخ.
داوا لە هونەرمەندان کرا کە خەیان بەرژەوەندی خەیان بپارێزن.
ئەمەش ئەو بیرکەیە زاەە بوو کە لەروحی ئاپەرتی لیژنە فەرعییەکانیشدا خەی نیشاندابوو. ئەوەش پرسیاری دامەزراندنی فیدراسیۆنی هونەرمەندانی پاریس بوو، کە بەرهەمکانیان لەژیر ئەو ناوو نیشانە نمایش دەکەن.

فیدراسیۆنی هونەرمەندانی پاریس

هونەرمەندانی پاریس بەپشت بەستن بە بنەماکانی کۆماریی کۆمەن هەستان بە بنیادنانی ئەم یەکێتییە.
ئەم یەگگرتنە هەموو هەزرە هونەرییەکان دەگرێتەوە کە لەسەر بنچینەکەی :

- فراوانترکردنەوەی ئازادانەی هونەر، دوور لە هەموو چاودێرییەکی حکومیی و هەر ئیمتازاتێک
- یەکسانی لەمافی هەموو ئەندامانی ئەو یەکێتییە
- سەربەخۆیی و کەرامەتی هەموو هونەرمەندێک لەلایەن پێکهێنانی لیژنەی هەڵبژێردراو بە دەنگدانی گشتی و ئازادانەی هونەرمەندان پارێزراو دەبە. ئەم لیژنەیە هەوەی تووندوتۆڵ کردنەوەی هاوکارییەکان و هەماهەنگی دەدا.

پێلهاتنی لیژنە

لیژنە لە ٤٧ ئەندام پێک دێت کە نوێنرایەتی
١٦ شۆکار
١٠ پەیکەرساز
٥ تەلارساز

٦ هونەر (نەقاش)
١٠ ئەندامی هونەرە ئازنەرەکان (زەخرەفیەکان) کە بەهۆی پەرەگوترەت هونەری پیشەسازی
کە بە سیستەمی لیست و دەنگدانی نهێنی هەڵدەبژێردرێن.
مافی دانیشتوانی پاریس بە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ کە توانیبێتیان جێ و شوێنی خۆیان وەکو هونەرمەند بسەلمێنن – جا چ لەڕەگەزی ناوناوبانگی ئیشە هونەرییەکانیانەوە بێت، یان لەڕەگەزی دەلیلی پشتگوێخراوەکانیانەوە، یانیش بە پاڵپشتی بەدەست و خەت نووسراوی دوو هونەرمەندی سپانسەر، بەشداری پرۆسەی دەنگدان بکەن.
ئەندامانی لیژنە بە ماوەی یەک ساڵ هەڵدەبژێردرێن.
لەکاتی کۆتایی هاتنی ماوەی ئەم نوێنەرایەتییە، پانزە کەس لە ئەندامان کە بە دەنگدانی نهێنی هەڵدەبژێردراون بە لیژنەکە، بە ماوەی ساڵی داهاتوو لەشوێنی خۆیان دەمێننەوە، بەڵام ٣٢ ئەندامەکەی تر بە هەڵبژاردن شوێنیان پێ دەکرێتەوە. ئەو ئەندامانەی کاریان تەواو بووە تا ساڵێک دواتر ناتوانن دووبارە هەڵبژێردرێنەوە.
هەر ئەندامێک ئەگەر بە کاری خۆی هەڵنەستێت ئەندامەتی لە دەسەنرێتەوە. لەسەندنەوەی ئەندامەتی تەنیا بەدەست کۆنگرەی فیدراسیۆنێ و پێویستی بەدەنگی دوو لە سێی بەشداربووانی کۆنگرەکە هەیە. هەڵپەساردنی ئەندام نابێ ئاشکرابکرێ تا مانگێک بەسەربریارەکەدا تێنەپەڕی بێت.

دینگەی ئیمپراتۆر فاندووم لەسەر داوای کوربی کۆمانارکان ڕووخاندیان.

دەرکردنی بڕیارنامە
ئەم دەستەاتەی جیهانی هونەرییە کە ئەم ئەرکانەی لەلایەن هونەرمەندانەوە پێسپێردراوە.

- پارێزگاری لە گەنجینەکانی ئابردوو بکات.
- ئاپەڕاندن و تیشک خستنەسەر هەموو ڕەگەزە ئوڵتیمەکان.
- نوێکردنەوەی داهاتوو لەڕەگەزی پەروەردە و فێرکردنەوە.
- شوێنەوار و مۆزەخانەکان
  شوێنەوارەکان،لە گۆشەنیگای هونەرییەوە، مۆزەخانەکان و ئەو دامودەزگایانەی پاریس لەوانە هەڵکانی نمایش و کۆکراوە هونەرییەکان و کتێبخانەکان کە بەرهەمی هونەرییان تێدایە سەر بە کۆسی تایبەت نابن و دەخرێنە ژێر چاوردێری و کارگێڕی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی فیدراسیۆن.

لیژنە هەدستەت بە رەکخستن و پاراستن و چاککردنیان، نەخشەکانیان بە تەواو دەکات و ژمارەدن و پێست و کەلەگیان بە تەواو دروست دەکات .
دەیانخاتە خزمەت جەماوەرەوە لە پێناو هاندان بە لەکۆڵینەوە لە پێناو بەجێهێنانی ئارەزووی سەردانیکەران.
تێبینی کردنی دەخی پاراستنی باڵەخانەکان و ئاماژە بە چاککردنەوەی دەستبەجێیان و ئینجا لیستی کارە بەردەوامەکانیان پێشکەش بە کۆمەڵە دەکات.
دوای پشکنینی تواناکان و لەکۆڵینەوە لە ئاکارباشییان، ئینجا بڕیاردان و سکرتێرەکان و بڕیاربەری ئەرشیفەکان و پاسەوانەکان دادەمەزرێن. لە پێناو دەستبەرکردنی پێداویستییە خزمەتگوزارییەکانی ئەم دامودەزگا و پێشانگایانە کە دواتر قسەیان لەبارەوە دەکەین.

پێشانگاکان

لیژنە هەدستەت بە کردنەوەی پێشانگای کۆمەنیی بەکۆمەڵی نیشتمانی و نێودەوڵەتی لە پاریس.
بە نسبەت ئەو پێشانگا نیشتمانی و نێودەوڵەتییانەی کە لە پاریس ناکرێنەوە، لیژنەیەکی بەرپرسیار پێکدەهێنرێت بە بەرژەوەندی هونەرمەندە پاریسییەکان.
تەنها ئەو بەرهەمانە وەردەگرێت کە لەلایەن دانەرەکانیانەوە، خولقێنەرە هەستەکان و وەرگێران لە هونەرەکەوە بە هونەرەکی تر واتووە کرابەت،وەک ئەو هەڵکەوتینانەی دەگوزرێنەوە سەر تابلۆکان و تاد.
زۆر بە تووندی هەموو ئەو پێشانگا تەماحکارانە نەت دەکاتەوە کە دەیانەوێت ناوی بڕیاربەر و یان خولقێنەری بەرهەمەکان بگۆڕن.
خەڵات بە هیچ کەسێک نادرێت.
کارە هونەرییە ئاسایییەکانی کۆمەڵە دەدرێت بەو هونەرمەندانەی کە بە دەنگدانی هەموو خاوەن پێشانگاکان دیاریکراون.
بڕیام کارە نائاسایییەکان دەخرێنە پێشبڕکێوە.

پەروەردە و هۆشیاری
لیژنە چاودێری وانەی وێنەکێشان و نموونەیی لە قوتابخانە سەرەتایی و پرەفیشناڵەکان دەکات کە مامۆستاکانی لەسەر بنچینەی پێشبڕکێی دەستنیشان دەکرێن. هەروەها هانی ناساندنی میتۆدە سەرنجڕاکێشەکان دەدات. مەدەڵەکان مەر دەکات و هەروەها ئەو بابەتانە هەڵدەخات کە ڕوحی بەرز تیادا کشفکراوە. هەروەها پێویستە

لەکەینەوەکانیشیان لەسەر بودجەی کەمنە تەواو بکرێن.
لیژنە هانی ئاوەش دەدات کە هەمی گەورە بە خوێندنی باڵا و کەنفرانس لەسەر جوانناسی و مێژوو و فەلسەفەی هونەر بنیاد بنرێت .

باوکردنەوە

ئەرگانێکی باوکردنەوە پێکدەهێنت بەناوی بەرپرسیارێتی هونەرکان لەژێر چاودێری و بەرپرسیارێتی لیژنە، ئەم باوکراوەیە ئاوەڕووداوانەی کە پەیوەندن بە جیهانی هونەرکان و زانیاری بەسوودی بە هونەرمەندان تەدایە، باو دەکاتەوە.
هەروەها باوکراوەکە لەکەدانەوەکان لەسەر کاروباری لیژنەکە وپێکهێنەکانی کەبوونەوەکان و بەی پارەی بەدەستهاتوو و خەرجکراو و هەموو ئیشوکارە ئامارییەکان کە پەیوەندیان دەخنە سەر پرسەکان و ئامادەکاریی پێکوپڕک، باو دەکاتەوە.
بەشی ئەدەبیش تەرخان دەکرێت بە ئاو وتارانەی لەسەر ئیستاتیکا دەنووسرێن،هەورەها بوارێکی بەلایەنی کراوە دەبێت بە هەموو بیروباوەڕ و سیستەمێک.
بە پشکنەوتووخوازیی، سەربەخۆیی، بەڕێز و ڕاستگۆیی خۆیەوە.
باوکراوەی بەرپرسیارێتی هونەرکان دەبێتە جیددیترین بەیاننامەی ئەمە بە نوێبوونەوەمان.

ناوبژیکەران

بەنیسبەت هەموو ئاو ناکۆکییە جیاوازانەی لەسەر مەسەلەی هونەریی دەنێ ئاراوە، لیژنە لەسەر داوای لایەنی پەیوەندیدار(هونەرمەندان یان غەیری ئاوان) ناوبژیوان دیاریدەکات.
بە ئاو کەشە مەبدەئییانەی بەرژەوەندی گشتی تەدا بێت، لیژنە شورای ناوبژیوان دادەمەزرێنێت و بەیارەکانی لە باوکراوەی بەرپرسیاتێتی هونەرکان باو دەکاتەوە.

دەستپێشکەری ئیندیڤیجوال

لیژنە بانگەوازی هەموو دانیشتوان دەکات بە ناردنی هەر پێشنیار و پڕۆژە و ڕاپۆرت و بیروڕایەک کە دەبێتە هەی پێشکەوتنی هونەر یان ڕزگاربوونی فیکری یان مەعنەوی هونەرمەندان یان بەپێزکردنی ماتریاڵی بەرهەمەکانیان لەبەرچاوە.
لەوبارشەوە ڕاپۆتێک پێشکێش بە کەمنە دەکات و پشتیوانی مەعنەوی خۆی و هاوکاری لەگەڵ هەر شتێک کە بگونجاوی بزانێت، دەردەبڕیت.
داواش لە ڕای گشتی دەکات بە پشتگیری لە هەر هاوکێکی پێشکەوتووخواز و ئاو پێشنیارانەی لە باوکراوەی بەرپرسیارێتی

هونەرکاندا بەاو دەکرێتەو.
لە کۆتاییدا، بە وشە، بە پێنووس، بە خامە، بە دووبارە چاپکردنەوەی شاکارە جەماوەرییەکان، بە وێنەی وشیار و بەرزکراوە کە دەتوانرێ بە زۆری بەاوبکرێتەو و لە هەڵکانی شارەوانی لادە بێنازکانی فەرنسا نمایشی بکرێت، لیژنەکە کاردەکات لەسەر تازەبوونەومان، گرتنەدەستی جەوی سامانی کۆمەڵایەتی، داهاتووی درەوشاوە و کۆمارەکی گەردوونیی.

گ کەربی ، موولینێ ، ستێفەن مارتان ، ئەلێکساندەر ژووس ، ڕەزینیش ، تریشون ، دەلووو ، ژوو لەهیرو ، س شابرێت ، ه دوبوا ، ئەی ڤالینیەر ، ئوژین پەتیێ ، پیراین ، ئەی میوللارد.
تێبینی وەرگێڕەی ئینگلیزی : فیدراسیۆنی هونەرمەندان، گروپێکی ڕادیکاڵی پێکهاتوو لە شۆڕشگاران و پێشکەوتنسازان و شارەزایانی ڕازنەرەوە، لە مانگی نیسانی ساڵی ١٨٧١ کۆبوونەوە بە دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی ڕەخنەی هونەر لە هەناو کۆمەڵەی پاریسدا.

تێبینییەکان مەشخەڵە ئامادەی کردوون :
(١)ڕیفاهیەتی کۆمەڵایەتی خەیاڵی سیاسی کۆمەڵەی پاریس کریستین ڕەز چاپخانەی (مەیپە پرێس) ئەمریکا ٢٠١٥.
(٢)ئەو پێشکێیە لە نووسینی دەستەی بەڕێوەبەری سایتی (Red Wedge)ە کە لە ١٥ی نیسانی ساڵی ٢٠١٦ ئەم باباتیان لە سایتەکیان ئامادە کردووە و وەرگێڕاوە. کە یەکەمین وەرگێڕانی مانیفێستی هونەرمەندانی کۆمەڵەی پاریسە بە زمانی ئینگلیزی و جێی خۆشیەتی بڵێم یەکەمین وەرگێڕانی ئەو مانیفیستۆشە بە سەر زمانی کوردی.
(٣)ناوەکان وەک خەیان بە پیتی لاتین:
G. COURBET, MOULINET, STEPHEN MARTIN, ALEXANDRE JOUSSE, ROSZEZENCH, TRICHON, DALOU, JULES HÉREAU, C. CHABERT, H. DUBOIS, A. FALEYNIÈRE, EUGÈNE POTTIER, PERRIN, A. MOUILLIARD

سەرچاوە :
http://www.redwedgemagazine.com/online-issue/manifesto-federation-artist-commune

کامڕ ئیسلامیی میانڕەو؟..
ستیڤان شمزینی

هەمیشە ئەشکالم هەبووە لەگەڵ ئەو پاڵنەرەی، ڕەوتە ئیسلامییەکانی دابەشکردووە، بەسەر دوو ئاراستەی، تووندڕەو و میانڕەو. چوون لە بناغەدا هەردوو ڕەوتەکە لە دوا وەستگەدا بە یەک دەگەنەوە، ئەویش دامەزراندنی دەوڵەتی ئاینیی و سەپاندنی بیروڕا تایبەتییە ئیسلامییەکانی خۆیانە. دەتوانم بڵێم ئەو پاڵنەرە هەڵەیەکی میتۆدییە. ئەگەر بە ناسینەوەی خودی ڕەوتەکانیش بێت، بە لەمەودوا پێویستمان بە تەسمیەیەکی تر هەیە، لەبەرئەوەی یەک ساڵ حوکمی "ئیخوان" لە میسر کە بە ڕەوتە میانڕەوەکە ناسراوە. بەی سەلماندین ئەوەی بە هەڵەدا چووە لەم مەسەلەیەدا، ئەمەی عەلمانییەکانین، چوونکە "ئیخوان" هەر ئەو خەونەی هەیە پێشتر "بن لادن" یان "عەلی بلحاج" یان "سەید قوتب" هەیانبوو.

ئەگەرچی هەشتا خەڵکانێک هەن، مکوڕن لەسەر ناوزەدکردنی ئیخوان وەک ڕەوتی میانڕەو، بەڵام بە دیقەتدان لە مەژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەم ڕەوتە لە 1928ەوە تا نووکە، پانڕامایەکە و ڕاستییەک نیشان دەدات: ئیخوان نەک ڕیفۆرمخواز و میانڕەو نییە، بەڵکو دایکی کەی ڕەکخراوە ئیسلامییە تیرۆریستی و جیهادییەکانە. هەر خودی "حەسەن بەننا"ی دامەزرێنەری ئیخوان، پێشتر ئەندامی گروپێک بووە بە ناوی "کۆمەڵەی نەهی عەن مونکەر" کاری ئەم گروپەش ترساندن و هەڕەشەکرن بووە لەو کەسانەی گرنگیان بە ژیانی ئاینیی نەداوە. تەنانەت ئەوانەی وەک خەی بیریان نەدەکردەوە، بە "خەواریج" پێناسەی دەکردن کە کاریان دروستکردنی ناکۆکییە لە ناو ئیسلامدا، بەیە لە بەرامبەر ئەواندا دەیووت "هەرچی تەفرەقە بنێتەوە، بە شمشێر لەی بدەن".

هەر "بەننا" داوای لە مەلیک "فاروق" دەکرد، ڕێگریی بکات لە چالاکیی حزبە سیاسییەکان لە میسر، بەو پێیەی دەبێتە هەی ناکۆکی، ئەوەش پێچەوانەی شەرعی ئیسلامە. جیا لەمەش لە "پەیامی جیهاد"دا بە ڕاشکاوانە دەڵێت "جیهاد فەرزێکی پێویست و ئاشکرایە، هەر دەبە بکرێت". مەبەست لە جیهاد لەرادا جەنگانە لە دژی ناموسمانەکان، نەک ڕووبەووبوونەوەی دەروون. چوونکە بەننا ئەو فەرموودەیەی پەغەمبەر بە سەحیح نازانێت کە دەڵێت گەورەترین جیهاد، جیهادی نەفسە. دواتر لە هەناوی "ئیخوان"دا کەسێکی وەک "سەید قوتب" لە

دایک دەبێت، کە باوکی ڕۆحی ئیسلامییە جیهادییەکانە، ئەم پیاوە لە کتێبی "مەشخەڵکانی ڕۆگا"دا هەموو جیهان ڕۆتدەکاتەوە و دەڵێت "ئەمڕۆ هەموو جیهان لە جاهیلییەتدا دەژی". قوتب پێیوابوو ئیسلام بە زەبری شمشێر دەچەسپێت، بۆیەکا پێویستە موسڵمانی ڕاستەقینە شمشێرەکەی لە کەلان هەنابێتە دەرەوە بۆ جیهاد.

بەشێوەیەکی گشتیی ئیخوان کە بە حساب باڵی میانڕەوەکەیە، بە درێژایی مێژووی خۆی نەیتوانیوە بیسەلمێنێ ڕەوتێکی میانڕەو و درێژە بە خەتی ریفۆرمخوازانەی "ئەفغانی و محەمەد عەبدە" دەدات. بۆکو وەک "د.ماهر شەریف" دەڵێ "ئیسلامی سیاسیی کە گروپی ئیخوان موسلمین نوێنەری بووە، لە ڕەهەندی ریفۆرمە دینییەکەی ئەفغانی و عەبدە دابڕاوە و کاری بەسەرەوە نییە.. ئەو دابڕانە هەموو بەهرەکانی ریفۆرمی دینی وەک ڕەهەندێکی سەرەکیی ئەندێشە لە باربرد و دێشە بە بۆگەی شکستخواردنی بەرچاو ڕوونیی فیکری عەرەب بژمێردرێت".
وەلێ ئیخوان هەندێک جار و لەو قۆناغانەی هیچ دەسەاتێکیان نەبووە پێڕەوێکی ئیجابیان هەبووە، وەک ئەوەی ساڵی 2004ی میسر، کە دەی چەپەوێکی وەک "سادق جەلال ئەلعەزم"ی خۆشکرد بوو، تا ئەو ڕاددەیەی وتی "لەم پێڕەڤە چاکسازییە هیچ شوێنێک بە گووتارە کۆنەکەی ئیخوان نەماوە، بگرە کەمێک فیکری لیبرالی مودێرنی دەوڵەتی مەدەنی لە خۆگرتووە". کەچی دوای 8 ساڵ کە ئیخوان لە میسر دەچێتە سەر دەسەات ئەم پێڕەڤە بەناو چاکسازیخوازانە دەبنە بەقی سەر ئاو و ئیخوان بە ماکە ڕەسەنەکەی دەگەڕێتەوە کە بریتییە لە توندەوێی ئاینیی.

من پەموایە ئیسلامی سیاسیی بە گشتیی، بە "ئیخوان"یشەوە ناتوانن لەگەڵ کرێکی سیستمی دیموکراتی و لیبرالیزم و مودێرنە هەبکەن، ئاخر بە هەڵکردنیان لەگەڵ دیموکراسیدا، ناتوانن وەک حزبی ئاینیی بمێننەوە، شەوکەیان دەگەڕێت بە شتێکی دیکە. هەروەک "هاشم ساڵح" بای چووە: لەڕەوە ئەو پرسیارەی ڕووبەووی (میانڕەوەکان) دەکرێتەوە ئەمەیە: ئایا ئەوان ڕازی دەبن پڕۆگرامەکانی خۆیندنی ئاین بگۆدرێت، تاکو لە فقهی تەکفیرەوە بگوزرێتەوە بە فقهی بیرکردنەوە؟ یاخۆ لە فقهی سەدەکانی ناوەڕاستەوە بگوزرێتەوە بە فقهی سەدەکانی مودێرن؟. ئایا دەتوانن عەقڵیان فراوان بکەن و دەستبەردای دەگماکانیان بن و تێبگەن کە پشکەوتن شتێکە دەکرێت جێبەجێ بکرێت، بگرە پێویستە جێبەجێ بکرێت تانانێت لە کاروبای ئاینیشدا؟.

وەک خۆم لێو بەوایەدام، ئیسلامییەکان ناتوانن ئەمە بکەن، چوونکە ئەو بنەما فکریی و ئایدۆلۆجییەی دەستی بە باڵای ئەوانەوە گرتووە، لەسەر نەفیکردنی بەها مودێرنەکانی سەردەمی دیموکراسیی و لیبرالیزم راوەستاوە. ئیسلامی سیاسیی هەموویان بزافێکن بە پشگیریی لێو سیستەم رژئاوایانە دروستبوون، تا ئەوی کەمێگ لە زەمانی بیرکردنەوەی سەدەکانی ناوەڕاست رابگرن.
لێوانیە، کەسانێک هەبن، ئەم بیرکردنەوەی من بە پێگیریی یان بەویژدانی و بە ئینسافی لە قەڵەم بدەن، بەڵام چاوەڕوانی ئەوە ناکەم، چی دەوترێت، لەبەرئەوەی ئەو ئەزموونە تاقیکراوانەی ئیسلامی سیاسیی کە تا ئێستا بینیوومانە، بە زمانێکی راشکاوانە تەرجومەی ئەوەی بە کردوویەن، "میانڕەو و تونڕەو" تەنیا تەسمیەیەکی نائەقڵانی و نامیتەدیین، چوونکە هەموو ئیسلامی سیاسیی تونڕەو و سەلەفین "سەلەفی بەو مانایەی خۆنی گەیاندوویان هەیە بە پێشین". هەروەک لەڕەدا قسەیەکی زۆر جوانی "راشد غەنوشی" گوترە ئیسلامیستی تونسی زۆر گونجاوە بە پاڵپشتی هەزرینەکەی ئەمە کە دەڵێ "کاری خومەینی و حەسەن بەننا و مەودودی هەر یەک شتە".

ستەکهەم – سەلنا

حیکایەتی موک و ماکانی کەمپانیای وشو سەرنجک!.. تاهیر عیسا

حیکایەتی موک وماکانی کەمپانیای وشە، سەردێی وتارێکی سالار عەزیز، ی بەکرکوژی شاعیرە کەلە هەندێک ڕۆژنامە کوردیکاندا بڵاوبۆتەوە و لەبەشێکی وتارەکەیدا دەڵێت:- (پاش وازهێنانی کاك نەوشیروان و وەرگرتنی گردی زەرگەتە و ئەپارتمانێکی گەورەو ٢٨٠ دۆنم زەوی لە بازیان و دە ملیۆن دۆلار لەلایەن مام جەلالەوە، ئەمە یانی کاك مولازم عومەرو کاك قادری حاجی عەلی و من، بە چاکمان زانی لەگەڵ کاك نەوشیرواندا لەمەڕ پێکەوە کارکردنێکی نوێ ئەم جارەیان بە شێوازێکی جیاواز لەناو یەکێتیدا، گفتوگۆ بکەین. پاش چەندین

جار دانیشتن و وتووێژ، لەئەنجامدا دەستەیەکی پێنج کەسیمان وەك سەرکردایەتی ئەم مینبەرە پێکهێنا کە بەشێوەیەکی ئاشکراو دیموکراتیانەو سەردەمیانە لە پێناوی چاکسازی لەناو ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا درێژە بەخەباتی بدات.
ئەوەی ئەبوە بەربەست لەم کارەدا هەوڵی کاك نەوشیروان بو، کە ئەیویست ئەم موڵك و ماڵە لەسەر کومپانیای وشە تاپێ بکات کە هی خۆی بو. بۆیە ئەمە پێمان وت باشترواید بەناوی تۆوە نەبێ، ئەم ڕێبازە یەکێ لەکارە گرنگەکانی چونەوەیە بەگژ ئەوانەی تەماعیان لەسەروەت و سامانی خەڵك و ئەم نیشتمانەیە، با هەوڵبدەین ڕێگەکی دی بدۆزینەوە. کاك نەوشیروان وتی با بەناوی هەرپێنجمانەوەی بکەین. ئەمە ڕەتمانکردەوەو ڕازی نەبوین و بە شێخییەوە وتمان یانی کە مردین منالەکانمان بۆن و بڕۆن بەشی باوکمانی پێوەیە!!!).

نزکبوونەتی و نزهامەتی خەڵکی کوردستان، تەنیا لە بوونی دەستەڵاتێکی گەندەڵ و فاسیدو دژە ئازادی و دژە یەکسانی ئینسانکوژدا، نییە !
بەڵکو لە بوونی ئەو ئۆپۆزیسیۆنەش دایە کە جارنا جار لەناو گەرمەی ڕوداو و ململانێ سیاسیی و کۆمەڵایەتی وئابوریی و چینایەتیەکانی کۆمەڵگادا، وەک فریادڕەس دەردەکەون و سواری شۆپڵی ناڕازایەتەکانی خەڵک دەبن، کە سالار عەزیز، خەیشی پێشتر بەشێک بوو لەم دریژەی گەڕان وگۆڕانخوازی، پاشان وداوەنیان زۆر لە پاشان و داوێنی ئەوانە پاکتر نییە کە لە بەرامبەریاندا وەک ئۆپۆزیسیۆن سەرهەڵدەدەن!
نەوشیروان مستەفا، کە وەک کاریزمایەکی فریاد ڕەس وبەڵوات خاکی، لەناو دڵی جماوەرێکی مەحزوم ومەزڵوم و مەغدوردا، بە دەورانێک توانی جێگای خۆی بگرێت و لەخشتەیان بەرێت، کە لەپشتی ئەو بەخاکیی بوونەشیدا کە بەناڕەوا وەک عەبایەکی پیرەز بە بەپیرەزکردنی بەبەریدا دەکرا، دەیان کردەوەی دژە مرۆیانەی کۆن و تازەیان چاوپێشی لەدەکردوو هەموو تاوانکانیشی لەدیدو بەچوونی هەر ئەو جماوەرەدا، پاساو دەدراو تاوان و جینایەتکردنیشی بەشک لەئایندەی بزوتنەوەکەشدا وەک پێویستیەک لەملانێ سیاسیەکانیدا شەرعیەت پێدەدایەوە!
ئەگەر کوژرانی وریای کادیری کۆمۆنیست لە ڕێکخستنەکانی دوکاندا بەتۆری جبارفەرمان و بەفەرمانی نەوشیروان، لەهەشتاکاندا، لەسەر جیاوازی بۆچونکانی و عەقڵچی بوونکەی و گوللەبارانکردنی عەوڵاسوری پێشمەرگەی حیزبی سۆسیالیست بە بەرچاوی خەزان و مناڵ وکەس وکاریەوە، لەلایەن نەوشیروانەوە لەساڵی ١٩٨١،دا وەک دیلی شۆڕەو کارەساتی قۆناقۆو پشتئاشان و قەتڵ و عامی شیوعیەکان و

گولەبارانکردنی دیلەکانیان، وەک خۆیان ئیدیعای دەکەن بەشێک بن لەمڕووێک وەک بەرەنجامی ململانێی خوێناوی و توندو تیژیانەی نێوان لایەنە جەراوجەرەکانی ناو شاخ ولادێکاندا، ئەی دەبێت هەرشی ئاسایشی سلێمانی بۆفەرمانی نێوشەروان، بە سەر پێنج لە کادرانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و لەخوێنهەڵکشانیان و نەدانەوەی تەنانەت تەرمەکانیشیان بە کەس وکاریان ودواتریش داخستنی تەواوی بارەگاکانی ئەو حیزبەو قەدەغەکردنی هەسوڵانی سیاسییان و ئاوەدوونانی کادیرو لایەنگرانیان، لەسەردەمی شارو گەمەو پێوپاگەندەی دیموکراسیدا، پاساواکەی چیبێت؟ کە هەموو ئەمانە لەلای جەماوەرەکەی چاوپێشی لێدەکراو هیچ حیسابێک لەسەر مڕوی ئەم دەست هەتا ئانیشک بەخوێنە نەدەکرا، هەر ئەویان لەچاوەواندەکرا، کە ئاکامەکەی ئەمە دەیبینین، کەچباجەکی قورسیان لەسەر خەشخەیاڵیە پوچەکانی خەیانداا!

ئەو نەک هەر خاکی نەبوو، سەرباری هاوتابوونی مڕووی خوێناویان لەگەڵ بنەماڵە تاڵانچی و فاسیدەکانی دیکەش، تەزقاڵەک، جیاوازی نەبوو، کە بەملیۆنان دۆلارو بەدیان دۆنم زەوی زارو کەمپانیاو کەشک وتەلاری وەک میرات بەکوڕەکانی جەهەڵا.

ئەگەرمڕووی حوکمڕانی کۆن و تازەی هەر یەکە لە بارزانی و تاڵەبانی و حیزب و بنەماڵەکانیان وەک نوێنەری سەرمایەو سەرمایەداران لەکوردستاندا، پێ بێت لە ناشیرینی و قزەونیی، جەنگ وکوشتاری ناوخەیی، دیلکوژیی و ژنکوژی وسەرکوتی سیاسیی و سەرکوتی خەپیشاندان ودەنگی ناڕازی، کوشتن وتیرۆری چالاکانی سیاسیی،،،، هتد ،،،ئەوا هەر ئەپەزیسیۆنکیش کە لەسەر بنەمای هەمان سیستەم و هەمان سیاسەت وجیهانبینی و هەشتنەوەی هەمان یاساو هاسای کۆرانی بازاڕی ئازادو هەمان پەیوەندی ئابووری وکۆمەڵایەتیدا، بە کەم وبە زیاد دەردەکەوێت، ئینجا چی بەناوی گەلان وگەلانخوازی بێت یان بەناوی نەوەی نوێ ونوێخوازی بێت، بەبێ شک کارنامەی سیاسی ئایندەشی لەمانەی پێشخۆی باشترنابێت، هەروەک ئەمە گەلانخوازانی دوێنێ ی باوکی هەژاران، لەپاڵ دەستاتێکی سەرکوتگەرو دژە ئازادی وێکسانی ئەمەدا دەبینین، چۆن بەفیعلی بوونەتە نێک گەلانخواز، بەڵکو لەمپەر لەبەردەم گەلان وگەلانخوازیدا. ئەمەش ئاکامەکەی جگە لە چاندنی تۆوی نائومێدی و دڵتەنگی لەناو زەین و تێگەی گشتیدا بە گەلانکاری و دنیایێکی باشتردا چیدیکەی لێشین نابێت و هاتنە میدانی ئەپەزیسیۆنکی ڕاستەقینە لەناو هەناوی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشدا دەباتە دواوە، کە بەقازانجی چینی فەرمانڕەواو حیزبەکانیدا شکاوەتەوەو دەشکێتەوە.

لینکی وتارەکەی سالار عەزیز:-
https://www.awene.com/article?no=17172&auther=2591

تاهیر عیسا
20.03.2021

لویز میشێلی شاعیر و ڕۆمانی شۆشگێڕانەی لە (کۆمۆنەی پاریس)دا.. ئامادەکردن و وەرگێڕانی : عەبدوڵا سەیمان)مەشخەڵ)

سەرەتا
لویز میشێلی شاعیر و خەباتکاری سۆشیالیست،بە هیچ گومانێک گرنگترین فیگۆری سیاسی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە بووە، کە بەدڵنیاییەوە یەکێک بووە لە ژنە هەرە بەهێزەکانی سەردەمی خۆی. میشێل چ بە نووسین یان بە وتارە ئاگرینەکانی کاریگەری زۆری لەسەر هەزاران ژن و پیاوی فەرەنسی و ئەوروپی هەبووە، بە هۆشیاکردنەوەیان سەبارەت بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی بە هەزاران و چینی کرێکار. دەسەڵاتدارانی فەرەنسا لە هەزی ئەم ژنە شاعیرە سۆشیالیستە شۆشگێڕە کە دواتر دەبێت بە (ئەنارکیست)زۆر ترساون. میشێیش شەو و ڕۆژی پێکەوە گرێ دەدا لەپێناو گەیشتن بە ئامانجە چینایەتییەکانی کرێکاران. ئەم ژنە شاعیر و سۆشیالیستە لە ٢٩ی ئایاری ساڵی ١٨٣٠ لە فەرەنسا لەدایکبووە. لەسەر دەستی دایک و نەنک و باپیری گەورە دەبێت. میشێل پەروەردەیەکی جوان پەروەردە دەکرێت و خۆشەویستی ئینسان و تەنانەت ئاژەڵیش وەکو زیندەوەرێکی خاون مافی ژیان، دەبێتە بەشێک لە پێکهاتەی ئینساندۆستی ئەم ژنە شاعیر و خەباتگێڕە. هەربەیەش ژمارەیەک ئاژەڵی لەماڵەوە ڕاگرتووە. پەیەپەی گۆش و گەورەبوونیشی، هاوسەزیی و تێگەیشتنی سەبارەت بە

چوسانەوە باسا دەکا. ئەمش وای لەدەکات سالە لەدوای سالە غەریزەی یاخیبوون سەبارەت بە نادادپەوری کۆمەلایەتی بەرەو ڕووگایەکی شڕشگێرانەی ببات. بەرەو ئەو باوەڕەی ببات کە خەبات بکات لەپێناو دنیایەکی بێ ستەم و چەوسانەوە. لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٥٣ دەبێتە بەڵووبڕی قوتابخانە و بەردەوامیش ئارەزووی ئەوەی هەبووە سەردانی پاریس بکات. لە پاریس ئەو هەستەی لا دروست دەبێ کە خەڵک لەژێر دەتوانن زۆر بە چاکی دژی دەسەڵاتی ئیمپراتۆر، تێبکۆشن. لە پاریس فەکسی چووە سەر وانەبێژی و نووسینی شیعر و خوێندنەوە. هەر کاتێکیش بۆی بلوایە ئامادەی ئەو کۆڕ و موحازەراتانە دەبوو کە دەربارەی فیزیا و کیمیا و یاسا بوون بە ئەوەی تینووێتی میشەل بۆ مەعریفە بشکێنن. شەوانیش کاتێک دەگەڕایەوە بۆ ماڵ ئەو قوربانیانەی دەبینی کە بۆ شۆڕشگانی پاریسدا بۆاو بوونەتەوە. میشەل لە شیعرێکیدا گوزارشتی لەوە کردووە کە چۆن ئەو قوربانیانە دەستیان لە ڕوحی گیر کردووە.

تاوانباران و لەشفرۆشانم بینی و
کۆتمە قسەکردن لەگەڵیان
ئێستا ڕوونی دەکەمەوە
گەر پێتوایە لەوتەی هەیە هەر وا بوونە
دەبێ ئێستا ئەم جنسی ئەهریمەنانە
دەستیان چەتە خوێن و خراپەکاری پیرەزی
بەدووی خەیان ڕابکشن
تە وات کرد ئەو هەموو خەڵکە ببنە نێچیر
ڕەگ بوجڕەی کە ئێستا هەن.(١)

میشەل لە ساڵی ١٨٦٥ ڕوو لەڕێگەی ڤیکتۆر هیگۆی ڕۆمانووس کۆتە بۆاوکردنەوەی شیعرەکانی. ناوەڕۆکی شیعرەکانی لویس وەک دەبینین لە پێوەندییەکی نزیکدان لەگەڵ خەڵکی هەژار و ستەمدیدەی پاریس و فەرەنسا. لە بواری بەدەستهێنانی مافەکانی ژنانیش، لویس میشەل و دەستێک لە ژنان و پیاوانی سۆشیالیست و خەباتکار (کۆمەڵەی داواکاری بۆ مافە مەدەنییەکانی ژیان) وەک مانیفێستێک لەساڵی ١٨٦٩ دا دەنووسن و کار بۆ جێخستنی دەکەن.

جەنگ و لویز میشەل

کاتێک لە ١٤ی تەممووزی ساڵی ١٨٧٠ جەنگ لەنێوان ئەڵمانیا و فەرەنسا هەڵگیرسا. پاریسیش لەلایەن سوپاس بروسیا گەمارۆ درابوو. لەو کاتەدا لویز میشەل بە یەکەمجار لە ئوتێلی دی ڤیە دەستگیر دەکرێ بە تاوانی ئەوەی کە لەگەڵ ئەندری لیە خانم توانی کۆمەڵەی خەبەخش

پەک بەنەت و دەست بدەنە چەک بە یارمەتیدانی ستراسبەرگ بە دوا بەرەنگاری دژ بە سوپای بروسیا. لە ٢٧ ئەیلوول ئازاد دەکرێ، بەڵام ستراسبەرگ لەلایەن سوپاس بروسیاوە داگیر دەکرێ. سەباری ئەمەش لویز گەشبینانە درێژەی بەچالاکییەکانی خەیدا. لویز بوو بە سەرکی لیژنەی هوشیارکردنەوەی ژنان لە مەنمارتەر. ئامانجیشیان ئامادەکردن و دەستبەرکردنی شوێن و خواردن بوو بە ئەو کەسانەی کە پەویستییان پەبوو. ئەوە بوو جارێکی تر بە تومەتی ڕەکخستنی خەپیشاندان لەبەردەم ئوتێل دی ڤێ دەستگیر کرایەوە. میشێل بەتوندی ئەو تومەتەی ڕەت کردووە و ڕایگەیاند (من بەهیچ جۆرێک هیچ خەپیشاندانەکم ڕێکنەخستووە تا لەگەڵ حکومەت وتووێژ بکات چونکە بەوام بە حکومەت هەر نییە). (٢) لە مانگی کانوونی دووەمی ١٨٧١ باریس خەی بەدەستەوەدا و بروسیا ڕێی بە فەرەنسییەکاندا حکومەتێکی نوێ هەبژێرن. ئەوحکومەتە زەربەی زەری لایەنگرانی پاشایەتی تەدا بوو کە خەریکی پلان دانان بوون سوپای نیشتمانی نەهێن و کەماریخوازەکان دەستگیر بکەن، بەڵام سەرنەکەوتن بەهەی ئەوەی خەڵک کەوتنە دژایەتیکردنیان و ئینجا هێاتن بە فەرسای. بەیە لە ١٨ ی ئازاری ١٨٧١ خەڵکی پاریس شارەکەیان گرتە دەست و کەمانە سەربەخەکانیان دامەزراند کە خەڵک خەی حوکمی خەی دەکرد.

کەمانەی پاریس

کەمانەی پاریس شەشەکی کەمایەتی بوو هەوڵی دەدا ئازادی و یەکسانی بە خەڵکی پاریس دەستەبەر بکات. لویش میشێل وەک زەر جەنگاوەری تر خەی بە تەواوەتی تەرخان دەکات بە کەمانەی پاریس. لەسەنگەرەکاندا شەڕی کرد و خەی تەرخان کرد بە ئەو کەشە مەزنە. ئامادەی گیانبەختکردن بوو لەپەناو ئازادیدا. لویز لە بیرەوەرییەکانیدا ئاوا دەربارەی خەبات دەنووسێت (لە بیر و هەشی منداڵ لە شەوەکی بەهاردا هەست بە تاریکییەکی نەرم دەکەم. ئەویش ئایاری ساڵی ١٨٧١. وە ڕەنگدانەوەی گەی سووری ئاگریش دەبینم، ئەویش پاریسە کە گەی گرتووە و ئەو گریش سەبەینێیە.)هەروەها دەڵێت(ئەو..من چ دەندەیەکم،حەز لە بەنی باروت و بەنی چرە دووکەڵ و ساچمەی نەو هەوا دەکەم. بەڵام لەپەش هەموو شتەکەوە من دەسەزی شەشم(٣)

ئەم شاعیرە تا توانی جەنگا لە پەناو ئازادی و یەکسانیدا. لە سەنگەرەکانەوە بە تفەنگەکەی بەرگری لە کەمانە دەکرد. لویزی شاعیر لە بەرەوبەری قوتابخانەوە و ژنەکی قژ ماش و برنجی پەنجا ساڵییەوە بوو بە قسەکەر و ئابەری ڕەکخراوی ژنان بە بەرگری لە کەمانەی پاریس و یارمەتی دەری بریندارەکان و باڵەخانە بە باڵەخانە

دەچوو تا ئیزگەکانی ژنانی ئامادەساز بکات.

لویز میشێل بە جلوبەرگی سەربازییەوە لە دەورانی دەسەڵاتی کۆمۆنی پاریسدا

لە کۆمۆنی پاریسدا ئازادییەکی بەرباو بە فیعلی بوونی هەبوو. ئازادییەک دوور لە هەموو گزی و فزیلەکی بەرژوازییانە، لەوەدا کۆمۆنارەکان گرنگترین بەیارە شۆشگێڕەکانی خۆیان دەرکرد کە دواتر ئەو بەیارانەی کۆمۆنە بوونە بنەمای بەیارگەلێک کە فەرەنسا لە هەنگاوەکانیدا بەرەو عەلمانییەت نای.وەک (باوکردنەوەی پەروەردەی گشتی بەسەر پەرشتی جول فیری، ساڵی ١٨٨٣ خوێندن بووە خۆایی لە دەزگا دەوڵەتییەکان، ساڵی ١٨٨٦ بەیار درا پەروەردە تەنها کاری مامۆستا عەلمانییەکان بێت.)(٤)

تابلۆی لویز میشێل کاری هونەری هونەرمەندی فەرەنسی جۆی جیەارد ساتەری ١٨٧١

لویز دوای ڕووخانی کۆمۆنی پاریس

دوای ڕووخانی کۆمۆنی پاریس لویز میشێل ناچار بوو خۆر ڕادەستی دەسەڵاتداران بکات ئۆگەر نا دایکی گوللەباران دەکرێن. میشێل لەگەڵ دەستگیرکراو و چالاکوانەکانی تر بۆ پێیان لە فەرسایەوە بۆ ساتەری دەبردرێن. بەدرێژایی ڕێگا هەندێکیان گیانیان پێ هەڵدەکەنن و هەر لەوێ گوللەبارانیان دەکرێن. لە کۆی خێدا سی هەزار پیاو و ژن و منداڵ ئیعدام دەکرێن. لە ١٦ دیسەمبەری ١٨٧١ لویز میشێل لە تەمەنی سی و شەش ساڵیدا لەلایەن حکومەتی فرسایەوە دەدرێتە دادگا بە تاوانی ئەوەی :

یەک : هەوەدان بە ژەرەوژور کردنی حکومەت.

دوو : هاندانی خەڵک بۆ چەک هەڵگرتن.

سێ : لەبەرکردنی جلی سەربازی و چەک کردنە شان.

چوار : ساختەکردنی دۆکیومێنت.

پێنج : پلاندانان بۆ کوشتن.

شەش : دەستگیرکردنی نایاسایی و ئەشکەنجە و کوشتن.

کاتێکیش لێیان پرسی ئۆگەر شتێکی هەیە بۆ بەرگریکردن لە خۆی، لویز میشێل وەڵامی دایەوە : (ناماوەت بەرگری لەخۆم بکەم و وەک ناشمەویت کەس بەرگریم لێبکات. من بۆتەواوەتی بەرپرسیاری سەرجەم چالاکییە کۆمۆنایەتییەکانی خۆمم، بۆ تەواوەتی قەبووڵمە و بۆ هیچ خۆلادانێک. ئاواتەخواز بووم دژایەتی داگیرکاری فرسایم بۆ سەنگەری گۆ و ئاگر بکردایە. من هیچم دەستنەکەوت خۆم دەستپێشکەری کارەکانی

خەمم.)(٥)

ژنانی زیندانی بەشداربوو لە کۆمۆنی پاریس کە بە پێیان دەگوازرێنەوە بۆ زیندانی ساتۆری سالی ١٨٧٣.

میشێل لە دوا ساتەکانی ژیانیدا پاریس سەرتای سەدەی بیستەم

لویز میشێل جگە لەوەی جەنگاوەرێکی کۆمۆنە بووە، لەهەمان کاتیشدا شاعیریکی بەوفا بووە سەبارەت بە هاوڕێ کۆمۆنارەکانی و بەرگرێکارێکی سەرسەخت بووە لە هاو سەنگەرانی و ئەو بەرگریکردنەش بە کردەوە و هەروەها لە بەرهەمە شیعرییەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەوتا لەشیعری گومەخێکی سووردا کە بە یادی کۆمۆنار تیوفیل فریە نووسیوە، کە تیوفیل وەک کۆمۆنارێکی شۆڕشگێڕ ڕەتی دەکاتەوە دان بە دادگای سەربازی بنێت و سەرەنجام ئیعدام دەکرێت.

براکانم!
ئەگەر ڕەژە گەرستانی سارد بوو بەجێگام
وەک دوا هیوا
چەن گومەخەکی سووری پشکووتوو
بخەنەسەرگڕەکەم.
لەدوایین ڕەژەکانی ئیمپراتۆریدا
ئەوکاتەی خەڵک هەڵسابوون
مەخەکی سوور بزەی تێبوو
باسی ژیانی دووبارەی هەموومانی بۆ دەکردین.
ئێستاش بپشکۆ
لەژێرسێبەری تاریک و تەنگی زیندانەکاندا
بپشکۆ لەپەنازیندانییە خەمبارەکە و
بۆژەکەچەن خەشمان دەوە.
بۆژەکە لەمسەردەمی گەڵانکاریییەدا
هەرداهاتوو دەیباتەوە
بۆژەکە سەرکەتووی تەوەڵ بزرکاوی شەڕ
هەروەک دەڵاوی شەڕ دەمرێ! .(٦)

لویز میشێک نەک تەنها وەک هەڵسوڕاوێکی بزووتنەوەی سۆشیالیستی، بەڵکو وەکو ژنێکی فیمینیست لەبازنەی ئیش و کار فیمینیستییەکانیشدا چالاک بووە. جگە لەوەش ئەم شاعیرە هەر لە بەرایی تەمەنییەوە دەستی کردووە بە شیعر و کورتە دراماى نووسیوە و بەردەوام بەرهەمە ئەدەبییەکانی بە نووسەرانی ناودار ڤیکتۆر هیگۆ ناردووە تا ئاخرین ساتەکانی ژیانی. جگە لەشیعر میشێل کتێبی(کورتکراوەکان)ی نووسیوە کە بریتییە لە یادەوەریی خۆی لەسەردەمی

کەمەنە و دوای کەمەنە. ڤیکتۆر هیگۆش جـــوانترین شیعـــری بە میشێ نووسیو.
ئەو کەسانەی کە شارەزان
بەشیعرەکانی ێێمزاوی و شیرینی تە
بە ێێژەکان، شێوەکانت، خەمەکانت، بەخشندەیی و فرمێسکەکانت، بە هەمووان
بەڵێخەبوردوویی تر
.....
چاکەتی تە، سەربەرزیت وەکوو ئافرەتە
لەێێی خێێکا نیگای قووڵی پە نەفرەتت
لەهەموو نا مرۆڤەکان
قاچی ئەو منداڵانەی دەستت گەرمی کردوونەتەوە..

ڤیکتۆر هیگۆ درکی بەو ڕاستییە کرد کە لوید میشێل جگە لە کاری باش و خەباتگێێیی شتێکی تر ناکات، بۆیە بڕم دەرانە کەتایی پێ دێنیت.
ئەوەی ئەوان بیرکجاری دەشێێژێنی
دوو روحی لێیەکتەنراون
ئاژاوەی خواوەندانەی ئەستێرە ورشەدارەکان
کەڵەناخی دڵی گەورە و پڕداگردا
دەتە بەرچاو
هەروەکوو ئەو پرشنگەی کە
لە لەرینەوەی بێێسەدا دەتە دی.(۷)(*)

میشێل لە دوا ساێێکانی ژیانیدا پاریس سەرەتای سەدەی بیستەم

دوای نەمانی کەمەنەی پاریس لە۷۲ ێێژی تەمەنیدا کە پە شانازیترین ێێژەکانی ژیانی لویز میشێێی شاعیر بوو. میشێل دوای بیست مانگ، لە ۸ی ئابی ۱۸۷۳ دەگوازرێتەوە بە کەشتی سەربازی بڕەو کالیدۆنیای نوێ.(۸) ئەو گەشتە چوار مانگ دەخایەنێت و لەو ماوەیە ئاشنا دەبێت بە هەنری ێێشفەرت کە دەبێتە هاوێێی ژیانی و هەروەها بە ناتالی لیمیل. میشێل بە ماوەی حەوت ساڵ لە کالیدۆنیای نوێ دەمێنێتەوە و لایەنگری خەباتی خێێکە ێێسەنەکەی کاناک دەکات.
پێش کەتایی هەنان بڕم کورتە نووسینە بینینی عەزمی پێێایینی لویز کە لە نامەیەکدا بڕپرسی سەربازی زیندانەکەی دەنڕێت ، ێێنگە بتوانێت پەترێیتەکی ێوونتری شێشگێێانەی لویسمان نیشان بدات.

زیندانی فرسای ۲ی کانوونی یەکەمی ۱۸۷۱

گۆڕ و بەرز
دواجار لووبەوایەدام ئەو سێ غافڵکوژییەی سەرلەبەیانی سەشەممە ئەنجام دران، بەڵاستی هەوڵیاندا. ئەگەر ناتەواوەت ملکەچی ئیجرائاتی یاسایی بیت تۆ بە کردەوە ئەوەندەم لەبارەوە دڵزانیت کە گوللەبارانم بکەیت. من ئامادەم و دەشتی ساتەریش نزیکە. تۆ و هەموو هاوکارانت چاک ئەزانن ک ئەگەر لەڕێ بە زیندوویی دەرباز ببم تەنیای هەموو گیانبازەکان دەکەموە
بژی کۆمۆنە
لویز میشێل(۹)
لویز میشێلی شاعیر و خەباتگێڕ دوای گەڕانەوەی بۆ وڵاتی فەرەنسا کەوتە گەشت و گەڕان و بەوو بۆیەکەک لە ژنە ئانارکیستەکانی فەرەنسا. دواجار میشێلی شاعیر لە ۹ ی کانوونی دووەمی ساڵی ۱۹۰۵ لە شاری مارسیل لە فەرەنسا چاو لێک دەنێت و ئومێد و خۆنە چینایەتییەکانی کرێکاران و ئەزموونە پڕ وانەکانی و دراما و شیعر بەجێدەهێڵێت.

سەرچاوە و پەراوێز :

Louise Michel edited by Nic Mclillan Published by Ocean-1 Press NewYork U S A 2004 page 31.

2- http://www.iisg.nl/collections/louisemichel/images/a33-045.jpg Prison Narratives from Boethius to Zana Chapter 6 The radicalization of Louise Michel Nancy Sloan Goldberg Edited by Philip Edward Philips plagrave Mcmillan 2014 page 119

3- http://www.iisg.nl/collections/louisemichel/images/a33-045.jpg
لە یادی ١٤٩ ساڵەی کۆمۆنی پاریسدا، یەکەم حکومەتی هەژاران لە مێژوودا. نووسینی عەلی سیاسی وەرگیراوە لە4- ماڵپەڕی تایبەتی عەلی مەحموود محەمەد سایتی ئەمە.

-5 https://www.marxists.org/history/france/paris-commune/michel-louise/1872/red-carnations.htm

6- Stage politics and Gender, French Women’s Drama 1880 – 1923 Chapter 2 Staging the Revolution Louise Michel Cecilia Beach page 27.

7- The Red Virgin Memoirs of Louise Mechil translated by

Bullitt Lowry and Elizabeth Ellington Gunter 1981
8-کالیدۆنیای نوێ چەند دوورگەیەکی سەر بە کەنەدا فەرەنسایە و کۆتە باشووی رۆژئاوای ئەقیانووسی ئارام.خەڵکە ڕەسەنەکانی ئەم دوورگەیە گەلی کاناکن.
The Red Virgin Memoirs of Louise Mechil translated by -9
Bullitt Lowry and Elizabeth Ellington Gunter 1981

(*) : شایانی باسە بە ئەم دوو سێ کورتەشیعرەی لەم نووسینەدا هاتوون سوودم لە وەرگێرانی هاوڕێ سەمانی قاسمیانی وەرگرتووە.

تێبینی : ئەم بابەتە لە گۆڤاری هانا ژمارە ٦ ی ساڵی ٢٠٢١ دا بڵاوبۆتەوە.

نەرگز لە چیەوە هاتووە؟.. سامانی وەستا بەکر

بە بۆنەی تەمەنی کورتی دەرکەوتنی گوڵی جوان و بۆن خۆشی سروشتیی نەرگس لە کوردستان بەگرنگم زانی ئەم بابەتە جارێکیتر پبڵاوکەمەوە بڵاوکەمەوە کە چەن ساڵێک پێش ئێستاوو بڵاومکردەوە.

نەرگز گوڵێکی سەلکی بەهارەی بەنخەش و دەبەرە.
ناوەڕاستی زەردە و گوڵاکانی دەرەوەشی وردو سپین، نەرگز لە سەرەتای کۆژ (وەرز)ی بەهار بە شێوەیەکی خێراسک لە دەڕ و شوێنە ساردەکانی کوردستان ئاوەدێت.
ئەو پانتاییانەی کە گوڵە نەرگزی زەری تێدا ئاوەدێت و زەرد ئەچێتەوە، پێیئەوترێت نەرگزجار.
نەرگز نزیکەی دوو هەفتە ئەمێنێتەوە، ناوەکەی کوردیەکی زۆر کۆنە و لە پەهلەویەوە ماوەتەوە nargis، نەرگیس، بە فارسییش پێی ئەڵێن نەرگیس کە هەر لە کوردییە کۆنەکەوە وەگەڕاوە.
نالی ئەڵێ:
(هێند مونتەزیری تێ بوو، هەتا چاوی سپی بوو… نەرگس، کە لەسەر یەک قەدەم و دیدە چەقی بوو).
وا دەرئەکەوێت کە بەشی یەکەمی ناوەکە (نەر) لە (نێرک) یان بە

زمانی کۆن نەر- هاتبێت کە بریتیە لە سەلکی گوڵەکە لە ژێر زەویا، واتا پێکهاتەی ئێتیمۆلۆژی ناوەکە کوردی بوون و ڕەسەنی ناوەکە دەرئەخات.

Narkissos

هاوکات ناوی نەرگز لە زمانەکانی دیکەی دنیایا زۆر بە چەی تێکەڵ بە میتۆلۆژیای گرێکی بووە، کۆنترین زمانی هیندۆئەروپییش کە ناوی نەرگزی تیایا تۆمار کرابێت گرێکیە.

بە یەکەمین جار لە کارەکانی هۆمێرسدا، ناوەکە بە شێوەی narkissos، نەرکیسسس هاتووە. وشەکە، لە ڕووی زمانەوە، واتا گوێی (نارکیس). واتا نارکیس لە ناوە گرێکیەکە، وەک ناوی شوێن و مێبەندێک هاتووە.

لە چاو گرێکی کۆنا گۆکردنی ناوی گوڵەکە نەختێک گۆڕاوە و، بریتیە لە narkiss نەرکیس، کە لە شێوە پەهلەویکەوە نزیکە وە ناوەکە هەرلە ڕەی گرێکیەوە چێتە ناو زمانەکانی تریشەوە.

بە لاتینی narciss، نەرسیس. لە فەرەنسی و ئەلمانی narcisse، نەرسیس. لە زمانە ئەوروپییەکانی تریش هەر هاوشێوەیە.

چیرۆکی Narkissos

پیاوەکم لە خەی شیعر جەماوم
گەدەی چاوەوانیت هەزار جار کوشتوومی
ژنەکیت ئولفەتت بە شاعیرەکی نائومێدەوە گرتووە و
دەرگای عەشقی ئەکوتی

عەشقت چ خەنجەرەکی ئەفسووناویی بوو
شیعر لە دەموەوە فیچقە ئەکات؟!
ئەوینت چ هەورە بروسکەیەک بوو
جارەکی تر کانیاوی مەحابی ژیاندەوە؟!

تە کە هاتیت بەرچنەیەک نەتە و
دوو باوەش تامی شیرینی دنیات بە هەنام
منیش کە هاتم ئاوەزەی هەست و
دەکی سەوز سەوزم بە کردیتە دیاری

گوت لە هاژەم بێت
ئەو دەمەی بەسەرتا پەرش و بڵاو ئەبمەوە
لەبەر شەوقی چرای حەپەسان
کتێبی ئەستووری عەشقم بخوێنەوە

گوە لە میلەدی دەنگم بگرە
ئەوکاتەی دەەم ماچت ئەکەم
وەرزە وشکەکانی تەمەنت
بە ەامووسان پە دەکەم لە بارانا‌و

گۆ لێ هاواری ئۆو شیعرەم بگرێ
هیچ وەخت تۆواو نابێ
خۆنێ وەنەوشەییەکانت
بخەرە بەر ڕێژنەی شەتی و سەرسامیم

گۆ لێ غەمگینی پیاوەتیم بگرێ
کە بێ هەنراوە ئەتدوێنم
ژنەتی خەتم
لەنەو پەخەفێ سارد و تەزیوەکەم بێ جێبهەڵ

گۆ بێ ەاز ودوا دەڵی چەند ساتێ
پێش خەکوشتنم ەادەرێ
پێڵ لەپێشیمانی و یادی پەکەنینەکانی
ەڵژانی زەیینی ژوان

گۆ لەخوەڵی فرەسکم بگرێ
کاتی ەڵیشتنی شەمەندەفێری دابەان
بینیم شەستێ بارانی ئاسمانی حوزنەکانت
مەزنترین زریانی هەڵسان

لێ کۆوێ هاتیت سەحرای ڕەح و
کەلاوەی ژیانت ئاوەدان کردمەوێ؟
بێ کۆ ئەڵەی، کێ هەشتا خەم
بێ سەفەری عەشق کەنەکردەتەوێ؟

ستەکهەڵەم – سەلنا

پوولەکەی پاپا.. فازیل شـــەو

"بە باەوزانی کەشک و قەا…"

بە قەرئان و
بە تەوەات و
بە ئینجیل
بە هیلال و
بە سەلیب و
بە قەندیل
هەموو چەرچی و
ســنووردز و
تریاکخەر و
ئاشقانی مەمک و کورسی
دەە دەکەن
دەە دەکەن
درێ دەکەن
لێ نەو دێ و
لەسەر چاو و
ەە نەو ەەحی
مانگ و ەووبار
تاڤگە و کەسار
کەرپەی ناو بەشکە و
پیرەمەرد و پیرەژنی
ئەم کوردستانەیە …
بەرز و باەا
کوردستانەکەی
سەر پوولەکەی پاپا.


کچەکەی نەجیب مەحفوز خۆشحاڵە بە گرنگیدان بە کتێبخانەکانی باوکی بە زمانی کوردی

لەمیانی پێشکەشکردنی کتێبی " نەجیب مەحفوز، نووسەرێک لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادا" لە نووسینی نووسەرو وەرگێڕ" ئەردەڵان عەبدوڵا" لەلایەن دکتۆر یاسین رەئوف، نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە قاهیرە، هودا نەجیب کچی نووسەری ناوداری میسری و جیهانی نەجیب مەحفوز،خۆشحاڵی خۆی بە پێشکەشکردنی کتێبەکە دەربڕیی و هەروەها سوپاسی ئەردەڵان عەبدوڵا نووسەری کتێبەکەی کرد، بە گرنگیدان بە کارو بارهەمەکانی باوکی و نووسینی ئەم کتێبە. لەهەمانکاتیشدا خۆشحاڵی خۆی دەربڕی، بۆئەوەی کە کتێبەکانی باوکی بەسەر زمانی کوردی وەرگێڕاون. راشیدگەیەنێت، حەزدەکات سەردانی هەرێمی کوردستان بکات. میدیای میسریش گرنگی بەم هەواڵە دەدات و بە گرنگییەوە وتەکانی کچەکەی نەجیب مەحفوز باوەدەکاتەوە.

خۆشحاڵە بە کتێبەکە

رۆژی دووشەممە 8.3.2021 لە یەکێک لە هەتڵەکانی قاهیرەی پایتەختی میسر، دکتۆر یاسین رەئووف، کتێبی " نەجیب مەحفوز، نووسەرێک لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادا" لە نووسینی نووسەرو وەرگێڕ" ئەردەڵان عەبدوڵا " پێشکەشی هودا نەجیب، کچی نووسەری مەزنی جیهان و میسری نەجیب مەحفوز کرد.

هودا نەجیب رایگەیاند: زۆر خۆشحاڵم بەم کتێبە و سووپاسی نووسەرەکەش دەکەم بە نووسینی ئەم کتێبە لەبارەی کارو بارهەمەکانی باوکمەوە. پاشان رایگەیاند: گرنگیدان بە کتێبەکانی باوکم و وەرگێڕانی بەسەر زمانی کوردی، مایەی خۆشحاڵییەکی گەورەیە بە من. وتیشی: گرنگیدان بە کتێبەکانی باوکم لەلایەن نووسەران و وەرگێڕانی کوردەوە، گوزارشت لە هەستی جوان و ڕۆشنبیریی گەورەی براکانم لە هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت.



مۆزووی کوردی و میسر

هەرو لەو دیدارەدا دکتەر یاسین، باسی پەیوەندیی مۆزوویی نێوان گەلی میسر و کوردی کرد، باسی کەمەکێک نووسەرو بیرمەندان و سیاسەتمەداری میسری بەرچەکێک کوردی کرد، کە رەگیان لە مۆزووی سیاسی و فەرهەنگی میسردا هەبووە، لەوانە " محەمەد عەلی باشا، ئەحمەد شەوقی و عەباس مەحمود عەقاد و بنەماڵەی بەدرخان" ئاویش خۆشحاڵی بەو مۆزووە جوانەی نێوان گەلی کورد و میسر راگەیاندووە.

خۆشحاڵی سەردانی هەرەمی کوردستان بکات

دواتر دکتەر یاسین بانگهێشتی تایبەتی کرد بە ئاوەی سەردانی هەرەمی کوردستان بکات، ئاویش خۆشحاڵی خۆی دەربڕیووە، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی پەتای کۆرۆناوە ناتوانێت، هیواخوازە لەپاش کەتایی هاتنی ئەم پەتایە، بتوانێت سەردانی هەرەمی کوردستان بکات.

میدیای میسری گرنگی بە سەردانەکە داوە

لەناو میدیای میسریشدا گرنگی باشیان بەم هەواڵە داوە، لەمباریەوە سایتی " الخبر الیوم" راپۆرتکی درێژی لەمبارەیەوە ئامادەکردووەو تێیدا باسی ئاوەی کردووە کە کچەکەی نەجیب مەحفوز خۆشحاڵی خۆی بە پێشکێشکردنی ئەم کتێبە دەربڕیوەو سوپاسی نووسەرەکەی کردووەو هەروەها سوپاسی تەواوی ئەو نووسەرو وەرگێڕە کوردانە دەکات، کە گرنگی بە کاروبارەهەکانی باوکی دەدەن.

جگەی ئاماژەیە کتێبی " نەجیب مەحفوز، نووسەرێک لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادا" لە نووسینی ئەردەڵان عەبدوڵا " لەلایەن

ناوەندی سارا چاپکراوە. ئەم کتێبە بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی لەبارەی کارو بارهەمکانی نەجیب مەحفوز، ئەمش یەکەمین کتێبە بە زمانی کوردی لە بارەی کارو بارهەمکانی ئەم نووسەرە میسرییە.

لەم کتێبەدا نووسەر باسی ژیان و شێوازی نووسین و فکری نەجیب مەحفوز کردووە. هەروەها کاریگەرییەکانی " دایکی، قاهیرە، میسر، فکری چەپ، ئیخوان موسلمین، حزبی وەفد، رژێمی پاشایەتی و سەربازی" بەسەرییەوە خستوتە ڕوو. جگە لەوەش باسی شانۆگەرییەکانی، کورتە چیرۆکەکانی، فیلمە سینەماییەکانی دەکات. لە کۆتاییشدا خوێندنەوەو ڕانان بە 12 ڕەمانی نەجیب مەحفوز کردووە کە ئەوانیش " اولاد حارتنا، سکرية ، بين القصرين، قصر الشوق،حضرة المحترم، السراب، زقاق المدق. اللص و الكلاب، الطريق،الكرنک، القشتمر."

چەرخ و فەلەك لە نەخوان هەڵکشان و داکشاندا.. حەیدەر عەبدولرِەحمان

دەکرێ بڵێین زنجیرە دراماى (چەرخ و فەلەك) ى دەرهێنەر بیلال عومەر بۆ ئامانجێ نەخشەى بۆ کێشراوە، کە ببێتە زنجیرەیەکى فەلسەفى، سایکۆلۆژى، پەروەردەیى ، کۆمەڵایەتى، لەچوارچێوەى فەرمى کۆمەدیایەکى سووك و خۆزانداری،
ئەم هەوڵەى دەرهێنەر بۆ دروست کردنى دەستپێکێکى تازە بۆ کۆمیدیایەکى سووکى کۆمەڵایەتى، هەوڵێکى ئەرێنیە بۆ هێنانە پێشەوەى ئەو فەرمەو بایخ پێدانى، کە من پێم وایە بۆ کۆمەڵگاى کورد فەرمێکى گونجاوە و جیگەى خۆى دەکاتەوە ، زیاتر لە فەرمە تەقلیدیەکانى تری دراماى کوردى.
وەك لەناونیشانى زنجیرەکەش دەردەکەوێت، سیناریۆى دراماکە (چەرخ و فەلەك) لەزەمانەك دەدوێت وەك سوڵتانەوەى زەوى بەدوورى خەردا، بەردەوام لەسوڵتانەوە و بەرەو پێشەوە چوون و هەبەزین و دابەزین دایە، ئەوانەش کە سوارى چەرخ و فەلەکەکە دەبن کۆمەڵگا

مرۆڤایەتیەکانن.
کۆمەڵگایەکی وەک کۆمەڵگای ئێمە گەنجێکی وەک (ئاسۆ) هەمایەتی و لێزینگەو کۆمەڵگایەکی دوا کەوتووی کۆمەڵایەتی چاو هەڵدێنن، گیرودەی کۆمەڵە کولتوورو نەریتی دوا کەوتووی وەک دوژمنکاری، چەک هەڵگرتن، تەڵە سەندنەوە، تۆندو تیژی بەتۆڵ، لەبری زانست و مەعریفەو پەروەردەو تەکنەلۆژیا .
ئێم عەقلیەتە میتافیزیکیە کلاسیکیە فاکتەر بووە، بۆ ئەوەی ئەو کۆمەڵگایە ماوەی بیست ساڵان لەڕووتی پشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی و مەعریفی دابڕێ، بەبەراورد لەگەڵ کۆمەڵگاکانی تردا هەشتا لەئەلف و بێ ژیان شتێ فڕێ نەبووبێ، بەو مۆژووە دوورو درێژی خەیاوە، هەشتا وەک مناڵێك دەردەکەوێت، نەتوانێت بەهەمان هەنگاوو بەهەمان تەگەیشتن لەگەڵ ئەوانی تردا خۆی بگونجێنێ.
ئەوتا ببینە (ئاسۆ) چۆن لەگەڵ مناڵەکانی دیکەی پەلەکەی، چەند جێستەیەکی نامۆیە و چۆن دەبێتە مایەی گاڵتەجاڕی و پێکەنین .
فەلسەفەی نمایشکە لەرووی سیناریۆو دیالۆگ و بۆفرمەکی هەمادار، عەقلی ئەو کۆمەڵگایە بوروژێنێ بە کۆمەڵێ پرسیار:
ئایا قسەت بیرتان لەوە کردۆتەوە ئەوە لەکوێ ی مرۆڤایەتین ؟
جیاوازیتان لەرووی هوشیاریەوە لەگەڵ ئەوانی تر چەندە؟
ئایا تا ئێستاش خەتان لەو نەریت و کولتوورە دوا کەوتووانەتان داتەکاندووە ؟
یا ئێستاش ئەو پەتا کۆمەڵایەتیانە بەدوا تانوپۆو ژیانی پەك خستوون ؟
ئەوانە پرسیارە فەلسەفیەکانی زنجیرەکەن، بەڵام بینەریش کە ئەو هەموو پرسیارانەی ئاراستە دەکرێت وەڵامی چیە؟
ئەویش مافی خەیاتی بەسەت : ئایا ئەوە وەك دەرهێنەرو هونەرکاران تا چەند توانییوتانە ئەو چمکە فەلسەفیانە لەسەر رووی شاشە تەرجەمە بکەن بە زمانی دراما ؟
دراما بەتەکنیك و وێنەو نواندن و رووناکی و موزیك و دیالۆگ و هەموو ئامرازەکانی تری ؟
ئەوان دەڵێن، ئێمە بە ئەوە تەماشای دراما ناکەین تەنیا چمکەکی فەلسەفی بەسادەیی بخوێنینەوە، بەڵکو لەپاڵ ئێمەدا لە دراماداچاوەڕێ ی چۆڕ دەکەین بمان وروژێنێ،
لەدروست کردنی گرێ ی دراميدا، ناچارمان بکات بزانین دەرهێنەر تا چەند چارەسەرکردنی گونجاو بە گرێکان دادەنێ.
ئەکتەرەکان چ پەرفەرمانسێکیان هەیە بە بەرجەستە کردنی کاراکتەرەکانی خەیان؟
دەرهێنەر بەرامبەر هەموو ئەو خواستانەی بینەر، بەرپرسیاری

یەکەم، ئینجا ئەوانی دیکە هەریەکەو بە پێی پسپۆری خۆی.
کۆشکی سەرکی دەرهێنەر لەوە دایە نایتوانیووە وەك پێویست ئەو فەلسەفەیە لەسەر شاشە بەفەرمکی لەژیکی و هونەریی ئەوتە بەرجەستە بکات، کە بینەر وا نەزانێ بەدیار فیلمکی کارتۆن دانیشتووە، بەڵکو دووچاری کەمێک پرسیاری ئاڵۆز بووە کە لەرووی پراکتیکەوە ئەنجامکی نا مەعقول و نالەژیکی بداتە دەست وەك ئەوەی :
ئایا عەقلی کەمێگای ئەمە بگشتی تا چەند هەزمی ئەوە دەکات، کەسێك ماوەی بیست ساڵ بە هەش بە لەناخشانەیکی ئەهلی چاو بکاتەوە؟
چۆن کەسێك بیست ساڵ لەهەش خۆی چووبێت، ناوی خۆی و دایك و باوکی لەبیرچووبێتەوە، موحازەراتی فەلسەفی لەهاوبیەکی خۆی وەردەگرێت و گوێ لەخوێندنەوەی چیرۆك دەگرێت ؟
ئەم دیمەنە ئەفسانەییانە لەچ فەرهەنگکی زانستی دا هەیە؟
دەرهێنەر بە تەرجەمە کردن و بەپراکتیك کردنی ئەم تیرانە، دراماکەی دابەشی چوار تەوەری سەرکی کردووە:
1. بە هەشی (ئاسە) لەئەنجامی شکستی دوژمنکاری و بەرکەوتنی بەئەتەمبیل لەکاتی راکردن لەتەمەنی دە ساڵیداو مانەوەی لەناخشانە بەبە هەشی بە ماوەی بیست ساڵ، لەوەو دەرهێنەر پێنجە بە واقعکی تاڵی رابووردوو دەبات، بەتایبەت لەرووی پەروەردەو راهێنانی لاوەکان لەچەك و کوشتارو شکستی خەڵکی و دوژمنداری و بیری تەڵە سەندنەوە، لەوەو نەوەکان فێری رق و توندو تیژی دەکرێن ، بەیەك باوکی ئاسە هەر لەمناڵییەوە ئاسە لەئاشق بوونی چەك رادێنێ و پێی دەڵێ: ئەگەر گەورە بووی چەککی جوانت بە دەکەم، ئەم بیرە ژەنگاویەی ئەو باوکیە وا لەئاسە دەکات، بەڵێنکەی باوکی لەبیر نەچێتەوە، ئەو بیرە ژەهراویەی لەکاتی گەورە بوونیشدا لەمشك دەرنەچێ و بەردەوام داوای چەك بکا،
دەرهێنەر دەیەوێ بڵێ، ئەوە باوکەکانن لە نەوە دوا کەوتووەکاندا کەمێگا گوناە لەگەڵ منداڵکانیان دەکەن و ئەو بیرە ژەهراویانیان دەخەنە مشك، کەواتە نەوەی کۆن رێکەکی نەرێنیان بینییووە بە دروست کردنی ئەو پەروەردە سەقەتە کەمایەتیە.
2. تووشبوونی باپیری ئاسە بەناخشی شیزۆفرینیا و واهیمەی نەخشینی خەزانی، کە من پێم وایە، تەوەرکی سایکۆلۆژی کاریگەرە بە هەندە نەریتی کۆن بەنشاندانی وەفاو خۆشەویستیەکی راستەقینە لەرگەی باپیری ئاسەو نەخشینی خەزانی، کە دوای تەپڵینی ئەو هەموو ساڵە لەماڵئاوایی کردنی، نەخشین هەمیشە وەك سەبەر وایە لە گڵی و هەرگیز لەی جودا نابێتەوە.
دواتر دەرهێنەر چارەسەرکی شیاوو گونجاو بە ئەو تەوەرە دادەنێ،

کاتێ کاراکتەری باپیرە نەخشینەك دەدزێتەوە و دەگاتەوە بەهیوای خۆی و لەگرە دەرونیەکە رزگاری دەبێت.
3.تەوەری (شەمال) ڕەبەن مامی ئاسۆ و ئاشق بوونی بە (خاتوون) ی کارمەندی نەخشخانەو هەوڵەکانی بۆ پرسی هاوسەرگیری و خۆ رزگار کردنی لەو تەنیاییە بەردوامەی، بۆتە گرێیەکی دەروونی ئۆوتۆ، هەوڵی ئەوە بدات، لە بری هاوسەرێك بۆ ئاوەدانی ماڵەکەی مەیموونەکی بێ ڕەح لەتەك سەرینەکەی، بەرامبەر بەخۆی دابنێ و ناوە ناوە دەردە دڵی خۆی بۆ بکات.
هەر لەو تەوەرەدا دەرهێنەر کۆشەو ئاریشاکانی پیاوی ڕەبەن و ئافرەتی بەوەژن بەرجەستە دەکات لە کۆمەڵگایەکدا کە پیاوی بەوەژن بەی نیە دوای مردنی مێردەکەی، یان لەك جیا بوونەوەی، جارەکی دیکە ژیان دەست پێ بکاتەوە.

دەرهێنەر پێی وایە ئەم کۆشیە بەردەوامی هەیە هەتا ئەگەر خاتوون و شەماڵیش بۆ یەك بگەن
4 .ڕەنجە ئەوکەوە گەنجی لەلایەن بنەماڵەی ئاسۆوە باوکی کوژراوە، بۆ بەردەوامی بیر لەتۆڵە سەندنەوە دەکاتەوە، خوشکەکەشی هاوڕێ ی منالی ئاسۆ بووە، لە یەك گەڕەکدا،
ئەم ڕووداوە بۆتە هۆی ئەوەی ڕەنجە ژیانی لە تەنیك بچێ و لە مەکتەبیش دابڕێ و نەبێتە خاوەنی هیچ کارو کاسبیەك کە بتوانێ ژن و منداڵەکەی بەخۆو بکات و لە ئەنجامیشدا ژنەکەی بەجێی بهێڵ .

دواتریش لەسەر بنەمای عەقلیەتێکی کۆنی سەڕەت خۆی و برادەرەکەی تووشی تاوانی گەورە بکات، بەڵام دەرهێنەر وەك تەوەرەکەی تری نەخشین ، چارەسەرێکی لەژیکی گونجاو بۆ ئەم کێشەیە دادەنێ و بەخشۆیستی و دیالۆگ چارەی کێشەکە دەکات .
دەرهێنەر ستایلێکی کەمەدی سووکی بژاردووە بۆ ئەوەی بینەر بۆ ئازارەکانی خۆی پەیکەنێ، لەهەموو ئەوانەشدا بەگشتی پشتی بەئەکتەر بەستووە بۆ گێاندنی بیرەکەکەی، کەمتریش بایەخی بەلایەنی تەکنیکی داوە، بۆ بەستاتیکا کردنی دیمەنەکان، بۆیە هەست بە کەمەڵ بەشایی هونەریی دەکایەت لەرووی دەرهێنان، سیناریۆ، موزیك، لۆکەشن، مۆنتاژ، ڕووناکی.

لەو تەوەرانەی باسم کردن چەندین بەشایی زۆق هەن وەك :
1.تەوەرەکان بەرووکەشی تەپڵیوون و کاراکتەرەکانیش تەر نەکراون، دەبوا دەرهێنەر لەق و پڕپی زێتری لە ناوەرەکی ژیانیان و کێشەکانیان خستبایە ڕوو، بۆ ئەوەی بینەر زێتر لەوەندە هەگریان بێت ، چونکە تەکەای تەوەرەکان مەودای زێتریان تێدا بوو بۆ تەر

کردن .
رووداوەکان ساردن و کاراکتەرەکان نەفەسیان کورتە، شوناس و ئابووردوویان ڕوون نیە، بەیە مانتاژ کەرستەیەکی ئۆتۆی لوونە لەدەست نەبووە بە تێرکردنی دیمانەکان و بەهاوسەنگ ڕاگرتنی ریتمی رووداوەکان .
2.لوکەشنەکان دووبارەن و گەڕانکاریەکی ئۆتۆیان تێدا نیە، تەنیا لەچوارچیوەی بازنەیەکی داخراودا دەسوڕێنەوە، لەنەخشخانە، پرسگە، ماڵی هاوار، پارك...ئەو دووبارە بوونەوەی لوکەشنەکان بینەر دووچاری بێزاری دەکەن و دەبنە ڕێگر لە بەردەم نوێ بوونەوەی بەردەوامی دراماکە.
3.شتێکی ئاسایی ڕەکلام بە سپۆنسەرەکانی بەرهەم هێنەت، بەڵام ناکرێت لەناو دیمانەکاندا دیالۆگ و سیناریۆی تایبەت بەڕەکلامی بازرگانی بکرێت و ڕووی دراماکە بشێوێنن، بەتایبەت بە برنجی مەحموود و سوپەرمارکێت و نەخشخانەو شتی تر، تێ ئاخنیکی ڕەکلام بەو فۆرمە بەربادە فۆرمی دراماکەی ناشیرین کردووە، چونکە ناکرێت لەکارەکی درامی دا هەموو ئامانجێك هەر تەنها پارە بێت .
4.لەستایلی کۆمیدی و رووداوی سایکۆلۆژی، دەبێت گرنگیەکی زۆر بەموزیك بدرێت، بە دەرخستنی دیوی ناوەوەی ناخی ئەکتەرو بەرجەستە کردنی ئاماژەکانی جەستە، لەزۆر حاڵەتی دەروونی دا، بەڵام بە پێچەوانەی ئەو زۆرەتە، موزیك هیچ حزورێکی نەبوو، لەهەموو ئەو دیمانانەی پەیستیان بەموزیك هەبوو، بەڵکو وەك جەستەیەکی بە گیان مانەوە و دیمانەکان و ئەکشنەکان بە ساردو سڕی تێدەپەڕین بە ئەوەی کاریگەریەکی دەروونی لای بینەر دروست بکەن .
5.ڕووناکی و سینەگرافیاو تەکنیك لەکاری درامیدا وەك موزیك ڕۆگەزی بەئەکتیف بوونی دیمانە، بە بە خشینی ستاتیکا ، تێر کردنی چاوو، وروژاندنی دەروونی و ڕاچڵەکاندنی بینەر، بەکورتی دڵم من بە درێژایی زنجیرەکە تەنیا یەك دیمانەم نەبینی تێرم بکات لەو ستاتیکاو جوانکاریەی لەوێنەدا چاوەڕوانیمان دەکرد، بەڵکو هەمیشە ڕووناکی کراوە بوو، کەمتر دیمانمان لەتاریکی دا بینی، بەهەی ئەو پاڵە پڕوزەیەی لە وێنەگرتندا کرابوو، هەستم کرد، دەرهێنەر ئەوەندە بەپەرۆشی دروست کردنی دیمانەی تێر لەستاتیکاو وێنەی درامی نیە.
5.کاراکتەرەکان لەهەموو دیمانەکاندا بەیەك ستایل و یەك فۆرم کاریان دەکرد، دیمانەکان و رووداوەکان نایانگێڕی.
6.هیچ هونەرکاریەکی ستاتیکی لەمانتاژدا نابینم، بینەر بەئاسانی ئەو لاوازیەی مانتاژ لە گەڕانەوە بە باگ راوندکاندا دەبینێ .
7.کۆشەی هەرە گەورەی زنجیرە دراماکە لەکاراکتەری (پاشا) و

مناڵکان و گەمارۆدانی مناڵکان بوو لەشوێنی بەند کردنی ئاسۆ ، کە لەفیلمێکی منارەان دەچوو،
دەرهێنەر نەك هەر بەو ئەکشنە لاوازانە نەیتوانیوە ئەو ئامانجە بپێکێنێ کە کلیلی دەرگاکانی ئازادی لای نەوەی نوێیە، بەڵکو سەراپای دراماکەی دووچاری جەرەك لەلاوازی بکات.
8.وەك دەرهێنەر ویستبێتی سوکایەتی بەرەی پۆلیس بکات، پۆلیسی زۆر بەلاوازی نیشان داوە و هەندە جاریش دیمەنەکانی پۆلیس خانەی وا لەکردووە ببێتە مایەی گاڵتە جاڕی و پێکەنین
9.ریتمی دراماکە ریتمێکی خاو بوو، ئەگەرچی کەمەدیا زۆتر پێویستی بەریتمی خێرا هەیە.
10.کەمەڵە ئەکتەری بەتوانا و خاوەن ئەزموون لەبەرهەمەکەدا بەشدار بوون، دەبوا دراماکە جوانتر و بە چێژ تر بکەن لەوەی بینیمان ، بەڵام ئەگەر ئەوانیش نەبان بەرهەمەکە نەدەگەیشتە کەنارەکانی دڵنیایی.

ڕەگەزێکی گرنگی سیناریۆ دیالۆگە، بەڵام لەرووی پیشەییەوە جیاوازییان لەوە دایە کە سیناریۆ بەگشتی پێویستی بەئەزموون و شارەزاییەکی سینەمایی هەیە، بەڵام دیالۆگ پێویستی بەهەردوو ڕەگەزی سینەمایی و ئەدەبی هەیە، بەڵام مەرج نیە سیناریستێك ئەدیبێکی باش بێت، بەیە زۆر لەو بەرهەمە درامیانەی سیناریۆیان دیالۆگەکانیان لەلایەن دەرهێنەرەوە دەنووسرێن لاوازییان لەلایەنە ئەدەبیەکەوە پێوە دیارە .
بەیە وا پەسەند ترە دەرهێنەر هەموو شتێ نەبێ لەکاری دراماداً، بەڵکو ئەرکەکان بەپێی پسپۆری و ئەزموون دابەشی سەر ستافە هونەرییەکەدا بکا.
لەچەرخ و فەلەکدا دەرهێنەر تووشی ئەو گرفتە بووە، تەوەری باشی بە ناوەرۆکی دراماکەی هەلبژاردووە، بەڵام بە داشتنەوەی ئەو بیرۆکانەی هەیبووە، ئەرکی سیناریۆو دیالۆگی خستۆتە سەر ئەستۆی خۆی، کە ڕەنگە ئەگەر پسپۆرو زمان زانێك دیالۆگەکانی بنووسیبوایە، دیالۆگی بەتام و چێژو سەرنج ڕاکێشی ئەوتۆی دەنووسی ، کە بینەر چەند ئەوەندەی وێنە دەیوروژێنێ ، ئەوەندەش وشە..
زۆر جاران وشە بەسەر وێنەشدا زاڵە، بەیە سینەماکارانی جیهانیی ئەوەندە پەنا دەبەنە بەر ڕەمانەکانی مارکیس و شکسپیر بە سیناریۆو دیالۆگ .
کارکردن لەدراماداً دروست کردنی هاوسەنگیە لەنێو پێکهاتەکانی دراماداً، هەر پێکهاتەیەك بەشایی دروست کات، وەك مردنی ئەندامێکە لەجەستەی مرۆڤدا و دەچێتە خانەی کەم ئەندامی و سەقەتی.

لەو درامایەدا لاوازی دیالۆگ کاراکتەرکانیشی لاواز کردووە، زۆر لەوان کە کەشی دەروونی و کۆمەڵایەتی گەورەیان هەیە، نەیانتوانیووە گوزارشت لەئازارکانی خۆیان بکەن، وەك ئەوەی کەسانی کەولاە و بە زمان بن لەئاست دەربڕینی ئەو ئازارانە.
راستە کامیرا لەهەندە دیمەندا دەتوانێ شوێنی هەندە دیالۆگ بگرێتەوە، بەڵام بینەر چەند ئەوەندەی ئارەزووی وێنە دەکات، ئەوەندەش وشە، بەتایبەت لەپرسە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیەکاندا.

پێویستی دراما بە وێنە یا وشە بەپێی فۆرمی دراماکە دەگۆڕێ، لەهەندە فۆرمدا دەرهێنەر پێویستی بەکامێراو بژاردەی گرتەکان و زمانی کامێرا هەیە، لەهەندە فۆرمی تردا بەوشەی ئەدەبی کاریگەر، بەڵام چونکە چەرخ و فەلەك کارەکی کۆمەدی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی هاوبەشە، پێویستی بەهەردوکیان هەیە.
ڕەگەزەکی دیکەی دراما هونەری دروست کردنی گرێ ی درامیە، کە سەرچاوەی وروژاندنی بینەرە، هەر کات هەستت کرد دراماێك ناتوروژێنێ، ئەوە بزانە توخمی دروست کردنی گرێ لەو بەرهەمەدا لاوازە، خۆ ئەگەر ئەو گرێیانە نەبن ، زنجیرەیەکی درامی ناگاتە هەشت سەد و نە سەد ئەلقە ، بە ئەوەی دووچاری سارد بوونەوەت بکات .
بەڵام سەرچاوەکانی وروژاندن هەر تەنها گرێ نیە ، ڕەنگە هەندە جار ئەکتەریش ڕۆڵی کاریگەری هەیە لەوروژاندنی بینەر و بەدوادا چوونی بە دراما، بە نموونەش لە چەرخ و فەلەك گرێ زۆر لاوازە ، تەنیا گرێ ی نەخشین نەبێت کە بینەر چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد بزانێت دەرهێنەر چ چارەسەرێك بە دەزینەوەی نەخشین دادەنێ ، یان گرێ ی بەیەك گەیشتن یا نەگەیشتنی شەماە و خاتوون و رازی بوون یان رازی نەبوونی فریاد، بەڵام سەرچاوەی کە کردنەوەی ئەو بینەرە زۆرە بەدەوری دراماکە گرێ نەبوو ، بەڵکو تەنیا ئەکتەر بوو، بەتایبەت ئەکتەرکی کۆمەدی وەك (ڕەشان حەمە)

ئەکتەر

وەك ئاماژەم پێدا کۆمەڵە ئەکتەرکی خاوەن ئەزموون لە چەرخ و فەلەك دەردەکەون، هەر یەك لەوان قورسایی تایبەتی خۆیان و شوێنی تایبەتی خۆیان هەیە لەدراماکەدا.
بەڵام ڕۆڵی گرنگی (ڕەشان حەمە) وەك ئەکتەرکی کۆمەدی لەزنجیرەکەدا دیارە ، نواندنکی سروشتی، دوور لە تەسەنوع و گرژی، دوور لە زێدە ڕۆیی و هەڵچوون، ، دەم و چاوکی گوزارشت بەخش، بژنو باڵاو لەشو لارکی نەرم ، شارەزا لەهەڵسوکەوت کردن و ناسینی

کاراکتەر، بوونی بەرامبەر بەکامەرا.
ئەگەرچی ئەو لەرەسەندا زەرینەی نواندن و ناسینی بە بینەر لەرەگەی رەکلامی بازرگانی بووە، بەڵام لەنواندنی دراماشدا هەمان تواناو دەسەڵاتی هونەریی هەیە.
بەیە دەرهێنەر کە بەشکەی زەری بەرهەمەکەی بە رەکلام و بازرگانی تەرخان کردووە، سەرکەوتوو بووە بە هەڵبژاردنی ئەکتەرەکی رەکلامی بە کارەکی دراماییی .
زەر لەو دیمەنانەی لەدراماکە هەبوون شایستەی ئەو ئەکتەرە نەبوون، چونکە دەکرا دەسەڵات و توانای رەشان وەك پێویست بە بەرهەمەکە بەرجەستە بکرێت نەك بکرێت بە ئەکتەرەکی بازاڕی، هەویر بێت بە هەموو شتێ .
بەیە لەزەر دیمەندا ناهەقیم بەدەرهێنەر دەدا کە لەزەر دیمەندا غەدری لە رەشان کردووە، بە تایبەت لەو دیمەنە لاوازانەی ناوی چاکسازی لەنابوون.
زاهیر عەلی _ ئەکتەرەکی دەرینو خاوەن ئەزموونە ، بەو تەمەنەی ئەستای مەژووی جوانی خەی وەبیر هەوادارانی هەنایەو، نواندنەکی سووك و بە گرێ ی دەکردو سەرکەوتنەکی باشی بەدەست هەنا، کاراکتەرەکەی خەی وەك پێویست بەرجەستە کرد، بەیە شوێنی زاهیر عەلی شوێنەکی دیارو بەرچاو بوو لەدراماکەدا.
جەبار مەعروف _ راستێ کە لەگەڵ کاراکتەرەکەی خەی نزیك بوو، دوو دیاردەی زەقی پێوە دیار بوو، یەکەیان ئەوەبوو کە وەك کەیلەیەکی دەستی خونچەی ژنی بوو، جە بەجێ کردنی هەموو کارەکانی بە فرمانی ژنەکەی بوو، خەی خاوەنی هیچ بڕیارەك نەبوو، وەك نموونەیەکی پیاوانی ئەو سەردەم، دووهەمیان : وەك لایەنەکی پەروەردیی رەزەکی زەری دەنواند بەرامبەر بەباوکی، ئەگەرچی ئەو باوکە ببووە بارگرانیەك لە ماڵەکەدا .
لەرووی نواندنەوە یەك فەرمی نواندنی هەبوو لەهەموو حاڵەتەکاندا، بە ئەوەی لە هیچ دیمەنەکدا و لەگەڵ گەینی هەر ریتمەکا هەست بە گەان لە نواندنی دا بکەم ، بەڵام هەستم بەبەزار بوون نەکرد لەگەیدا.
رزگار زاهیر _ ئەکتەرەکی ئەکادیمی بەتوانایە، ئەگەر ئەو رەڵەی پێی دەبەخشرێت لەئاست ئەو توانایە بێت و دەرفەتی پێ ببەخشرێت وەك پێویست،.
ئەو لەو دراماییدا لایەنەکی سەرکی ململانێی نێو دراماییکە بوو، نوێنەری دوژمنکارێ کەنەکان بوو، لەهەمان کاتیشدا باوکەکی کەمتەرخەم بوو لە ئاست هاوسەرو منداڵەکەی.
ئەوەی لە نواندنی رزگاردا بەزارم دەکات، لەهەموو دیمەنەکاندا

بەیەك شەو، بەختی و هەڵمژینی جگەرەكەی دەستی دەبینم ، لەم در
امایەو درامای دوا شەو یشدا بە هەمان شێوە بەو دیمەنە خەی نیشان
دەدا.
تەلار هیرانی ـــ دایکی ئاسۆ ، ئەکتەرەکە هەم بە شانۆ هەم بە
تەلەفزیۆن دەشێت، بەپەی پەویستی کاراکتەر رەفتار لە گەڵ نواندندا
دەکات، ئەو لە چەرخ و فەلەك وەنەیەکی جوانی دراماکە بوو، توانی
وەك پەویست گوزارشت لەو خەشەویستیە بکات کە وەك دایك بە ئاسۆ
هەیبوو، بەتایبەت لەدیمەنەکانی بەهەش هاتنەوەی ئاسۆ و ئازاد
کردنی ئاسۆ، بەهام دەرهێنەر لەپەلو پەی خستبوو، لوکەشنەکانی
دووبارە بوون، زەربەی دیمەنەکان لەیەك شۆنی دانیشتن بوو، بە
ئەوەی فەرمی دەرکەوتنی بگەڵە .
کۆستان خوسرەوی ـــ مامۆستاو هاوێ ی منالی ئاسۆ ، خاوەنی
روخسارەکی درامی و نواندنەکی بەپەز بوو، بەهام لەدراماکەدا
بەئاسانی لەدەست چوو، بە ئەوەی دەرهێنەر بەو رووکەشیە هەڵسوکەوت
لەگەڵ ئەو روخسارو توانایە بکات و سوودەکی ئەوتەی لە ببینە .
بەیە دەرهێنەر کە رووکەشانە کاراکتەرەکانی خەی بەرە دەکرد بە
ئەوەی لەیان قوە بتەوە، غەدرەکی گەورەی لەخەی و لەکۆستانیش
کرد.
سەربەست ئەحمەد ـــ کاراکتەرەکەی وەك نەخۆشەك لەنەخۆشخانەیەکی
دەروونی، هیچ ئاسەوارەکی نەخۆشی پەوە دیار نیە، بیست ساێشە
لەنەخۆشخانەیەکی ئەهلیە، بە ئەوەی دەرهێنەر هیچ دیمەنەکمان
لەنەخۆشی ئەو پیاوە فێلەسوفە نیشان بدا، بگشتی دەرهێنەر
کاراکتەرەکەی کوشت، ئەگەرچی (سەربەست ئەحمەد) وەك ئەکتەر شتەکی
تر لەوەی بینیمان .
مازچین عەزیز ـ دایکی رەنجە ـ لەڕەی دایك وخەمۆکانی ژیانی
ئاڕزی کوەکەی دەوشایەوە ، بەهام دەرکەوتنەکی ئەوتەی نەبوو
زەتر لەوەندە ماف بکاراکتەرەکەی خەی بدات.
کەریمەك غەفوور ـــ ئەو پیاوە رەبەنە هەمنەی تەنیایی تەنگی پە
هەڵچنی بوو ، خەی و بووکەڵە مەیموونەکەی لە ژوورەکی ماتەمدا
ژیانیان دەبردە سەر، لەلایەك ئەشقی بە خاتوون و گرە ی رازی
نەبوونی فریادی کوە گەورەی خاتوون بەهاوسەری بوونی، لەلا یەکی تر
جە بە جە کردنی فرمانەکانی هاواری برا گەورەی .
کەریمەك کاراکتەرەکەی لاواز بوو، چونکە پیاوەکی بە هەڵوەست بوو،
وەك پەویست نەیتوانی لەهیچ دیمەنەکدا بەتایبەت لەگەڵە مەیموونەکەی
باس لەئازارەکانی خەی بکات و زەتر کاراکتەرەکەی خەی بەخەکی
بناسێنە ، بەهام لەرووی نواندنەوە کەریمەك نواندنەکی هەمن و
سەروشتی ئەنجام دا، کە بینەر لەخەی رازی بکات ، چونکە دراما

هەمیشە پەیوەستی بەو جۆرە نواندنانە هەیە کە بەرجەستەی واقیع دەکەن و فۆرمێکی سروشتی وەردەگرن .
میدیا زۆندی ـ یان نازۆنینی خوشکی ئاسە ، ئەو کیژۆلە زیرەکو هوشیارەی هەمیشە سەرکۆنە دەکرا لەسەر راستیەکان و دەکەوتە بەر زەبرو زۆنگی دایکی ، تەنیا وەك کچێکی ماڵ نیشان درا ، بە ئەوەی بینەر شتە لەجیهانی ناوەوەی ئەو کاراکتەرە تێ بگا، هەندە نموونەی تایبەتی ئەو بخاتە روو، یان گرێیەك بە ئەو دروست بکات و بینەر زۆتر لەوەندە ئاشنا بە تایبەتمەندییەکانی نازۆنین بێت .
لە رووی نواندنەوە من میدیا لە هەزی پشەوەی بئەکتەرە هەرە باشەکانی دراماکە دەبینم.، مەگەر هەر تەنها هەشان توانیبەتی کابەری لەگەڵدا بکات لەنواندن دا.
شنە محەمەد، خاتوون ـ ئەو بەوۆژنەی رۆڵی بەوۆژنێکی دەبینی کە کوڕە گەورەکەی رەگەر بوو لەبەردەم بەهاوسەر بوونی، من یەکەم جارە شنە لەکارێکی درامی دەبینم ، بەڵام توانی وەك پەویست رۆڵی کاراکتەرەکەی خۆی بەرجەست بکات.
قاسم نوری ـ لەو دراماییدا ئەو دەرفەتەی پێ نەدرا کە بتوانێت تواناکانی بەدەرخاو زیاتر خۆی ئاشنا بکات بەبینەر، ئەگەرنا تواناو ئەزموونی قاسم لەهەندێ ئەکتەری تر زیاتر دێ ردەکەوت کە رۆڵی سەرکییان پێ درابوو.
ئەکتەرە لاوەکییەکانی وەك شاخەوان مستەفا و عەلی حامید و عەلی عەبدولباقی و سەردار زەنگەنە، ئیدریس رواندوزی ، دڵەر دلزار کافرۆشی ، میران سابیر، شادی عوسمان، هەریەك لەوان بەگشتی کەوتنە بەر سەبەر ، ئەگەرنا ئامادەیی زۆرتریان هەبوو بە بەخشینی توانای فرەوانتر .

حه یدەر عەبدولرەحمان

لە یادی تاوانی هەڵبجەدا: داوای لێبوردن کردن ئەرکی

حیزبی بەشداربووەکانی وەرانکردنی شارکێی.. عەلی مەحمود محەمەد

لە دیمانەیەکدا تاریق عەزیز دەیگێرێتەوە" تاقیبانی بە سەدامی وت دەتبەمە لاهای, سەدامیش لە وەڵامدا وتی بۆ لای خوا حەقتان بستێنن", گەلی کوردیش بە دەست سەرکردە سیاسیەکانیەوە تەنها دەرگای خوایان بە دەستەوە ماوە بۆ سکاڵا کردن و قەرەبوکردنەوەی ستەمکانیان, ئەویش تەنها تەسکییەی دەم, دەرگای دادگا لە رویان داخراوە, بۆ دەرخستنی حەقیقەتی تاوانکاران و چارنووسی خۆشویستکانیان و رزگار نەبوونی تاوانباران لە سزا, ستەمکاران مەژوو چێن بە قازانجیانەی ئاواشی دەنووسنەوە, سەیری بیرەوەریکانیان بکەن, خاڵیەی لە هەڵەو تاوان و داوای لێبوردن کردن, دەڵێی مەسیحکی ئەفسوناوین سیاسیەتیان کردووە, هەمیشە لا رومەتی چەپیان بۆ زلە ئامادەکراوە, دەڵێی رێستەمکن لە هەموو جەنگکان بۆ بازوی ئەوان سەرکەوتن تەمارکراوە, دەڵێی ماندیلا و هەشیمنە و گاندی و لینین و مارکس … هاوکات هەمووی لەواندا کەبەتەوە, هەموو دانا, زانا, مرۆڤ دۆست, یاسا دۆست, زاهید, گیرفان خاڵی,پیشکەوتنخواز و پاڵەوان و ژینگە پارست, …… هتد.

ئەمە ئەوە چاك دەزانین وەك چیرکی فرانکنشتاین لە جیاتی سەرکردە بە رزگاری و دادپەروەری کەمڵایەتی, دەوە زمەمان بە مەرگ و برستی بەرهەم هەناوە, گەلانکاریەیە جیهانیەکان نەبوایە, ناوچەکە فە نەدرایەتە ناو روداوە گرمکانەوە, ئەستا لە دوای سفرەوە دەبوین ئەگەر چاوەوانی بەرهەمی ئەوانمان بکردبایا, گەل لەژێر دەستی سەدام و ئەوانیش لە کەرەج و سەقزو نەغەدە خریکی قاچاخچێتی و پیندەزی و سەد رنین خیان بوون, لە زەر بانەو کاتدا داوا دەکەین وەاتان لە پشیانەوە عەراق بە فەرمی داوای لێبوردن لە کورد بکات لە بەرامبەر تاوانکانی کە لە رابردوودا سەدام حوسێن و ئەوانی دی ئەنجامیان داوە بەرامبەری, داوا دەکەین تاوانباران دادگایی بکرێن …., داوا دەکەین قەرەبومان بکەنەوە, داوا دەکەین و داوا دەکەینەوە……, کەچی لەملاوە کەمڵکی دیکە لەناو خەماندا, فەرمانەواو دەستڕیشتوو قسەڕیشتوو و گیرفان ڕیشتوو, چ ئەوانی ماون یان ئەوانی ئەغریان کردووەو ژیانیان جە هشتووە, هەمان داواکاری دیان گرتەوە, ئەوی تاوان بکات, تاوانبارە, تاوان و

تاوانبار یەکتر تەواو دەکەن, سنوری جیاکاری نییە بە ئاوەی کەسەك تاوان بکات تاوانبار نەبێت, تەنانەت تاوانی مەزنیان ئەنجامداوە, مافی ژیانیان لە مرۆڤکان بە تاك و بە کۆ لە دژاوەی دادگا سەندیتەوە, دیلیان بە پێچەوانەی رێکەوتنامەی جنێف لە بری پابەندی بە کەمەو و تاك کوشتووە, قوماریان بە چارنووسی هاووڵاتیانی سڤیلەوە کردووە, بە هەڕەکانیان گەلیان بژاو جینۆسایدکردن و مەرگ بردووە, کەچی هەمان داواکاریی بژاو رویان ناکەینەوە لەوەی داوای لێبوردن بکەن لە قوربانییەکانیان, قسەی هەندەك لە تەمەتباران هەندەك راستی تێدایە کە دەبێن ئەمەش وەك ئاوان, لە روی یاساییەوە تاوان هەر یەکە کام بژەی ناکەك بیکات, سزا هەر سزایە, پێناسیش بە بڕەر هەر یەکە, نابێت بە ئەندازەی تاوان مویەك جیاوازی بکرێت, دادپەروەری لاسەنگ دەبێت, ئاوانیش لە لای خەیانەوە پشێلکاری زۆقی مافی هاووڵاتیانی کوردستانن و پەویست دەکات لە سزا رزگاریان نەبێت, ئەگەر دەماناوێت قەرەبووی قوربانیان بکەینەوە و ماف بگەڕێتەوە بە مەزوومان, یاداوەرییەکان وەك حەقیقەت تەمار بکرێن, دادوەری پارچە پارچە ناکرێت, بەڵکە دادپەروەری پاکێجکی یەك جێستەیە و تاوانیش هەرکەیەك ئەنجامی دابێت سزای یەکەو ناسنامەی خاوەنکەشی تاوانبار, لە پلەو پێست و ئینتماو زێری هەوادار و پیاو چاکی و لێهاتووی و خەشەویستی ئێستاو دەسەاتی تەمەتبار, شەرم لە چەپەکان ناکات, یاسا بە هەمووانە بە یەکسانی و دەبێت هەموو ملکەچ بن بۆی, دەبێت لەکەینەوە لە کۆی مەرگەسات و تاوانکان بکرێت و هەموو بژامبەر مەژوو بکرێنەوە, ئەدی ئەمە بە چ رویەکەوە ماف بە خەمان بدەین داوا لە مرۆڤدۆستانی نەتەوەی سەردێست بکەین دان بە هەقیقەتی تاوانکاندا بنێت, ئەگەر حەقیقەتی تاوانکانی ئاوانی خەمان بشارینەوە, تاوان بە بنەماکان و یاساکان دەپۆرێن, نەك بە کەسایەتی بکەر, تەنانەت دەبێت تاوان رەگەری بکات لە دەسەات و هەزی کەسی بکەر.

لە ساڵی 2003 بە 2004 بە یەکەم خول کە تاڵەبانی بوو بە سەرۆك کۆماری عێراق, بابەتکەم نووسی لەسەر ئاوەی سەرۆك داوای لێبوردن بکات لە گەلی کورد لە پای تاوانکانی هەڵەبجە و ئەنفال و تاوانکانی دی,پێش ئاوەی ببێتە داواکاری رێکخراوکان و جەماوەر, چەن پە هەڵشاخانەك بژاو روم بونەوە, تەنانەت ویستیان پێلاماری جێستەیشم بدەن لە ئەوروپا, کە داوای لێبوردنکردن بۆتە نەرێتی باوی سیاسی, ئەمە لە کاتکدا باسی تاوانکانی خەیان ئاو کات بۆقە بوو, تەقدیس کردنی سەرکردە و بە موقەدەس کردنی هەڵەو تاوانکان بە خەی کارساتبارتر لە تاوانکانی دوژمنان, پەویستە بە یاسا

سزای بە دابنرێت, نکۆڵیکردن دەروازەی ستەمکاری دەکاتە سەر پشت لە وڵات بە داهاتوو, تا رزگار نەبین لەو موقەدەسە ڕەنگاو ڕەنگانە, ئەوا کێشەداری بە زەر ڕەنگ و جۆر دوبارە دەبنەوە و تاوان بەرهەم دەهێننەوە .

قەت سیاسیە دەستڕێشتوەکانی ئەمڕی گەندەڵی سیاسی کوردستان ئەم داوایە ناکەن لە دەسەڵاتدارانی بەغدا, بە جارێکیش لەسەر مێزی گفتوگۆکانیان باسی لەوە نەکراوە, بگرە ئەوەی ڕقیان لێی ببڕێتەوە ئەم دەستەواژەو داواکارییانەیە, چونکە دەترسن پێیان بڵێن لە خەتانەوە دەست پێبکەن, ئەمانە ستافێکی سیاسین زەربەیان شارەزایان لە یاساکان و جانامە گەردونیەکانی مافی مرۆڤ هەیە, ئەوان دەزانن داوای لێبوردن کردن یانی چی؟, بۆچی؟, کەی و لە کوێ بەکار دێت؟, دەزانن دادگاییکردن یانی چی؟, چی بە دوادا دێت؟, دەزانن قەرەبوو کردنەوە چییە و بۆچی دەکرێتەوە؟, دەزانن یاداوەری و دەرخستنی ڕاستیەکان و گەندانە بە دوای مافدا, ئەوان دەزانن خەیان چیان چاندووە؟, بۆیە ئارەزوویان لە دورینەوەی نییە, بەم حاڵەتەوە گەل لە کارەساتکەوە بەردەوام بەرەو کارەساتی گەورەتر دەگوازنەوە.

ئەوان ڕۆژانە دەبینن لە سەر بەاو کردنەوەی هەواڵکی هەڵە لە پانتایی جیهان, داوای لێبوردن لە گوێگران و بینەران و خوێنەران و ماف پشێلکراوان دەکرێت, دەزانن کە ڕەزڵنانەك بە هەڵە دەخوێنرێتەوە داوای لێبوردن دەکرێت, دەزانن وشەیکی ناشرین بە یەکەك دەوترێت دادگا بەر دەرگایان لێدەگرێت, کەچی ئەمان لە ڕابردووا تاوانی زەر گەورەیان کردووە کەچی بەدەنگن, وەك ئەوەی مرۆڤایەتی لە دەیان ساڵی داهاتوو لە گەیان دەر نەهێنتەوەو دادگاییان نەکاتەوە لە سەر ڕابردوو, وەك دادگاییکردنەکەی عەبدوالمەلیك بن مەروان, ئەبو العباسی سەفاح و تانانت کەمبس و هەموو ئەوانەی پشکدار بوونە لە کێلەداری, دەزانن ڕوداوەکی وەك جۆرج فلۆید هەموویان لە مێژوودا رادەماڵێت... دەزانن ئەو تاوانانەی کردویانە قورس و نەوتەوین و تێپەبوونی کات و گەینی شوێن هەر بە زیندویی دەیان دەهێڵێتەوە, کەمیش نین ئەو سیاسی و تەمەتبارانەی دوای مردنیشیان مێژوو دروستکراوەکان و چەپڵەکان دادیان نادات و بە تاوانبار خراوەتەوە ناو مێژووەوە, دەزانن ئەوان خەڵکیان بە دادگایی بەرەو مەرگ ڕەوانە کردووە, ڕزیان لە پەیمانامەو پرۆتکۆڵە جیهانیەکان تایبەت بە مرۆڤ و دیلەکانی جەنگ نەگرتووە, بە کەڵە دیلیان لەسەر ناسنامەی سیاسی

کوشتووە, خەڵکیان وەك قەڵغانی مرۆیی لە جەنگەکاندا بەکار هێناوە, بانکیان تاڵان کردووە, پێش سوپای وڵاتان کەوتوونەو هاووڵاتیانی سڤیلیان فڕێ داوەتە ناو جهەنەمی جەنگەوە, شەڕی درێژ خایەنی ناوخۆیان هەڵگیرساندووەو بە بڵەك سەری دیلیان پان کردەتەوەو بە تۆر لە سەری زیندانیان داوە, سەدانیان بە سەروشوێنکردووە, زمانی قسەکردن و پەنجەی نووسینیان بڕیوەتەوە, سامانی سەر زەمینی و ژێر زەمینیان تاڵان کردووە, منداڵ و نەوەکانیان کردووە بە دەوەزەی داهاتوو …… ئەڕە گەلێ لە سەردەمی داوای لێبوردنەکان کە ئەمڕە تیایدا دەژین هەموو ئەوانە وەك ئەرکێکی ئەخلاقی و سیاسی هەقی داوای لێبوردنکردنیان نییە؟؟, ئەڕە ئەوان مەزنترن یان پاپای ڤاتیکان هەر ڕەژەی لەسەر کردارو بڕچونێکی موقەدەسی رابردوو داوای لێبوردن دەکات, کە بە خودی خۆشی ئەنجامیانی نەداوە, ئەو نوێنەرانەی دونیا موقەدەس بوون, ئەمڕۆ پیرەزیان لە دەست داوە, هەموو موقەدەسەکانی ئەمڕۆش سبەینێ پیرەزیەکانیان لە دەست دەدەن و ڕوی تاوانەکان هەڵدەماڵدرێن.

ڕاستە سیاسیەکان بە تایبەت کوردەکان خۆیان بە زیرەکترین و لێهاتوترین و نمونەی باڵا دەزانن, دەروێشەکانیشیان کە لە خەوەتدا خەریکی سەربادانن, سەربادان هەمیشە عەقڵ لە مرۆڤەکان وەردەگرێتەوە.
ئەگەر ئەوان ڕەژانە داوای لێبوردن لە هاوسەرو مەعشوق و منداڵەکانی خۆیان لە بەرامبەر بچوکترین و بەبایەخترین شتدا دەکەن, ئەوا پێویستە لە بەرامبەر ئازارێکی قورس کە بە بەرامبەرەکان و بنەماڵەکانیانیان گەیاندووە داوای لێبوردن بکەن, ئیتر نهێنی نەبوونی ڕێزتی ئاوا لە کەمەگای ئەمڕۆدا ئاسایی بێت ئەوا بە سبەی کەماسیێکی گەورەیە, خاوەنەکانیان دادگایی دەکات ,
نهێنیەکانیان هەموو کات بە شاراوەیی نامێننەوە, گەلیش مافی خۆیەتی بەبەری نەکرێت لە زانینی ڕاستیەکان و گەیشتن بە دادپەروەری, نەخوازڵا بنەماڵەی قوربانیان.

تەنی بڵەر سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا داوای لێبوردنی لەسەردەمی کۆیلەداری کرد لە ساڵی 2006, هەرچەندە نۆك خۆی بەشدار نەبووە تیایدا, بگرە زیاتر لە 185 ساڵ لە وڵاتەکەی هەوەشاوەتەوە, غەردن براون لە 2010 داوای لێبوردنی لە ناردنی دیان هەزار منداڵی بەریتانی بە زۆر بە ئوستراڵیاو نیوزلەندە کرد, دیڤید کامیرۆن داوای لێبوردنی لە قوربانیانی یاریەکەی ساڵی 1989ی

هیلیسبیر کرد, ئیبرام نیکسن سەرکی پێشوی ئەمریکا داوای لێبوردنی لەسەر جەنگی ناوخۆیی کرد, ریتچارد نیکسن داوای لێبوردنی لە واتەر غەت کرد و بۆ هەکارێ دەستیشی لەکار کێشایەوە, ریگان لەسەر ئێران گەت داوای لێبوردنی کرد, کیلنتن کە گەورە دەوڵەمەندانی ڕێ ستریتی داوەتی کێشکی سپی کرد بۆ کێکرنەوەی بەخشش بۆ پارتی دیموکرات کە زانرا داوای لێبوردنی کرد, کیسنجەر لەسەر هاوکاری ئەمریکا بۆ کودەتا چیەکانی شیلی بۆ سەرکایەتی بینەتشە داوای لێبوردنی کرد, کە تا ئێستا لە دادگای شیلی داواکراوە بۆ تەمەتی هاوکاری کودەتا بەسەر حکومەتی چەپگەرای شیلی بۆ سەرکایەتی سیلفادەر ئەلیندی, وەلێ ئامادەی دادگا نابێت, دیکلیرك و ماندەلا داوای لێبوردنیان کرد, دیکلیرك لەسەر سیاسەتی ئاپارتاید, ماندیلاش لە بەرامبەر ئەو بەتاوانانەی بونە قوربانی لەسەردەمی خەباتی چەکداری, کەچی خەیان کەتاییان بە ئاپارتایدو زیبروزەنگ هێنا,حکومەتی کانداو ئوسترالیا داوای لێبوردنیان لە کەمەکوژی هاووڵاتیانی ڕەسەنی ئوسترالیاو کانداکرد, بە گشتی سەردەمی ئێستا سەردەمی دادگایی سەرکردەکانە لەسەر تاوانکانی ڕابردوو و داوای لێبوردنیانە لەبەرامبەر پشێلیە زەقەکان چ ئەوانەی خەیان کردویانە یاخود بەهەی دەستاتەوە بەیان ماوەتەوە.

سیاسیەدەستریشتوەکانی کوردیش مردووەکان فریا نەکەوتن و هەڵکەیان لەدەست چوو,ئەوانەی ماون پێش ئەوەی نەوەکانی داهاتوو لە گەکانیان دەریان بهێنن و دادگاییان بکەن, خەیان دان بە ڕاستیەکاندا بنێن و داوای لێبوردن بکەن و ئیعتیبار بە قوربانیەکانیان بگێنەوە و زەرەر مەندان قەرەبوو بکەنەوە ڕێز لە یاداوەریان بگرن و مەنمەنتیان بە دروست بکەن و چیرکی تاوانکان بکەنە ناو یاداوەریانەوە ڕاستیەکان ئاشکرا بکەن.
دەبێت مێژوو وەك خەی قەبوو بکەین, نەك وەك ئەوەی لە یاداوەری سیاسیەکان نوسراونەتەوە, نابێت ڕاستیەکان بشێوێنرێت, هاشا لە تاوانکان بکرێت, لادەرانی مێژوو تاسەر ناتوانن خەڵ بکەنە چاوی ڕاستیەکانەوە, هەر کەسەك هەڵەی کرد پەویستە دان بە هەڵەکیدا بنێت و داوای لێبوردن بکات پلە و پستی هەرچیەك بێت و دەساتی سیاسی و مەعنەوی چەندە گەورە بێت,پەویستە بەڕو ڕوی مێژوو ببینەوە لە هەموو کاتکان ,پەویستە ڕاستی بە گەل بوترێت, ئەم پەویستیانە هیچی لە لایەن سیاسیەکانی کوردەوە بە تایبەت دەساتدارانەوە جێ بەجێ نەکراوە, مێژوو هەر ئەو بڕیە نییە ئەوان یاداشتیان کردووە, بەکە بڕیە گەورەکەی لای قوربانیانە, ئەوش لە داهاتوودا پشکنینی بە دەکرێت, مێژوو وەك هەر زانست بەردەوام لە

گەانە لە دوای گەیشتن بە حەقیقەتی نوێ.
پێویستە لە یاداوەری هەڵبجەوە, لە هەنانی پاسدارو ڕێگا گرتن لە دەرباز بوونی خەڵك و تانکردنی بانکەکەی تا تانان و بڕی قوربانیان و ... دەست پێ بکرێت, لەم یادەدا هەموو بشداربووان لەو مەرگە ساتە داوای لێبورن لە قوربانیان و شاری هەڵبجە بکەن و قەرەبووی زیان لێکەوتووان بکەنەوە و نهێنیە شاوەکانی ئەو ڕۆژگارە ئاشکرا بکەن .

هەڵبجە تاوانێکی هەتیوە, بە باوکە, دەبێت بە باوکەکانی ئاشت بکرێتەوە و راستیەکانی ئاشکرا بکرێن, هەموو ئەوانەی بەشێك بوونە لە تاوانەکە جارێکی دیکە بهێنرێنە بەردەم دادگاییکردن, هیچ بهانەیەك بە راکردن لە رابردوو نییە, چونکە داهاتوو قەبوڵی ناکات.
پێویستە بە مێژووداە بچینەوە, هەڵبجە ئازاد نەکرا, بگرە وەرانکرا, هەزی وەرنکەر پێویستە بڕەو روی دادگا بکرێتەوە.

عەلی مەحمود محەمەد

کۆمیدیای ئیسلامی دیموکراتی.. نووسینی: ستیڤان شۆمزینی

دە ساڵی ڕابردوو لە ئەمەڕیکا، لە سەروبەندی گەانکاریەکانی وەاتانی عەرەبی، وتارێکم بەاوکردەوە لە ژێر تایتڵی "ئیسلامی سیاسیی ئێتەرناتیڤی ڕژمە عەرەبییەکان نییە". لە وتارەکەدا جەختم کردبووەوە، ئەو باهەزەی لە وەاتانی عەرەبیی هەیکردووە، بەشێک نییە لەو پرسەیەی ئیسلامی سیاسیی پێیدەت "ڕابووونی ئیسلامی" بەکو شەشکە دژی دیکتاتەریی، شەشکە بە نان و خۆشگوزەرانی، لە لە هەمان چرکەساتی بەاوکردنەوەی وتارەکەمدا ئیسلامییەکان سواری شەپۆلەکە دەبوون و لەو وەاتانەی ڕژمیان تێدا دەگەا دەهاتنە سەر دەسەات، بەام هەشتا سووربوونی خەم لەسەر ئەوە ڕاگەیاند ئەو شەشانە ئیسلامی نین و ئامانجەکانیان لەگەڵ سکۆلاریزم نزیکترە تاکو ئیسلامی فەندەمینتالیستی.

زۆر کەس سووربوونی منیان بەجۆرێک لە دەمارگیریی و لایەنگری کوێرانە و بەستزانە بە سکۆلاریزم لێکدەدایەوە، بەڵام هەدی دەبینم مەیدانی بیرکردنەوەکەی من فراوانتر دەبێت، چوونکە ئەوەی دواتر بە نموونە لەمیسر رووبدا دژی دەسەڵاتە ئیخوانییەکەی"محەمەد مورسی"، هەندێ تر بەچوونەکەی ئەمەی پشتڕاست کردەوە، کە ئامانجی شەڕش لە وڵاتانی عەرەبی بە هەنانە کایەی "بەهاری ئیسلامی" نەبووە، بەڵکو ئەستاش شەڕش درێژەی هەبوو بە ئەوەی بەهاری ئیسلامی بگەڕێن بە پایزی ئیسلامی. شەڕش بەردەوامە چوونکە ئیخوان و نەهزە و جەماعەی ئیسلامی هیچ شتێکی زیاتریان لە موبارەک و زەینعابدین و قەزافی پێ نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەسەر دەستی ئەوان ئەو نوزەیشی بە ئازادیی و دیموکراسی هەیە زیندەبەچاڵ دەبێت.
با لەوە بگەڕێین، ئامانجی شەڕش لە وڵاتانی عەرەبی ئیسلامی سیاسیی نەبووە بەڵکو ئازادیی و خۆشگوزەرانیی بوو، چوونکە شەڕش لەو وڵاتانەی رژەمیان تەدا گەڕاوە بە کۆتا نەگەیشتووە "میسر نموونەیەکە". ئەمە لەم دەرفەتە دەماندەوێت بڵێین، ئایا ئەو ئیسلامی سیاسییەی لە وڵاتانی عەرەبی ئێستا مومارسەی سیاسەت دەکات بەوای بە دیموکراسی هەیە؟. ئایا ئەو ئیخوانانەی لە زیندانەکانی ئسکەندەریە و قاهیرەوە هاتن و لەسەرتاوە لەسەر کورسی موبارەک دانیشتن، تاچەندە تێدابوون لەگەڵ دیموکراتی؟. ئەم پرسیارەی ئەمڕش دوای ئەوە دێت کە تەرزێک لە بیرکردنەوە خەریکە هەمەن پەیدا دەکات، گوایە ئیسلامی سیاسیی دەتوانێت لەگەڵ دیموکراسی هەڵ بکات و هیچ هەیکیش نییە بڵێین ئیسلامی سیاسیی و دیموکراسی دوژمنی باوکوژی یەکترن.
بەهاری عەرەبی یان پایزی ئیسلامی؟
جارێکی دیکە مێژووی خۆی دووبارە کردەوە، چۆن ئیسلامی شیعە مەزهەب، دەستکەوتکانی شەڕشی گەلانی ئێرانی لە ساڵی 1979 چنییەوە و خۆی بەسەر دەسەڵاتدا سەپاند، بەهەمان شێوە ئیسلامی سیاسیی سوونە دەستکەوتکانی بەهاری عەرەبی دەچنێتەوە، شەڕشێک کە بە نان و ئازادیی کۆپی سەند، کراوەتە بەشێک لە هەستانەوەی بزاوتە ئیسلامییە رادیکاڵەکان، ئەمەش لە یەکێک لە رەهەندەکانیدا هەرەسی شەڕشی دەگەیەنێت.
مارک هیلەر، پێیوایە بەهاری عەرەبی دەروازەی بە رووی فەندەمینتالیزمی ئیسلامیدا کردووە، شەڕشی برسی و ئازادیخوازان، وەرچەرخاوە بە دەسەڵات پەیداکردنی ئیسلامییەکان. هیلەر دەنووسێت "رووخانی رژەمە تۆتالیتاریەکان کە گەشکردنی زیاتری ئیسلامییەکانی بەدواداهات و پشتیوانییەکی بەرفراوانی بە ئەو رەوتانە پەیدا کرد. ناکرێت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت سیستەمێکی نوێی

دەستات لە رژەمکانی پێشوو زیاتر لیبرال دەبە و بە ئەندازەیکی زیاتر کەمینەکان دەپارێزێت. لە پاش دروستبوونی ئەو تۆزم و چالاکییە میللییە بە پشتیوانی دژ بە رژەمە دەستاتدارکان دروستبوو، مەترسیەکی گەورەتر بەدیدەکرێت بەهاری عەرەبی بگەڕێت بە پایزی ئیسلامی". سەرەتای شەشی لە تونس و میسرەوە، تەنانەت هەندێک لە بیرمەندان و گەورە رێشنبیرانی جیهانیشی هێنایە، سەر کەکەکەی ئەوەی لە دونیای عەرەبیدا دەگوزەرێت، وەرزێکی تازەی دیموکراسییە، سەرەتای کردنەوەی یەکەم دەرگا بە رووی دیموکراسی و لیبرالیزمدا. بە وتنە "جۆرج تەرابیشی" پێشبینی ئەوەی دەکرد ئەم وەرزە نوێیە شۆڕشگێڕیکی دیکەی دیموکراسییە، بەیە ئەو راپەڕین و شەڕشانەی بە "شۆڕشی سێیەمی دیموکراتی" ناوزەد کرد، کە ئەو پێیوایە شۆڕشی یەکەم دوای ساڵی 1848 دەستیپێکرد و ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمەریکای گرتەوە. شۆڕشی دووەمیش ساڵی 1989 دەستیپێکردووە لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات و کەمارکانی یەکێتی سۆڤێت.

گۆشبینییەکانی تەرابیشی و هاوشێوەکانی لەلایەن هەندێک بیرمەندی دیکەی عەرەبییەوە ڕەتکرایەوە، بە نموونە "هاشم ساڵح" پێیوابوو ئەوەی لە کەمەگە عەرەبییەکانی پاش شەشدا دەگوزەرێت مایەی دوودڵییە. بەیە لە وتارێکدا لە ڕۆژنامەی "الشرق الاوسط" نووسیووێتی "ئاشکرایە پرسەی ڕێشنگەریی ڕەگای بە شەشی فەڕەنسی خۆشکرد، بەڵام شەشە عەرەبییەکان بۆشکی کەمی ئامانجەکانی بەدی هات. بە بۆگۆش بڕاوردێک بکە لە نێوان ئەم دەستوورەی بەم دواییانە خێکی میسر دەنگیان پێدا، لەگەڵ جانەمەی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتیبوون کە شەشی فەڕەنسا دەریکرد، ئەوەش مایەی دوودڵی و نیگەرانییە". بەهاری عەرەبی لە هەنگاوی یەکەمیدا، لە بری هەنانە ئارای ئازادیی و پلورالیزم و خۆشگوزەرانی، زەمینەی خۆش کرد، تاکو ئیسلامی سیاسیی بگاتە دەسەڵات. ئەگەر نموونەی میسر بهێنینەوە، هەنووکە ڕووەوەی ئەو وڵاتە بڕەو دواوە دەگەڕێتەوە، ئازادییە گشتییەکان لەبەردەم تەهدیدی فەتوا ئاینییەکاندان، هونەر و ڕێشنبیریی و کایە جۆراوجۆرەکانی دیکە لە پاشکۆدان، ئەجیندای ئیخوان کە ئێستاش هەژموونی خۆی هەیە، دروستکردنی دەوڵەتکی ئیسلامی نوێیە بە دەستوورەکی ئیسلامییەوە، کە بەها ئیسلامییەکان بکاتە پرنسیپ و یاساکانی ژیان.

لە سەرەتای وەرزی دەسەڵاتی ئیخواندا، "عادل ئیمام" ئەکتەری ناسراوی عەرەبی دەکەوتە بن هەڕەشە، وەک سەرەتای لێپرسینەوەیکی ئیسلامییانە لە رابردوو. لە 2-2-2012 حوکمی سێ مانگ زیندانی بەسەر عادل ئیمام درا، لە 24-2-2012 لەلایەن دادگای کۆتنی قاهیرەوە حوکمەکە پەسەندکرا بە تۆمەتی سووکایەتیکردن بە ئیسلام. لە کاتێکدا

ئیمام لە ڕێگەی فیلمەکانی "الزعیم، مرجان احمد مرجان، الارهابی، الارهابی و الکباب، حسن و مرقص، الواد سید الشغال هتد.." ڕەخنەی لە ئیسلامی سیاسیی گرتبوو نەک سووکایەتی بە ئایین بکات. بەڵام ئیسلامی سیاسیی پێیوایە نوێنەری خودایە لەسەر زەوی، بۆیە گاڵتەکردن بە خەڵکی بە سووکایەتی بە ئایین و خودا لەکەداتەوە. لە بەرانبەر هەوڵەکانی پاشکۆ بە پارادیمە مەدەنی و سکۆلارەکانی کۆمەڵگەی عەرەبی، سڵەفییەت و خوارفە و فەتوا لە بەهەزبووندان، شەقامی عەرەبی بووەتە مەیدانێک بە هوتاف کێشان دژی ئازادیی و مەدەنییەت و دیموکراتی، تەنانەت لە خێپشاندانەکانی ئێم دواییەی "قاهیرە" دژی فیلمێکی ئەمەریکی کە سووکایەتی تێدابوو بە پێیامبەری موسڵمان، چەندین دروشمی مەترسیدار بەرزکرانەوە. لە یەکێک لە ڕۆژەکانی خێپشاندان کە لایەن "محەمەد زواهیری" برای سەرکی ڕێکخراوی قاعیدەی پشووە سەرپەرشتی دەکرا، دروشمی "ئێباما.. هەموومان ئوسامەین" بەرزکرایەوە. ئەمەش مەترسیەکی جیددی بوو کە گەیشتە ئاستی وەتانی پاش شەش بوو بە زلکاوی ڕێکخراوە تیرەریستییەکان و نەشونماکردنی هەزە کۆنەخوازە ئیسلامییەکان. بە کورتیی، وەرزی گەشبینی بە ڕاپەڕین و شەشی کۆمەڵگە عەرەبییەکان زەر کورت بوو، بەهاری عەرەبی بە مردووی لە دایکبوو، ئاوەی هەبوو تەنیا هەڵێکی زمان بوو، چوونکە شتێک لە کۆمەڵگە عەرەبییەکانی پاش شەشدا دەگوزەرێت ناوی پایزی ئیسلامییە نەک بەهاری عەرەبی.

کۆمیدیای ئیسلامی دیموکراتی

هەندێک جار گومان لەوە دەبەت، ئیسلامییەکان دەتوانن لەگەڵ دیموکراسیی هەڵبکەن، یان بە دەربەدێنکی تر، ئیسلامییەکان دەتوانن لەناو فەزای دیموکراسیدا کار بکەن و بەرگەی هەر ئاکامێک بگرن کە دیموکراسییانە بێت. ئێم بەچوونە، زادەی عەقڵانییەت و واقیع نییە، تەنیا وەک قسەی ڕووت ماوەتەوە، چوونکە بە ئەزموون دەرکەوتووە، ئیسلامی سیاسیی لەهەر شوێنێک باڵادەست بووبێت، دیموکراسی پاشکۆی کردووە و کەرڤی ماف و ئازادییە گشتییەکان بەرەو خوارەوە دابەزیوون. گەر واز لە دونیای تیەر و ئەندێشە بهێنین و سەیری واقیع بکەین، ئەو نمایشە دەبینین ئیسلامی سیاسیی نەک دیموکراتییەتی قبوڵ نییە و نایەوێت گەمەی دیموکراسیانە بکات، بەکو هەموو هەوڵێکی بە ئاوە خستەتە گەڕ، دیموکراسی و لیبرالیزم و سکۆلاریزمی کۆمەڵگەکان تێکبشکێنێت، چوونکە هەر یەک لەوانە بە هەڕەشە بە سەر خێی دەزانێت، پێیوایە لەو شوێنەی دیموکراتی و ئازادیی هەبێت، هیچ هەکارێک یان یارمەتیدەرێک نابینێت بە ژیانی خێی، لەم سۆنگەوە ئیسلامی بونیادگەرا و دیموکراسی دوژمنی هەر

دیار و ئاشکرای یەکترن.
ئەو دیمەنەی حاڵی حازر، لە میسردا دەگوزەرێت، مەسەجەکە پەماندەێت، ئیسلامی سیاسیی کاری خۆی چە کردەتەوە بە لەناوبردنی هەر نوزەیەک کە بیەوێت ئەو کەمەگەیە بەرەو دیموکراسی و کرانەوە ببات. تەنانەت زەربەی جار دیموکراسییەت وەک دیکتاتۆریەتی زۆرینە بەکاردەهێنن لە دژی کەمینەکان، بە نموونە لە پرسی دەنگدان لەسەر دەستوور پەنایان بە ئەم رامیاریە برد. کاتی خۆیشی یەکێک لە سەرکردە ئیسلامیە کوردەکان دەیووت "ئەمە دیموکراسییەتمان بە ئەوە دەوێت دیموکراسییەتی پێ لەناو ببەین". هەنووکە هەمان روئیا وەک بەشێک لە ئەندێشەی ئیسلامیە خاوەن دەسەاتەکانی میسر و تونس، لەوپەڕی بەهەزیی خۆیدایە. بەیە بانگەشەکردن بە ئەوەی ئیسلامی سیاسیی دەتوانێت لەگەڵ دیموکراسیی تەکەیف بکات، ئەوپەڕی گاڵتەجاڕیە. شیرین عیبادی، هەڵگری خەاتی نۆبەی ئاشتی، پێیوایە ئیسلامیە رادیکاەکان مەترسین لەسەر دیموکراسی و مافی مرۆڤ. لە وتەیەکیدا لە ساڵی 2006 رایگەیاند "فاشیستەکان و بونیادگەرا سەرەکان، هەردوو لایان دژ بە بەها مۆدێرنەکانی وەک لە خۆبردوویی و دیموکراسین. هەردووکیان لە پێناو باوەکانی خۆیاندا پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و هاووەاتیان بە ڕەوا دەزانن. هەردووکیان ئەو هاووەاتیانەی لەگەڵ ڕەسا و پرنسیپ و باوەکانی قبووڵکراوەکانی خۆیاندا ڕێت دەکەنەوە".
هەرچەندە هەندێک لە شارەزایان پێیانوایە، ئیخوان بەشێوەیەکی گشتیی میانەڕەون و دەتوانن خۆیان لەگەڵ ڕەسا مودێرنەکانی مرۆقایەتی بگونجێنن، بەو پێیەش دەتوانن بەرگری گەلی دیموکراسی بگەرن. بەڵام لە ئەرزی واقیعدا، دیمەنەکە پێچەوانەی ئەو تێفکرینەیە، ئیخوان هەرگیز نییە بە میکانیزمی قاعیدە و سەلەفیەکان کار بکات، وەلە بە هەمان ئامانج کار دەکات، بەیە لە کۆتایدا ئیخوان و قاعیدە خاوەنی یەک خەونی هاوبەشن، ئەویش دروستکردنی دەوڵەتی خەلافەت، ئەمیان بانگەشەی میانەڕەویی دەکات و بە شانی دیموکراسییدا هەڵدەدات بە ئەوەی بگاتە خەونەکەی، ئەویتریان ڕگەی تیرۆر و تەقاندنەوەی هەڵبژاردوو بە هەمان مەبەست. لەم نێوەندەدا کەمێک بیرمەند هەن، گووومان دەخەنە سەر وشەی "ئیسلامی میانەڕەو" و پێیانوایە ئەم داتاشینە ساختەیە و ناتوانێت قەناعەت بە هەموو خەڵک بهێنرێت، ئیسلامی میانەڕەو شتێکی زۆر جیاوازترە لەو گروپەی پێیان دەوترێت ئیسلامی تووندڕەو.
"ئەدنیس" یەکێک لەو ڕۆشنبیرانەی هەمان بۆچوونی هەیە و لە وتارێکیدا بە ناوی "دە بۆچوون لەمەڕ بەهاری عەرەبی" دەنووسێت "ئیسلامی سیاسیی یان ئیسلامی میانەڕەو مانای چییە؟ هەندێک موسڵمان

سیاسین و هەندێک موسڵمان میانڕەون، بەڵام ئیسلام بەو سیفەتەی ئاینێکە ناشەت لە کاتی قسەکردن لەسەر کاروباری سیاسیی و کۆمەڵایەتی و کولتووریدا بە (سیاسیی) یان (میانڕەو) وەسف بکرێت.. بە نموونە لەسەر ئاستی مەدەنیەتی کۆمەڵگە یان هونەر یان بیر یان موزیک یاخۆ ژیانی جڤستە و سێکس و خۆشەویستیدا (ئیسلامی میانڕەو) مانای چییە و کە و چۆن راددەی ئەم (میانڕەوییە) دیاری دەکات؟ هەروەها (ماهیەتی) ئەم میانڕەوییە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟ ئایا لەخوێندنەوەیەکی تایبەت و تەگەیشتنێکی تایبەتەوە و چۆن؟ ئایا شوێنی شەرع لەم میانڕەوییەدا چییە بە تایبەتی سەبارەت بە ژن و (ئەوی دی) ناموسڵمان و (ئەوی دی) کە بەموسڵمانی لە دایکبووە و حەزدەکات بە تەواوەتی بچێتە ناو دنیای مەدەنییەوە؟".
ئیسلامی میانڕەو و تووندڕەو ناتوانن لەگەڵ بنەماکانی سیستمی دیمۆکراتی هەبەکەن، ئەمەش رەنگە پەیوەندیی بە خودی ئاینی ئیسلامەوە نەبێت، بەڵکو پەیوەندیی بە جۆری خوێندنەوەی ئیسلامی سیاسییە بە ئاین. فەکەیاما پەیوایە "هیچ ئاینێک وەک پۆیست ناکەک نییە لەگەڵ مۆدێرنێتە و دیموکراسیدا". ئەم بۆچوونە لە زەمینەی واقیعدا، پیادە کراوە، هەزاران موسڵمان و مەسیحی و بوزی دەبینین، کەشیان نییە لەگەڵ سێکۆلاریزم و بەهاکانی مۆدێرنێتە و دیموکراتیدا، ئەوەی کەشی هەیە ڕەوتە بونیادگەراکانن. ئەوەی ناتوانێت لە زەمینەی دیموکراسیدا درێژە بە ژیان بدات ڕەوتە ئیسلامییە سەلەفییەکان و ڕەوتی سەلەفییەکانی ئاینکانی دیکەن. دواجار ئەوەی دیموکراسی ئەجێنداکانی پووچەڵ دەکاتەوە پێش هەر کەس ئیسلامی سیاسییە.

تەکشکانی خۆنەکان

نووسەری جەزائیریی "بوعلان سنساڵ" لە وتارێکیدا بەناوی نامەیەکی کراوە بە "بوعزیزی" دەنووسێت "بوعزیزی برام، ئەم چەند دەڤە کەمێت بە دەنووسم، تاکو ئاگادارت بکەمەوە لەوەی هەنگاوەکانی ئەمە بەرەو پێش دەچێت!، هەرچەندە بەرەو پێشچوونەکە ڕەژە لە دوای ڕەژە جیاوازیی هەیە، هەندێک جار ڕێشەبا ئاستەمان دەگۆڕێت، بەڵام با بگشتیی چاو بەم ساتەدا بخشێنین. ئایا ئەوەی نازانێت بەرەو کوێ دەڕوات ڕەگەکە دەدەزێتەوە؟. ئایا دوورخستنەوەی ستەمکار کەتاییە؟. لەو جگەیەی تە کە نزیکی لە خواوەندەوە، دەتوانیت دنیامان بکەیتەوە کە مەرج نییە هەموو ڕەگاکان بمانبەنەوە بە ڕەما؟. لابردنی ستەمکار نابێتە مایەی ئازادیی، بە گەینیی دیمەنەکە و بە هیوای ئەوەی شتێکی بچووکیان لە ڕەکە دەست بکەوێت، زیندانییەکان حەز دەکەن گرتووخانەکانیان بە گرتووخانەیەکی دیکە ئاوگەڵ پێ بکەن".
خۆنەکانی بوعزیزی هەرسیان هەنا، لە بری نان و ئازادیی خەریکە

ئیسلامی سیاسی فەتوا و شمشێر دەکاتە خەڵاتی شەڕش. خوێنکانی ئەو کە خاوەنی راستەقینەی شۆڕشن، ئازادیی و دیموکراتی و هەڵتەکاندنی حکومی دیکتاتۆریی دەیان ساڵە بوو، خەریکە خوێنکانی ئەو تێکدەشکێت و دیکتاتۆری کەماری دەگەڕێت بە دیکتاتۆری ئیسلامی. ئامانجی ئەو لە شەڕش چەسپاندنی مافی مرۆڤ و مەدەنیەت و خۆشگوزەرانی بوو. خەریکە خوێنکەتان پێچەوانەوە دەبێتەوە و ئەو هەناسە کەمەی لە ئازادیی و مەدەنیەت هەیە پاشکەشی پە دەکرێت. ئیسلامی سیاسیی خەریکە یەک یەک خوێنکانی شەڕش زیندەبەچاڵ دەکات. هەرچەندە من بە چەندەهەمین جار دووپاتی دەکەمەوە، شەڕش، شەڕشی ئیسلامیی نەبوو، هەرچەندە خومەینی شەڕش حکوومەتی ئیسلامی نەبوو، بەڵام بەهەی نەبوونی ئۆپۆزناتیڤی بەهێزی چەپ یان دیموکراتیخواز، ئیسلامی سیاسیی سواری ملی شۆڕشەکە بووە و بە قازانجی سیاسیی خۆی شکاندوویەتیەوە. ئەمەش وەک وتم دووبارەبوونەوەی مێژووە، وەک ئەوەی ئایەتوڵاکانی ئێران کردیان و هاتنە سەر سفرەی حازری.

نووسینی: ستیڤان شەمزینی
ستۆکهۆڵم – سوێدا

ئەو مەرجانەی کە پێویستن بۆ کاریگەربوونی کاریکاتێر.. بەشی 2- هەندێن خشناو

ئەگەر بینە سەر جۆرەکانی پێکەنین لە کاریکاتێردا ئەوا لە ژمارنایەن، بۆیە باشترواید جۆرەکانی پێکەنین لە کاریکاتێردا دابەش بکەین بەسەر دوو جۆردا:

أ- پێکەنیناوی(کۆمیدیا)ساده: ئەو خاڵەی کە لێیەوە دەستمان پێکرد بۆ دابەشکردنی پێکەنیناوی سادە و ئاڵۆز، ئەو رەگەزانەن کە پێکەنیناوی (کۆمیدیا) پێکدێنن، بۆ نمونە ئەگەر پێکەنیناوی سادە بە هاوکێشەیەك داڕێژین، ئەوا بەم شێوەیە دەبێت:
گاڵتە + گاڵتە = پێکەنیناوی(کۆمیدیا)
گاڵتە لێرەدا لە ناوەڕۆکدایە (ئەو بیرۆکەیەی کە کاریکاتێرەکە

باسی دەکات) و لە شێوەدایە (زۆرەبەیی لە شێوەکاریدا)، لەم حاڵەتەشدا کاریکاتێر لەم دوو توخمە پێکدێت.
گاڵتەش جارێکە لە جارەکانی کامیدیا، بەوەش جیادەکرێتەوە کە هیچ رەخنەیەك لەخۆناگرێت، واتە بە ئەرێنی هەڵدەناسرێتەوە، و جارە سەرەتاییەکەی جارەکانی کامیدیایە، بەوە لە جارەکانی تر جیادەکرێتەوە کە ئامانج لێیەوە تەنیا بە پێکەنینهێنانە نە زۆر نە کەم، بەڵام بە پێکەنینهێنان لە جارەکانی تری وەکو گاڵتەجاڕیی و هەجوو بۆ چەندین مەبەستی تر بەکاردەهێنرێت.
پێکەنیناوی سادە بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە کاریکاتێری گاڵتە و قسەمە و لە کاریکاتێری پێرترێتی بۆلایەن بەکاردێت، لە کاریکاتێری گاڵتە و قسەمەدا واباوە کە کاریکاتێر بابەتێکی نازیندەگی بەکاربهێنێت، واتا کەلێنێك لە چالاکی هەزری ژیانی مرۆڤدا داگیرناکات، لەوانەیە ببێتە هۆی چەند ئاکامێك، کە خەسڵەتی توانای گۆڕینی ئاڕاستەی هزری مرۆڤ یان چالاکی کەمەڵایەتی یان هەر بوارێکی تری چالاکیدا هەبێت، ئەو جارە بابەتانەش لەوانەیە وەرزش، یان پەیوەندییە کەمەڵایەتییە خەزانیەکان، وەکو پەیوەندی نێوان خەسوو و زاوا، یان خەسوو و بووك، یان نەخۆش و پزیشك، و لەم جارە بابەتانە بن. لەوانەشە ئەو کاریکاتێرەی کە پشت بە کامیدیای سادە دەبەستێت، لەسەر بابەتی خەیاڵیش بونیات بنرێت، کە چەند جیاوازییەکی پێکەنیناوی تێدایە، وەکو کاریکاتێری ئەو دایکەی کە کوڕەکەی لە وانەی مۆسیقا دەهێنایەوە، یان ئەو شێوەکارەی کە دیمەنێکی سروشتی دەکێشا، و چەندین کاریکاتێری تریش.

بەڵام لە کاریکاتێری پێرترێتی بۆلایەندا، دەتوانین بڵێین ئەویش پشت بە کامیدیای سادەوە دەبەستێت، کە واباوە بابەتێك لەخۆناگرێت، و تەنیا لە گاڵتەی شێوەکاری پێکدێت، کارلێکردنیشی لەگەڵ خوێنەردا، لە ڕێگای ئەو هەواڵەست و دژەیەکانەوە دەبێت کە لە هزر و خەیاڵی خوێنەر یان بینەر دروست دەبێت، کاتێك کە بەراوردێك لەنێوان وێنە راستەقینەکەی کەسایەتیەکە و وێنە کاریکاتێریەکەیدا دەکات، هەبەتە کاریکاتێری پێرترێت (لە زۆربەی وێاتاندا) بە جارێك لە هەجوو ناژمێردرێت، تەنیا ئەگەر چەند توخم و ڕەگەزێکی زیاد لە ڕوخساری کەسایەتیەکە لە خۆبگرێت، بۆ نمونە کاریکاتێریستەکە چەند ڕەگەزێکی شەرمەزارکار بۆ کاریکاتێرکە زیادبکات، بۆ نمونە دوو قۆچ، کە بەمانای ئەو پیاوە بۆ هەواڵستە دێت، کە ژنەکەی ناپاکی لێدەکات، یان زیادکردنی سمێ بۆ ژنێك، کە بە مانای ئەوە دێت ژنەکە نێرەکوکەیە، یان وێناکردنی گوێچکەکان وەکو گوێچکەی گوێ درێژ، کە بە مانای گێلی و نەزانی دێت، و چەندین

زیادکردنی هاوشێوەی ئەمانە، لە کاریکاتێرە ناوبانگەکانیش لە مژوودا، دەتوانین باسی کاریکاتێری هەرمیەکەی پاشا لویس فیلیپ بکەین، کە لەم کاریکاتێرەدا هیچ شتێك نیە ببێتە مایەی توڕەبوون، جگە لەوەی کە هەرمێ لە زمانی فەرەنسیدا بە مانای گەمژە و دەبەنگ دێت، یان ئەو کاریکاتێرەی کە وێنای ئەندامێکی ئەنجومەنی نیشتیمانی فەرەنسایی دەکرد، کە چەم لە لوتیەوە دەهاتە خوارێ، ئەم کاریکاتێرانە بەبێ گومان ناچنە خانەی کۆمیدیای سادەوە، چونکە بێ گەیشتن بە کۆمیدیاوە چەند توخم و ڕەگەزێکی تری بێجگە لە گاڵتە بەکاردێت، وەکو هەجوو، کەچی کاریکاتێری پێرترێتی بۆلایەن، تەنیا ڕوخسارەکانی دەموچاوی کەسایەتیەکە بەکاردێنێت، بەبێ ئاماژەکردن بۆ چەند خەسڵەت و سیفەتێکی دیارکراو یان ژیانی یان چالاکیەکانی ئەم کەسایەتیە، لە ڕێی ئاماژەپێدانی ڕاستەوخۆ یان بە سیمبول بۆ ئەو سیفەتانە، بۆ نمونە کاریکاتێرەکەی (ماریلین مۆنرۆ)ی هونەرمەند (سباستیان کروگەر)، کە لەم کاریکاتێرەدا جگە لە زێدەڕۆییکردن لە نیگارکێشانی ڕوخسارەکانی دەموچاوی ئەم کەسایەتیە، و زێدەڕۆیی لە هێڵ و سێبەردا، هیچی تر نابینینەوە، بەبێ زیادکردنی ڕەگەزی تر بۆ کاریکاتێری کەسایەتیەکە.

دەوڵەت و دەسەڵاتی بزنەس. زاهیر باهیر

نووسینەوەی بیرەوەریی لە سێ دەیەی ڕابردووەوە شۆنکی تایبەتی لە کتێبخانەی کوردیدا لە کوردستاندا بۆخۆی گرتووە، وە بیرەوەریی پێشمەرگە دێرینەکان و کەسایەتییە سیاسییەکان بەتایبەتی توانیویانە سەرنجی خوێنەرانێکی ڕابردووی گەلی کورد تەژیبە لە تراژیدیا و بەسەرهاتی جەرگبڕ، کە بەجۆری جیاواز و بەنیوەچڵی بیستراون یا بەشارەزایی ماونەتەوە و خوێنەرانێکی تامەزرۆی زانینیانن. لەبەر گرنگی ئەم لقەی ئەدەبی سیاسی بڕیارمدا سەرنجێک لەسەر ئەم چەمکەی "بیرەوەریی" و ئۆگرافکانی تەواوەتی لە گێانەوەدا بکەم.

بیرکەوتنەوە پەیوستی بە ژیاندنەوە هەیە تاکو ببێت بە بیرەوەریی، دەکرێ کەسێک ڕابردووی لەبیر بێت و بەوردی لەبیری بێت ڕووداوێک چۆن بووە، فڵان چی گوتووە و چی کراوە، ئۆگەر ڕووداوەکە زیندووناکرێتەوە ئەوجا چ لەناوگەی نووسینەوە یا گێانەوەی زارەکیەوە بێت، ئەوا ئەم بیرکەوتنەوەیە زیندووناکرێتەوە و نابێتە بیرەوەریی. لەمبارەدا بیرەوەریی لەخودی کەسدا بەزگماکی سەردەنێتەوە و هەرگیز نادرکێندرێت. وەکو کەمەناسی ناودار سەوێن کیەکەگۆ Søren Kierkegaard پێیوایە دەکرێ ڕووداوێک زۆر بەوردی لەبیرمان بێت بەئەوەی بیگێنەوە. بەیە ئەو "بیرکەوتنەوە" و "بیرەوەیی" بەووونی لەیەکتر جیادەکاتەوە.

بیرەوەریی خود Biography یا مێژووی ژیان؟ لە بەرایی مێژووی سەرهەدانی بیروهزری ئایینییدا گرانەوە بیستراون و پشتاوپشتیان پێکراوە، هەندە نووسراویش هەن کە گوزارشت لە ژیانی پێغەمبەرەکان دەکەن، بەنمونە وەکو گوزارشتی ژیانی عیسا لە ئینجیلدا. بیرەوەریی خود دواتر هاتووە و دەگەڵتەوە بە سەدەی چوارەمی پاش زایین کە ئۆیش وەکو دەگوترێت کتێبی دانپێنانەکەی ئۆگستینە. دیارە جیاوازی هەیە لەنێوان بیرەوەریی و مێژووی ژیاندا، چون بیرەوەریی پەیوەندییە لەنێوان یاداشتکەر و بابەتدا، هەرچی مێژووی ژیانە

پێوەندییە لەنێوان یاداشتکەر و نووسەردا. نووسینی مژووی ژیانی کەسێک لەزەربەی بارکاندا لەلایەن نووسەرکەوە یاداشت دەکرێت. مژووی ژیانی کەسێک لە دیدەکی کەکەرەوەی هاوبەشی تەواودا دەنووسرێتەوە. بەڵام دەکرێ بیرەوەری خود تەنها جەخت لەسەر چەند قەناغێکی ژیانی کەس بکاتەوە و لەی بدوێت. هەردوو جەر بگومان گرنگیان هەیە، بەڵام بیرەوەری خود کە داستەوخۆ لەلایەن کەسەکە خۆی دەنووسرێتەوە زانیاری و بەسەرهاتەکان داستەوخۆ دەگەیەنێت. باش یا خراپ کەسەکە خۆی لەی بەرپرسیارە. ئەگەر نووسەرێک مژووی ژیانی کەسێک بنووسێتەوە، ئەگەری بارگاویبوونی مژووی ژیانی کەسەکە بەبیروهۆزری نووسەرەوە هەیە. دیارە دەکرێ هەوڵی شێواندنی بەسەرهاتەکان لەهەردوو جەردا بەئاگایانە یا بەئاگایانە هەبن. وەکو کتێبە ئایینی و مژوویەکان مشتوومڕ و دیباتی زەریان لەمبارەیەوە دروستکردووە.

بیرەوەریی خود دەکرێ بە جەری جیاواز بخرێتەوو یا سوودی لەوەربگیرێت، بەجەرێک لەنێوان نووسین لەشێوازی ڕەمانەوە تاکو ئامێژگاری، ڕەپیشاندانی ڕەچکەی ژیان یا بەدەکومەنتکردنی ڕووداودا جووڵە بکات. لە نووسینەوەی بیرەوەرییدا نووسەر خۆی بەیاردەرە لەوەی دەقەکە گرنگیی بەچ لایەنێکی ژیان یا بە چ بوارێک دەدات. لایەنە ئەدەبی و کەلتوریەکان، کەمەڵایەتی و پەروەردەییەکان، ئایینیەکان یا مژوویی و سیاسیەکان، هەر بوارێک لەم بوارانە دەکرێ گرنگی تایبەتیان پێبدرێت. هەروەها نووسەر خۆی بەیاردەرە لەوەی چ ڕەهەندێک بخۆی دەدات، ئایا نیازی ئاوێتە ڕەهەندی خۆی لە ڕووداوەکاندا بخاتەوو، یا ئەزموونی ژیانی خۆی لە بەتەی گەڵانەوەیەکی ئامێژگاریئامێزدا بخاتەوو، یا ڕاستیەکان لە سەردەمێکی دیاریکراودا بخاتەوو، یا گوزارشتێکی ئەدەبیانەی بەسەرهاتەکانە بەئاوەی هەندێ جەخت لەسەر خاڵە وروژێنەرەکان و دیباتئامێزەکان بکاتەوە، وەکو نووسینی بیرەوەریی بەگوزارشتی پڕخشاناویی و زمانی پاراوەوە بگومان سەرنجڕاکێشە و خوێندنەوەی بە گەڵە لە خوێنەران بەچێژە. دەکرێ لای نووسەر گرنگبێت لە خود و تێپەڕینی کەسایەتی خود وەکو پرسیارێک بەقەناغە جیاجیاکاندا لەدیدەکی دەرونی تایبەتەوە قووبڕتەوە و بدوێت، لەلایەنی ئەزموون و تاقیکردنەوە ئینتیم (تایبەت و کەسیی) intimate و کەسیەکانەوە قووبڕتەوە، کە تیایدا دانپێنان و پێشیمانی، خۆشەویستی و کردارە تایبەتە ئینتیمەکان، کۆشە دەروونیەکان دەکرێ گرنگیان پێبدرێت، وەکو بەنمونە قووبڕوونەوەی فیلسوف و کەمەناس ڕۆسۆ Rousseau کە بەجەرێکی بەهاوتا لەسەردەمی خۆی لە بابەت و کۆشە دەروونی و

کەسیەکان لەبارەشنایی ئازادیی سروشتی مرۆڤ لەسایەی مەرج و سنورەکانی ئایین و کۆمەڵگەدا قووڵدەبێتەوە، بەجۆرێک کەوا تا ئەمڕۆ جەگەی سەرنجی شارەزایانە.

ئەگەر نووسینەوەی بیرەوەریی جۆخت لەسەر ژیانی تایبەتی کەس و بابەتە ئینتیم و دەروونی و کەسیەکان بکاتەوە، لەمبارەدا بیرەوەریی گۆرانیەکی کەسیی تایبەتە لە جیهانی تایبەتی خوددا، گرنگی بە ئەزموونی خود لەژیاندا دەدات کە تەنها ئەو کەسە خۆی لێیان ئاگادارە و بە خوێنەریان یاداشت دەکات. نووسەر خۆی سەرپشکە لەوەی تاچەند لە نهێنی ژیانی تایبەتی خۆی قووڵدەبێتەوە و یاداشتیان دەکات. بەڵام ئەگەر مەبەست لە نووسینی بیرەوەریی خستنەڕووی ڕاستیەکان سەبارەت بە ڕووداوەکانی نەو کۆمەڵگە بێت، ئەوا مەرج و داواکاریەکان زیاترن. لەمبارەدا دەکرێ نووسەر هەوڵی جەرەک لە بەدکۆمێنتکردنی ڕووداوەکان بدات، ئەوەش مەرجەکانی بەڵایەنی لە گوزارشتدا لەدیدی جیاوازەوە دەخوازێ کە کاریکی ئاسان نییە. بەنمونەی خوێندنەوەی بیرەوەریەک یا چەند بیرەوەریەک یەکسان نییە بە زانینی ڕاستیەکانی ڕابردوو وەکو خۆی. تێگەیشتن لە ڕاستیەکان کارەکی سەختە، چونکە لەناکۆکیەکاندا مرۆڤکان دەکرێ تێگەیشتنی جیاوازیان لەسەر ڕووداوەک کە خۆیان ڕاستەوخۆ بەشداریان تێدا کردووە، هەبێت.

بوونی بیرەوەریی یا مێژووی ژیان بەگومان گرنگە چونکە بەردەوامی ژیان پەیوەستی بەگێڕانەوە بە دواوە هەیە، گرێکوێرە کۆمەڵایەتیەکان لە گەڵە باردا دەگێڕنەوە دواوە بە دەستکەوتنی وێڕامی ئارەزۆکان. زانینی ڕاستیەکان هەمیشە بە جۆرێک لە دەستکەوتنی وێڕامی هەندە پرسیاری بوێڕام دەبیندرێن، دەکرێ وەکو هەنگاوی بەرەوپێشەوەچوون ببیندرێن و وەکو داینەمۆی بەردەوامیی خۆیان بنوێنن. بەڵام ئەگەر بەچاوی ڕەخنەی سیەری بیرەوەری و مێژووی ژیان بکەین دەکرێ بیرەوەری یا مێژووی ژیانی کەسایەتیەکی ناودار شێواندنی ڕاستیەکان بن و لەبارەکدا گێڕانەوەکان نادروست بن. پەیدابوونی گرنگیی و واتاداریی ئارەزوو و بەرژەوەندیەکان گرنگبوونی گێڕانەوەیان وەپشخستووە، وە لەگەڵ دەرکەوتنی نووسینەوەی بیرەوەریکانەوە دیاردەی بەکارهێنانی گێڕانەوە بەپێی ئارەزوو و بەرژەوەندیەکان کەم یا زەر هەبووە. لەکێندا لەزەربەی بارکاندا گێڕانەوەکان لەلایەن کەسانی خاوەن دەسەڵات یا دەسەڵاتی سەرکەتوو و براوەوە بووە، بەیە گێڕانەوەکان بەپێی ئارەزووکانی دەسەڵاتدار یا لەبەرژەوەندیی لایەنی بادەستدا نووسراونەتەوە یا هەڵبەستراون.

بگومان زانیی ئەم جۆرە نووسینەوە و گۆرانەوەیە کاریگەریی لەسەر ڕەوتی ژیانی کۆمەڵگەدا هەبووە، بەهەمانشێوە کاریگەریی لەسەر جۆری تێگەیشتنمان بۆ مێژوو و ڕووداوکان نواندووە. ڕەوتی دژ بە گۆرانەوە زاڵ و باوکان لێشێوی جۆراوجۆر سەریان هەڵداوە بەنمونە دامەزراندنی لێکسیکۆنی ئەڵتەرناتیف لەلایەن گروپێکی چەپەوە لەبەرئەوەیە کەوا ئەوان پێیانوایە دەبێ کۆمەڵگە لەم گۆرانەوە ساختە و نادروستە دوورکەوێتەوە کە لەبەرژەوەندی لایەنی براوە، یا دەسەڵاتداران و سەرمایەداری نووسراونەتەوە، بۆیە پێویستە گۆڕانەوە دروست و ڕەخنەگرکان لێشوێنیاندا دابندرێن. پێویستە سەرنجی ئەوە بدەین کە ئاگەڕ شێوانەدنی ڕاستیی ڕووداو و بەسەرهاتکان لە بیرەوەریدا یەکسەر بەن، لە مێژووی ژیاندا دووسەرن، وەکو لە بیرەوەریی خوددا نووسەر ڕاستەوخۆ گۆڕانەوەکە دەگێڕێنێت، ئاگەڕ هەڵبەستن و شێواندن لە گۆڕانەوەکەدا هەبێت ڕاستەوخۆ لەلایەن نووسەرەوە ئەنجام دەدرێت. بەڵام لە مێژووی ژیانی کەسێکدا کە ڕووداو و بەسەرهاتکان بە نووسەرێک دەگەڕێتەوە، ئاگەڕ کەسەکە بەمەبەست یا بە مەبەست بەسەرهاتێک بشێوێنێ، ئەوا دەکرێ لەلایەن نووسەرێشەوە بشێوەیەک لێشێوکان شێواندن و هەڵبەستن ڕووبدات. هەروەها ئاگەڕ لە نووسینەوەی مێژووی ژیاندا پشت بەسەرچاوەی لایەنگر و سەزدارانە ببەستێت، بەهەمانشێوە ئاگەڕی شێواندن و هەڵبەستن زۆرن.

لەلایەکیتر پێویستە ئاگاداری ئەو ڕاستییە بین کەوا ڕووداوکان لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا بیرکەوتنەوەیان سەختتر دەبێت، وردەکارییەکان گرنگیان کەمتر دەبێت، وە زیاتر چەقی بابەت بگرنگیی دەمێننەوە کە تەمەنی ئەویش پێویستداردەبێ بە توانای ئەوانەی دیگەڕانەوە یا دەکرێ بیگەڕانەوە. بیرەوەری لەمبارەدا وەکو بەردەکی گەسپی وایە کە لەگەڵ بارانی ساڵاندا دادەووشێت، وردە وردە توانا و ڕەنگ و ڕوخساری دەگۆڕێت. بەیە گۆڕانەوە جگەلە شێواندنی بەمەبەست، سروشتیانە بەرەوووی کەشێی بیرچوونەوەش دەبێتەوە.

لەووی مێژوویەوە بیرەوەریی کە وەکو لقێکی ئەدەبی سەیری دەکرێت بە دینی کریستیانی دەبەسترێتەوە و دەگوترێت یەکەم بیرەوەری کتێبی دانپێنانە، کە لەلایەن قەشێی کرستیان ئاگوستین Augustin(یا ئاغستینەس کە بەزمانی عەرەبیش هەیە) لەنێوان ساڵانی ۳۹۷-۳۹۸ پاش زایین نووسراوەتەوە. دوای ئەوە گۆڕانەوە ئایینییەکان نووسراونەتەوە و نووسینیان لەسەرکراوە. لەهاتنی سەردەمی

هەشنگەریدا لەگەڵ گەشەسەندنی بیروهۆزری سیکولاریدا لەبارەکدا توێژەک لە هەشنبیرانی ئەو سەردەمە گرنگی بە هەشمەندیی مرۆڤ دەدەن و هەخنە لە تێگەیشتنە دەگمەی و ئایینییەکان دەگرن، لە قاوغی کەنەپارێزیی و ناهەشمەندی چەقگرتوو دەردەچن، کەلەلایەن خەیاڵی کاریگەری لەسەر تێگەیشتنی کەسەکان لە گەردوونی ئابردووداو دەنوێنێت. بەمشێوەیە بیرۆڤەریی دەچێتە ئاستێکی دیکە، مرۆڤ لە قاوغە داخراوە دینییەکە دەردەچێت و سەبارەت بە خێی دەدوێت، ئاوڕش لە بیرۆڤەریی هونەرمەندی پەیکەرتاش بینڤینوتە سیلینی Benvenuto Cellini لە نێوان ساڵانی ١٥٥٨ – ١٥٦٦ دا دەبیندرێت. بەمشێوەیە هەریزەنتی گەردوونە وردە وردە فراوانتر دەبێت. فەیلەسوفی سویسری-فەرەنسی ناسراو جان جاک ڕۆسۆ Rousseau لە کتێبی دانپێنانداکە لەساڵی ١٧٦٤-١٧٧٠ دا نووسراوەتەوە، لەوێدا مرۆڤ وەکو پرسە دەبیندرێت، لەهەستی کەسی قووڵ دەبێتەوە، هەخنەدەگرێت و سنورەکان دەبەزێنێت، بەمشێوەیە لقی ئەدەبیی بیرۆڤەریی خود دەباتە ئاستێکی بەرفراوانتر. بیرۆڤەیی گرنگیی لە کەمگەدا هەبووە لەگەڵ ئاوەی تووشی پاشکشش بووە. بیرۆڤەریی کەسەکان لەگەڵە باردا وەکو سەرچاوەیەکی گرنگی مێژوویی سەیریان کراوە، چونکە وێنامی هەندە پرسیاریان لابووە، هەروەها وەکو سەرچاوەیەکی گرنگی ئابردوو خەیان نواندووە. هەروەها بیرۆڤەریی لە سەدەی ١٩دا بەتایبەتی بەرووڕوویی هەخنەی تاوتوێکراو بێتەوە، بەنمونە لەلایەن فەیلەسوفی دەروونناس فرەید Freudو دیدی دەروونناسیی فرەیدیانەوە کاوتەتە بەر هەخنە. لەدیدی فرەیدەوە مرۆڤ توانای ناسینی خێی نییە و گومانی لەمبارەیەوە لەتوانای مرۆڤ هەیە. هەروەها لەدیدی مارکسیانەوە بیرۆڤەریی خود هەخنەی لەگیراوە، کەپێیوایە جەرەک لە ئاگایی ساختە دەگرێتەخەی، واتە ئاوەی دەگەدرێتەوە بەئاگایانە ساختەی تێدا دەکرێت. بەگومان ئاوە سەبارەت بە گەردوونە مێژوویەکان هەخنەیەکی دروستە، چونکە شێواندن هەبووە و گەردوونەوش بەهاهەگرە. دیارە گەرانەوە بە گەردوونە دەگەڵە و کەشەی ئاگایی ساختەش هەژیین. هەروەها ستروکتورالیستەکان Structuralism ئاوانیش لەلایەن خەیانەوە بیرۆڤەریی خود وەکو دروستکراو (فیکشن fiction) سەیر دەکەن. وەکو لای ئاوان لەپشتی هەر دەربەینێک کەمەک سیستەمی سنوردار هەیە یا دەربەینی شاراوە هەن، کە لاوەوە و لە ناوەوە لە کرانەوەی گوتنە نادەربەاوکاندا دانپێنانی دروست هەن. سەرەای ئەم هەخنانە و دروستییان سەبارەت بە بیرۆڤەریی خود و مێژووی ژیان، بەهەی پشکۆتن لە میتەدکانی بیرۆڤەریی و گەرانەوەدا، لەوانە باشتربوونی ڕەتمی زمان و پشکشکردنی زارەکی، وە گرنگیی ئەو لقە گرنگە بە مرۆڤکانی کەمەگە، بیرۆڤەریی خود توانیوێتی

گرنگی خۆی لە کۆمەڵگەدا بپارێزێت.

لەدیدی دەرتە بەرنتسێنەوە Dorthe Berntsen کە پرۆفیسۆر و دەروناسێ بیرەوەریی تەنها بیرکەوتنەوە نیین، بەڵکو بیرکەوتنەوە و ژیاندنەوەی بەسەرهاتی کەسییە لە بۆتەی کۆنتەکستێکی مێژووی ژیاندا. ئەو پێیوایە تایبەتمەندیی گرنگی بیرەوەیی ژیاندنەوەیە، کە هەوداوەک دەگمەینەوە، رووداوەکە لە هەشماندا دەژیەنینەوە. بەبڕاورد لەگەڵ جۆرەکانی بیرکەوتنەوە، بیرەوەیی تەوەگەانی هەستە کە گەشت لە کاتدا دەگۆڕێتە خۆی. هەروەها لەهەوانگەیەکی دیکەدا بیرەوەری توانایەکی تایبەتە کەوا دەکات بڕەو دواوە بگەڕێنەوە و لەهابردوو بژوانین. ئەمە لە کاتێکدا بڕەو پێش دەڕۆین و هەوداوەکان لەدوای خۆماندا جێدەهێڵن و دەبنە هابردوو، بیرەوەری لەمبارەدا بەپێی تەوژمی کۆنەدی ئیندێل تەلڤینگ Endel Tulving وەکو بارێکی تایبەتی هەشداریی مۆنتالی مرۆڤ وایە کە بەسەر هەوتی بڕەو پێشچووی نەگەیی کاتدا زاڵ دەبێت.

گەیانەوەی مرۆڤ بە دواوە و هەوەدان بە ژیاندنەوەی هەوداو و بەسەرهاتەکانی سەردەمانی زوو، دەخوازێ مرۆڤ لە ژینگەی بارگاوی و بەهاهەڵگری ئێستایدا لە باری پەگەیووییدا کەچکی پەچەوانەیی خۆرا بڕەودواوە بکات و لە هەوداوەکانی هابردوو بپێی توانای بیرکەوتنەوەی بەوانێت. ئەو کەسە دەمەکە لە سەردەمی زووداو بڕەو سەرووی تەمەنی ژیان هەیشتووە، ئەو مرۆڤە چیتر نە ئەو کەسایەتییە و نە خاوەنی هەمان بیرکردنەوەی ئەو سەردەمەیە یا دەکرێ بەهین زۆر لە بیرکردنەوەکان و لەکدانەوەکانی سەردەمی پێشووی جەهێشتووە. بەهام ئایا مرۆڤ توانای هەیە هەموو تەگەیشتن و لەکدانەوەکانی ئێستا وەکو جلەک دابکەنێت و فڕێیاندا، بگەڕێتەوە دواوە و هەمان جلی ئەوسا بکاتەوەبەر و بەهەمان بیرکردنەوەی بێئاگا و سنورداری ئەوسا بدوێ و سەیرکات؟ بیروهزری گەشەسەندوو و پەگەیشتووی مرۆڤ دەتوانێ هەوەدات لەژینگەی ئێستای دەرچێت، بچێتنەو چوارچێوەی ژینگەی بەسەرچووی هابردوو و هەوەدات بەدیدی ئەوساوە سەیرکات و بگەڕێتەوە، کەشکە ئەویە ئەو خودەی ئێستا ئەو خودەی ئەوسا نیە، بەڵکو خودەکە بێئەزموونکاندا تێپڕیووە و ئامانجکان دەناسێت. لەلایەکیتر تاچەند دەنیایی لە جۆری تەگەیشتن و بیرکردنەوەی ئەوسا هەیە؟ دەنیایی تەواو سەختە بەدەنیاییەوە هەبێت. وەکو بیرکەوتنەوەی تەواو بەهەمانشێوە سەختە. جگەلەوە بەناچاری دەبێ دەست بەهێنەوەی لایەنە ناوونکان بکات کە هەرگیز ناتوانێ دەنیایی بەخۆش لەبارەیانەوە بداتەدەست. چونکە سەختە بتوانین

ووداوەکانمان بەتەواوی لەبیر بێت و بەتەواویی لەبیرمان بێت ئەوسا کتومت چۆنمان بیرکردەتەوە. دەرتەنجامی پیوایەتی ژیاندنەوەی ووداوەک واتای ئەوە ناگەیەنێ کە ئەمە ووداوەکانی ڕابردوومان وەکو خەی تەواو لەبیرە. لەگەڵ بار و ئاستی چۆنایەتی ژیاندنەوەشدا بیرەوەرییە تاڕادەیەکی زۆر بەیەکەوەنان و دروستکردنەوەیە rekonstruktion کە بارگاویەیە بە باری ئێستامان و لەکدانەوەکانمان کە ئەمە ئەمڕۆ دەیخەینەسەر ڕابردوو.

وەکو بەپێی ئەزموونەکانی ژیان دەردەکەوێت، هەندێک ووداو هەن بەئاگایانە یا بێئاگایانە لەبیرناکرێن، دەکرێ تامکردنی یەکەمجاری خواردنێک بێت، یا کەینی شتێک بێت، مردنی کەسێک بێت وێ هتد. لەنێو ئەو ووداوانەی لەیادەمێننەوە ئەو ووداوانەن کە چارەنووسسازن و لەبیرکردنیان سەختە، بەتایبەتی ووداوەک کە واتای گرنگی بۆ ژیانی کەس و کەمەگۆ هەیە، بۆنمونە تاوانی کوشتنی کەس یا کەمەکوژی. لەو جۆرە ووداوانەدا لایەنە گرنگەکان واتە چۆنی بابەتەکە کە واتای گرنگیان هەیە لەبیرکردنیان بە دیتەران یا کەسانی بەشدار یا تەوگەساوان سەختە کە بەئاگاری زۆر لەبیروهەزری کەسەکاندا بەزیندووییەمێننەوە، بەتام وردەکاریەکان یا ئەو لایەنانەی کە کەمتر گرنگن دەکرێ لەگەڵ ڕەیشتنی کاتدا لەبیربکرێن.

لەلایەک بیرکەوتنەوەی ووداوەکان بە کەس بە کەس دەگۆڕێت، لەلایەکیتر تا ووداو کەنتر بێت بیرکەوتنەوەی سەختتر دەبێت. بەتام لەهەر بارێکدابێت بیرکەوتنەوەی ووداوەک وەکو وەکوکردنەوەی پەزڵەکان puzzle یا پارچەکانی کەی ووداوەک وایە بەپێی توانای بیرکەوتنەوە و گەڵانەوەی کەس بەندە. هەروەها چوارچێوە و تخوبەکانی ووداو، بزۆو و ناجێگیرن بەجۆرێك کە نووسەر دیاریان دەکات. کەکردنەوەی پەزڵەکانی ووداوی کەن سەختن. بەگومان مرۆڤ هەیە بیری تیژ و ووداوەکانی ڕابردووی باش لەبیرە، بەتام هەیە بەپێچەوانەوە توانای بیرکەوتنەوەی لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا تووشی زیان بووە و توانای بیرکەوتنەوەی لاواز بووە. لەباشترین باری بیرکەوتنەوەدا هەندە لەپەزڵەکان تەواو ڕوون نین، کە دەکرێ واتایەکی زۆریان بە چۆقی خودی ووداوەکە نەبێت، بەتام دەشکرێ گرنگیی دیاریان هەبێت. گرنگە بزانین کە بزریی زانیاریی گرنگ دەتوانن ئەنجامی ووداوەک و تێگەیشتن لە ووداوەکان بگۆڕن، ئەوەش دەکرێ بەمەبەست و لەڕێگەی شێواندنی گەڵانەوە بێت یا لەبێئاگایی و نەبوونی زانیاریەوە بێت. هەکارەکە هەرچی بێت گەڵانەوە لەمبارەدا ناتەواوە. لەلایەکیتر هەرچەندە ناڕوونی لە بیرکەوتنەوەدا هەبێت،

ئۆگرۆکانی لەککشانی سنور و تخوبی ووداو هەروەها شەواندن و هەبەستن زیاترن. بەیەکەوەنانی چیرۆکی بەسەرهاتەکانی ئابردوو، وەستایی و شارەزایی گێڕەکە، لەهەمان کاتدا توانای گەیاندنەوە لە چوارچێوەیەکدا کە لە واقیعی ووداوەکە بچێت کە بە مەبەالی بەرز و هەشیارییەوە بێندە، گرنگیی یەکلاکەرەوەی لەسەرکەوتوویی بیرۆڕیدا هەیە. هەواڵبژێری و پاراوی زمان لەگەیاندنەوەدا گرنگی بەکام واتای دروستیی و دەستپاکیی لە گەیاندنەوەی ووداودا ناگەیەنن، چونکە دەکرێ لەپەنای هەواڵبژێرەکەدا کەمەبەستی پەزیی دروستکراو و هەبەستراو هەبن، دەکرێ لادان و شەواندن هەبن. گەیاندنەوەیەکی ئاسایی بە دەربەینی پاراو و و چەمکی ئازاوە بەکام دروست، لە گەیاندنەوەیەکی ئازاوە و هەوانی شەوێندراو زۆر باشتر و گرنگترە. چونکە گێڕانەوە دروستەکە دەتوانێ ڕاستیی ووداوەکە بە بەمەبەالکی بەرزەوە بە خوێنەر و کەمەبەگ بگەیەنێت، چون گەیاندنەوەی دروست ووداوەکانی ئابردوو بەدروستی بە نەوەکانی داهاتوو دەگوازێتەوە.

لەم ووتکردەوەی سەرەوەدا باشتر بەمان دەردەکەوێ کەوا بیرۆڕیی گێڕانەوەیەکی سەپگێگتیڤ subjective واتە هەڵگەڕی بەهاو تێگەیشتنە کەسیەکانێ، چونکە ئەو کەسەی خەی لەناو ووداوەکاندایە و ئەو بەسەرهاتکان بەپەی هەست، دیتن، زانین و تێگەیشتنی خەی دەگێڕێتەوە. ئەو کەسە بەشکە لە ووداوەکان واتە جیا و بەالیەن نییە لە ووداوەکان و دیدەک نییە جیا لە جیهانی ووداوەکە. بەیە ئەپژەکتیڤی objective بەواتای "ئازادبوون لە بەهاکان" واتە ئازادبوون لەبیروهۆزری خود ئەستەم و ناکرێ. واتە هەوەدان بەگەیشتن بە ئەپژەکتیڤی بەمجۆرە هەوەدان بە ئازادکردنی خود لەهەست و بەهاکان واتە ئازادکردن لە هەست، هزر و لەکدانەوە بەپەی دید و بۆچوونەکان، کە لانیکەم دەخوازێ خود لەچوارچەوەی بوونی خەیدا دەربچێت و خەی خاەیکات لە هەست، ئارەزوو، هەزر و تێگەشتنەکان، وەکو کەسەک لەدەرەوەی ووداودا کە وەکو کەرستە یا ئەپژەکت سەیری یەکەکان، مرۆڤ و بوون و دەوروبەر بکات، ناکرێ و ئۆگەرەکی ناەیالیستانەیە. دیارە هەست، حەز و ئارەزوو، زانین، لەکدانەوە و خوێندنەوەکان، پەروەردە و پێگەیشتنی مرۆڤ بنچینەلەسەر ئاوبۆچوون و بیر و هزری بەهاهەڵگر لەدیدی جیاجیاوە دەگرن، کە تێگەیشتن و لەکدانەوەکانی خود بە ژیان و دەوروبەر پەکدەهێنن. کەمرۆڤ گوە دەگرێت گوە لە دیدوبۆچوون لە گەیاندنەوەیەکی بەهاهەڵگر دەگرێت، کە سەیر دەکات، سەیری مرۆڤەکان لە دید و گۆشنیگایەکدا دەکات کە لانیکەم بە بەالیەنکەی تێگەیشتنەکەوە

بنەدە، کە دەخوێندنەوە لەزەربەی بارەکاندا گوزارشت، یا ڕوونکردنەوە یا گەڕانەوەیەک دەخوێندنەوە کە هەڵگری لانیکەم بەهای تێگەیشتنێکی زاڵ یا کەمێک تێگەیشتنە. وەکو لەزەربەی نووسینەوەی بیرەوەریەکاندا نووسەر لای گرنگە ئەو گوزارشتکات کەخەی دیویەتی و تێیگەیشتووە، چونکە لای گرنگە پەیامی ئەزموونی ژیانی لەووانگەی خۆیەوە بە خوێنەر بگەیەنێت.

لەدیدێکی دیکەوە ئەپژەکتیڤی لە گوتن یا دەربەیندا بەواتای "بڵایەنیی و گوزارشتی بڵایەنان"، لەمبارەدا گوتن و دەربەین لەبارەکدا بڵایەنە ئەگەر وابەستەی بار، مەرک، ئارەزوو و ئامانجی ئەو کەسە نەبێت کە خاوەنی گوتنە. بڵایەنی دەخوازێ کە کەسەکە و گوتنەکەی لەگەڵ ڕاستییدا تەبابێت و سەربەخۆ بێت لە بارە لایەنگیرەکانی خود. دەربەینی بڵایەن دانپێنانکە کە تاددیەکی زەر تەبایە لەگەڵ بارە ڕاستییەکە، بەپێچەوانەوە گوتن و دەربەینی لایەنگیر لە بارەک دەدوە کەوا چەن ئەم کەسە خەی دیەوە بارەکە ببینێت و وە خوێنەریش بە ئەم لایە دەبات کە خەی گەرەکیەتی. بەهام لەبارەکدا کە گەڕانەوەی بیرەوەریی پەیوەندی بە کەسەکە خەی هەیە، ڕاگرتنی زمانی تەرازووی ئەم بڵایەنییە سەختە. بەگومان بیرەوەریی دەتوانێ سەبارەت بە ڕاستییەکانی ڕابردوو بدوێت، بەهام سەختە بتوانێ ڕووداوەکە بە هەموو زانیارییەکانیەوە کتومت بگێڕێتەوە، بەنمونە لەبەر کەنبوون و سەختی بیرکەوتنەوە و نەبوونی زانیاری تەواو. چونکە گەرانەوە لە بیرەوەرییدا تەنها دیدەکە و زەر دیدی دیکە هەن بزرن یا لانیکەم لەم بیرەوەرییەدا دەستناکەون بەنمونە لەبیرکراون. بەنمونە ئەگەر تەنها یەک بیرەوەریی یا مەژووی ژیانی کەسەک سەبارەت بە سەردەمەکی دیاریکراو لە شوێنەکی دیاریکراودا هەبن، دەکرێ گەڕانەوەیەکی سەرکەوتوو بێت، بەهام ئەمە نازانین ئەم گەڕانەوەیە چەند لە حەقیقەت یا ڕاستیی ڕووداوەکان نزیکە و تاچەند زانیاریی گرنگ لە گەڕانەوەکەدا بزرن. جگەلەوەی ئەگەرەکانی شێواندن و هەبەستنیش کراون. ئەگەر لەدیدی ڕاشیونالیزمی ڕەخنەگرانەی critical rationalism فەیلەسوفی نەماساوی کارل پەپەرەو Karl Popper سەیری چەمکی بڵایەنی لە گەڕانەوەدا بکەین (بەئاگادرایەمان لەوەی ئەمە گوتن لە بابەتێکی سەپگەکتیف واتە بەهاهەگر هەروەها نەرماتیف دەکەین)، دەکرێ بڵایەنی لەگەڕانەوەدا لەهەگەی گەڕانەوەی دیکەدا لە دیدی جیاوازەوە کە پشتەستکردنەوە دەگرێتەخەی گوازرشتێکی هەشمەندانە و دروست بسەمەندرێت. ئەگەر لەگەڕانەوەی ڕووداوەکدا، چەند گوزارشتێک لە دیدی جیاوازدا ئاماژە بە هەمان ناوەڕۆک و ئەنجام بکەن، دەکرێ بڵێین گەڕانەوەکە دروستە

و جەگەی پشت پێبەستنە. ئەوەی لەم دیدەوە دەکەوێتە ئاستەی نووسەر سەبارەت بە گەلانەوەی ڕووداوێک ئەوەیە، ئەو لایەن خەیاڵەوە بگەڕێتەوە کە خەی دیوێتی، شتە نەبینێت نەیدیتبێ یا ڕوونەدابێت. بۆیە بەگومان نووسەر دەتوانێ هەواڵدات لەبەردوو وەکو خەی بنووسێتەوە لەبارەکدا کە خەی وابستەی مەرجەکانی بەڵایەنی بکات. واتە نووسەر لەبارەکدا بێت کە سەربەخۆبێت لە هەست و ئارەزووی خود، سەربەخۆبێت لە باوەڕ و بۆڕوانەدیەکان، جگەلە گەلانەوەی ڕاستیەکان وەکوخەی هیچ بۆڕوانەدیەکی کەسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی نەبێت. هەوڵدان بۆگەیشتن بە تەواوەتی وەکوخەیی نووسەر دەخاتەسەر ڕاچەکێکی دروست کە وادەکات گەرانەوە پابەندی دەزووی سووری مەرجەکانی بەڵایەنی بێت و لەی دوورنەکەوێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە سەبارەت بە بیرەوەریی یا بیرەوەریی سیاسی و کەی بیرەوەریی ئامانجی گونجاو لە بابەتیبوون و بەڵایەنی دەپێکە، دەکرێ نووسینەوەی بیرەوەریی ئەوکاتە تەواو لوتکەی تەواوەتی بپێکە، ئەگەر ڕووداوەکان وەکو خەی و بەپەرزەکی خاوەن، بە مەالەکی ڕاستگەیانە و ڕشکاوانە بنووسرێنەوە. لەدیدەکدا کە ئایدیالی بەڵایەنی ئامانجە، نووسەر لەمبارەدا گرنگیی بەڕاستیی یا حەقیقەتی ڕووداوەکان دەدات و هەوڵی خەئازادکردن دەدات لە بیروباوەڕ و ئارەزوو و ئامانج، بەمشێوەیە هەڕ و کەتن و چەوتییەکانی خەی بە کراوەیی بەپێی ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە ئەگەرچی لەکەمەگەدا یا لە گرووپی خەیدا ناپەسند بن یا جەرەک لە گەمارە و سزا بگرنەخەیان، هەروەها نووسەر لەهەمان دیدەوە هەوڵدەدات بەوانەتە دەوروبەری، باش و خراپی خەی و ئەوانیتر دەڕێت، لەسەر خەی و ئەوانیتر باز نادات، چەنی دیتییە وا دەگەڕێتەوە. بەڕام گەلانەوە لە بەسەرهاتی خود لەباشترین باری بەڵایەنیشدا بەبەری نییە لەبەهاکانی خود، چونکە لەبیرەوەرییدا ڕابردوو کەم یا زەر بەپێی دیدی بەهاهەگری یاداشتکەرەوە زیندوودەکرێتەوە و ژیانی دەخرێتەوەبەر.

دەکرێ لەکاتی نووسینەوەی بیرەوەرییدا ڕووداوی مەژووییواهەبن گەلانەوەی نووسەر بە دواوە پەیوەست بکەن، نووسەر گەلانەوەی ڕووداوەکە یا بەسەرهاتەکە لەزاری کەسانی دیکەوە یا لە مەژووی چاپکراودا بگەڕێتەوە. ئەگەر دەرخستنی ڕاستیی ڕووداو مەبەست بێت لەمبارەدا نووسەر ناچارە هەوڵی بەدەستهێنانی زانیاری دروست و باوەڕپێکراو بدات. ئەگەر مەژووی چاپکراو بێت، دەبێ گرنگیی بەبەڵایەنی سەرچاوە بدات و بەچاوی ڕەخنەوە سەیری سەرچاوەکان بکات. نووسین لە جەری توژینەوە و لەکۆڵینەوە ئەگەر تەواو بن باشترین سەرچاوەن. هەرچی بیرەوەریی و ژیانی کەسە، بەهاهەگرن، بۆیە دەبێ

بەچاوی ڕەخنەوە سەیریان بکرێت. ئەگەر گرانەوەی ووداوێک بێت کە نووسەر خۆی لە ناو ووداوەکەدا نەبووبێت و لە خانەی کەسی سێیەمدا بێت، پێویستە لەزاری کەسی یەکەم واتە ئەوانەوە بیانگێڕێتەوە کە خۆیان بەشدار بووین. پێویستە گرنگی بە دروستی و ڕاستگۆیی و گێشتن بە ڕاستیی بدات. گرانەوەی کەسی دووەم، کەسێک کە خۆی لە کەسی یەکەمەوە ڕاستەوخۆ بیستوویەتی گرنگی دووبارە هەیە، بەڵام دەبە بەچاوی ڕەخنە وەربگیرێت. پێویستە نووسەر پێنا بە گوتن و دیدە جیاوازەکان لەسەر ووداوەکاندا ببات تاکو بتوانێت وێنەیەکی گونجاو لەسەر ووداوەکاندا بداتە دەست وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆیکرد. چونکە دەکرێ گرانەوەکان بەهەی بەرژەوەندیی جیاوازەکان جودا و دژبەیەک بن. بۆئەگەری زۆر دەکرێ باشترین گرانەوە لایەن ئەو کەسە بەشدارانەی کە هیچ بەرژەوەندیەکیان نییە و ڕاستگۆیان لاگرنگە بەدەست بهێندرێت. لەمبارەدا لەکاتیکدا نووسەر هەوڵی گێشتن بەڕاستیی ووداوەکان لە دیدی جیاوازەوە دەدات، جارێکە لە بەدەکومەنتکردنی ووداوێک کە ئەویش گرانەوەی بەڵایەنە لە دیدی جیاوازەوە سەبارەت بە ووداوێک. لەم بەشانەدا بیرەوەریی وەکو دەقێکی دەکومەنتاریی وایە، کە بەڵایەنی لە نووسەر دەخوازن و نووسەر هەوڵدات بەڵایەنانە تیشک بخاتەسەر ووداوێک. وەکو دەقی دەکومەنتاریی ئەوە دەخاتەوو کە کەسانی بەشداربوو دیویانە یا دیگرانەوە لە دیدی جیاوازەوە، وە نووسەراو و دەکومەنتکان دەخاتەوو، کە مەرج نییە کردنەوەی هەموو گرێکوڕکان بن.

هەندە لایەنی دیکە کە لەبیرەوەرییدا گرنگیان هەیە و گرانەوە بەهەزدەکەن، وەکو سەرچاوەکان ئاماژەی بە دەکەن هەوڵدانە بە کەنکریتیبوون لە گرانەوەی بابەت یا ووداوی تایبەتدا، گرنگە دوورکەوتنەوە لەووداو بەوریاییەوە ئەنجام بدرێت و گرانەوە بە گرانەوە ئاسان و بگرە بێت. واتە لەمبارانەی نووسەر ناچارە لە بابەتێکی پێویستدار بدوێت و بگەڕێتەوە دواوە یا پێش ووداو بکەوێت، گرانەوەی بە چەقی بابەتەکە ڕەکخراوانە و بگرە بێت، بەجۆرێک خوێنەر تووشی سەرلێشێوان و بەلادابردن نەکات.
لەگرانەوەی ووداودا کە پێوەندی بە مێژووی سیاسیەوە یا کەمگرەوە هەیە، نووسینی ناوی کەسەکان و شوێنەکان، ژمارەی تەواو و ڕەکەوتەکان گرنگن، کە گرانەوە بەهەز دەکەن، وە خوێنەر دەتوانێ وێنەیەکی گونجاوتر سەبارەت بە ووداوەکە لەلایەنی قەوارە و کات و شوێنەوە بێنتەبەرچاو. بەگومان ئەوە کارێکی ئاسان نییە و بکەشە نییە، لەبارەکدا ناوهێنانی کەسەکان دەکرێ کەشە بهێننە ئاراوە. لەبارەکدا نووسەر لەبەر هەر هەکارێک لەسەر ناوەکان

بازدات، ئەوا بەگومان خوێنەر لەلایەنکی گرنگ بەبەش دەکات، جگەلەوەی وەکو پێنادانی ڕاستییەکان دەکرێ سەیری بکرێت. ئەوەش بیرۆکەیەکی لاواز دەکات.

وەکو سەرچاوەکان ئاماژەی بەدەکەن لە نووسینەوەی بیرۆکەیدا گرنگێ هەبێزاردنی چەنایەتی هەبن و درێژدادەی بە ناوەڕۆک و کردار بەلاوە بندرێت. لە بیرۆکەی خوددا دروستە گرنگی بەو لایەنانە بدرێت کە لە ژیانی کەسدا واتای گرنگیان هەیە، دەکرێ خۆشی و ناخۆشی بن، دانپێنانی تاێبن یا شانازی بن. لە نووسینەوەی بیرۆکەیدا سەرەتا و کۆتایی هەیە، نووسەر بە پێی دەزووکی سوور هەنگاو بەرەو سەروو دەنێت و ڕەحەت دەچێتەپێش، بەمجۆرە وەکو نووسینەوەی ڕۆمان وایە، بەڵام ڕۆمان نییە و وەکو گوترا دەکرێ لەمیانەی گۆڕانەوەکاندا هەوڵی بەدەکومێنتکردنیش هەبێت. ڕۆیشتنی پێبەپێ و گرتنی ڕێچکەی دیار پێویستن کەوادەکەن خوێنەر بزانێ لە کوێیە و سەری لە نەشێوێت. دیارە نووسەر هەیە پابەندی ئەو بارە نابە یاری لەگەڵ کات و گۆڕانەوەکان دەکات، ناڕوونی لە تێکستدا درووست دەکات دیارە بەمەبەستی سەرنجڕاکێشان و دروستکردنی کتوپڕیی، لەمبارەدا بیرۆکەیی تاڕادەیەک هەندێ لە تایبەتمەندیەکانی ڕۆمان دەگرێتەخۆی. هەروەها وەکو سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کەوا گرنگێ نووسەر هەوە بەدات شێوازی تایبەت بەخۆی بەدەستبهێنێ و هەیبێ، خۆی جیاکاتەوە لە شێوازی نووسەرانی دیکە، هەوەدات لەگەڵ گوزارشتی هەست، ڕەنگ و دەنگ گیان بەبەر وشەکاندا بکات و سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێ. لەکوردەواریدا بەکارهێنانی وشە و چەمکی تایبەت، دەستەواژە و گۆتە و دەربڕینی ناوچەیی، پەند و قسەی نەستەق لە شوێنی پێویستدا هتد، هەمووی دەکرێ شێوازی تایبەت دروستکەن و گۆڕانەوە بەچێژ و سەرنجڕاکێش بکەن.
بەکورتی نووسینەوەی بیرۆکەیی بە سەدەکانی دوای زایین دەگوتەوە، لەگەڵ تێپەڕبوونی ئیپەکەکاندا گۆشەیکەردووە و هەریزەنتی بەرفراوانتر بووە. لەسەردەمی ڕۆشنگەریدا گۆشەی چەنایەتی بەخۆیەوەی بینی، بەڕادەیەک کەوتەبەر ڕەخنەی بابەتیانەی تاوتوێکراو، چون بیرۆکەیی بەهاهەڵگرێ و دیدی کەسێک بەاودەکاتەوە کە دەکرێ لەگەڵ ڕاستیی و دروستیی ڕووداودا تێبا نەبێت، هەروەها توانای لەگەیاندنی واقیعیی ڕووداوەکاندا سنوردارە. بەڕادەیەک بیرۆکەیی واتای خۆی بە مرۆڤ و کۆمەڵگە هەرچەنیبە پاراست. لەدیدی سەردەمیانەی ئێستاماندا نووسەر خۆی بەیاردەرلەوەی چ ڕووداوێک بەخۆی دەدات، هەروەها گرنگیی تایبەت بە چ بوارەکی ژیان دەدات. بەگومان بیرۆکەیی خود یا مەژووی ژیان بە ئاشناکردنمان بەڕابردوو گرنگن،

وەکو وەڵامی گەلێ پرسیاری بوونەاممان دەکرێ دەستکەوت و جۆرێک لە بەیەکگەیشتنەوە لەنێوان ئێستا و ئایندوو لە هەست و هزرماندا بەدەستبهێنین. دەکرێ تەبایی یا ناتەبایی لەگەڵ گەڵانەوکانی بیرۆڕیدا هەبن، هەروەها ئاساییە گۆڕانەوە هەموو زانیارییکان نەگرێتەخۆی. لەگەڵ ئەوەی نووسەر خۆی بەیاردەر لەوەی چۆن دەیەوێ ووداوکان بە خوێنەر یاداشت بکات، مەرج و داواکاریی تەواوەتی لە گەڵانەوەی بەڵایەندا هەن، چونکە لەڵایەن خوێنەرەوە چاوەڕوانی ئاستگەیی و دروستیی لە گەڵانەوەی بەسەرهاتکان لە نووسەر دەکرێت. گەڵانەوەی بەسەرهاتکانی ئایندوو، زیندکردنەوەی بەسەرهاتکانی ئایندووە، وە بەپێی دید و تێگەیشتنی ئێستامان ژیانی دەخەینەوە بەر. بەیە بەڵایەنی لە گەڵانەوەدا بەواتای هەوڵدان لە خەڵەربازکردن لە هەست، بار و مەرک و بەرژەوەندییەکان لە گەیاندنی گەڵانەوەدا سەختێ.

بیرکەوتنەوەی ووداوکانی ئایندوو هەمیشە بەڕووەوی چەند بەربەستێک دەبنەوە وەکو تەمەنی بەسەرچووی ووداو، لەبیرکردنی هەندێ یا کەمێک لە پەزڵەکانی ووداو، بێئاگایی لەبەشێک یا هەندێک لە لایەنکانی ووداو، نەبوونی زانیاریی تەواو، هەروەها ئێگەرەکانی شێواندنی بێئاگا یا بێئاگا کراوەن. ئێگەر گەڵانەوە نەتواندرێت بسەڵمێندرێت، واتە گوزارشتی ووداو لەلایەن کەسانی دیکەوە پێنج نەخەنەسەر هەمان ناوەڕۆک و ئەنجام، ئەوا ئەمە نازانین گەڵانەوەکە تاچەند لە حەقیقەت و ڕاستیی ووداوکانەوە نزیکە یا دوورە. وەکو گەڵانەوە مێژوویەکان کە لەسەردەمکی تایبەت دەدوێن و تاکوتەنهان دەچنە ئەم چوارچێوەیە. لەمێژووی نوێدا سەڵماندنی بوون و ئەنجامی ووداوکان پێویستیان بەجۆرێک لەپشتڕاستکردنەوە هەیە، تاکو بتواندرێ پشتیان پێببەسترێت. دیارە بەهەی زەربوونی گۆڕانەوە لەبەتەی بیرۆڕیی یا مێژووی ژیاندا، بەیەکچواندن و بەراوردکردنی دەقەکان سەبارەت بە ئێگەری بوون و ڕاستیی ووداوکان ئاسانترە وەک لە پێشوو.

شاخەوان شێش
١١/٣/٢٠٢١

پەراوێزکان:

Bøger_Kunst (artsentertainment.cc)
selvbiografi | lex.dk – Den Store Danske

Erindring – Betydning og hvordan man skriver en erindring (dagens.dk)
objektivitet | lex.dk – Den Store Danske
En guide til erindringen (videnskab.dk)
Leksikon for det 21. århundrede
Hvad er kritisk rationalisme? (videnskab.dk)
Dokumentar | Grundbog til medier i dansk (systime.dk)
Dokumentarfilm – Wikipedia, den frie encyklopædi

لە بارەی ئەزموونی شیعرییەوە.. ستیڤان شەمزینی

شاعیرەکان لە دایک دەبن، بەڵام هەرگیز نامرن

هەرچەند بە پەویستی نازانم، کەچی ئەنگەزێیەک لە ناوەوە پاڵم پێوە دەنێت شتێک لە بارەی ئەزموونی خەمەوە بخەمە بەر دیدی خوێنەران. لە راگەیاندنەکان کەمترین گرنگیان بە بەرهەمەکانم داوە، بەڵام ئەمە هیچ کاریگەرییەکی ئەوتەی نەکردۆتە سەرم، بایخ پێنەدان و ئاوڕنەدانەوە لە دەق و کتێبەکانم بەڵگەی بە کەڵکی بەرهەمەکانم نین بە قەدەر ئەوەی نیشانەیە بە مانەپەڕکردنی کایەی ڕەخنەیی و میدیایی لەلایەن پەڕە ڕەشنبیری و حزبییەکانەوە، بۆ هەیەی نە حزبیم، نە حەواسی ئەوەم هەیە بچمە تەکەتولە ڕەشنبیرییەکانەوە، هەمیشە لە پەراوێزکەوە ئاوازی خەم دەژەنم. بیرمە چەند ساڵێک بەر لە ئێستا لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا گووتم "من ڕۆژنامەوانێکی جیدیم لە زەمانێکی ناجیدیدا". ڕەنگە پاش ساڵانێک، ئەو مافە بەخەم بدەم، بەڵام لە ڕۆژنامەوانێک زیاترم، جا بە ئەوەی بزانم چیم، دەبێت سەرلەبەر لە ئەزموونی خەم بەوانم، هەرچەند جارە ئەو دەرفەتەم بە نەبەخساوە.

ئەوەی ئامانجمە لێرەدا، باسی شیعر نییە بە ئەبستراکتی، یان پێشکەشکردنی چەند تیەرییەک نییە لە هەمبەر شیعر، ناشخوازم بچمە ناو پێناسە خودییەکانم بە چەمکی شیعر و شیعرییەت. ئەو هەڵدەگرم

بە کاتێکی تر. دەمەوێت لە بارەی ئەزموونی خەمەوە هەوەستێ بکەم. دەربارەی ئەزموونی خەم بدوەم بەشێوەیەکی کورت و خێرا. ئەگەرچی لە سەرەتای لاویيەوە ئەکتیڤستێکی کەمەڵایەتی و جەماوەریی و کادری حزبێکی چەپ بووم، بەڵام هەمیشە و زیاتر لە هەر شتێک بە خوێندنەوە سەرقاڵ بووم، پاشتر و دوای ئەزموونێکی زۆری خوێندنەوە و تێڕامان لە دنیا بەیارمەدا بنووسم. یەکەمین نووسینەکانی من بە وتار و ریپۆرتاژی رۆژنامەوانی دەستیان پێکرد، بە ئەوەی نکۆڵی لەوە بکەم لە تەمەنی دە ساڵاندا شیعری کێش و سەرواداری سادەم دەنووسی، ئەوانە هیچ کات بڵاونەکرانەوە و بە ساوایی ژیانیان لە دەستدا. لە بواری کاری رۆژنامەوانیدا ساڵانێکی زۆرم بەسەر برد و ماوەی یانزە ساڵیش وەک سەرنووسەری چەندین گۆڤار و رۆژنامە کارم کرد، ئەمەش بەشایەکی گەورەی خستە نێوان من و کاری ئەدەبییەوە.

گەڕانەوەم بە لای ئەدەب، یان جیهانە راستەقینەکەی خەم، زیاتر لەو کاتەوە دەستپەدەکات تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووم، لەگەڵ ئەوەی بە پرسەیەکی سەختی چارەسەرکردندا تێپەڕیم "بە ئەستاشەوە هەر بەردەوامم لە چارەسەرکردن"، بەڵام دوورکەوتنەوەم لە کاری رۆژنامەوانی ئەو دەرفەتەی خستە بەردەستم، بتوانم لە کایەی ئەدەبییدا بە نووسینی شیعر قەناغێکی تر یان سەردەمێکی تازە لە ژیانی رۆشنبیریی و نووسین دەستپێبکەم. نووسین بە من لە هەر شتێکی تر زیاتر بایەخی هەبووە، هەبەتە خوێندنەوە لە نووسین زیاتر گرنگی و حزوری هەبووە لام. جارێکیان لێیان پرسیم بۆچی دەژیت؟!. ئەوەی چاوەڕێ نەبوون ئەم بەرسڤە بوو: "دایکم بە ئەوە پەروەردەی نەکردم لە غەریبیدا ون بم، باوکیشم بە ئەوە گەورەی نەکردم لە دەرەوەی نیشتمان ببمە کرێکارێکی بەدەنگی دەستی کاپیتالیزم. من بە ئەوە پەروەردە و گەورە بووم بنووسم".

زۆجار ئەو هەستەم بە دروست دەبەت، وەک "ژاک دریدا" پێداگریی لەسەر دەکرد بەوەی هەموو شتێک گووتراوە. لەبەر خەمەوە دەمگووت شتێکی تازە نەماوە بینووسم!!. زۆرجاریش دەنەوایيم لە "بلانشە"وە وەردەگرت بە جێختکردنەوەی لەسەر ئەوەی دەبەت شتە گووتراوەکان بە فەرمی جیا جیا بڵێنەوە. لەم سەنگەوە وەی فەرم و سێبکێکی شیعریی بووم تایبەت بەت بەخەم، نازانم چەند سەرکەوتوو بووم لەمەدا، بەڵام هەموو هەوڵی خەم لەمەدا چە کردەوە. هیچ نەبەت بە فەرمێکی کوردانەی تایبەت بنووسم. بەشێوەیەک پێنکردنم لەسەر رێبازێکی ئەدەبی دیاریکراو ئەرکێکی قورس بەت. لەمەدا دەبوو ئەدەبی کلاسیکی

کوردیی تا ئەندازەیەکی باش وەلانەم، نەک لە بەرئەوەی کەن بووە، بەپێچەوانەوە لەو بڕوایەدام نووگڕیی هەمیشە قاچکی لەناو کەندایە، بەکو بۆ هەیەی شیعری کلاسیکی ئەمە سەر بە کولتووری عەرەبییە، زۆرینەی شاعیرانی کلاسیک جگە لە موفرەدات، تەنانەت کەشی عەرەوزی عەرەبیان بەکارهێناوە. لە پاشخانی ڕەشنبیریی ئەمە تەنە شیعرە، داخەکەم بە ئەوەی شیعرێکی تەواو کوردیی بنووسیت، جگە لە باباتاهیری عوریان و خانی ناتوانیت کەک لە هیچ شاعیرێکی تر وەربگریت تا دەگاتە سەردەمی "گۆران".

تازەکی تر دەگەڕەوە دواوە بۆ ئەوەی لە باسی ئەزموونی تایبەتی خۆم دوور نەکەومەوە، هەرچەند لە گەنجیدا چالاکوانێکی مارکسیست بووم، چەپڕەوێکی مکتەبی بووم، ئەمەش هیچ کات نەبووە هەکاری ئەوەی پاسیف بم لە بواری کاری مەیدانی و جەماوەریدا، لەگەڵ ئەوەی مارکسیزم، فەلسەفە و ڕەبازێکی هیوابەخشە، ئەمە بە حوکمی ئەو فەزا و هەلومەرجە کەوتبوونە ژێر ڕەشبینییەکی سەیرەوە، کە لە گروپی "ڕەهەند"ەوە هەژموونی کردبوو بەسەر ئەمەی چەپڕەویشدا. کەم نەبوون ئەو گەنجانەی خەیان کوشت یان بیریان لەخەکوشتن دەکردەوە، لە باشترین حاڵەدا نیشتمانیان کردە جانتای سەفەرەوە و بڕاو هەندەران ملی کەچکی نادیاریان گرتە بەر. وەک شەخسی خۆم، چەندان جار ختووڕەی خەکوشتن بەناو مەشکمدا گوزەری دەکرد، بەتایبەت دوای ئەو تەکشکانە مەزنەی حزبی کۆمەنیستی کرێکاری لە ساڵی 2000دا، کە بەهەی پەلاماردانی میلیشیاکانی یەکێتییەوە ڕوویدا، ئەوەی پەشیمانی دەکردمەوە نووسین بوو، لە لە سەرەتای پرسەی نووسیندا بووم، بەڵام ئەوە هیوای دەدامە، ئەگەر ئەو تەکشکانە ئەستاکە بوایە کە خاوەنی چەندان کتەبی چاپکراوم، بە دوودڵی خەکوژیم دەکرد، چون ئیدی نووسینیش وەک هیوایەک خەی نیشان نەدەدا، لەبەرئەوەی ئەودەم لە سەرەتادا بووم، دەبوو بگەمە ئەمەڵ، ئەو هیوایە زیندوو رایگرتم.

لەم ساتەدا وتەیەکی "سلاڤی ژیژەک" وەک بروسکە بە مەشکمدا تەدەپڕێت: "نووسین ژیانی ڕزگار کردم، سانایەکی زۆر لەمەوبەر بەهەی کەشەی تایبەتی عەشقەوە، بە ماوەی دوو هەفتە لە دەخی خەکوشتندا بووم، بە خۆم دەگووت: دەتوانم خۆم بکوژم، بەڵام دەقەکم هەیە دەبێت تەواوی بکەم، سەرەتا تەواوی دەکەم دواتر خۆم دەکوژم!، پاشتر دەقەکی تریش دروستبوو، ئیتر بۆ جارە بەردەوام بووم، ئەوەتا هەشتا هەم". هەر لە راستیدا خەکوشتن زیاتر پیشەی نووسەرانە، ئەوسا بیرم لە خەکوشتن دەکردەوە!!، هەندە هاوڕێیان

دڵگووتم تۆ ڕۆشنبیریت چۆن ئەو کارە دەکەیت؟ لە کەمترین بەوام بەو قسەیان هەبوو سەبارەت بە ڕۆشنبیربوونم، هاوکات دەیترساندم، چون خەکوشتن لە ناو ڕۆشنبیراندا بەرچاوترە وەک لە ڕۆشکەکان، بەو پێیەی ڕاددەی هۆشیاریی و هەستیاریان بەرزترە. ئەی کەواتە چۆن خۆم نەکوشت؟. وەک وتم لەبەرئەوەی چەند پێژەیەکی نووسینم لە ئێجیندا دانابوو. نووسینە ڕۆژنامەوانییەکانم لە خەکوشتن رزگاریان کردم. ئەی شیعر چی کرد؟. شیعر دنیای لا شیرینتر کردم، بە تایبەت لە هەنووکەدا بەدەم ناڵین و ئازاری شەرپەنجەوە تەکستە شیعرییەکانم بە ژن و ژیان دەنووسم.

لە دیتنی منداڵ، وەزیفەی شیعر گۆڕانەوەی مرۆڤ بە ڕەسەنایەتی خۆی، ئەگەرچی شیعرەکانم پەیوەندیی بەهەزیان بە نیشتمانەوە هەیە "بە ئەنگەزەی ناسیۆنالیستی"، لەگەڵ ئەمەشدا خۆشەویستی پانتاییەکی فراوانی لە دەقەکانمدا داگیرکردووە. لە ڕۆژی ڤالانتاینی 2002دا لە دیدارێکدا "ڕەسوڵ هەمزاتۆف"ی شاعیری داغستانی، پێداگریی لەوە دەکات خۆشەویستی ئیلهامدەر و ژێدەری لە دایکبوونی شیعرە. زیاتر لەمەش دەڵێت "شیعر بەبێ خۆشەویستی هیچ واتایەک ناگەیەنێت". ئەمەش دووپاتکردنەوەی هەمان وتەکەی بوو لە یادی سەد ساڵەی فەرمانگەی تەلەفۆناتی وڵاتەکەیدا "شاعیرەکان یەکەمین پسپۆر بوون، ئەوان دڵی مرۆڤەکان پێکەوە دەبەستن". خۆشەویستی بۆشاوەی گشتیی، خۆشەویستی نەوان هەردوو ڕەگەز بە تایبەت، بە من ماتریاڵێکی شیعریی بووە، وەک خولگەیەک کەی بەرهەمەکانم بە دەوری ئەو پرسەدا دەسووڕێنەوە.

بەدەر لەمە شیعر لە قووڵایی ڕۆح و هەستمدا وەک وزەیەکی نادیار هەبووە، لەو کاتانەشی خۆم تێرخانکردبوو بە کاری ڕۆژنامەوانی لە هەندێک وتاردا شاعیرانە قسەم کردووە، تەنانەت جارێک وتارێکی سیاسییم بە زمانێکی شیعریی نووسی، پاشتر زانیم ئەمە شیعرێ نێک وتاری ڕۆژنامەوانی، نە توانیم وەک شیعر، نە وەک وتار بڕاوی بکەمەوە. ئێستاش ساڵی 1998م بیرە، منداڵێکی هەشت نە ساڵەی لاوازی چاو بە قوڵدا چوو، دەنگی گریاناویی ڕزایە ناو گوێیەکانم، لەبەردەم پیاوگەلێکی زەردا بە کوڵ دەگریا، بە سینیەکەی لا کەمەرییەوە واقی وڕمابوو لە تاڵیتی ئەو هەموو ترزیەی دەبوو بیانفرۆشێت، تاکو بتوانێت مشتێ پارەی ئاسن دەست بخات بە کەینی نیو کیلۆ ئارد و بیباتەوە بە ماڵەوە. ئەو دیمەنە هەستی بزواندم، ئاگری لە هەناوم بەردا. لەی چوومە پێش، پێم وت ترزیەکم بە قاش بکە ئەگەر تاڵ نەبوو، هەموو ترزیەی تاڵکانی تریش کە فڕێتداون

بە هەمان نرخ لەت دەکەموە، ترێزیەکی بە قاش کردم، تێزەک ترش و خوێی کرد بەسەردا، شانسی هێنا ئەمیان تا نەبوو، نەمدەویست فڕی سواکردنی بکەم، بەڵام بەو فڕێ هەموو ترێزیە تاڵەکانم بە نرخێکی شیرین و گۆشانەوەی دەموچاوی منا ڵەکە کەی، دەستم کرد بە گیرفانمدا چوار پێنج دینار ئاسنم پێدا. ئەو سوپاسی کردم و ڕۆشت، نەیزانی ئەویش شتێکی زۆر گرانبەهای بە من بەخشی کە شیعر بوو، ئەوە یەکەمجار بوو دوای ئەو شیعرە وەزن و قافیەدارانەی لە منداڵیدا نوسیبوومن، خولیای شیعرنووسینم بە بگرەتەوە، لە شیعرێک لە دایک بوو، هەروەک وتم بە هەی ونبوونم لە کاری جەماوەریی و ڕۆژنامەوانیدا نەبووە هەی بەردەوامی زیاتر. ئەمش ئەزموونی دووەمی شیعرنووسینم بوو.

ئەزموونی سێهەمم لە ڕۆژی 18ی شوباتی 2011ەوە دەست پێدەکات. ڕووداوەکانی ڕۆژی حەقدەی شوباتی سڵەمانی زۆر کاریگەریی گەورەی لەسەر هەست و دەروونم جێهێشت، بۆیە لەو ڕۆژەدا شیعرێکم نووسی "لە کەمەڵەی شیعری سەناتای خۆشەویستیدا چاپ بووە". ئەوەش بووە هەی ئەوەی وردە وردە بگەڕێمەوە ناو جیهانە ڕاستەقینەکەی خۆم، وەلە ئەو شیعرە بەاوکرایەوە، بەڵام چەند بارە بەهەی خۆ تەرخانکردنم بە کاری ڕۆژنامەوانی بوارم نەبوو بە تەواوەتی خۆم بە شیعرنووسین یەکلایی بکەمەوە. جیاوازیی ئەم قۆناغە لەگەڵ ئەوانی پێشوو لەوەدابوو شیعرەکانم پاراست و زۆریان لە چوار کەمەڵەی شیعرییەکەی پێشوومدا چاپ بوون، "بەم نزیکانە لە نیسانی 2021 کەمەڵەی پێنجەمی شیعرەکانم دەکەونە بەر دیدی خوێنەر" هەندێکیشیان هەر ماون، لە دیدی خۆمدا لەوە لاوازترن بخرێنە بەر چاوی خوێنەر. لەگەڵ تووشبوونم بە نەخۆشی شێرپەنجە، وردە وردەش دووركەوتنەوەم لە کاری ڕۆژنامەوانی بواری ئەوەم بە ڕەخسا زۆرتر لەگەڵ شیعر بژیم. هەروەک هاوڕێیەک تێبینی کردووە، من تاکە شاعیرم لە منداڵدانی ڕۆژنامەوانییەوە هاتبێتمە دەرەوە، هەمیشە کردەکە پێچەوانە بووە، ڕەنگە ئەو تایبەتمەندییە زمانییەی منیش سەری لەو نهێنییەوە دەربچێت.

هەر بە دەستی ئەنقەستیش ناچمە سەر شەقامی هیچ ڕەبازێکی ئەدەبی، هەرچەند زۆرتر بە زمانی بێگانە دەخوێنمەوە، کەم تا زۆر ئاگاداری قوتابخانەکانی شیعرنووسینی خۆرئاوایی هەم، نامەوێت بکەومە حاڵەتی کۆپیکردن، بەڵکو گۆڕکەم سەبکی شیعریم تەواو کوردیی بێ، مەگەر هەموو داهێنانی "گۆران" لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا گەیانەوە نەبوو بە کۆشی پێنجەی کوردیی لە بەری ئەو عەرووزە بڕەگەز

عەرەبییەی فەراهیدی دایهێنابوو؟. دەتەوێ بیرم جارێکیان خانمە نووسەرێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرسیاری ئەوەی لێکردم ئاگاداری دنیای ئەدەبی دەرەوەی کورد هەم؟. چون بە قسەی ئەو، شیعرەکانم بە ئەندازەیەک کوردین وەک ئەوەی هیچ بەرهەمێکی بیانیی کاریگەریی بەسەرمەوە نەبێت!!. ئەم پرسیارە ئاگرچی بە زمانێکی ڕووشنەر بوو، کەچی خۆشحاڵیی پێبەخشیم، بەوەی خوێندنەوە و کاریگەربوونم بە ئەدەبی خۆرئاوایی و غەیرە کوردی، نەیتوانیوە وا بکەن شیعرەکانم مەرکی کوردەواری خۆیان لە دەستبدەن و وەک لاسایکەرەوە دەربکەوم. ئاخر تە ئاگەر کاریگەر بوونت بە "فروغ" ئەوە بێت، کەپی خۆیان و فەرمی ئەو بکەیت، منی خوێنەر خودی "فروغ"م لەبەردەستە بە خوێندنەوە. ناچارنیم کەپی بخوێنمەوە، مادام ئەرگیناڵەکەی بە ئاسانی پەیدا دەبێت.

بابەتێکی تر دەموەت ڕوونکردنەوەی لە بارەوە بدەم، تایبەت بە کتێبی شیعریی "سەناتای خۆشەویستی" و کەی کتێبە شیعرییەکانی پێشووشم. ئەویش دووبارەبوونەوەی چەند وشەیەکە، ئەم دووپاتبوونەوەیە هەژاریی زمان و فەرهەنگی وشە نییە، هەندەی ئەوەی مەغزای تری لە پشتە، یەکێک لەوانە جەختکردنەوەیە لەسەر بایەخی ئەو وشانە!. لێرەدا دەتوانین نموونەی هەردوو وشەی "دڵ و ڕۆح" وەربگرین وەک لە زۆرێک لە تێکستەکاندا چەندبارە بوونەتەوە. ڕۆح لێرەدا هەمان ئەو ڕۆحە نییە لە دیدی ئاینییەوە ئەنالیز کراوە، بەڵکو مەجازە و هەمان ئەو مەشکەیە سەرکردایەتی جەستە دەکات ئەمەش لە ژێر کاریگەریی ئەفلاتەنیزمدا شکڵی گرتووە. دڵ لە دەقەکاندا دەڵێی سیمبولییە، نەک ئەو ئەندامەی لەش کە دەکەوێتە بەشی چەپی ژێر قەفەزەی سینگ. بەڵکو ئەو وزە چالاکییە بەرپرسە لە هەستە مرۆییەکانمان، دەتوانم بڵێم هەمان ئەو ئەنرژییە پۆزەتیڤییە زانستی نوێ زۆرترین جەختی لە دەکاتەوە.

لە کۆتایشدا دەخوازم ئەوە بڵێم، زۆرترین دەقە شیعرییەکانی ناو هەر چوار بەرهەمە چاپکراوەکەم "1000 لاپەڕەن" لە نەخۆشخانە نووسراون، پشووە ئازاراویەکانم خەمم بە خوێندنەوە و نووسین قەستەتەوە. نیتچە هەمیشە دەیووت "کاتێک پشوو دەدەم دەست بە کتێبێک دەبەم". منیش بەهەمان شێوە لە پشووی نێوان چارەسەرەکاندا دەخوێنمەوە، کاتی خۆتنم قاڵس دەکەم بە شیعرنووسین، شیعرگەلێک ئاگرچی پەنکردنیان دژوارە بڕەام لە کن خەم نازناوی شیعریان پەدراوە. جیاواز لەمەش هەموو زێرینەی ئەو دەقانەی گێشتوونەتە خوێنەر لەناو نەتی هاندییەکەم یان لەسەر کاغەز نووسراون، تەنانەت

ئەم نووسینە ناپەویستەش هەر لەناو نەتی مۆبایلەکەمدا تایپ دەکەم، شاعیرێک نیم لەو فەزایەدا بژیم بە فەزای شاعیرانە ناسراوە، بیرکردنەوەکانم ئاگەر تاو و کورت نەفەسیش بن، نابێت ئەوەمان لە یاد بچێت مرۆڤ لەم کاتانەدا هەندێ بە ئارامی و سەقامگیریی بایەلۆژیی دەگەڵێت، کەمتر بیری بە لای ئارامییە رۆحییەکانی خۆیدا دەچێت. جگە لەوەش هیچ کات پەداچوونەوە و پاکنووسێک بە دەقەکانم ناکەم، چونکە خەم مۆبەستم بووە چۆن لە دایک بوون، بەهەمان شێوەی سروشتی خۆیان بگەنە خوێنەر. تەنیا هەندە هەڵەی رێزمانی و ئیملایی چاک دەکەم ئەویش هەر خەم ئەم کارەم دەگرمە ئەستۆ، بۆیە لە بارەی هەڵەی چاپەوە داوای لێبوردن دەکەم، نەدەکرا لەبەر نەبوونی هەڵەبڕێک تا یارمەتیمان بدات، بەرهەمەکانم بە چاپ دوابخەم. ئەوەی ماوەتەوە بیڵێم، ئەمە توانای راستەقینەی ئەدەبی من نییە، بەڵام کە دەڵێت ئەم نەخشییە یەخمەکان بەر دەدات تاوەکو توانا شاراوەکانم بخەمە گەڕ؟ گرنگتی نییە، هەر لەم روانگەوە کتێبەکانم دەخەمە بەر دیدی خوێنەران.

ئازاری 2021

کام بەرهەم هێنە دەستی کرێکارو جوتیاری پێوە دیار نەبێت؟.. تاهیری حاجی حەسەن

زەرجار وادێتە پێش دیدەمان،کە ئەوەی ژیان هەدەسوێنێت و هێکی دەخات،حکومەت و دەوڵەتکەکان،نەک ئەوانەی هەژانە بەشدارن و کاردەکەن لە بەرهەمهێنانی پەداویستیە هەژانییەکانی کەمەگەکاندا. هەر ساتەی مرۆڤ بێک ورد ببێتەوە لەهەر بستێکی چواردەوری خۆی،هەرساتەی دەست دەبات بە پارویەک نان خواردن،هەر ساتەی دەست دەبێت بە پۆشاکێک بیپۆشیت،هەرساتەی دەست دەبێت بە شامپۆیەک بە فڕچەیەکی دان شتن بە هەویری دان شتن بە ئەو پلاکەی گەپەکەی پە ونەاک دەکەینەوە، بە ئەو دوش و سەرئاوەی بەکاری دەهێنین، بە،،،،،هەهەرساتەی بەسەر هەگەکاندا هەنگاو

هەدەگرین، هەرساتەی ماشین و فۆکۆو کەشتی و شەندەفەر بەکار دەهێنین، هەرساتەی، خۆوخاشاکی پاشماوەکانمان دەبەین تافڕێی بدەینە شوێنی تایبەتەوە، لەو ساتەدا، ڕێی تەدەچێت، شوێن دەستی کرێکاران و جوتیاران نەبینین؟ کەواتە، بەڕاستی ژیان هەڕسوێنەرانی واقعی کێن؟ ئاخە تەنها ئەو چینە بەرهەمهێنەرە نین؟ ئاخە گەر ئەوان تەنها بەشێک لەکارکانیان ڕاوەستن، ژیان و هەڕسوێان تووشی نوشستی نابێت؟ کەواتە ئەوەی زیندووەتی و جوانی و مانا بەژیان دەبەخشێت، چینە بەرهەمهێنەرکانن یان ئەوانەی دەسەڵاتدارو فەرمانکارن؟ ئاخە کرێکاران و جوتیاران زەرینە نین لەهەر کۆمەڵگەیەکدا؟ ئاخە، تۆزی دەسەڵاتداران و تۆزی ڕابەرانی ئاینەکان و تۆزی سیاسیەکان و ڕۆشنبیران و بیرمەندان و فەیلەسوفان ، هونەرمەندان و ئەدیبان، گەر هەمویشیان کەبکرێتەوە، ئەوانە دەتوانن ژیان هەڕسوێنن گەر کرێکاران و جوتیاران نەبن؟ کەواتە، کام بەش لەکۆمەڵگەدا زیادەیە، چینی بەرهەمهێنەران، یان ئەو چینە مشەخۆرەی کۆمایەتیەک پێک دێنن!؟

دەسەڵات، گەر بەخێی پێکهاتەکەی لەسەر دزینی بەری ڕەنج و ماندوبونی چینەچەوساوەکان و بەرەودان بەچەوساندنەوەی چینایەتی نەبوایە، ئەوکات، شێکردن لەساری پێویستیەک نەدەبو، گەر مانای دەسەڵات، ئەو خەباتە کورانیە نەبێت، چۆن ڕێی تەدەچێت خیانەت و گەندەڵی و کۆمەڵگە فرەشی و دەست بەسەر سامانی گشتیدا بڕەوی پەیدا بکرێت!، گەر دزین بەمانای خێی بەرهەمی بونی ئەو چینوتۆژە کۆمایەتیە نەبوایە، ئەوکات شتێک نەدەبو بەمانای وشەی دزی، شتێک نەدەبو بەمانای چەوساندنەوەی ژن و چەوساندنەوەی هەژار کراوانەوە. چونکە، کاتێک بەری ڕەنجی کرێکاران لەلایەن خاوەنانی سەرمایەو ئەوانەی ئامرازەکانی بژێویان لەژێر هەژمونی تاک و تاکی ڕەوتی خێیان ناوە، نەدزرایە، ئەوکات، شتێک بونی نەدەبو بەناوی دەوڵەمەندی و هەژاریەوە!

ئاخر با بەڕێک ورد ببینەوە، لەوساتەوەی کاری جەستەی و کاری فیکری لەیەکتر دابڕێنران، ئیتر لەو ساتەیشەوە، خاوەندارێتی تایبەت و خوداو پێیامهێنەرو چینی ئەریستەکرات و چینی خاوەن کێلەو سەردارو ئاغاو شێخ و دەرەبەگ و سەرمایەدارو پاپاو حاخام و مەلاو فیرعەونیش کرانە پێویستی و شوێنکی تایبەت بەخێیان بە دیاری کرا، یانی ئەو شوێنەی ناویان لێنا، دیوەخان و پەرستگاو حکومەت و دەوڵەت، ئەوان بونە سەردارو زەرینکێیشیان کرد بەکێلەی ژێر دەستی خێیان. بە؟ ڕەوایەتیەکەی لەکوێدایە، گەر بەڕاستی ئەوانە داگیرکارو دزی گەورەی

بڕی ژنجی بەرهەمهێنەران نەبوایەو دەسەڵاتیان ئاوا پیرۆز نەکردایە، ئەوکات دەیانتوانی ببن بەخاوەنی هەموشتێک، ببنە خاوەنی سەرزەوی و ئاسمان!؟

ژیان و بەهاو پێگەی مرۆڤ بونی لەنەو شوێنێک کار دابەشکردن تێیدا سڕپنرا، ئەوەی تەنها ناوی بەهایەک بێت و شایان بەپێگەی مرۆڤ بێت، تەنهاش لەنەو خاوەندارێتی تایبەت و بێ سامانێک لای هەرکەس، خەی پێناسە کردوە، یانی تاڵانچی و دزو ژنگرکان، بونە خاوەن بەهاو جێگەوپێگەی لەسەرو کۆمەڵگەوە ئەوانیشی هەڵسوڕێنەری ژیانن، بون بەمرۆڤی چەوساوەو جێی بڕەی! ئاوایە ژنکخستنی ژیان لەنەو کۆمەڵگە چینایەتیەکاندا.

گەر کرێ و کرێن و فرۆشتن بەهێزی کاری کرێکار وەک کاڵایەک نەبوایە، ئەوکات زێدەبای و کۆکەی سەرمایە و دەوڵەت و یاساو دادگاو زیندان و پەرلەمان و حکومەت چ پێویستیەکی دەبو؟ ئاخە گەر دنیای جیاوازیە چینایەتیەکە نەبێت، بە دەبێت ژن وەک مرۆڤێک نەبێت و هەمیشە خوارتر لەبونی پیاو ببینرێت و وەک کاڵایەک ساتوسەودای پێوە بکرێت؟ ئەوەی نهێنیە لێم نەوەدا، قازانج و بەرژەوەندی ئەو چینە چەوسێنەرەیە کە دەسەڵاتی پاراستنی خاوەندارێتی تایبەتی هەم پیرۆز کردوەو هەمیشە بەکەی توانای بەرگری لەمانەوەی دەکات، هەربەیەشە، تا ئەم جیاوازیە چینایەتیانە بونیان هەبێت و تائەوساتەیش بەکاڵا کردنی ژن و هێزی کاری کرێکار بڕەوی پەیدەرێت، یانی درۆدان بەدزی کردنەکی یاسای و شەرعیانە!؟ ئیتر ئاوایە، مانای دەسەڵاتی چینایەتی!

مانەوەی دنیای چینایەتی، نەک لەبەرژەوەندی هەڵسوڕێنەرانی ژیان نیە، بەڵکو تادێت، لەو قەرخکاریەی خاوەنکارو دەوڵەتمەداران و حکومەتکان دەیسەپێنن و کەی هەکارکانی ژیان لەژێر خاوەندارێتی ئەواندایە، بونەک و مانایەک بژیان هیچ نیە بجگە لەملکەچی و بە بەها کردنی ژیانی گشتی. چینی کرێکارو جوتیارو کەی بەرهەمهێنەران لەبوارکانی زانست و داهێنان و تەندروستی و پەروەردەیدا، تەنها چینێکن کە هەڵسوانەدنی ژیان شایستە بێوانە. چونکە بەبێ کتایهێنان بەو هەژموندارێتیەی دەسەڵاتی چینچەوسێنەر کەمایەتیەکە ناتوانرێت ژیانێک بخرێت هەموان پێکەوە وەک مرۆڤ تێیدا بەهرەمەند بین.

ژیانی بێ ئەو چینە کەمایەتیە دەسەڵاتدارە، ئەو ژیانەیە مرۆڤ تێیدا ئازادو تەندروست و خاوەن پەروەردەی مەزن و خاوەن خەی و چ جۆرە

چەوساندنەوەیەکی ڕەگەزی و چینایەتی لەوەدا بونی نامێنێت، یانی کۆتایهێنان بەخاوەندارێتی تایبەتی تایبەت کراو بەچینێکی مشەخۆری پووچی کۆمایەتی. ئاخۆ گەر کێ دەسەڵاتداران و بەرپرسان و پلەدارەکان و ئابڕانی ئاینەکان،ڕۆژانە ببڕن بۆ پاک کردنەوەی شەقام و حاویەکان و کار کردن لە کارگۆو بازاڕو مەزراکان،چی لێدنیا دەگۆڕێت؟ ئاخۆ کۆتای ژیان دەبێت،یان لەوەدا ژیان مانای خۆی پەیدا دەکات، بەبێ لەڕی. تەنها ڕەکخستنی واقعیانەی ژیان،لە ڕەکخستنەکی هەڕەوەزیانەی یەکسانیخوازانەدایە، نەک ئەم ڕەکخستنە قەزەون و پیس جەنگەستانیەی هەزاران ساڵە درێژەی پێدەدرێت.

تاهیری حاجی حەسەن
09/03/2021

جامی جیهانی تۆپی پێی قەتەر ٢٠٢٢ خوێنی لە دڵچۆڕێت!..
عبدالرحمن محمد (مەلا ڕەحمان ئاوارەکان)

سەرمایەداری خۆی لە سەر خوێن و هەزوو و بازووی کرێکاران دروست بووە، کاتێک ئەتەمبەڵێکی جوان و گرانبەها دەبینیت، تەنها سەرسام مەبە بە دیزاین و دیکۆر و خشڵەکەی، بەڵکو کۆمەک؛ بیر لەو کرێکارە بکەرەوە کە دروستی کردووە، بەنام پارەی ڕۆژانەکەی بەشی گوشتێک، ژیانێکی شایستە ناکات! تەماشایی تەنها چیمەنتەی سەربان و دیوارەکەت مەکە کە جوان و تۆندوتۆڵی کردووە، تەماشای ئەو بوونەوەرانەش بکە کە ئامادەیان کردووە، لە تەز و خەدا تووشی هەزاران نەخشی بوونە و مووچەیەک وەرناگرن کە بە پێی کارکانیان بێت!
با کەمێک مێژوو بگێڕینەوە دواوە، چەند دەیەیەک پێشتر، دونگەیەک بەناوبووە، کە ڕووسیا و قەتەر بەرتیلیان داوە بە سەرپەرشتیارانی فیفا(فیفا؛ ڕەکخراوی تۆپی پێی جیهانی) کەلە

تیروپشکەکەدا میوانداری خولی ٢٠١٨ و ٢٠٢٢ بکەن! ئووە بوو، چەند بەرپرسێکی باڵای فیفا ئاشکرابوون بەرتیلیان وەرگرتووە لە بەرژەوەندی ڕووسیا و قەتەر کاریان کردووە، هەموویان لە سەر کارکانیان لابران! دواتر قەتەر بە مەندیلی ٢٠٢٢ ناوی دەرچوو، تا ئێستاش مشت و مڕی لە سەرە کە بگوازرێتەوە بە جگەیەکی تر.
ڕوون و ئاشکرایە ، وەاتانی کەنداوو، بە هەی زەری داهاتی نەوتەکانیانەوە، بوونەتە ژمارە لە سەر سیاسەت و یاسا جیهانیەکان! وەک دەبینین، ڕۆی قەتەر لە پشتگیری داعشدا!، ڕۆی سعودیە و ئیمارات لە شۆی ناوخۆی یەمەندا! کەینی زەربەی یانەکانی فەتبالی جیهانی لە چێشنی پاریس سان جیرمان و ڕیاڵ و بەرشلۆنە ، لە لایەن شێخ و ئەمیر و پادشاکانی کەنداوەو! کەواتە سەرمایە کار دەکات، ئیتر عەگالت لە سەردایە، یا جامەدانەی کوردی، یا شەبقەی ئەوروپی، گرنگ گیرفانە!!

بە گوەرەی ئامارەکان، وەاتی قەتەر، تەنها ١٠٪ دانیشتوانی ناوخەیین، دەنا ٩٠٪ خۆکانی بیانین کە کار دەکەن لەو وەاتە. زەربەی خۆکانی کرێکار و زەحمەتکێشی وەاتانی سریلانکا و هیندستان و بەنگلادش و پاکستانن. وەک زەربەمان دەزانین، ئەم ووەاتانە بە هەکاری جیا جیا، لە بارەکی ئابووری زەر ناتەندروستدا دەژین، کە لە بنەڕەتدا سیستەمی سەرمایەداریە، ئیتر گەندەڵی و ژمارەی دانیشتوان و شۆی نەتەوەکان و مەزهەبەکان و دەست تێوەردانی وەاتانی زلهێز و ناوچەیەکان. بەیە ئەم هەکارانە وای کردووە، کە شێخ و ئەمیرەکانی کەنداو، بە دەی خەیان بیانچەوسێننەوە ، بەرامبەر کرێی هەرزان و بگرە جاری واش هەیە بە خۆایی لە خراپترین هەلو مەرجی ژیان و کارکردندا.

بە گوەرەی ڕاپۆرتەکی گاردیانی بەریتانی؛ لە ساڵی ٢٠١١ وە ، کاتەک وەاتی قەتەر مافی میوانداری جامی جیهانی ٢٠٢٢ پێ درا، تا ساڵی ٢٠٢٠ زیاتر لە ٦٥٠٠ کرێکار بە هەکاری جیا جیاوە؛ لە نەبوونی هەل و مەرجی پێداویستیەکانی خۆپارێزیووە تا دەگاتە کاری دژە پێناهەندەییووە گیانیان لە دەست داووە! بە گوەرەی ئامارە فەرمیەکان بێت، ١٢ دوازدە کەس لە هەفتەیەکدا لەو پێنج وەاتەی کە زەرترین کرێکاریان هەیە لە قەتەر گیانیان لە دەست داووە، لە کاتی دروست کردنی پاریگاکاندا. تەنها ٥٩٢٧ کەسی خۆکی هیندستان و نیپاڵ و سریلانکان، هەروەها ٨٢٤ کرێکاری پاکستانین، بەجگە لە کرێکارانی فلیپینی و ئێتیوبی کە تا ئێستا نەزمەردراون!؟
هەموو لەکەینەووکان باس لە بە توانایی ولاتی قەتەر دەکەن؛

لەووی کە نەیتوانیووە، ئەو ژمارە گەورەیەی کرێکاران کە ژمارەکەی لە ٢ ملیۆن، دوو ملیۆن کرێکار زیاترە بپارێزێت، تا ئەو هاوڵاتیەی کە بتوانێت لەکەمینووە بکات لە هەڵکاری مردنەکانیان، کە زۆربەی مردووەکان لاو و کەسانی گەنجن.

لێرەدا دەیان ئاماری ئەو خەزانانە هەیە ، کە سەرپەرشتکارەکانیان لە دەست داوە و هیچ کەسێک نیە کە ژیانیان دابین بکات، کە داوایی قەرەبووکردنەوە (تەعویز) و دەستنیشانکردنی هەڵکاری مەرگی ئازیزەکانیان دەکەن. لێرەدا کەمێک هەڵکار دیاریکراوون، لە چێشنی کەوتنە خوارەوە لە سەر دیوار و باڵەخانەکان، هەڵواسینی کەمێک کرێکار، خنکاندن بە گاز و ماتریالی ژەهراوی.
وەک هاپەرتە تەزویرکراوەکانی تری سەرمایەداری، دەڵێت: زۆرێک لە مردووان بە سروشتی مردوون، کە دەیان هاوستاوە یا تووشی هەناسە تەنگی بوونە، بە گوێرەی هاپەرتەکان ٦٩٪ ئەم کەسانە لە وڵاتانی هیندستان و نیپاڵ و بەنگلادیش بوونە، کە لەمانەش لە ٨٠٪ خەڵکی هیندستانن. هەروەها هاپەرتەکان دەڵێن؛ زۆربەی هەڵکاری ئەم مردنانە، شیکاری نەخۆشخانەی بە نەکراوە تا بزانرێت، هەڵکارە هاستێکەی چیە!

هەڵکخراوی کاری جیهانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان، دەڵێت، زۆرێک لەو مردوانە بە هەی پلەی گەرمایەکی زۆر بەرزەوە بووە، کە چوار مانگی خایاندووە، کاتێک ئەو کرێکارانە لە دەرەوە کاریان کردووە! کەمێک هەڵکاری تر؛ گوایە ژمارەی ئەو کەسانە زۆرن ، یاخود کەمێک فەرمانبەر کە کاریان بەڕێوەبردنەو لە بەر خۆر نەبوونە و لە سەر دیواری بەرز نەبوونە ، مردوون! لە زۆرێک لە وڵاتە پێشکەوتوو و خاوەن یاسا و هەسایەکی کاری پێشکەوتوو، مافی کرێکاران و کرێکارانی بیانی بە تایبەتی پێشێل دەکرێت، جا لە وڵاتێک، کە تا ئێستا دیوەخان و ئەمیر و شێخ بەڕێوەی دەبەن! هەر بەگوێرەی هەڵکخراوە نووسەوەتیەکان، ژمارەکان ئامارەکان، هەوون نین، لە هەڵکاری گیان لە دەستدانەوە بگرە تا دەگاتە ژمارەیان و ئەو مافانەی کە خەزانی ئەو کرێکارانە هەیانە لە قەرەبووکردنەوەی گیان لە دەستدانی ئازیزەکانیان و نان پەیداکەرەکانیان.

بەیە، خوێن دەچڕێت لە سەرتاپای ئەو دام و دەزگا و یاریگا و هەتەل و هەنگا و بانانەی کە بە ئامادەکاری ئەو مەندیالە دروست کراوە، دەیان ژن و منداڵ و باوک و دایک بە سەرپەرشتو بە کەسێک کە پارووەیکیان بە پەیدا بکات! هاستەچڕ لە وەرزش دەبینین، بەڵام وەک دەڵێن: وەرزش مەراق، بەیە دەبەت هەوەستی

مرۆڤایەتیمان هەبێت و ئەو مەراقە لە دەست نەدەین! بە دەنگی بەر بژین: نا، بە مەرگی ئێمە و قازانجی ئەووی سەرمایەدار!

azzady22@gmail.com
10/03/2021

بۆچی ئامانجەکانی ئاپۆیین دەستێ بەرنەوون؟.. ن. محمد باپیر

دەسپێک:
زۆربەی شۆرش و ئاپۆینەکان سەرەتا زۆر جوانن و بە هەزاری دەست پێ ئەکەن وەک دوای ئەوەی سەر ئەگرێت و دەستیان لە پست و پارە گیر ئەبیت ئیدی زۆربەی سەرۆریەکان لەبیرئەکەن و بەرەو لادان لە مبادئی و دیسپلینەکان دەچن ،هیواو ئاواتەکان کە دەبنەوە نمونە شۆرشی افغانستان و لیبیاوفەلەستین و و ئاپۆینەمزنەکەی کوردستان 1991 ئیستاش کورد خەون بەوە دەبینێت ئامانجەکانی ئاپۆین جێبەجێ بکرێن کەخەی ئەبنەتەوە لە ئازادی، دادگەری کەملات ،یەکسانیو مەدنیەت و شۆفافیەت وسەربەخۆی و دامەزراوەی …هتد
ئامانجەکانی ئاپۆین بەدی نەهاتون چونکە
یەکەم /هەرلەسەرەتای نەوەدەکان پلانی تەکەو و دەولەتداریان نەبووە زیاتر هەمەکی و کەس بەکەسی نەبوو.
دووەم /شەی نەگریسی چوارساڵەی نەخە گەورەترین پاشکشەی بە قزیەی کورد کرد…
سێەم/بوونی دوو ئیدارەیی
چوارەم /یەک نەخستنەوەی هێزی پێشمەرگەو و ئاسایش
پێنجەم/اهمال کردنی گەنج و لاو لەووی وەکارخستن بوونی بە کاری زۆر هەروەها بە هیوای وەش بینی لەکوردستان
شەشەم /حیزبەکان وکەسەکان دەوەمەند و حکومەت قەردارەو هەژار
حەوتەم /پاشکشەوئیهمال کردنی سەکتەری پەروەردەی و لەهەمان کاتدا گرنگی دان بەلایەنی چەکداری

هتشتەم /بەهەردانی سامانی گشتی ونەبونی شەفافیەت لە هەموو کەرتەکان و بونی کێشەتینی و واستەو واستەکاری..
نەیەم /گرنگی نەدان بە زراعەو کارگەو پیشەسازی و گەشت و گوزاری
دەیەم /نەمانی ئینتمای نیشتمانی و کوردایەتی لەنەو چینی گەنج و لاو
ئەمەش لەبەر نادادی ونایەکسانی
ئەمەو10یان خالی تربەیرتان دەنینەوە لەیادی کەوتننامەی 11ئازاروو ڕزگارکردنی شاری هەولێر...

محمد باپیر
چاودێری سیاسی
11/3/2021

خەباتی خۆشەویستی.. ن: جەلال قادر

لەبەرئەوەی تەمەنم هووە لە هەکشان دەچێت و تا لەبیرم نەچوتەوە، پێمباشبوو ئەفسانەی دەداری نەوان خۆم و (زارا) یاداشت بکەم کە لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٣ بە هەی هووخانی ڕژێمی ستەمکاری بەغدا، بە یەکتر شادبیوونەوە.
من لەناو شاری هەولێر بووم، زارای دەزگیرانمیش کە چەندین ساڵ بوو نەمبینبوو لە کەرکوک بوو. لەشاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە دەمانبینی هەزەکانی (ئاپئاپ) و پێشمەرگە، لەسەر کەل و بناری شاری کەرکوک خەیان مەلاس دابوو بە تاپان کردن و ئازادکردنی شارەکە.
خزمەکەم هات بەدوام و وتی : وەرە لەگەلم دەتبەم بۆ کەرکوک، بەدنیاییەوە بە دەستی بەتاڵ ناگەڕێنەوە.

- کێشەی من تەنها دەزگیرانمە، کە لەمنداڵییەوە یەکترمان خۆشدەوێت، بەڵام جارێ پێم نییە تا بارووخەکە ئارام دەبێتەوە...
  خزمەکەم و چەند ماڵێ هاوسێیەک، بەسواری پیکاب بەرەو کەرکوک.

بووە بە شەو، خەو نەچووە چاوم و خەیاڵم لای ئەوبوو کە چەند

زۆرکیتر دەبێت بچم بۆ کەرکوک و کەسان بۆکەلان بگۆڕم تا مانی زارا دەدەزمێوە.

لەگەڵ بڕی بڕیان دایکم لەخۆو هەڵیساندم و وتی : تەماشاکە کەرکوک ئازاد کراوە، چەند زۆرکیتر ئەمەش بەخشی دەگۆڕینەوە.
_ دایکە گیان تووبەی بتوانم مالی (زارا)ی دەزگیرانم بدەزمێوە.
دایکم بە پێکەنینەوە وڵامیدامەوە : خەزگە ئەم زارایەم ببینیایە بزانم چ کچێ سەر دەشکنێکە…
لەگەڵ ئاخستنی سفرە و دانانی چایی و ماست، خزمەکەم لە دەرگای حەوشە خەی کرد بەژووراو هەڵاک و ماندوو لە دانیشت و وتی : هەر ئێستا گەیامەوە، ئەوە نازانن چ حەشامەتێکە، خەڵکی لە هەموو لایەکەوە ئاوونەتە ناو شاری کەرکوک.
دایکم وتی : لەشاشەی تەلەفیزیۆنەکان دەیبینین.
لەپاش ئەوەی خزمەکەم چەند پیالە چایێکی خواردەوە، ڕووی دەمی لەمن کرد و وتی : بەختیار مزگێنیت بەمە (زارا)ی دەزگیرانتم دەزیوەتەوە و قسەشم لەگەڵی کردووە.
لەخۆشیا پارووە نانەکە لە قوگم گیربوو، پەرداخە ئاوم خواردەوە و لەمپرسی : چۆنچۆنی بەم باسکە!
_ لە دەروازەی شارەکە خانمێکی ڕووگەش و چاوەش و باڵا بەرزم بینی، لەسەر جادەکە ڕاوەستابوو و وێنەیەکی بەدەستەوەبوو پیشانی هەبوارەکانی دەدا و پرسیاری دەماندەکرد… ئەی چوومە پێش تا وێنەکەی ناو دەستی ببینم و بزانم ئەم خانمە عەودالی چییە؟ کەچی سەیرمکرد وێنەی سەردەمی هەرزەکاری تێ بوو. پێشئەوەی خانمەکە لەو ببزوێنێت، من پێمگوت : ئایا تۆ (زارا)یت؟
زارا لەخۆشیا باوەشی پێماکرد و لەمپرسی : چۆن دەمناسیت؟
وەسفی تەم بە کرد و بەسەرهاتەکەم بە گەیاندەوە.
زارا لەخۆشیا پێی عەرزی نەدەکەوت. بەهەربار ڕایسپاردووم، کە سبەی ئەم کاتە کاتژمێر هەفتی بیانی لەکەرکوکەوە بەڕێ دەکەوێت و لەناو شارچکەی پردێ چاوەڕوانت دەبێت.
_ ئەی بە لەگەڵ خێت نێتهێنا؟
وتی : دەبێت ماڵەوە ئاگادارم کەمەوە، هەروەها پێیگووتم کە دەبێت (بەختیار)یش بەپیادە، کاتژمێر هەفتی بیانی بێڕ بکەویت.
دایکم وتی ؛ بە دەبێت بە پێ بڕوات… با تەکسیێک بگرێت.
_ پوورە… (زارا)ی دەزگیرانی کوڕەکەت، لەپێناوی خۆشویستیەکیان ئەم مەرجەی داناوە، کە ئەو ڕێگایەی نەوانیان بە پێ ببڕن!.
دەستم نایە سەرشانی خزمەکەم وتم : ماڵت ئاوابێت، زۆر سوپاس بۆ ئەو مزگێنییە خۆشە، ئێستا دەنیام ئەو کچەی بینیوتە زارا بووە،

چونکە هەمیشە بە ژووانەکانیش مەرجی بە دادەنام.

سپەدە کاتژمێر هەفت شاری (قەراوەنارەم) بەجێهێشت و بەرە پردە بەرەکەوتم. وەرزی بەهاربوو کژوگیا سەوزو دەی خەلکی زەر خەشبوو. سەرجادە گشتییەکە پڕ لە ئەبواربوو، نیوەیان بەدەستی پڕ دەگەرانەوە، نیوەکەیتر بەدەستی خاڵی ئوو لەشار دەرەیشتن. لەوگە چەند برادەرو ناسیاوەکم، ئەتەمبێلەکەیان ڕاگرت و هاواریانکرد : بەختیار وەرە لەگەل ئێمە جگەمان هەیە. وتم_ پەویست ناکات، من حەزدەکەم بە پیادە بڕۆم...

ئەو ڕۆژە هەندێک کەس ئەوەیان هەبوو کە چەن زوو بگەنە شار و شتێک تاماڵان کەن، هەندە کەسیتر ئاواتیان دەخواست بە کەس و کاریان شادبنەوە، منیش یەک کەشم هەبوو ئەویش چەن بگەمە زارا و ماچی کەم.

پەشئەوەی کاتژمێر بگاتە ١٢ی نیوەڕۆ لە شارچکەی پردە نزیکە بووماوە، لەدوورەوە کچێکی کراس زەردم بینی لەسەر جادەکە ڕاوەستابوو. بەغاردان بەرەو ڕووی یەکتر ڕۆیشتین و بە ئامەزی یەکتر شادبووینەوە. تووند لەباوەشمکرد و تەر بەنم کرد. ئەویش لە خەشیا دەیچرپاندە بن گوێم و جوێنی پێدەدام و دەیگووت ؛ سەگباب بە درەزایی ئێم هەموو ساڵە تە لەکوە بوویت...
نزیکەی چارەگە سەعاتێک دەست لەناودەست و چاوبازمان دەکرد و ئاگامان لەکەس نەمابوو، تا لەپڕێکا وردە وردە هەستمانکرد خەلکێکی زەر لەدەورمان ئاڵاون و دەیانویست بزانن چیرۆک و بەسەرهاتی ئێمە چییە. تەنانەت گوێم لەیەک دوو پیرەمەرد بوو، وتیان ؛ دوورکەونەوە.. کە ناڵیت خوشک و برا نین.
نیگەران بووم بە خەلکەکەم وت : کاکە گیان دوور کەونەوە چیتان لە ئێمە دەوێت و بۆچی چاودێریمان دەکەن، ئەوە ئەو هەموو تاڵانکردن و ستەمکارییەتان لەبیر چووتەوە و هاتوون وەک ندیتکەوبتکە تەماشای ئێمە دەکەن؟
زارا بزە خەندەیەکی کرد و چرپاندیە بن گوێم : بەختیار گوێبگرە، بزانە ئێم خەلکە ئەستا چەن فریو دەدەم.
زارا دەستی لەناودەستم بەرداو وەک شێر ڕووی لە جەماوەرەکە کرد و هاواریکرد : خەلکینە جوان گوێم لیبگرن، من و ئێم لاوە لە منداڵییەوە یەکترمان خۆشدەوێت و دەیان ساڵە یەکترمان نەبینیوە ئەستا بە دیداری یەکتر شادبووینەوە. دەموەت پرسیارەکتان لێبکەم، ئەگەر وەڵامەکەیتان زانی ئامادەم خەڵاتتان کەم.

هەرکە زارا باسی خەیاتی کرد، جەماوەرەکە پتر گوێچکیان شۆ کرد بە قسەکانی.

_ من کاتژمێر هەفتی بەیانی لەشاری کەرکوکەوە بەرەکەوتووم، هەروەها ئەم دەزگیرانەشم کە لەبەردەمتان ڕاوەستاوە، کاتژمێر هەفتی بەیانی لە شاری هەولێرەوە بە پیادە بەرەکەوتووە، ئایا ئەمە کاتژمێر چەند بە دیداری یەکتر شادبوونەتەوە؟ لەسەر گۆشەی ئەم زەوییەدا، هەرکەس وەلامی ئەم پرسیارە بە دروستی بداتەوە ئامادەین جوانترین خەیاتی پێشکەش بکەین.
دوو دوو، سێ سێ، خەلکەکە کەبووندەوە و سەرقاڵی شیکارکردنی هاوکێشەکە و وەڵامدانەوەی پرسیارەکە بوون.
زارا تووند دەستی گوشیم و وتی : بەختیار گیان… وەک دەبینی خەلکی لەپێناو خەبات کردن ئەمیان لەبیرچووتەوە… خەراکە، فرستە با بڕۆین و لێرە دوورکەوینەوە!

دەوان.. شیعری: نەوزاد بەندی

بەوانە ئەو کارساتە ،
ملیارەها چا خورایەوە و ..
سەرئێشە هەر زیاترەکە ..
هەزاران شار دروست کرا و
بە لانەیی زیاترەکە ..
هەر ٣٠ مەترێک ،
دەرمانخانەیەک
تەلارێکی پزیشکی و
خەستەخانەیەک ،
نەخۆشی هەر زیاترەکە ..
هەزاران جەر خواردەمەنی
داهێنران و ..
هەر برسێتی زیاترەکە ..
ئەو هەموو ئوتومبیلە دروستکران
ئەو هەموو شەقامە ڕاکێشران ،
هەر تەنیایی و

دوور کەوتنەوە زیاترکن ..

تۆ بەوانە چ کارساتێکە ،
ئەو ملیارەها کتێب و
لاپەڕەیە ..
کەچی نەخوێندەواریی
هێشتا زیاترکە ..
ئەو هەموو بیاخ و ڕەنگ و دیکارە ،
هێشتا سووتماک و
ڕەشیی و
خەموز زیاترکن …

چ کارساتێکە ،
هەزاران فیلمی کۆمیدی و ..
ملیارەها نوکتە …
کەچی هێشتا گریان و
فرمێسک زیاترکن …

ملیارەها ملیار گەڕ
نەیانتوانی تاریکیی قاچە کەن ..
ئەو هەموو ڕاگەیاندن و
ڕۆژنامە و گۆڤارە ،
نەیانتوانی بە دەرکیش
باسی خەمی من و تۆ کەن ..

لۆ پۆناو بنیاتنانی ژیانێکی تر،.. هیوا عومەر

لۆ پۆناو بنیاتنانی ژیانێکی تر،
پرۆژەیەک بۆ (بزاڤێ کۆمەڵایەتییەکان و هەزڕ چەپ و کۆمۆنیست و ئازادیخوازان)

هیوا عومەر

شوناسی دەسەلات و قەیرانی ئەمڕۆ

هەرێمی کوردستان بە بارودۆخێکی زۆر خراپ گوزەر دەکات، دۆخێک لە قەیران زیاتر و واوەتر ڕەیشتووە. ئەم بارودۆخە جیاناکرێتەوە لەو قەیرانانەی کە سیستەمی سەرمایەداری بە شێوازە تازەکەی – نیولیبرالیزم لەسەر ئاستی جیهان دروستیکردووە، هاوکات دابەاویش نییە لە ئیشکالیەتی سیستەم و تایبەتمەندی قەیرانەکانی خەرهەڵات و وڵاتانی دەوروبەر و جیهانی سێیەم .
تایبەتمەندی و سروشتی ئابووری بڕخۆری و چالاکی ئابووری و کۆکردنی سامان و چەبووندەی لە دەستی کەمینەیەک، بنەمای قەیرانی سیستەمی سەرمایەداری هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت، کە خێی دەبینێتەوە لە شێوەی دەسەاتێکی سەرمایەداری ئالیگاریشی تاانکەر و بەرهەمهێنانی کەمگایەکی بڕخۆری و بێکاریگەر لە بەشداری سیاسی و بەڕێوەبردن، لە غیابی ڕێی هەزی کار و کرێکاران لە پرسەی بەرهەمهێنان و ژیانی ئابووریدا، بەهەی پشتبەستن بە ئابووری بڕخۆری نەوت و غیابی ڕێی کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و هتد.

ماڵ بە خێی نەبوو کەچی میوانیش رووی تێکرد

لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوت و تێشێنەکردنی پێتای قایرەسی کەرەنا و قۆ بوونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق، پێووشکی قەیرانی سیستەمێکە ڕاستەوخۆ بڕ بودجەی گشتی کەوت، هەردوو حکوومەت ڕووبەڕووی قەیرانی کورتهێنان بوونەوە، ئەمەش کورتهێنانی بودجەی گشتی بۆتە دیاردەیەکی جیهانی سەرمایەداری لەدوای قەیرانی داوخانی دامەزراوە بانکییەکان.

کرێکارانی کەرتی گشتی (فەرمانبەران) لە هەرێمی کوردستان ملیۆنێک و سێ سەد هەزار کەس پێک دەهێنێت، سەدان هەزار لە کرێکارانی کەرتی تایبەت لەگەڵ گەنجانی بێکار و هەزاران دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکان و جووتیاران بوونەتە سوتەمەنی یەکەمی لەکەوتەکانی قەیرانی سیستەمی ئابووری و سیاسی. ئۆش بوارێکی باشی ڕەخساند بۆ هێکشانی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی کەمایەتی لە ئاستی چەندایەتی، ئەم بزاڤ و بزووتنەوەیە جگە لە چین و توێژە جەراوجەرەکان تەنانەت ئەندامانی ناو هێزە دەسەاتدارەکانیشی تەدایە، بەهەی نەمانی بەرژەوەندییان لەگەڵ دەسەات و نەپاراستنی شکۆی مرۆییان .

خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی جەراوجەر، لە تەک کەمایەتییەکان و

شۆنی کار و ژیان، میکانزمەکانی دڕبڕین و خەمانیفەستکردنی ئەم بزووتنەوەیە پێکدەهێنێت دژ بە سیستەمەکە.
لە کاتێکدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سەرمایەداران هێز و دەسەڵات و سەرمایەی زیاتر لە چنگیان کۆدەکەنەوە لە ڕێگای کۆنترۆڵکردنی زۆربەی کایەکانی حکومڕانی و ئابووریەوە و وەرگەڕانی ڕۆڵی حکوومەت وەک کەمپانیایەکی تایبەتی چەند بنەماڵەیەک، بزاڤە کەمایەتییەکان لە دەخی (خەرسکی و هەژمەکی، نەبوونی هاهەنگی، موسومی، ڕەتکردنەوەی هەموو شتێک بە بە خستنەرووی بەدیل، ئیستغلالکردنیان لەلایەن هێزەکانی ئیسلامی و لیبڕال و پۆپۆلیستەکان)دان، دەتوانین ئەمانە وەک بەربەست و تەحەدی و خاڵی لاوازی ئەم بزووتنەوەیە دیاری بکەین. بەگومان ئەوەش هەکاری خێی هەیە.

"غیابی ڕوئیایەکی جیاوازی سیاسی ئابووری و فەرهەنگی کە خێی وەک بەدیل پێشکەش بکات هەکارێکی سەرەکییە بە خەبەرهەمهێنانەوەی سیاسی و ئابووری کۆلتووری" و دروستبوونی نائومێدی لە ناو بزووتنەوە کەمایەتییەکان و جەرەک لە چەقبەستن. ئەوەی لە کوردستان ڕوودەدات لە قەیران تێپەڕیوە، "ناکرێت هەر خەریکی دەسەڵات بین و داوای چاکسازی لە بکەین" لە کاتێکدا دەسەڵات ئەمڕە لە ئەنجامی بەردەوامی قەیران و نەبوونی چارەسەری لای ئەو، دەخەکە لە قەیران پێیوتەوە و بۆتە هەی نەمانی هەوایەتی (شەرعیەت)ی جەماوەری"، ئەوەی واشیکردووە دەخەکە بەردەوامبێت غیابی بەدیل و هێزەکی پشتەوە نەک پێویستی دەسەاتەکە، بەڵێ ئیشی سەرەکی دەسەات لەم چەند ساەدا بریتیی بووە لە لەدان لە هەر ئاگرێکی لە دایکبوونی بەدیل.
ئەو هاوکاتە لەگەڵ چەقبەستنی هێزە چەپ و کۆمنیستەکان، هەندەکیان لە چوارچێوەی سیاسەتی پراگماتیکی تا ئەو ئاستە ڕێشتوون نەک کاریگەریان لەسەر گەڕینی واقیع نییە، بەکو واقیع خەریکە بۆتەواوەتی دەیانگۆڕێت، هەندەکی تریش ئەوەندە ناواقیعین، تووشی نەخۆشی ئینعزالی بووینە، هەردوو مەدلەکە، سەرقاڵ لەگەڵ دەسەات، یەکەکیان بە ڕێگای هاوپەیمانیەتی دونی و بینینی ڕۆڵی ڕاوێژکاری و گلێکردنی ئەمڕە لە بەرگی ئۆپزسیۆنەکی ناکارا و پاسیف، مەدلەکەی تریش پێی وایە بەرگای هوتاف و دروشمی شۆشگەڕانە دەتوانێت شەرش بکات، هەردوو مەدل دواجار پشتیان لە جەماوەر و بنیاتنانی کەمپگایە و ڕوویان لە دەسەاتە.

لە بارەی پرۆژەی بەدیل:

"بەهێزکردنی هێزی چەپی کوردستان بابەتکی گرنگدراوە بە بەهێزکردنی بزاڤە کۆمەڵایەتییە تازە و کۆنەکان"، ئاوەش لە ڕێگای دەستبردن بە بابەتە زیندووەکان دەچەتەپشاوە بە بەرنامەیەکی هاوبەش و پوخت و هەماهەنگی لە کار و چالاکی جەماوەری لە پێناو داکۆکیکردن لە بەرژەوەندی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان .
لەم ڕوانگەیەوە ئەم خاڵانەی خوارەوە دەخەینەروو کە وەک ئەرکی لە پێشینەیی چەپ لەواقعی ئەمڕۆی خۆی فەرز دەکات.

لە ڕووی ئابوورییەوە :

- بە ئەم قۆناغە تێرکێز لەسەر گەڵانکاریکردن لە سیستەمی ئابووری سەرمایەداری بەرخۆرییەوە بە سیستەمێکی بەرهەمهێنەری هەمەلایەن و پیشەسازی گواستنەوە (سنوری تەحویلییە)، کشتوکاڵ و گەشتوگوزار و ئازادکردنی لە چنگی لاینە مۆنۆپۆڵکان و فرەکردنی سەرچاوەکانی ئابووری لە کشتوکاڵ و پیشەسازی و پەرەپێدان و پشتگیریکردن لە پرۆژە ئابوورییە هەرەوەزییەکان.
- گەڵانەوەی کارتە سەرکییەکان بە حکوومەت و بەکارهێنانی لە پێناو خزمەتی گشتی وەک بەشێک لە موڵکی گشتی، وەک هێڵی گواستنەوەی ستراتیژی، کارەبا، ئاو، چاودێری تەندروستی و خوێندن و کارتە خزمەتگوزارییە گشتییەکان … هتد.
- دروستکردنی ژینگەیەک لە چەندین لایەنەوە بە بە بەدیهێنان و بنیاتنانی دیموکراسی کۆمەڵایەتی و دادپەروەری و دابەشکردنەوەی دووبارەی سامان و پێرەوکردنی سیستەمی باجی داهات و باجی موڵکداڕەتی بەشەویەکی هێڵکشاو (تەساعدی)، بەمەش حکوومەت دەتوانێت و خزمەتگوزارییە سەرکییەکان بە تەواوی خەڵک دابین بکات.
- پێوەکردنی پرەنسیپی کاری هەرەوەزی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و خەبەرەوەبردنی جڤاکی .
- لە بواری سیاسەتی نەوتیدا، بەهێزکردنی چاودێری خەڵک و پیادەکردنی پرەنسیپی شەفافیەت و پەداچوونەوە بە گرێبەستەکانی نەوت و دەرکردنی لەژوورە تاریکەکان و خستنەژێر کۆنترۆڵی چاودێری خەڵک و پەرلەمان و بەشداریکردنی خاوەن ئیختساسەکان. داهاتەکانی کارتی نەوت دەبێ بەکاربهێنرێت وەک سەرمایە بە پشتگیرکردن و تەمویلکردنی کارتەکانی تری بەرهەمهێنان و بەرژەوەندی خەڵک بە گشتی بە ئاوەی گۆشەی ئابووری و دادپەروەری دروست بکات.

- ڕەکخستن و پەداچوونەوە بە داهاتی ناوخۆ و خاڵکانی گومرگی نەهێشتنی گەندەڵی دەستی حزب.
- پەداچوونەوە و هەڵوەشاندنەوەی ئەو رسومات و باجانەی لە چوارچێوەی سیاسەتی نیولیبرالیزم بەسەر خەڵکیدا فەرز کراوە.

لە رووی سیاسیدا:

- کارکردن بە بەشداری سیاسی تازە و بەدیهێنانی دیموکراسیەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری، بە ڕەگەی میکانزمی گونجاو.
- پاراستن و بەهێزکردنی فرەیی سیاسی و کەلتووری و بەیەکگەوژیان و مافی پێکهاتەکان و ئازادی ئادەربرین و مافی ژنان، ئەوەش کارنامە و روئیای ڕوونی دەوێت.
- نەهێشتنی هەیمەنەی کەس و حزب بەسەر دامودەزگاکانی وڵات و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ و بەدامەزراوەییکردنیان.
- بەدیهێنانی مافەکانی مرۆڤ و پەرەپێدانی مرۆیی و پاراستنی شکۆی مرۆڤ، وەک پێویستی هەنوکەیی ئەمڕۆ.
- بەدامەزراوەییکردن و سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و دەرهێنانی لە ژێر هەیمەنەی دەسەڵات.
- نەهێشتنی دەستوەردانی دەرەکی و ڕەکخستنی پێوەندییەکانی دەرەوە لە چوارچێوەی بووندا بەگەنامەیەکی نیشتمانی بە مامەڵەکردن لە سیاسەتی دەرەکیدا.
- لە ئاستی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و کەلتووریدا پێشکەشکردنی بەدیلێکی جیاوازتر بەمانا سۆسیالیستییەکەی بە بەمەدەنیکردنی پڕۆگرامەکانی ژیان و سیستەمی پەروەردە و مەڕاڵی جڤاکی و جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت و بەدیهێنانی یەکسانی ڕەگەزی .

لەرووی نیشتمانییەوە :

داکۆکیکردن لە مەسەلەی نیشتمانی کوردستانی و پاراستنی قەوارەی هەرێم وەک ئەرکێکی سەرەکی هێزی چەپی کوردستانی و ئازادیخوازان بە گرێدانی بە ئەرکە چینایەتییەکان. کە خۆی دەبینێتەوە لە ئەرکی تەواوکردنی قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی و جڤجڤ کردنی مافی بەیاردانی چارەنووس و ڕووبەووبوونەوەی سیاسەتی تەعریب و عەقلیەتی شۆڤینی و دەستوەردانی دەرەکی، دەرکردنی لەدەست ئەو هەزانەی لە دونێ و ئەمڕۆدا تەنیا بازرگانیان پێوەکردووە و وەک زەمینەی خۆفەرزکردنی خەیان وبەرهەنانیان تیاکردووە .

لایەنەکانی بەشدار لەم پرۆژەیە :
دروستکردنی جۆرێک لە تێکۆشانی بەرفیی بۆ ئافرەت و لایەنانی باوەڕ و بۆرژوەندییان لە تێکۆشانێکی وەها هەیە، بە رێگای:

- بەهێزکردنی کاری هاوبەشی چەپ و کۆمۆنیستی ئازادیخواز بۆ کۆکردنەوە و پێوەندیکردن بە هەموو ئافرەت و لایەنانەی کە دەتوانن لەگەڵمان ناوەندێکی ئەم پرۆژەیە جێبەجێ بکەن، وەک لایەنی چەپ و کۆمەڵایەتی و رێکخراو و هێزسوواوان و بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان... هتد. ئاوەندە پراوێژانەی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە هێزکشاندایە. لە مامۆستایانەوە بۆ خانەنشینان و مووچەخۆران و مامۆستایانی زانکۆ و قوتابیان و لاوان و بێکاران و پشمەرگە دێرینەکان و زیندانیانی سیاسی... هتد.
- ڕاکێشانی پێکهاتەکان بۆ بەشداریکردن لە ئاستی حزب و کۆمەڵایەتی و جەماوەری.
- خستنەکەستنی کرێکارانی کارتی گشتی (فەرمانبەران) مووچەخۆران کرێکارانی کارتی تایبەت لە چوارچێوەی سەندیکا و رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر بنەمای پرەنسیپی (ئەندامگیری) دوور لە بوونە پاشکۆی رێکخراوە نەوەدوەتییەکان و هێزە دەسەڵاتدارەکان و کورتکردنەوەییان لە وەزیفەی فەرمانبەری و بیرەقراتیەت.
- هەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵە و یەکێتییەکان و سەندیکا و تاکەکان، ئاوانەی سەربەخۆی خەیبان پاراستوو.
- کارکردن بۆ ڕاکێشانی کرێکاران و بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئاراستەی خستنەکەستنیان لە شۆڕشی کار و نیشتجێبوون.
- تێکۆشانی جەماوەری و جادە و ڕاگەیاندن و کۆ و سیمنار و کەمپینی نیشتمانی، بەشێک بێت لە ئالیەتی بەجەماوەریکردنی و جێبەجێ کردنی ناوەرۆکی ئەم پرۆژەیە.
- دروستکردنی مینبەرێکی ڕاگەیاندنی هاوبەش و هەمەجۆر: ماڵپەڕ، ئۆرگان، سۆشیالمیدیا.
- دروستکردنی ناوەندێکی دیراسات کە بەشێوەی وەرزی ژورنالێک دەربکات بایەخ بە بابەتی سیاسی و هزری چەپگەرایی بدات بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕۆشنبیران و تێکۆشەرانی هزری هیومانی.
- پێکهێنانی لیستێکی فراوانی جەماوەری بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان، لەژێر ناونیشانی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان و لایەن و حزب و کۆس و رێکخراوەکانی بەشدار لەم پرۆژەیەدا. ئامانجی کورتکردنەوەی تێکۆشانی چەپ و کۆمۆنیستی نایەت بۆ خەباتی پەرلەمانی بۆ مانا بۆرژوازیی و لیبراڵەکەی، بۆ

پێچەوانەوە، پەرلەمان شوێن و پێگەیەکی بچووکی هەیە لە وێنەگەورەکەی ئەم پرۆژەیە، کە هێنانەکایەی بەشداری سیاسی تازەیە لە رێگای بەهێزکردن و بەرەوپێشبردنی فەزای گشتی و تێکۆشانی جەماوەری و رێکخستنی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان و کرێکاران لە شوێنی کار و ژیاندا.

- بەستنی کۆنگرەیەکی نیشتمانی لێگەڵ هەموو ئەو لایەنانەی، وەک پارت، رێکخراو، کۆمەڵەتی و چین و توێژە پەراوێزخراوەکان، ئەوانەی پرۆژەکە قبوڵ دەکەن، بە رێککەوتن لەسەر ناوەرۆکی ئەم پرۆژەیە و ناولێنانی لێگە و وردەکارییەکانی و دانانی نەخشەڕێگایەک بۆ سەرخستنی.

ئامانجی سەرەکی ئەم پرۆژەیە، هەوڵکە بۆ:

- "دەستکاریکردن و دەستبردن و هێنگاونانە بۆ گۆڕانکاری بۆ شێوەی هێنگاو بەهێنگاو و کۆتاکوبوون تا ئاستی گۆڕینی سیستەم"، لە رێگای بردنەپێشەوەی تێکۆشانی جەماوەری و رێکخستنی بزاڤی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی هێزمووون لە ئاستی چەندایەتی و چۆنایەتیدا.
- بەشداریکردن و دەزینەوە و رێکخستنی هێزکانی بەشدارە لە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری، بە ئاراستەی جێبەجێ کردنی ئایدیایەکی چەپانە لە واقیعدا وەک هەوڵێک بۆ گرەدانی فکر لە واقیعدا .
- "هەوڵکە بۆ بەجەماوەریکردنی پرۆژەی چەپ و دەربازکردنیەتی لە ئاستی و بیرەقراتیەتی حزبی و ئیحتیکار کردنی نوخبەوی".
- کۆکردنەوە و بەهێز کردنی پارتە چەپ و ئازادیخوازەکانە، کە ئەمڕۆ سەرجەمی بووونی چەندان پارت و رێکخراوی چەپ و کۆمۆنیست بەقەد ئەوش هەزاران هەستەواوی چەپ لە دەرەوەی ئەو پارتانەدان و لە پەراوێزی رووداوەکاندان.
- کردنەوەی پەنجەرەیەکە بۆ دروستبوونی هیوایەک بۆ گۆڕانکاری، لە دەخێکدا کە نائومێدی و رەشبینی، باڵادەستە.
- بۆ جەماریکردنی حزبە چەپ و کۆمۆنیستەکانە و دەربازکردنیانە لە دەخی پارچەیی و گۆشەگیری و نائومێدی لە ناو رێکخستنەکان و هەستەواوان، یەکێکیشە لە هەکارە سەرەکییەکانی دروستکردنەوەی متمانە بە هێزی چەپ لە ئاستی رێکخستەکان و جەماوەر بە گشتی.

بەگشتی،" ئەم تێنیا مسوگەرییەکی سەرەتاییە بۆ گفتوگۆ لە نێوان بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان، رەشنبیران و کەس و هێزە چەپ

و کۆمۆنیست و ئازادیخوازان". بەڵام بەر چاوگرتنی واقعی ئەمڕۆ نووسراوە، واقعێک کە ژینگە و بزووتنەوەیەکی شۆشگێڕی لە ئارادا نییە بۆ فەرزکردنی تێکست یا بەرنامەیەکی لەو رادیکاڵتر لە ئێستادا، ئەوش بەمانای دەستبەرداربوونمان نییە لە بنیاتنانی کۆمۆنگایەکی سۆسیالیستی لە داهاتوودا. بۆ پێچەوانەوە، "بۆ بەهێزکردنی روحیەتی کاری بۆ یەکەوەیی و هەرەوەزی و ڕێکخستنی ریزەکانی جەماوەر و بزاڤی کۆمەڵایەتی کۆن و تازە و هێز و لایەن و هێزەسووەاوانی چەپ و کۆمۆنیستیین".

" هەنگاوێکی لە پێشینەیە بۆ کارکردنمان بۆ ئاراستەی خۆئامادەکردن بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمۆنگا و بنیاتنانی بنەماکانی کۆمۆنگایەکی سۆسیالیستی لە داهاتوودا"، کە لەسەر بنەمای تێکۆشانی کۆمەڵایەتی هاوبەش و هەرەوەزی و بنیاتنانی هاوبەشی گۆشەپێدان و گۆڕینی سیستەمی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی دامەزراوە، بەپێی گۆشکردنی هێزەکانی بەهەمەنان و باری بابەتی و خودی، واتە گرێدراو بە ژیانی ماتریالزمی کۆمۆنگا و ئاستی گۆشەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فکری، بە مانا میتۆدییە مارکسییەکەی، دوور لە تەماشاکردنی وەک ڕێچکەیەکی نەگۆ و کۆتایی.

هیوام وایە، هاوڕیانی چەپ و کۆمۆنیست و ڕۆشنبیران، بەشداری ئەم پڕۆژە سەرتاییە بکەن بە ڕەخنە و سەرنجەکانیان، وەک تەوەرێک بۆ گفتوگۆ و ڕاگەیەنەوە وەربگیرێت. ئەمە ڕەتکردنەوە و سفرکردنەوەی تێکۆشانی نزیکەی سەدەیەکی چەپ و کۆمۆنیستی نییە لە عێراق و کوردستان، کە لە هەر دەورانێک چەپ بەهەزبوونێت ئەنجامەکەی لەخزمەتی گەلان و هاووڵاتیانی چەوساوە و پەراوێزخراوەکاندا بووە، مێژووی عێراق و کوردستانیش تۆزیە لە چەندین نموونە و وەرچەرخانی گرنگ بەهەی تێکۆشانی هاوبەشی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان و هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان هاتۆتەدی. بەڵام ئەمە هەموومان دەبینین بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە هەڵکشانی زیاتردان، بەڵام چەپ و کۆمۆنیستەکان بە پێچەوانەوە ڕووبەڕووی متبوونی زیاتر و بە کاریگەر تر دەبن. لە وەها دەخەکدا، ئەمە پێشکێشە بە هەموو هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان و ئێوانی باوەیان بە گەڵانکاری و هەنانەدی دنیایەکی دیکە هەیە. دنیای ئازادی و دادپەروەری و

یەکسانی.

فەرهەنگی گشتی کۆمەڵگا نەنگەدانەوەی چیە و چ ئاڵتەرناتیڤێکمان هەیە ؟..

صابر محمد

فەرهەنگی گشتی چ سیاسی و کۆمەڵایەتی و هۆشەنبیری و هەموو لایەنەکانی تری ژیان وەک مانەوەی بنەما و هۆوشت و کولتووری عەشائری و تایەفەگەری و بنەماڵەیی وە بەتایبەت لە تەواونینیان بە (ژنان) ، پێیوەندیەکی دانەبڕاو وە جودای نیە لە گەڵ ئاستی پێشکەوتنی (هەیکانی بەرهەمهێنان) لەو ناوچەیەیان لەو ووڵاتە .
هۆکاران بە گشتینی سەرخانی فیکری و فەرهەنگی و کولتووری کۆمەڵگا ، لە هۆگەی هێنوونی و مۆعیزەو توتی ئاسایانە هۆکاران بە فەرکردنی مرۆڤکان و تاکەکانی کۆمەڵگا ، ئەبەتە شتەکی خەیاڵی و بەهودە ، چونکە خودی (ئامرازەکانی بەرهەمهێنان) بە بردنە سەری ژیان لە ئاستەکی زۆر دواکەوتونەو نا مەدڕندایە وە ناشتوانرێت فەرهەنگی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوی سەرمایەداری بکەیت بەبەری کۆمەڵگایەک کە تیایدا هەیکانی بەرهەمهێنان تیایاندا دوکەوتوە ، وە فەرهەنگی ئابووری ئەم دوو جۆرە لە ئاستی پێشکەوتنی (هەیکانی بەرهەمهێنان) بەیەکتر نامۆن و ە ناگونجێن .
کەمنین ئەو نووسەرو هۆژنامەوان و کەسایەتیانەی کە بەپەرۆشی وە بەدەسزیەوە لە هەوڵی گشتینی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی (خەڵکی کوردن) بە فەرهەنگێکی پێشکەوتوخوازانەو مەدەرن کە مرۆڤ و کەسایەتی مرۆڤکان و ە پێیوەندی سروشتیانە و خۆیستی نەوان (ژنان و پیاو) تیایدا بەرجەستە بەتەوە و هێز لە خودی بنیادو ستراکچەڕی مرۆڤ بگیرێت بە شێوەیکی گشتی .
بەهام ئەم بە پەرۆشی و خەونە لەگەڵ ژەرخانکی ئابووری(هەیکانی بەرهەمهێنان) دواکەوتو هوو بەهوو ئەبەتەوە، کە لە دوا ئەنجامدا

بە کارەکی بەهودەو بەسوود ئەمنەتەوە ، وە ئەبەتە باسکی نامە بە شۆی بەرهەمهێنان و ئاوگێی ئابوریانە کۆلەو کۆمەگایەدا هەیە .
لە قۆناغی ئێستادا کۆئیمپریالیزم واتە دەسەڵاتداریەتی «سەرمایە» کە کارکردی خۆی و هێزموونی خۆی بەسەر هەموو کون و کۆلەبەرکی ئەم جیهانەدا خزاندووە و سەپاندووە ، بەو مانایە نیە کە ئەم کۆمەگا دواکەوتوانە کە (هەیکانی بەرهەمهێنان) تیایاندا دواکەوتوە وە بگرە پاشماوەکانی دەرباگایەتیشیان تیادا ماوە ، دەبنە ڕێگر لە بەردەم چوونە پێشەوەی سیستەمی بەرهەمهێنانی ئیمریالیستیانەی سەرمایە داری و پێشڕەوی خێیان و وە خودی کۆکەکەی سەرمایەیە .
بە پێچەوانەوە پەسەی کۆکەکەی سەرمایەو خودی (سەرمایە) هەندە بەهێز و کاریگەرە کە بۆتە هێزێکی بیاەدەرو چارەنووسساز و توانای گەینەی زەوی و ئاسمانی هەیە و دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا ئێشکێت و وە بەواتای هیگە بۆتە ئەو هێزە ڕەها (مطلق) ی کە وەک (خودا) ناساندوویەتی ، کە دەسەڵاتی بەسەر هەموو ئەرزو ئاسماندا هەیە و وە ئاگاداری خشڵی هەموو مارو مێرویەکە !
هەربۆیە ڕاگرتنی دواکەتویی و سادەیی شۆی بەرهەمهێنان لە زەر ناوچەکانی جیهان بۆتە یەکێک لە ئامانجە سەرەکیەکانی خودی سەرمایەدارای ئیمپریالیستیانەی جیهانی و بگرە خودی (سەرمایە) لە ناو زەلکاوە بۆگەن و دواکەوتوەکاندا باشتر گەشە ئەکات و کۆکەکە ئەبەت وە زەرترین قازانج لە ووڵاتانی هێزار و دووا کەوتووی ئابووری وەرئەگرن وە کۆکەکە ئەکەن .
کاتێک کە ڕێژانەی کرێکارێکی سەماڵی یان ئەفریقایی بەشۆیەکی گشتی لە سنووری (یەک دەلاری) ئەمریکیدا بێت ، ئەمە باشترین هەلومەرجێکی ئابووریە بۆ گەشەی سەرمایەو کۆی سەرمایەی کۆمپانیاو دامودەزگا نەونەتەوەیی و جیهانیەکانیان .
بەهەمان شۆە لە ڕێژەەاتی ئاسیاو هیندستان و پاکستان و فیلیپین و بگلادیش و …هتد ئەو ووڵاتانەشدا کە تائێستاش جەرێک لە کەیلیەتی ڕەها پیادەئەکرێت و ئەبینرێت لەبەرامبەر چینەکدا کە پەویستیان بە وە هەیە ڕێژانە هیچ نەبێت بە هەر نرخێک بێت ئەگەر سەری خەشیان لە پەناویدا دابنێن پەویستە کار بۆ سەرمایەداران و بەکرێگیراوانی کۆمپانیا ئیمپریالیستی جەر بەجەرەکانی جیهان بکەن ، بۆ نمونە کۆچی ملیۆنەها کرێکاری ئەو ناوچانە بۆ ووڵاتانی وەک ئیمارات و عەرەبی سوعودیەو قەتەرو عەرەب نشینیەکان و ..هتد ، کە ئێستا ناوچە کوردیەکان و شارە کورد نشینەکانیشی گرتەتەوە ، و دیەها کرێکار وەک بارمتە ئەهێنەوە بۆ ناچاری لەو وڵاتاندا بۆ کرێیەکی کەم کە بەشەکیان ناچار بۆ خەکوژی و مردن بوونەتەوە.

نموونەی کرێکارانێک کە لە بنکەی هەواڵشاندنی پاپەکاندا کار ئەکەن باشترین بەڵگەی کەیلیەتی کرێکارانە لەم جیهاندا .
هەروەها کارگەی ڕستن و چنین و هەموو ئەو کرێکارانەی کە شوێخانە سەر بەژاڕ بە کەرتوەی بەردی بە نرخ لە ناو کانەکاندا کار ئەکەن بە کەمپانیاکانی پیشەسازی مۆبایلەکان و تاپلەتی زیرەک و ئامێرە ئەلکترۆنیەکان .
لە ناوچە کوردیەکاندا بەهەمان شێوە ، وەڵای بەوونی هزرێک و فەرهەنگێکی دواکەوتوانەو عەشیرەتی و دەرەبەگیانە بەهەی پشتگوێخستن و دواکەتووی هەیکانی بەرهەمهێنان لەم ناوچەیەدا یان باشتر بڵێم لەوە ش بەولاوەتر نەبوونی سیمای کۆمەڵایەتی و سیاسیەڵژی (نەتەوەیەکی) یەکگرتوو کە لەکاتی خۆیدا بتوانن دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوایەتی خۆیان پێکبهێنن و ڕابگەیەنن شان بەشانی میللەتانی تر .

لە ئێستادا مەسەلەی پشکۆتن و گەشەپێدانی(هەیکانی بەرهەمهێنان) وەک ئامانج و مەسەلەی سەرەکی خودی
(بەرژوازی میللی) نەماوە ، هەربۆیە ئەبینین وەڵ بەدرێژایی ٣٠ سی ساڵ لە حاکمیەتی بەرژوازی کوردی لەو ناوچەیە ئەوانیش وەک بەکرێگیراوانێکی ئیمپریالیزمی جیهانی لایەنگری هەشتنەوەی کەمەگان لە ئەو پەڕی دواکەتوویی و فەرهەنگی عەشیرەتیدا ، وەڵ زۆربەی هەرزەری سەرمایەو ئیمکانیاتە مادیەکان کە لەبەردەستیاندایە بە سەکتەر و کەرتە خزمەتگوزاریەکان خەرج ئەکرێت ، وەک :
دروستکردنی شاری یاری ، دروستکردنی هەتەلی بەرز، دروستکردنی شارە جەربەجەرەکانی نیشتەجێبوون لە کەرتی بیناسازیدا ، دروستکردنی گازینۆ و قومارخانەو شوێنی ڕابواردن و حەوانەوە بە سەرمایەدارانی جیهان و کەسانی خاوەن ئیمکانیات و سەمایداران لە ناو کورداندا ، … هتد .
بەڵام لە هەمانکاتدا چینێکی بەرین لە خەڵک بەژانەی پێویستیان بەوە هەیە کە بژێوی ژیانی خۆیان دابین بکەن و بە نموونە کار بە ئەو کەمپانیا بیانیانە بکەن کە پاک و خاوێنی شارەکانیان گرتۆتە ئەستۆ بە مووچەیەکی زۆر کەم وەڵ مەمرەو مژی ، هەروەها ناچاربوون کارکردن لە کەمپانیاکانی نەوت و گازو کەمپانیا نەودەوڵەتیەکانی هاتوچۆ بە گواستنەوەی شمەک و نەوت و گاز بە دەرەوەی شارە کوردیەکان وەڵ گۆیاندیانیان بە دەڵاڵان و کەمپانیا ئیحتیکاریە جیهانیەکان …. هتد.
زۆرێکی تریش لە هەموو سەکتەرو کەرتە پیشەسازیە لەکاتیەکان و خزمەتگوزاریەکانی تردا کار ئەکەن ، وەڵ لەهەمووشی کوشندەتر

ڕاگرتنی توژێکی بەرین لەم چینە لە ژیانی بەکاریدا کە خۆی لە خۆیدا فشارێکی گەورەی خستۆتە سەر مووچەی ئۆکەسانەش کە ئەچنە سەر کارو هەروەها پەیدابوونی هەڵی کار .
ڕزگاری و پێشکەوتنی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری و هۆوەدانی گۆڕینیان بە کۆمەڵگایەکی مەدەرن ، لە گرووی شەشی سۆسیالیستیدایە.
هەر بۆیە ناتوانرێت پشت بە کۆمەڵگایەکی لەم جۆرەی وەک کوردان ببەسترێت بە سەرکەوتنی شەشی سۆسیالیستی ، وە هەر بەچوونێکی لەم بابەتەی چەپی ناسیۆنالیستی خیانەتکی ووردە بەرژوازیانەیە .
لە سیاقی جیهانیداو لە سیاقی لێکاڵیشدا سەرکەوتنی ئۆو شەشە سۆسیالیستیە لە گرووی بەستنەوەی هەموو هێزو توانای مارکسیستەکان و تێکۆشەرانی ناوچینە چەوساوەکانی ناو ئەم کۆمەڵگا دواکەوتوانەی وەک (کورد) بە شەشێک و هەوڵێکی مەزنتر کە لە پانتاییەکی گەورەتر کە لەناوچەکەدا وە لەناو نەتەوەکانی تری ناوچەکدا هەیە.
هەرهەوڵێک و تەوانینکی ناسیۆنالیستانەی تر کە بانگەوازی (ڕزگاری نیشتمانی) ئەکات بەپێچەوانەی خواست و ەوتی چوونە پێشەوەی سەرمایەداری و کێکەی سەرمایەیە وە دژ بە سیاسەتی ئیمپریالیستەکانە لە ناوچەکە دا ، هەربۆیە بۆئەنجام گەیاندن و خۆشخەیاڵی بەسەرکەوتنی بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستانەی لەم جۆرە هیچی تر نیە بەجگە لە بردنە پێشەوەی سیاسەتی ئیمپریالیستەکان لە ناوچەکەو گەوجاندنی چینی کرێکارو خەڵکی چەوساوەیە و خەڵکردنە چاویانەو دوورخستنەوەیانە لە خەباتی چینایەتی .
هەروەها هەر ئاڵتەرناتیف و بەدیلێکی تر کە خوازیاری دروستکردنی (دەوڵەتی مەدەنی و سەکۆلار) لە شوێنی دەسەڵاتداریەتی کۆنەپەرستانەی حیزبە قەومی و ئیسلامی و لەبەڵێ کوردیەکان، دیسانەوە خیانەتکی ووردە بەرژوازیانەی ناسیۆنال چەپەکانە ، کە مەبەست و ناوەرۆکی تەنها خەسازانە لەگەڵ دەسەڵاتداریەتی لەکاڵی کۆنەپەرستانی کوردو سیاسەتی ئیمپیالیستی جیهانی و هەوڵێکی نزیکانەیە بە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی (سۆسیال دیمۆکراتیانەی) بەرژوازی لەناوچەکەدا ، کە خۆی لە خۆیدا ناکۆکە لەگەڵ ەوتی گۆشەی سەرمایەو سیاسەتی ئیمپریالیستی جیهانی .
سەروساماندان بە هزرێکی شەشگەڕانەی مارکسیستی لەم چەشنەش هەروا کارێکی ئاسان نیەو کاری شەلگیرانە ئەخوازێت ؛ هەروەها ئەویش بەهەمان شێوە لە گرووی هەم توازون قوای جیهانی و لەکاڵی خەباتی چینایەتیدایە ؛
بەنام ئەمە بە واتای ئەوە نایەت کە لەشوێنی خەماندا بمێنینەوە و لە ناو چوارچێوەی ئەم زەنگاوی کۆمەڵگای کوردیدا بتلێنەوە !

صابر محمد

بزووتنەوەی مارکسیستی کرێکاران

ئەو مەرجانەی کە پێویستن بۆ کاریگەربوونی کاریکاتێر.. بەشی 1- هەندێن خشناو

ئەو هەڵانەی کە زۆرجار لە هەڵبەزین و دابەزینیاندا دەکرێت و زۆرجاریش شێوەکاری بە شێوەیەکی گشتی، ئەگەر لە کاریکاتێری پێرتێتدا سەرکەوتووبێت، ئەوا بۆ جێبەجێکردنی کاریگەریەکی بەرز لە کاریکاتێردا، لە جێبەجێکردنی ئەرك و کارەکانی، بەبێ دابینکردنی چەند مەرجێکی دیکە بەدینایەت، بە تایبەتی لە هەردوو جۆرە کاریکاتێرە سەرەکییەکان کە کاریکاتێری سیاسی و کۆمەڵایەتین، چونکە هێز و سەبەر و رووبەرە رەنگاوڕەنگەکان تاکە کۆگە نین لە کاریکاتێردا، بەڵکو شێوەی دەرەوەی کاریکاتێر پێکدێنن، خوێنەریش تەنیا بە شێوەی دەرەوە کارلێك لەگەڵ کاریکاتێردا ناکات، دەنا هەموو کاریکاتێرەکان لە ئاستدا لەیەك نزیك دەبوون، کاریکاتێری سەرکەوتوو و کاریکاتێری ناسەرکەوتوو نەدەبوون، بەڵام وەکو دەزانین کارەکە بەم شێوەیە نیە، چونکە زۆرێك لە کاریکاتێرەکان کە کارزانانە نەکێشراون، و لە ڕووی هونەری و شێوەکارییەوە لە ئاستێکی نزمدان، یان لە ئاستی ئەوانە نین کە بە کارزانی و دەستەنگینیەوە کێشراون، کەچی ئای خوێنەران و بایەخدەرانی بواری کاریکاتێر بەلای خۆیانەوە رادەکێشن، لە هەندێك لە پێشانگا و پێشبڕکێ نێودەوڵەتیەکانیش لە بواری کاریکاتێردا تەکنیك و داشتنی هونەری بە پلەی دووەم دێت، چونکە تەکنیك بەتەنیا بەس نیە، پێویستە چەند مەرجێکی گرنگی تریش فەراهەم بکرێت، هەوڵدەدین بە شێوەیەکی ڕۆژەیی لە خوارەوە باسیان لێوەبکەین:

1- مەرجی پێکەنیناوی (کۆمیدی):
دەستەواژەی کۆمیدیا دەستەواژەیەکی گریکیە (یۆنانی)، بە شانۆی دژە تراجیدیا دەوترا، هەردوو دەستەواژەش وەرگێڕدرانە سەر زمانی

عەرەبی، تراجیدیا ناونرا (مەئساة) و کۆمیدیاش ناونرا (مەلهات)، بووە نەریتێك لەناو خەڵکیدا کە کۆمیدیا ئەو هونەرەیە کە ئامانجی بە پێکەنینهێنان، یان پشت بە پێکەنینهێنان دەبەستێت، بەبێ هەچاوکردنی ئەوەی کە ئەو هونەرە شانۆیی بێت یان نا، ئەو دەربڕینە بە شێوەیەکی تایبەت گواستراوەتەوە بۆ سینەماش، ئێمە لامان پەسەندترە بەکارهێنانی وشەی (کۆمیدی) لە جیاتی (پێکەنیناوی)، وشەی کۆمیدی بۆ مەرجەکە دەگەڕێتەوە، بەڵام پێکەنیناوی وەرگێڕاوەکەیەتی، کە لەوانەیە پێ بە پێستی ماناکەی نەبێت، بەڵام نزیکترین وشەیە بۆ مەبەستەکەمان، تۆژینەوە لە دەستەواژەکان باسی ئێمە نیە لێرەدا، بۆیە دەگەڕێینەوە سەر باسە بنەڕەتیەکەی خۆمان کە مەرجەکانی کاریگەری کاریکاتێرە.
فەراهەمکردنی مەرجی کۆمیدیا لە کاریکاتێردا شتێکی گرنگە و لە مەرجی شێوەکاری کەمترنیە، چونکە کاریکاتێر لەسەر دوو رەگەزی بنەڕەتی بونیات دەنرێت، ئەوانیش شێوەکاری و کۆمیدیایە، ئەگەر شێوەکاری نەبوو ئەوا کاریکاتێر نابێت، ئەگەر کۆمیدیاش نەبوو هەر کاریکاتێر نابێت، دەتوانین ناو لە کاریکاتێر بنێین (کۆمیدیای شێوەکاری)، لە حاڵەتی ونبوونی ئەم مەرجە کە کۆمیدیایە لە کاریکاتێردا، ئەوکات دەتوانین ناوی بنێین (نیگاری کاریکاتێری) لەو خانەیەی کە ستایلی کاریکاتێری بەکارهاتووە لە نیگارکێشاندا، بەڵام کاریکاتێرێکی تەواو نیە لە هەر حاڵەتێکدا.
مەبەستمان چیە لە کۆمیدیایی، هەموو جۆرەکانی هونەر کە دەبنە هۆی پێکەنین، لە گاڵتەجاڕی و هەجوو و گاڵتەوگەپ و قۆشمەیی، دەچنە ژێرباری ئەو دەستەواژەیەوە، هەموو ئەوەی دەبێتە هۆی پێکەنین کۆمیدیایە، جا چ پێکەنینێکی بێنیاز یان هەڵەشەئامێز یان ڕق و کیناوی یان زەرد یان پێکەنێکی ڕەش بوو.

لە دولکانەوە بۆ حاجی مامەند.. ئەحمەد رەجەب

وانەکانی ژیان :

لە سەرەتای ساڵی 1983 بە هاتنی هاوڕیانی نوێ لە دەرەوەو

مەبەندەکانی بادینان و هەولێر ژمارەمان لە هەڵکشان بوو بۆیە بریاردرا بارەگای حزبی شیوعی عێراق لە دولکان بگوێزرێتەوە بۆ بارەگای مەلبەندی سلێمانی ـــ کرکوکی حزب لە دێی حاجی مامەندو لە گەڵ هاورێ ابراهیمی سۆفی محمود (بابی تارا) کە هێشتا لە بەر ئازاری برینەکانی کە لە شەڕی سنە تووشی بوو بوو ئەیناێاند چۆنێتی رویشتنمان باسکردو هاورێ جەلالی عەلی دەوەت { شەرزاد} پێشمەرگەی ئازاو گورجوگۆل دەستنیشاکرا بۆ یارمەتیدانمان.
بەیانی زوو رۆژی 4/1/1983 هاورێیان (ژمارەیەکی زۆر ژنان) بوون ئامادە بوون و چوار هێستر بارکران و بەناو بەفرو شەختەو سەهۆڵبەندان و سەرماو سۆڵەو بەناو خاکی ڕۆژهەاتی کوردستان بەرەکەوتین وکزە بایەکی سارد گڤە ئەهات و مرۆڤی هەراسان ئەکردو کە گەیشتینە دێی خەجەك (خەرجك) شاخی گەڵی ماوەت دەرکەوت و فرۆکە جەنگییەکانی سەدام حوسەێنی دیکتاتۆر و حزبی بەعسی عەرەبی لە بۆمبارانی شارەکانی ئێران و کوردستان ئەگەرانەوەو، هیلاکی بە دەموچاوی هاورێیان دیاربوو بۆ لای ئێوارە گەیشتینە دێ نێوران سەر بە شاری بانە.
برادەرانی حزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران (حدکا) بە گەرمییەوە پێشوازییان لێکردین و زوربەیان هاورێ بابی تارایان ئەناسی بارەکانمان لە لای ماڵێك داگرت و، هاورێیان دابەش بوون بە سەر ماڵەکان بۆ نانخواردن و. من وبابی تارا بووینە میوانی بەرێز هاشم کەریمی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (حدکا) و شەوێکی خۆشمان بە سەربرد.
لە رۆژی داهاتوودا و لە پاش قاوەتی خواردن هێسترەکان بار کران و کەوتینەڕێ و، ڕێگاکە بوو بوو بە سەهۆڵبەندان و هەندێ لە هاورێیان بەم لاو ئەولا ئەکەوتن و گەیشتینە جێیەکی زۆر لێژو ترسناك و ئامۆژگاری هاورێیانمان کرد زۆر وریا بن و لەو کاتانەدا هێسترێك بە بارەوە خەلیسکاو لە بەرزی شەش و حەوت مەتی کەوتە خوارەوەو زوو لە گەڵ چەند هاورێیەك فەریا کەوتین و هێسترەکە زیانی پێگەیشتبوو ناچار بووین بارەکەی بە سەرخۆماندا دابەش بکەین و هەرچەنێك بوو گەیشتینە دێی چەمپاراو لە مزگەوت باری هێسترەکانمان داگرت و لە سەر ماڵان دابەش بووین و بۆ نوستن سەرو بەتانیمان لە ماڵان وەرگرت.

بەفر زۆر بوو ڕێگای شاخی سورەبانی بریبوو هاتوچو لە نێوان چەمپاراو چاڵە خەزێنە نەمابوو چوار ڕۆژ ماینەوە بەیانی و نیوەڕۆ ئێوارەو سۆ ژم خواردن بارقورسی بوو بۆ دانیشتانی دێ بۆیە لە گەڵ هاورێیان بابی تاراو شەرزاد باسی دێی چەمپاراومان کردو بە هۆی

ئەوەی ئەکەوێتە سەر سنووری هەردوو وڵات عێراق وئێران دوور نییە دوژمنی هەردوولا کاسەلێسی خۆیان خزاندبێتە ناو دێکەو باشترواية هەوڵ بدەین لێرە دەربچین و، ڕێکەوتین بەیانی زوو هاوری شێرزاد لە گەڵ هاوڕێیەکدا بڕۆن بو چاڵە خەزێنە و هەسترێك بە کری بگرن و بێنەوە بۆ سەرشاخ و ئەمەش چەند کەسێکی شارەزا لە دێکە بە کرێ ئەگرێن و یارمەتیمان بدەن تا سەر شاخ و خەمی سەرەکیمان بابی تارا بوو چۆن بگاتە سەر شاخ.
لە ڕۆژی پێنجمدا هاورێ شیرزاد و هاوڕێیەکی تر چون و ئەمەش بە یارمەتی کەسانی ناو دێ هەستەرەکانمان بار کردو کەوتینەڕێ و بابی تارا زۆر ئازایانە تا سەر شاخ بە پیادە هات و لەوێ هاورێ شیرزاد هەسترێکی هێنابوو لە سورەبان بەرەو خوار شۆر بووینەوەو زۆر ناخۆش بوو گەیشتینە دێی چنارەو لەوێ ماینەوە بۆ ڕۆژی داهاتوو گەیشتینە بارەگای مەبەندی سلێمانی و کەرکوکی حزب لە دێی حاجی مامەندو شایانی ئاماژەیە مەبیندی یەکی یەکیتی نیشتمانی کوردستان لە هەمان دێ بوو..

9/3/2021

قەسیدەی عودی تەنهاییم بژێنە.. ستیڤان شەمزینی

لە هەیوانی ماندووبوونەوە
تەماشای لەچی نەوچەوانی زەمان ئەکەم
ئەو سروودە ئەچڕم:
بەلەمەک پێش نغرەبوون بۆ مانگشەوی ئەخونند
بیر لەو هەموو ساڵە ئەکەمەوە
نەمتوانی دارەبانی خۆشبختی مارێ بکەم
لە نەو حەسارەکانی شین و زاریدا،
شەبقەی تەف و زریانم کردە سەر
لەو چرکە نەفرەتییە ڕائەمێنم
پەنچەرەکانی تروسکەم لەخەم کڕم دا
بووم دەرگاوانی دەزخ

بە کەپەی ئاگر غوسلی خەمم لە ژیان دەرکرد
ئەو ساتە لە سینگما پەنگ ئەخواتەوە
بەرەدای نائومێدیی هەی لووشیم
لە کەناراوی زیندەبەچاکردنی ئازادیی و خۆویستیدا تفیمییەوە
دەستم خستە ژێر چەناگەم،
ئەندێشەم لەسەر چی خۆزان نیشتەتەوە
ئەو رەمانە ئەنووسمەوە
وەک بزمار ئەچەقێت بە باوەش دەقگرتووەکانتا
خەم و ئەسپە شی بیرکردنەوە سەرکەشکانم
چیاکانی کپی ئەبین
لە قوژبنی شەقامێکی چۆلەوە هاواردەکەم
عەشق لەگەڵ منا کەتایی دێ
ئەو پەیڤانە شی ئەکەمەوە
میتاڵی دڵی جەخار جەخاریان کردم بە ئاو
لەو هەستە مەلوول و پەنهانەدا لە دایک ئەبمەوە
تە هیچ کات دەرینابی
پەشیمانم لە درەنگ هەڵقوڵانی
ئەو پەکە شیرینەی عەشقی هەژاوت
لە پەینەوە بەسەر پردی خونە بەهاریەکانتا
بەرەو هەسارەی چاوەکانت
لە خەم دەپرسم بۆچی هیچ پەلەقاژێکم نەکرد
لەژێر چەقەی تەنهایی
باوەشم نەکرد بەو زەمینەی تەنها تەوی
ئەوینی تەی تیا چەنرابوو؟
ئەمستاش لەچاوبەستە ئەترسم
منی ماسی لە ئامێزی دەریا تەراند
بووم بە تەڵەی مەراقەوە
لەحەزمەتی تەڵایی تەدا بە هەمیشە خنکام
کە بارانی فرمێسکەکانت بەسەرما ئەبارین
من چەتری ڕەحم هەڵکرد
تنەکە ئەسرینەکانت لە ڕەحما
بوونە غەمگینترین رووباری گریاو
ئەوەندە باسم کردوویت بە ئاسمان
ئەستێرەکان هەموو ئەتناسن
ئەوەندە پەسنی تەم کردووە بە باخ
سەدان گوڵ سەری خۆیان هەڵگرت
ئەوەندە لەم روانیوی بە بەدەنگی و بە دوان،

چاوم کەوتە قسەکردن
ئەوندە خەیاڵم پەوە کردوویت
دڵم قەوزەی کردووە لە چاوەوانیتا
ئەوندە پێکەنینەکانتم کردووە بە شیعر
فرمێسکەکانم دەیان ڕەنجاوە
ئەوندە نازی تەم کرد بە سەمفەنیا
مەسیقاش سەری سووماوە!
بەیارمداوە لە دڵی هەموو شیعرەکما پەتبەم
تا لوتکەی خۆشم ئاوەی
بەیارمداوە لە هەر هەناسەیەکما
ئاهەکی سارد بە بیرکردنت هەڵمژم
بەیارمداوە لەسەر هەموو ڕێگاکانی چاوەوانیم
هەمیشە تە ببینم
دەتەش وەرە، بڵێ ئەم خەیاڵ نییە
بڵێکو تەترین بەهاری ژیانتم
دەتەش وەرە
تامی میوەی ماچ و ڕامووسانم بە بگەنەوە
دەتەش وەرە، لە لەترین شوانما
لە ئاتەشگای بەکەسیما ئاگرێک بکاوە
دەتەش وەرە
بە خاچی هاتنەکی ئەبەدییەوە هەموواسە
دەتەش وەرە، بە سەرنجە سیحراویەکەتەوە
دیواری شیعرم هەڵچنە
دەتەش وەرە، لە زەمانی کەبوونی ویژداندا
عودی تەنهاییم بژەنە
ئاوسا پێکاوە لە میحرابی ژووانەکا
نوێژێک بە عەشق ئەکەین و
دەست لە ناو دەست
بەسەر مەیتخانەی دابونەریتدا باز ئەدەین
لە کەتایشدا
وەک دوو هەڵەی بەرزەفڕی کۆستانان ئەفڕین
ئەبین بەدوو ئەستێرەی نوێی عاشق
لە فەسڵی خەزانی ئاسمانا
دە وەرە گیانی گیانم
تە تەنها کەرەمی هاتن بکە

پیینجی ئادار.. فازیل شـــۆ

شۆ:
شار، لە ناو کوورەی ستەمدا خەی ئادژاند
شاخ، پووزەوانەی ئاگری بە سبەینە لە پە دەکرد
دایک، بەسەز لایەلایەکی دەگوتەوە، قەت پەشتر نەبیسترا بوو
شەقام، تەنوو، خوێنی بەر پەی خەی نەش دەکرد.

سەحەر:
تەوەی گەنج لەگەڵ فیشەک شەی دەکرد
سینەی کچان بوون بە قەلغانی ئازادی
تەورداس و پەمەک و بەرچیغ و گەپان
شیشەی دەرگا و پەنجەری زیندانەکانیان
لە مەخەا تووند هەڵدەکشا
ژنەک. .. سووتاو
لەسەر بان هاوای دەکرد
"قوربانتان بم، نەنەوە،
تا هەڵم بە نەهەننەوە
قوربانتان بم
قوربانتان بم!"

چەشتنگاوان:
ئازادی، تازە دەهات بە شار و شاخ
گزنگی خەی شاباش بکا
ئەستاش خوێنی چەاوەی شەهید هەر هەمی لەهەڵدەستا
'ئەی پەشمەرگە" لەسەر زاران وەکو بەفر دادەباری
زامە پە لەفیشەکەکان
لە تاو ئازار خەیان لە خەک وەردەدا
بەڵام هەرگیز نەدەگریان.
ئازادی، ەمبەک لەو ئاسمانە بەرزبەوە، خەر بوو.
خەرکی تیشک سوور سوور.

پاشنیوەڕ:
خدر، تەلەوزیەنکی لەسەر شان بوو جوان ەای دەکرد

وسوو، مەز و کورسییەکی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا
عەلە، چوار کلاشنکۆف و دوو دەمانچە و دووربینێکی
لە قەڵەکانی کردبوو
منداڵێک، سێ نۆجمەی زێڕی لەسەر شانی خۆی بەستبوو
هەمەر، دوور دوور ڕاوەستا بوو
وەک شێت لە سەری خۆی دەدا
ئایشەگول بە خەندەیەکی پڕ لە گریان
بە گریانێک دەم بەخەندە
یاخۆی هەمووانی دەگرت و لێی دەپرسین:
“توخوا، هەڵەتان دیتووە؟
توخوا، پەم بڵێن لە کوێیە،
بەخوم دەچم دەیهێنمەوە.

٥/٣/٢٠٢١

ئاکامێ ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکانی پەتای کۆڤید-١٩ بەسەر ژنان نووسینی: مریەم عبدوالرحمن

ساڵی ٢٠٢٠ بەگشتی ساڵێکی سەخت بوو بە مرۆڤایەتی. کۆڤید-١٩ قایرەس بووە سەربار بە موسیبەتەکانی نیزامی سەرمایەداری، کە ژیان و گوزەرانی چینی کریکار و جەماوەری بەبەشی جیهانی ٣ووبەرووی سەختیەکی زەر کردەوە. بەشوەیەکی گشتی ژیانی ئاسایی لەبەریەک ترازاند. کاریگەریی لەسەر ژیان لەناو ماڵ، دەروە و شوێنی کار، خوێندنگە و کەمەگە بەجێهێشت. دەست ڕاگەیشتن بەخزمەتگوزاریی گشتی و کۆمەڵایەتیەکانی قورس کرد. دیارە ڕادەی کاریگەرییەکانی ئەم دەخەش جەراوجەر و لە کەسەکەوە بە کەسەک و لەژنەوە بە پیاو جیاوازی هەبوو.
ساڵی ٢٠٢٠ بەیار بوو ساڵێکی چارەنووسساز بێت بە بزووتنەوەی

یەکسانی ژن و پیاو بەپێی بەرنامەی کاری پەکین* و بەیاری ١٣٢٥ی نەتەوە یەکگرتوەکانی ساڵی ٢٠٠٠، کە یەکەمین بەڵگەنامەی فەرمی یاسایی بوو لە ئەنجومەنی ئاسایش دەرچووبێت بۆ گرنگیدان بە ئاکامەکانی ژنان و پرسەکانی ئاسایش و ئارامی. بەڵام کەمتەرخەمی دەستکەوتەکانی ئەو ٢٠ ساڵەی پێشووشی خستۆتە مەترسیەوە.
پێتاییکانی پێشووی وەک ئایدز و سارس و ئینفلوەنزای باڵدار و ئیبۆلاش دەریانخستووە کە زۆرترین ئەوانەی بەرکەوتەی ئاکامەکانی ئەو بڕیارانەن لە وڵات و کۆمەڵگە جەراوجێرەکان، ژنانن. کەرتنا ڤایرەس جارێکی تر ئەو راستیەی نیشاندایەوە کە نایەکسانی نێوان نێرینە و مێینە و ستەمی سەر ژنان لەکاتی پێتا و قەیرانە جەراوجێرەکاندا بەشێوەیەکی یەکجار زەق زیاد دەکات.
گرنگە ئاکامەکانی ئەو پێتاییە بزانین کە چین و چۆن لە بواری کەمەڵایەتی و تەندروستی و ئابووری، بەپێی ستراتیجی کەمەڵەی بانکی نێودەوڵەتی؛ کاریگەری لەسەر یەکسانی نێوان ژن و پیاو لەسەر ئەم لایەنانە دادەنێت:
١- هەلومەرجی ئابووری و سەرچاوەکان(الموارد).
٢- توانای تەندروستی و پەروەردە و فێربوون.
٣-پشتبەستن بە خۆ و سەربەخۆیی بوون(استقلالية).

١-کاریگەریە ئابووریەکانی کەرتنا:

• لەسەرتاسەری دنیادا ژن و پیاو لە پیشەسازی جەراوجەر کاردەکەن. ئەو ژنانەی لە کەرتەکانی خزمەتگوزاری کاریان کردووە بەتوندی بەرکەوتوون. بەنموونە: کەرتی تەندروستی، فەرمانبەرانی پێشوازی، چاودێری ناوخۆ و خزمەتگوزاری تایبەت(مضيفات)، چێشتخانەکان، ساڵۆنی قژبڕین و ئارایشگاکان، کرێکاری ناوماڵ...تاد. لەهەندێک بواری پیشەسازی کە ژن لەبەرهەمهێنانیاندا زۆرینەی زەرتریان هەیە وەک: نیوەی ژنانی بەنگلادیش لەکەرتی چنین و پیشەسازی دروستکردنی جلوبەرگ کاردەکەن. بەملیۆنان لەوژنانە ناردراوەتە ماڵەوە و بەکارکراون، و زوربەیان ژنن و بەهۆی کەرتناوە بە موچەن. لە ئەمریکا پتر لە ٤٠ ملیۆن کار لەدەستدراوە و ٦٠٪ یان ژنان کاریان تێدا کردووە(The Institute for Women’s Policy Research)لە بریتانیا نیوەی ئەو کارانەی لەدەستدراون ژنان ١٧٪ی ئەو کارانەیان لەدەستداوە لەبەرامبەر ١٣٪ی پیاوان(زیاتر).

• خاڵەکی تر کە پەیوەست دەکات ئاماژەی پێدرێت، بەتایبەت لەوڵاتە هەژارەکان کە بووەتە داهات کەمکان ناوزەد دەکرێت. ژمارەیەکی زۆری ژنان کاری نافەرمی(ناڕەسمی) دەکەن. لەئەنجامدا نەخشەی

پارێزبەندی کۆمەڵایەتی(الحماية الاجتماعية) لە شێوەی بیمەی بێکاری نایان گرێتەوە. بەنموونە لە وڵاتە عەرەبیەکاندا تەنێ ٦١.٨٪ ژنان بەنافەرمی کاردەکەن.

• بەهۆکاری ئەوەی مردنی پیاوان زیاترە لەژنان بەهۆی کێشەناوە (٢.٨٪ پیاوان دەمرن، ١.٧٪ژنان دەمرن). ژنانی ناچار کردووە هەوڵی زەرتربدەن بۆ پاراستنی کۆمەڵایەتی خێزانەکانیان و داهاتێک بەدەست بێنن.

• لە وڵاتە عەرەبیەکاندا کە لێیاسادا وا دانراوە پیاوان سەرچاوەی داهاتن. بۆیە ئەو خێزانانەی کە ژنەکان سەرچاوەی داهاتن، تەنگەژەوبەووی هەژاری زیاتر ببنەوە.

• ژنانی پەناهەندەی کار، وەک کاری خزمەتگوزاریەکانی ماڵان. لە کاتی ئەو پەتایەدا هەلومەرجی سەفەر و کار و پارەناردنەوە بۆ خێزانەکانیان کێشەی گەورەی تەدەکوەت و ئەوەش هەر بەسەر ژناندا دەشکێتەوە.

• بەهۆی پەتای کێشەناوە تەنگەژەوبەووی لەدەستدانی ملیۆنێک و ٧٠٠ فەرمانبەر ببنەوە کە ٧٠٠هەزار وەزیفەیان ژنە. لەکاتێکدا بەشداری ژنان خۆی کەم و بێکاریەکانی زۆر لەناو ژناندا هەیە کە لەساڵی ٢٠١٩دا گەیشتە ١٩٪ و بۆ پیاوان گەیشتە ٨٪. .

سەرەڕای ئەوەی پێش کێشەنا ژنان کەمتر بەشداری کاریان کردووە و سەرچاوەی پەیداکردنی داهات بوون، هەروەها هەژەی کرێی ژنان لەچاو پیاوان کەمتر بوو. بەهۆی ئەم پەتایەوە تەنگەژەو ئەو ژنانەی کاریان لەدەستداوە بەزەحمەتر لەپیاوان دووبارە بگەڕێنەوە سەر کاری پێشوویان.

٢-کاریگەریە کۆمەڵایەتی و تەندروستیەکانی کێشەنا بۆ سەر ژنان:

پرسکی دیکەی گرنگی پەتای کێشەنا ئەوە بوو کە تووندوتیژی خێزانی زیاتر کرد،ئەوەش بەهۆکاری نەچوونەدەرەوە و داخستنی شوێنگوزارەکان (کەرەنتینەوە). بەتایبەت لە وڵاتە دواکەوتووەکانی هەژەهەڵاتی ناوین و وڵاتە عەرەبی و ئیسلامیەکان و وڵاتە هەژارەکان. سەرەڕای ئەوەی ژنان بەهۆکاری کەلتور و هەلومەرجی نالەباری ئابووری و جەنگ و نائارامی سیاسی پێش کێشەنا لەو وڵاتانە گیردەی تووندوتیژی دەبوونەوە. هەلومەرجی کێشەنا کێشوهەوایەکی نالەبارتری تێخساند لەوەی ئەو کەسانەی تووندوتیژیان لێبڕامبڕیان بەکاردەهێنا لە ماوەی مانەوە لەماڵ و نەچوونە سەر کار تەواوی شەو و ڕۆژ دەبوایە بیەکەوبن، بە دڕوونکی نائارامی زیاترەوە ووبەووی تووندوتیژی

زیاتر دەبوونەوە. تەنانەت بەپێی ئامارەکان توندوتیژی ٢ بەرامبەر و زیاتر بەتەوە.

بەپێی لێکۆڵینەوەکان لەوانە عەرەبیەکان ژمارەی پێوەندیکانی ژنان بە هێلی تەلەفۆنی یارمەتی و گەرم ٦٠٪ زیادی کردووە لە چاو ساڵی ٢٠١٩. تەنانەت پێوەندیە تەلەفۆنیەکان بەتەنیا داوای کۆمەک و هاوکاری ناکەن، بەڵکو داوای بۆهاناوە چوونیان دەکرێت لە هێرشەی کوشتنی خێی و منداڵەکان. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هاوکاری نەکردنی حکومەتەکان لەلایەنی دارایی، کەئەمە فشاری زیاتر دەخاتە سەرحاڵەتی دەروونی پیاوان. بەنموونە لە تونس توندوتیژی ٥ بەرامبەر زیادی کردووە. لە عێراق تەنانەت ژنێک دوای توشبوونی بەکۆرۆنا و گەڕانەوەی لە نەخۆشخانە، هاوسەرەکەی لێگەڕێتەوە ماڵەوە و لەی جیا بەتەوە. تەنانەت هەندێک خێزان پێیان شەرمە ئاگادار کچەکانیان تووشی ئەو قایرۆسە ببن، چونکە ئەوە کاردەکاتە سەر دواڕۆژی هاوسەرگیری، وەک پرسێکی شەرەف هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەن، بۆیەش ئەو کچانە دەکەونە حاڵەتی دەروونی زیاتر خراپەوە. لە وڵاتانی پێشکەوتووی وەک فەرەنسا بەنموونە لە ماوەی هەفتەیەکی داخستنی شوێنە گشتیەکان توندوتیژی خێزانی بەرزبوەتەوە بە ٣٢٪.

لەلایەکی دیکەوە دابەشبوونی نایەکسان هەیە لە بڵاوبوونەوەی خێزان لەنێوان ژن و پیاو لەکاتی ئاسایيدا. ئەوەش بەهۆی دابونەریت و یاسای دژە ژنی داوکەوتوانە بگشتی و کۆمەڵگە ڕۆژهەاتیەکان بەتایبەتی. بەهۆی داخستنی خوێندنگەکان وجیاکردنەوەی بەساڵاچوان و زیادبوونی ژمارەی نەخۆش لە خێزانەکاندا، بەرپرسیاریەتی ژنان زیاتر دەبێت. ئەم هەلومەرجەش مەسەلەیەکی ترسناکی دروستکردووە لە گوشار خستنە سەر ژنان لەسەرتاسەری دنیا.

هەروەها زەربەی کاری ناوماڵ کە بە بەرامبەر، زیاتر دەکەوێتە ئەستۆی ژنان و کچان لە هەموو جیهان، بەجۆرێک ٧٦.٢٪ کار بەپێی ئاماری فەرمی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەوێتە ئەستۆی ژنان، واتە نزیک بە ٣ ئەوەندەی پیاوان، ئەم ژمارەیە لە وڵاتانی ئاسیا و ئۆقیانوسی ئارام بەرزدەبێتەوە بۆ ٨٠٪. بەمشێوەیە کە چاودێری نەخۆش لەماڵەوە دەکەوێتە ئەستۆی ژنان، ئەمەش هەکارە بۆ توشبوونی زیاتری ژنان بە قایرۆسی کۆرنا. لە کاتێکدا ژنان لەو شوێنانەی هەڵی پشێوە کاردەکەن وەک مامۆستا و کارگوزاری ناو تیارەکان و شوێنە خزمەتگوزاریەکان …تاد(لەسەر ئاستی دنیا ٨٨٪ی ژنان ئەو کارانەی هەڵی پشێوە دەکەن، ٦٩٪ پسپۆری تەندروستین). بەنموونە ئەو ژنانەی لە ئیسپانیا لەکارتی تەندروستی توشیبوون نەخۆشیەکە بوون

دگاتە ٨.٧١٪ بەرامبەر ٢.٢٨٪ پیاوان) و ئەو شوێنانەن کە زۆرتر نەخشیەکەی تەدابەاوە و توشی دەبن. لەماڵیشەوە دیسانەوە ژنان ئەرکی چاودێری زیاتریان لەئەستۆیە. کاتێکیش قایرۆسەکە دەبێتە هۆی داخستنی خوێندنگەکان و قەدەغەکردنی سەفەر و هاتوچۆ، خزم و بەساڵاچوانیش توشی نەخشیەکە دەبن، دووبارە ئەرکی ژنان زیاد دەکات و دەبێت زیاتر ئەرک بکێشن. تەنانەت ئەو ژنانەی بەنموونە لە کارتی تەندروستی کار دەکەن کە دیارە زۆرێکیان ئەرکی چاودێری خەزان و منداڵی لەسەرە، لەترسی لەدەستدانی کارەکەی پەنادەبات بە پێداکردنی دایەنگە و شوێنێک کە منداڵەکانی لە دابنێت لەکاتی داخستنی خوێندنگەکان.
لەکاتی بوونی هەڕەشەیەکی وەک جەنگ و پەتا، ژنان زیاتر توشی دڵەڕاوکە و ناجێگیری دەروونی دەبنەوە بەهۆی پەرشی زەریان بە پاراستن و چاودێریکردنی خەزان و منداڵەکان بەتایبەت.

لەئەنجامی سەپاندنی قەدەغەی هاتوچۆ بەهۆی ئەم قایرۆسەوە، ژنان بەگشتی و ژنانی دووگیان دووچاری ئاستەنگی گەورەی تەندروستی دەبنەوە بەهۆی کەمبوونەوەی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان و سنووردارکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و گواستنەوە و دەست ڕاگەیشتن بە نەخشانە و شوێنی چارەسەر و چاودێری ژنانی دووگیان. هەروەها توشبوونی ژنانی دووگیان بە خەمۆکی زیاتر بەهۆی ئەو هەلومەرجی قایرۆسەکە هێناویەتە پێش، ئەمەش کاریگەری خراپی دەبێت بەسەر کەرپەکە.

لەکەتایبدا ئەگەر سەیری وێنا گشتیەکەی ئاکامەکانی ئەم پەتایە بەسەر مرۆقایەتی بگشتی و بەسەر ژنان بەتایبەت بکرێت، ئەوا بەمان دەردەکەوێت کە ئەو پەتایە بزووتنەوەی ژنان بە گەیشتن بەمافەکانیان و یەکسانی لەماف لەگەڵ پیاوان، هەندەی دیکە ئەرکی گران کردوون و کەرەنا ئاستەنگەکان و کێشەکانی زیاتر و قووڵتر کردۆتەوە.
بەڵام ئەم پەتایە کەمێگەی بگشتی ڕاچڵەکاند و فشارێکی گەورەی هێنا بۆ زیاتر بیرکردنەوەی خێرا بگشتی بۆ ئەو نابەرابەری و کارەدژە ئینسانییە ڕەژانەیەی سیستەمی سەرمایەداریی بگشتی دەیکات، و ئەو کەمتەرخەمیانەی مەیدانەکانی تەندروستی و پەروەردە و خزمەتگوزاریە گشتیەکانی بەتەواوی ئیسوا کرد. بەیە بەوام وایە سەرەڕای ئەو ئاستەنگیانەی ئەو پەتایە هێناویەتە پێشەوە، لەبەرامبەردا بزووتنەوە ئینسانی و یەکسانیخوازەکانیشی وشیارتر و بئاگاتر هێنایەوە و شەرمەزاری و ئیسوایی و ڕەوانکاری ئەم

سیستەمی بەتەواوی ئاشکرا کرد.
خشتەی ئاماری ژنان لەچاو پیاوان لەو شوێنانەی لە هێڵی پێشەوە کار دەکەن.

خشتەی ئاماری ژنان لەچاو پیاوان لەو شوێنانەی لە هێڵی پێشەوە کار دەکەن.
پیاوان ژنان جۆری کارەکان
١٢٪ ٨٨٪ کرێکارانی خزمەتگوزای کەسی(شەخسی)
٢٤٪ ٧٦٪ پسپۆری یارمەتیدەر لەبواری تەندروستی
٢٦٪ ٧٤٪ کرێکارانی پاککردنەوە و یارمەتیدەر
٣١٪ ٦٩٪ پسپۆری تەندروستی
٤٠٪ ٦٠٪ ئامادەکردنی خۆراک و یارمەتیدەر
٤٩٪ ٥١٪ کرێکارانی فرۆشیار(Cashier)
٤٩٪ ٥١٪ پێشسازی خواردن و خۆراک
٨٣٪ ١٧٪ پێشسازی بیناسازی و گواستنەوە
٨٤٪ ١٦٪ کرێکارانی پاسەوانی
٩١٪ ٨-٩٪ هێزی چەکدار

*کێبووڕکێی پەکین (چین) لە ئەیلولی ١٩٩٥، یادی ٥٠ ساڵەی دامەزراندنی نەتەوەیەکگرتووەکان، بووبەنووەی لاڵایەن چەند وەاتەکەوە بەرنامەکارێک بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکانی یەکسانی و گۆڕپەدان و ئاسایش بۆ هەموو ژنان لەسەرتاسەری دنیا و بۆ بەرژەوەندی هەموو مرۆڤایەتی پشکێش کراو لە ساڵی ٢٠٠٠ بوو بۆ بەیاری ١٣٢٥ی نەتەوەیەکگرتووەکان.

-_____

سەرچاوەکان:
١- ویکیپیدیا
٢- سایتی(https://www.aljazeera.net/news/women/2020/5/2 الجزیرة)
٣- نەتەوەیەکگرتووەکان
https://www.un.org/…/put-women-and-girls-centre-efforts…
سەرەتای ئازاری ٢٠٢١

ئیسلام و عـــروبە دوو رووی یەک دراون.. ستیڤان شمزینی

هەمیشە بە قسەکردن لەسەر ئیسلام و عروبە و پەیوەندیی ئەو دووانە بەیەکەوە دەمانباتەوە سەر هەمان پرسیاری ئایا مریشک لە هەلکەیە یان هەلکە لە مریشکە؟ لەئاستیدا وەڵامەکە بەهەر بارێکدا بێت هەر راستە، بە هەمان شێوەش ئاگەر بڵێین عروبە بەرهەمی ئیسلامە، یان ئیسلام بەرهەمی عروبەیە ناکۆینە هەڵەوە و لەهەر بارێکدا بێت وەڵامەکی گونجاوە، چوونکە ئیسلام و عروبە دوالیزمێکن کە بووون مەژوو و سەرهەڵدانیان ئاوێتەی یەکتری بووە و بە یەکدی بەستراوەتەوە، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین دوو رووی قەڵەبی دراوێکن کە تووندوتیژیی و تیرۆر و ئینفال و شمشێر. عەرەب هەمیشە بە دەستکی شمشێری هەڵگرتووە لە پێنا دەستکی قورئانیدا، قورئانیش کارتێلکی هەسوان و کارکردنی عروبەیە، ئاگەر مانیفێستی کۆمۆنیست کتێبی پیرۆز و بنەمایی کۆمۆنیزم بێ، ئەوا قورئان کتێبی پیرۆزی عروبەیە.

تەنیا لە یەک سەرچاوە وەریدەگرێت. ئەو وێنەیەی لە یەک سەرچاوە وەردەگیرێت، وێنەیەکی ناسراوە و لە کەیانی (Collective Imagination)ی جەماوەردا بە زەقی ئامادەیە. بوونێ حەقیقەتی چەسپاو و ئەرکی مامنووسی باو تەنیا تەخکردنەوەیەتی. مامنووسی داهێنەر ئەو وێنەیە تەک دەشکێنێت، چونکە وێنەیەکە، دەستکەوتە پاشتیەتی و بڕمار وێنەی تری شاردووەتەوە. ئەمە خاڵی جودابوونەوەی مامنووسی داهێنەرە لە مامنووسی باودا، کە هەر لەرێشەوەیە دەبێتە خاوەنی ئەزموون و دەتوانێت بە شێوەی جیاواز باس لەو ئەزموونەی بکات، پێچەوانەی مامنووسی باو، کە تەنیا لە ئاستی میللیدا هەندێک گوتەی سادەی ئامادەکراو دەگێتەوە. ئەزموونەکەی هاوشانی ئەزموونی جەماوەر. خوێندنەوەی مامنووسی باو ئاسایییە، بەو مانایەی ئەو شتانە دەخوێنێتەوە، کە هاوئاستین، لە کاتێکدا هیچ مامنووسی ئەزموونگەر شاقوولی، بگرە فرەئاستییە. تێکست ئەو هووبڕیە، کە چالاکیی خوێندنەوە و نووسینی بە جارێ تێدا دەردەکەوێت. لە گوتار و گفتوگۆکاندا مامنووسی باو هێندە دەردەکەوێت، کە بە هەمان زمانی جەماوەر وەسفی ئەو چەمکانە دەکات، هاخنەدەزان بەشێکی تەمەنیان بە لێکدانەوەیان تەرخان کردووە.

دیسان بە ئەو خاڵە دەگەیەمەوە، کە تێیدا گوترا پرسەسی خوێندنەوە و نووسین هاوکاتن و لە یەک جودا ناکرێنەوە، بەیە خوێندنەوەیش وەک نووسین لای مامنووسی فرەدەنگ مەبەستدار نییە، بەڵکوو دایەگییە و بەردەمی کراوەیە، بەیە هەموو ئەو قاڵب و کەشانەی هەندێک هاخنەگری میللی دایاندەنێن، کە نووسەر چەن بنووسێت و خوێنەر چەن بخوێنێتەوە، لە بەردەم ئەو پرسەسەدا خەیان ناگرن و تیۆرییەکانی هاخنەی وەامدانەوەی خوێنەر (Reader-response criticism) لەم پەنجا شەست ساڵەی ڕابردوودا شەیان لە دژی ئەو تەگەیشتنە هووکەشدا کردووە. هەر بە گشتی فەلسەفە لە (نیتشە)وە تا (دولووز) و دواتر لە دژی ئەو قاڵب و کەشانە وەستاوەتەوە، کە مەبەستیانە هە لە (ئارەزوو: Desire) بگرن. پرسەسی خوێندنەوە هەم لای نووسەر و هەم لای خوێنەر ئازادانییە، مەبەستدار نییە و بە هەموو ئاستێکدا دەجووڵێت، تا بەو مانایانە نەگاتەوە، کە ناسراون و پێشتر هەبوون، بەڵکوو لەو گەڕانەدا مانای نوێ و چاوەڕوانەکراو دەردەکەون، بە ئەوەی وا لێیان بڕوانرێت کەتاییین و چوارچێوەیان هەیە. ئەو چەمکانە لە ناوەوە پاڵ بە مامنووسەوە دەنێن لە بواری جەراوجەردا بڵێن بگەڕێت، کە ئەمە لە شێوازی گەڕانەوەیشدا دەردەکەوێت، بەوەی دەتوانێت زانیارییەکانی هەنگاوەنگ بکات و بە

هەر دەنگێک سەربەخۆیی بەدەتە دی. لە ڕۆمانی باودا یەک دەنگ زاڵە، کە دەنگی نووسەرە. نووسەری ڕۆمانی باو وەک ئەوە وایە لە پشت مایکرۆفۆنەوە دانیشتبێت و بە ناوی کارەکتەرەکانیەوە بدوێت، دروستتر وەسفیان بکات.

ئایا هەموو ڕۆمانێووسێک پێویستی بە خوێندنەوەی بواری جەراوجەرە؟ ئایا ئەوانەی لە بواری جەراوجەدا دەخوێننەوە، وەک ئەوانەی تر دەنووسن؟ چ جەرە ڕۆمانێک پاڵ بە ڕۆمانێووسەوە دەنێت لە بواری جەراوجەدا بخوێنێتەوە؟

- ئەگەر مەبەستت زیاتر لەبارەی ئەم چەمکانەوە بخوێنیتەوە، دەکرێت بە ئەم بەرهەمانەم بگەیەنیتەوە:
_ گەڕانەوەیەکی کاتی بۆ دایەلەگەکی بەردەوام.
_ منداڵێک بە دزییەوە کتێب دەخوێنێتەوە.
_ ئەردەڵان عەبدولڵا و من لە کازینۆی منداڵاندا.
_ لە (ڕۆخنەگـــــــر کەیە)وە بۆ (ڕۆخنە چییە). بۆ تەوەرەی (ڕۆخنە)ی (ژنەفتن) نووسراوە.
_ کات وەک پرسیارێکی شانگەز لە ئەزموونی منـدا. (گەڕانەوەی ئەزموونی خەمە لەبارەی چەمکی کاتەوە، کە لەم نزیکانە گەڤاری گەڕانەوە بۆی دەکاتەوە).
_ ڕۆمان لەنەوان جەماوەر و خوێنەردا.
_ پەیامی ڕۆمان و ڕۆمانی پەیام.

کاروان عومەر کاکەسوور

دوای ئـــەوەی بـــاش شافـــاکم ناسی!*.. محەمەد تەها حوسێن

تازە ڕۆمانی چل ڕۆساکەی عەشقی نوسەری بە هەچەڵك تورکی نیشتەجێی بەریتانیا ئەلیف شافاك دەرچوبوو، هاوڕێ و مامۆستای بەڕێز و خۆشەویستم پڕۆفیسەر دکتۆر یوسف حەمە ساڵح هانیدام لە پێشانگەی هەولێری کتێب بیکڕم. کە خوێندمەوە زۆری پێ سەرسام بووم و منیش لای خۆمەوە هانی ئوستاد جەلیل کاکەوەیسم دا بۆ ئەوەی بیخوێنێتەوە،

دوای ئەوەی جەنابیان خوێندیەوە، لای خۆیەوە بڕیاریدا وەریگێڕێتە سەر زمانی خۆمان و پاش چەند مانگێك بە کوردیش بینیمان و زمانە کوردیەکەی ئوستاد جەلیل توانی بچێتە ئاستی زمانی خالید الجبیلی وەرگێڕە عەرەبیەکەیەوە.

چل ڕۆساکەی عیشق لە ڕووی تەکنیکەوە هەرە جوان بوو، لەوانەشە ئەم تەکنیکە لەوەوە سەرچاوەی نەگرتبێ بەقەد ئەوەی بەر لەو نوسەری تر هەبوون بەم هونەرە ڕوداو و زەمەنی ڕودانیان و کارەکتەرەکانیان خستووەتە نێو دۆقی باڵاوە و سەرەنجام لە چنینی خەیاڵێکی ئەدەبیدا دنیایەکی تریان بۆ نەخشاندوینەتەوە. ئەوسا لەم ڕۆمانە کێشەیەکی خێشەویستی زەمەنی نوسینی ڕۆمانەکەمان بە بەستنەوەی بە زەمەنی خێشەویستی بەڕام لە جۆرێکی تر و دەمێکی تر بۆ دەگێڕتەوە، لەو دەمدا چون تەواو لە کێی کارەکانی شافاك شارەزا نەبوم و تەنها ئەویانم خوێنبۆوە و هەر بۆیە نەمتوانی هێچ سەرەکیەکانی خەیاڵی هزرین و چنینی ژیانێکی شیمانەیی کە ئەو لە بنچینەدا مەبەستی بوو بدۆزمەوە.

دوای ئەوەی زۆرەکەی ئەستەمبۆڵ و گوڵی ساردینیا و شیری ڕەش و شەڕەف و کوڕە شەیداکە و دە خولەك و سی و هەشت چرکەکەیشم خوێندەوە و هاوڕێ لەگەڵ ئەوانەشدا چەندین چاوپێکەتن و موحازەرەکانیم لە یوتیوپ بینی و تەواو لێیان حاڵیبووم، گەیشتمە ئەو سەرنج و ڕایانەی سەبارەت بەر لە ئێستا بە زمانی عەرەبی لە هەژماری فەیسبوکی خۆم خستنمە ڕوو و ڕشدیشم لەسەریان و بگرە لەم نوسینەی بەردەست و چاوتان هیدیکەشی دەخەمە سەر.

شافاك لەگەڵ دایکی کە ناوی شەفەق(شافاك)ژیاوە و هەر ئەویش بە تەنها پەروەردەی کردووە چون باوکی دوای لەدایکبوونی ئەلیف لە دایکی نوسەر جیابۆتەوە و هەر بۆیەش هەروەك لە شیری ڕەشدا باسی کردووە ناوی دایکی خستبۆتە شوێنی هی باوکی و بەمەش ڕەچەشکێنیەکی فیمینیستانەی کردووە و من هەمیشە بوڕیم خستبۆتە پاڵ ئەم هەڵوێستەیەوە. بەڕام ژیانی کچێك لەگەڵ دایکی و کەوتنە نێو هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و دەروونی جیای ئاوەهاوە، زەمینەی حەز و سۆزی مێگەری و دواتر بەرگریکردن لە بۆیاری شونەکردنیان بۆ خولقاند، ئەو بۆیارەی کە لە کتێبی یاداشتەکانی (شیری ڕەش) کە بە شێوازێکی ڕۆمانە نوسیویەتی خستویەتە ڕوو و تا ئەو دەمەی ڕازیبووە شو بکات بە کاك ئەیووبی هاوسەری کە ڕۆژنامەوانێکی تورکە زۆری پێچووە.

لە چالاکیە هزری و میدیاییەکانیدا کە زیاتر لە زانکۆ و پلاتفۆرمە گشتییە میدیاییەکان دەیانکا، بە ئاشکراتر لە مانەکانی ئەندامبوونی خۆی لە کۆکراوە بەرگریکارەکان لە هاوڕەگەزبازی و بە تایبەت لیسبۆنیەت دەخاتە ڕوو، کە من پێموایە ئەگەر هاوسەنگانە و لە سەنگە سۆسیۆکولتوریەکەیەوە ئەم هەوڵستە گەلالە بووبێ ئاسایە، بەڵام هی شافاك زیاتر پەیوەستە بە مەیل و ئارەزووەکانی خۆیەوە و پەیوەست نیە بە هەوڵستێکی هزریی و ئەکادیمیك و دواتر فەرهەنگیەوە، هەروەك ئەو کەسانەی توشی تەلاسیمیا و ئۆتیزم و شێرپەنجە و ....تاد دەبن باوك و دایك و کەس و کارە نزیکەکانیان کۆکراو و ئۆرگانی بەرگریکردن و هاوکاریکردنیان بۆ دەکەنەوە.

واچاکە هەر لێرە ئاماژە بە بۆچون و لێکدانەوەیەکی خۆم بکەم سەبارەت بە(چل ساکەی عەشق) و ئەوە بخەمە ڕوو کە شافاك نەك مەبەستی نەبووە مەولانا جەلالەدین وەك سیمبولێکی جوانی مرۆڤایەتی بخاتە ڕوو، بەڵکو لە بچوککردنەوەی ئەودا بەرانبەر شەمسی تەبریزی پێگەی مەولانای وەك قوتبێکی زەمانی خۆی هێناوەتە خوار و وەك بەرکارێکی تەبریزی بۆی داوەتە. ئەوە نیە تا ئەوی نەدی چ پێگەیەکی هەبو و کە ئەوی ناسی بوو بە چ شێت و شەیدایەك؟.

ئەگەر چی خەوەتنشینی لە سۆفیگەریدا دیاردەیەکی ئیمانی و وجودیی باڵای ئەودیوسروشتیە، بەڵام خستنە خەوەتی مەولانا و شەمس بۆ ماوەی چل ڕۆژ لە شاری قونیەی شۆن ماڵی جەلالەدین لە تێگەیشتنی شافاکدا دەستکەوتنی ئەرگومێنت و بەڵگەیەکی مێژوویی و ئینجا ئیلاهیە بۆ پشتیوانیکردن لەو هاوڕەگەزبازیەی ئەلیف بەرگری لێدەکات و هەم لە مانەکانی خەیاڵیزەی دەکات و هەمیش لە چالاکیەکانی تیۆریزەی کردووە. لای ئەلیف بە زمانێك لە زمانەکانی لەو نیازەی تێدەگەین یا باشتر وایە بڵێین لەو ئەگەرەی حاڵیدەبین کە گوایە مەولانا و شەمس بەم سیناریزە و خەیاڵچنینە کەوتونەتە داوی عیشقی یەکتر و هەم خوا و هەمیش خەڵکیان بۆ ئەم مەیلە تەقیوەوەی خۆیان خستۆتە گەڕ. لای شەفەق پەیوەندی مەولانا و شەمس ئەم گومانەت لا دڵنێتە ئارا و ئەمەش لە ڕاستیدا لێدانی شافاکە لە گەورەیی و ئینسانبوونی مەولانا نەوەك پێداهەڵدان و گەورەکردنی. ئەم لێدانە سەرەتا لە ساویلکەییدا دەردەکەوێت و دواتر لەو عیشقە شافاکیەی خراوەتە گیانی مەولانا، شەفەق دەیەوێ مێژووی پەراوێزنشین و هاوڕەگەزبازیی بە هەوڵستە هەرە باڵا مەولانەییەکان بە تین و تاقەت بکا.

لە مانەکانیشیدا ئەگەر چی لە ژێر شۆن ناوی کورد دەهێنێت و

ئەمەشی پێ شاگەشکە دەبین، کەچی لە فەنتازیای چنراوی خۆیدا هەمیشە کارەکتەرە کوردەکان پێگە و □□ی نزم و ناشیرینیان هەیە و وەك ستەم لێکراو دەریان ناخا بەقەد ئەوەی وەك ویژدان ئازاریی دەیانخاتە □وو.

شافاك بەر لەوەی شەرەف لای کورد و سیستمە بەهاییەکانی بناسێ باشتر بابەتی شەرەف لای نەتەوەکەی خۆی و ئەو نەتەوانە شارەزایە کە لە □□ژئاوا لەگەڵیان ژیاوە، ئابووری سپیکردنەوە بە مانا کلاسیك و ترادیسیۆنیەکەی هەر بە تەنها خەسڵەت و نەریت و هەفتارگەلێکی کوردانە نین بەقەد ئەوەی لای هەموو گەلانی موسڵمان و تەنانەت غەیرە موسڵمانیش هەر هەبوون. وەرگتنی سامپلێك و دوان و سیان لە کورد بۆ قسەکردن لەسەر بابەتی شەرەف کە دەکرێ □□مانی دە خولەکەکەی وەك بەشی دووەمی شەڕەف بخوێنینەوە، نیازێکی پاکی ئینسانی ئەو دەرناخا، ئەمە جگە لەوەی تاوانی هاوبەشیکردنی کوردیش وەك تورك لە قەلاچۆکردنی ئەرمەن دەخاتە پاڵ کورد و هەموشمان دەزانین لای ئەم ئیمپراتۆریا و زلدەسەڵاتانە هەمیشە کورد وەك سەرمایەیەکی بەشەریی بۆ پێسە و کردەکانی ئیرتیزاق بەکارهاتوون و هیچ کاتێك کورد لە سەنگە و دەرچەی بۆیاری سیاسی و ناوەندیی خۆیەوە بەشداری هیچ شەڕ و کردەیەکی جینۆسایدی نەتەوە و گروپەکانی تری نەکردووە.

یەشارکەمال هەزاران جار جوانتر واقیعی ژیانی کورد و تورك و دەوڵەتی تورکیای خستەتە □وو و سوکایەتیشی نەخستەتە پاڵ کەس، بامۆکیش لە □□مانی بەفر دا فەزایەکی جوانی ساز کردووە و کوردیش تیایدا کارەکتەرێکی جوانە و ناشیرین نیە. بۆشکچی کە لە کوردستان دەبێتە سەربازی دەوڵەتەکەی خۆی درێزنی و کەچمیتۆدیی سیستمی سیاسی و ئەکادیمی وەاتەکەی بێ □وون دەبێتەوە و لەوە حاڵی دەبێ کە ئەوانەی لە نێویاندا لە کوردستان (خواروی خۆرهەاتی تورکیا) دەژی بە زمانێکی دیکەی غەیرە تورکی دەدۆن و کولتور و نەریتیشیان زۆر لە تورك جیایە، دواتر بۆشکچی هەوڵستە ئەکادیمیك و سیاسیەکانی خۆی لە وەاتەکەی خۆی دەخاتە □وو و باجی ئەم هەوڵستانەشی بە 17 ساڵ زیندانی دەداتەوە.

لە □□مانی دە خولەك و سیوهەشت چرکە دا شافاك لە شاری وان و دەوروبەریدا کەسایەتیەکانی □□مانەکەی دروست دەکات و □□ی سەرەکی دەداتە کێشەیەك کە دەبێتە قوربانی حەزە غەریزیە باش □امنەکراوەکانی مامی و ئەوە مامە ئەو لە تەمەنی شەش ساڵیدا ئەتك دەکا، دوای ئەوە بەردەوام دەبێ لەم کردەوانەی و تا تەمەنی کچە دەبێتە شازدە ساڵ، ناچار کچە سەری خۆی هەڵدەگرێت و بەرەو

ئەستەمبوڵ کە بازاڕی بە میرات بەجێماوی سەرەکی لەشفرۆشی و کچ و کوڕبازی زەمەنی سوڵتانەکان و زەمەنی کۆماریەکانیشە دەکەوێتە ڕۆ. هەموو ئەوانەی دواتر لەگەڵ لەیلادا کە کیژۆڵەی خزاوەکەیە بۆ نێو تۆڕی لەشفرۆشی دەبن بە هاوڕێ هیچیان لە هەگەزی تورك نین عەرەب و فارس و خەڵکی سوریا و لوبنان ومیسرن، ئەوەی بکەرە لە کردەی کۆینی سێکسیدا زۆربەیان تورکن و ئەوانەش کە بدەر و بەرکار یا فرۆشیارن یا کوردن یا عەرەب یا هیتر. ئەمەیان ناچێتە خزمەتی خەیاڵەی مۆدێرنە بەرگریکارانەییەکەی شافاك کە فرەیی و (L G B T) و لیسبێنیە، ئەم دیاردە سێکسواڵێتیە دیاردەگەلی مۆزوویی جیهانی و کولتوری و تەنانەت شارستانین و بۆ خەیاڵیزە کردنی کەرەستەکانی جگە لە کۆمەڵگەی کوردیی لە کۆمەڵگەی تورکی و تەواوی نەتەوەکانی تریش هەن.

شەفەق لە ڕۆمانی شەرەف یەخەی خۆزانێکی کوردی گرتووە کە دوای چونیان بۆ بەریتانیا لەوێ کچێکی خۆیان لەسەر ئابڕوچون دەکوژن گوایە ڕوویان لە بەرانبەر دنیا سپی دەکەنەوە، ئەمە لە هەر کوێیەکی دنیا ڕوو بدات تاوانە و کارەساتە، بەڵام تا ئەو دەمەشی لەگەڵ دابێ دیاردەی شەرەف و ڕوو سپیکردنەوە و ئابڕوکێنەوە یا شەردنەوە لە تەواوی خڕهەڵات و ئەفریقیا و تەنانەت ئەمریکای لاتینیش هەن، تەرخانکردنی کارەکتەرە کوردەکان بۆ بینینی ئەم ڕۆڵە هاو هەوڵستی شەفەق نیە لەگەڵ ئەمەی خوێندەوار لە نەریتە کلاسیك و توند و خوێناویەکەی خۆمان، ئەو بە زمانێکی پڕست مۆدێرن بە کوردی گوتووە ئەوە مایەی شەرمن هەم بۆ تورکیا و هەمیش بۆ دنیا، ئا ئەمەیان خزمەتی شەفەق ناکا لە بەرزبونەوەی کارە ئەدەبیەکانی بەقەد ئەوەی بەرزکردنەوەی ڕەگەز و نەتەوەکەی خۆی تیایە لە هزر و تێگەیشتنی ناسیونالیست و ڕەیسیستەکاندا.

من محەمەد تەها حوسێن خوێندەوارێکی هیومانیستم، نە باوەڕم بە ناسیونالیزم و ڕەیسیزم هەیە و نە باوەڕ و قەناعەتە هزرییەکانی خۆشم خستۆتە نێو چوارچێوەی ئیدیۆلۆژی جیاجیا و سەیر سەیرەوە، لەوانەیە بەر لە زۆر کەس و زۆر لە مۆژتریش هەرچی ئیدیۆلۆژیا بێ تۆ و دورم هەبێ، هەرچی مرۆڤ هەیە لای من بەڕێزە و هەرچی نەتەوە و گروپیش هەن ڕاستین و هەمان مافی ئینسانبوونی خۆمیان دەدەمێ، بە هەمان شێوە پەراوێزنشین و ژیاوەکانیش مرۆڤن بەڵام پشگیری لە مانەوەیان تا هەتایە لە پەراوێز ناکەم و پێموایە تا ماوەیەك پەراوێزبوون ئاساییە و دواتر کە تاك یا گرووپ یا هەر دەستە و تاقمێ هەناسەی ئاسایی هاتەوە بەر و بووەوە بە هاوسەنگ

ئەوا دەخرێتەوە پاڵ گشت و دایناميكيانە لە نێو كۆدا هەڵدەسوڕێتەوە.

- ئەم نوسینە لە ڕوانگەیەكی ئینسانیی و زانستیی باڵاوە نوسراوە و پەیوەست نیە بە ناسیونالیزم و هزر و بیركردنەوەی چوارچێوەگیراوەوە و تەنها ئەوە محەمەد تەهایە و بەس.

---

*ئەم نوسینەم لەسەر داوای هەندێ لەم هاوڕێیانەم بوو كە لە لاپەڕە عەرەبیەكەم بۆ ئەلیف شافاك خستبویانە ڕوو، سوپاس بۆ هەمو هاوڕیانم.

هێزاری ونایێكسانی دوای یێكساێ لێكێقیید.. شیرین عبدالله

یەك ساڵ تێ پەڕی بەسەر باڵاوبونەوەی قایرۆسی كۆڤید-١٩. ئاكامێ تێندروستیێكانی كۆڤید لێ كورت و درێژ خایەندا شوێنی ئێم باسێ نیە، لێرەدا دەمەوێت بێ كورتی بچمە سەر ئاكامێ كۆمەڵایەتی وئابوریێكانی كێ بە پێی ئامارێ جیهانیێكان پەدچێت چەندین دەیێ بخایەنێت ولەوانەیە بێ هەندیك وڵات درێژماوەتریش بێت.

قایرۆسی نایێكسانی:
هەندێك كەس نازناوی 'قایرۆسی نایێكسانی' لێ ناوێ، لێكاتێكدا كۆڤید -١٩ جیاوازی نازانانێت لەنێوان توشبواندا، بەڵام لێئاساسدا بوێ هەی پەردەهەماێین لەسەر قەزەوەن ترین دەردەكانی كۆمەڵگای سەرمایەداری سەردەم، ئەویش ئەو نایێكسانیێیە كە ئێم سیستەمێ لەسەری ڕاوەستاوێ.
لەڕاستیدا هەر كۆڤید نیە كە ئێم نایێكسانیێی سەلماندوێ؛ لەمێژوی پاندەمیكدا، تاعونێ ڕەشی سەدەی ١٤ بوێ هەی مردنی ١/٣ ی دانیشتوانی سەر زەوی، كە زەربەی ئەمانێ هێزار ترین كەسەكانی كۆمەڵ بون. حەوت سەدێ دواتر، هێشتا هاوكێشەكان نەگۆڕاون!.
لێم ساڵەی ڕابوردودا وێ لێ سایەی كۆڤید-١٩ دا، لێ سەرتاسەری جیهاندا، چەندین جار ئەوێ سەلمێنرا كە كوشندەیی كۆڤید لەو كۆمەڵانەدا زەر زیاترێ كە ڕەگەزی بەرزی هێزاری ونەخۆشی وچەی شوێنی

کارو ژیان ونبونی خزمەت گوزاری تەندروستی گشتی وبە کاری یان کاری ناجێگیری تیایە. وبەو پێیەی ھەژدەی ئەو نەخشیانە (وەک شۆکر، نەخشی دە و دەمارەکان، سیەکان، قوڕگەوی..) شان بەشانی ھەژاری زیاد دەکات، توش بونی ئەم کەسانەش بە کۆڤید-١٩ ولەدەست دانی کار ودەرامەتی خزانەکانیان زیاد دەکات، وبەم جۆرە دەبنە قوربانییانی ڕیزی پشتەوەی نەخشیەکە لە کەمکردا..

یەکێک لەو نمونانە، وڵاتی پالیقیا (یەکێک لە وڵاتە. ھەر ھەژارەکانی ئەمریکای جنوبی)، بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە لە گۆڤاری لانسێت ی بریتانی لە ٢٥.١.٢٠٢١ دا ھاتوە، ھەژدەی مردن لەناوچە ھەژارەکاندا لە تەمموزی٢٠٢٠ حەوت قات زیاتر بووە بەراورد لەگەڵ ھەمان کاتی ٢٠١٩(پێش کۆڤید)، لەکاتێکدا ئەم ژمارەیە لە ناوچە دەوڵەمەندەکاندا تەنھا دوو قات بو.
https://www.thelancet.com/journals/langlo/article/PIIS2214-109X(21)00001-2/fulltext
٧٠٪ کرێکارانی پالیقیا کاری ناجێگیر وبە کۆنتراکتیان ھەیە وبە وھیچ جۆرە بیمەیەکی کەمایەتی، وئەمە خۆی ھەکارێکە ناھەقیت بەر بەتەشەنەی قایرۆسە بگیرێت چونکە ئەم کرێکارانە ناچارن سەلامەتی خۆیانو خزانەکانیان بکەن بە قوربانی قوتی ژیانیان. لەکاتێکدا دەوڵەت کرێکارانی ھاتو چۆ وکشتوکاڵی وبازاڕەکانی بە "کرێکاری پێویست" ناساندوە، وئەم جۆرە کارانە زیاترین مەترسی بەاوبونەوەی قایرۆسەکەیان تیادایە، ودوڵەت بەکارھێنانی دەمامک و دەست کەش وھتد.. ی فەرز کردوە بە سەریاندا، بەڵام ئەم کرێکارە کەم دەرامەتانە دەبێت ئەم ئامرازانە وھەروەھا تاقیکردنەوەکانیشیان لەگیرفانی خۆیان بکەن.
لە ھەندێک وڵات وەک بریتانیا وئەمریکا، سەرەڕای ھەبونی یارمەتی دەوڵەت بە توشبوانی کۆڤید وئەو کەسانەی بە ھۆی کێرناوە بە کار بون، ئەم یارمەتیانە ژێڕخانێکی زێری ھاوڵاتیان کە پێویستیان پێیە یان ھەر شمولیان ناکات یان دەستیان پیا ڕاناگات لەبەر نەشارەزایی دیجیتاڵی وسیستەمی فەرم پڕکردنەوەی یەکجار ئاڵۆز وبیرۆکراتی ویان نەبونی ئینتەرنێت وکەمپیوتەر.

ژێڕخانی ھەژاری:
بەپێی ئامارەکانی سندوقی دراوی نێو دەوڵەتی لە ٢٠١٩ دا زیاد لە ٦٢١ ملیۆن کەس لەجیھاندا (٨.٠٪) لە خوار ھێڵی ھەژاریدا دەژیان (ستانداردی ١.٩$ داھاتی ڕۆژانە بەکارھاتوە بە پێناسەی ھێڵی ھەژاری!).

ئەم ژمارەیە لە ٢٠٢٠دا گەیشتە ٧٦٦ ملیۆن (٩.٩٪) لەکاتێکدا پێشبینی دەکرا ١٢٠ ملیۆن زیاد بکات. (واتە ١٤٤ملیۆن زیادی کرد). بانکی نێودەوڵەتی پێی وایە لە ٢٠٢١دا زیاد لە ١٥٠ملیۆن کەسی تریش دەتە ئەم ڕیزەوە.

نایەکسانی لە بوژانەوەی ئابووری ووڵات:
بە گومان کۆڤید کاریگەری لەسەر هەموو وڵاتانی جیهان داناوە بەڵام بە ووڵاتە پێشکەوتووەکان وەک شکستێکی کاتیە. وڵاتانی وەک بریتانیا و ئەمریکا سەرەڕای ئەوەی زیانێکی یەکجار زۆری بەشەریان لێکەوتوە لەم پاندەمیکەدا، توانای دابین کردنی چەندین ملیۆن ژەم ڤاکسینیان هەیە بە هاوڵاتیانی خۆیان (کە ئەمە بەتە مایەی ڕەخنەی تووند لە جیهاندا و ڕەکخراوی تەندروستی جیهانی ناوی ناوە ناسیۆنالیزمی ڤاکسین) وبەم جۆرە لەوانەیە بتوانن تا ڕادەیەک ئابووری وڵاتەکە ببوژێنەوە. هەندێک وڵات وەک کەنەدا ئەمەندە ڤاکسینی کڕیوە کە ٥ قاتی ژمارەی دانیشتوانە.
لە لایەکی کەوە نادیارە کەی وڵاتانێکی وەک زیمبابوی، مکسیک ، پاکستان...دەستیان بە ڤاکسین ڕادەگات. تەنانەت هەمی خاراس شارەزا لە ئابووری جیهانی و گۆشەسەندن لە پێمانگای بروکینگس لەڵەکەینەوەیەکیدا مەترسی بەردەوامی زیادبونی ڕێژەی هەژاری دەخاتە ڕو، پێشبینی دەکرێت ئەم ئاکامە ئابووری و کۆمەڵایەتیانە درێژ خایەن بن وتەنانەت هەتاکو ٢٠٣٠ و دواتریش.
ئەم مەترسیە بە وڵاتە هەژارەکان یەکجار زیاترە کە زەربەیان لەوانەیە تاکو ٢٠٢٢ ش دەستیان بە ڤاکسین ڕا نەگات ئەمەش بەمانای نەخۆشیەکە بەردەوام دەبێت لە کوشتن و هەژار کردنی زیاتر لەناویاندا. سەرەڕای ئەمە زەربەی ئەم وڵاتانە دەرگیری چەندین گرفتی وەک شەڕ وبرسیەتی وکۆشمەکەش وگەندەڵی ونەبونی خزمەت گوزاریە سەرەکیەکانن.. هتد.

ئاکامە کۆمەڵایەتیەکان:
لە چەند مانگی ڕابوردودا تیشک خراوەتە سەر ئاکامەکانی ئەم پەتایە وەک ڕێژەی بە کاری ونەخوێندەواری، تونددوتیژی بەرامبەر ژن و منداڵ، نەزم بونەوەی ئاستی کرێی کار..هتد بە بەڵێی داخستنی سنورەکان وقوتابخانەکان و شوێنی کار وپابەند بون بە ڕێنماییەکانی خۆپاراستنەوە. لەهەندێک وڵات دەبینرێت ئاستی کرێ بەرز بەتەوە بەڵام ئەمە بە هەی تیاچونی کارە کرێ نزمەکانەوەیە بە پلەی سەرەکی.
بەڵام زەر ئاکامی تر هەیە کەمتر دیارە وەک ڕێژەی واز هینان لە

خوێندن، کەوتنە ژێر باری قەرز، بەخانووانەیی، بەد خراکی و زیاد بونی ئاگاری توشبون بە نەخشی..
بە پیی ئامارە جیهانیەکان یەک ملیار منداڵ لە قوتبخانە دەوام ناکات. زۆربەی هەرە زۆری ئەمانە بەتایبەتی لە ولاتە هژارەکاندا، دەستیان بە هیچی ئینترنێت وکەمپیوتەر ناگات وناتوانن لە دوورەوە بخوێنن، بارودۆخی ماڵەکانیان گونجاو نیە بە خوێندن وفێر بون وڵەخانەوادەی ناجێگیر وبێئاسودەدا دەژین.. کچان بە هۆڕیەکی زیاتر واز لە خوێندن دەهێنن و بەم پێیە زیاتر زەرەرمەندن.
جگە لە دەست دانی هێلی کار وکەم بونەوەی دەرامەت، خانەوادەکان دوچاری گرانی و قەرز بون بەتایبەتی ئەوانەی کە منداڵیان هەیە. بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی ریزلیەشن فاوندەیشن کە کەنگرەی نێقابەکانی بریتانیا (تی یو سی) بڵاوی کردۆتەوە، ئەو فامیلیانەی کە پێش پاندەمیکەکە کەمترین ئاستی دەرامەتیان هەبوە، ئێستا دو قات مەسرەفیان زیادی کردوە. نرخی هەر خواردن وکاڵاکانی تر گران بون، وبەبڕێی لەماڵەوە ماندویان مەسرەفی سوتەمەنی وکارباو ئاو هتد.. زیادی کردوە و جگە لە تێچوی خوێندنی منداڵەکانیان لە ماڵەوە.

ژمارەیەکی زۆر ئەوانەی کاریان لەدەست داوە توانای دانی کرێ خانویان نیە وبەم جۆرە بە خانووانە بون. هێکخراوی شەلتەری بریتانی دەڵێت لە ٣ مانگی یەکەمی دوای سەرهەڵدانی پاندەمیکەکە ژمارەی چاوەڕوانکردوانی نیشتەجێبون ٦٠٠٠ زیادی کرد.
زیاد بونی توندوتیژی بەرامبەر ژن وکوشتنیان کراوە وەک ئاکامێکی هاستەوخێی هێنمایەکانی خۆپاراستن ولەماڵەوە مانەوەی ژنان وکچان لەگەڵ بکوژانیاندا ودەست هانگەیشتنیان بە خزمەت گوزاری فریاکەوتن ویارمەتی دان، بەڵگەی زۆری هەیە وچەندین ئاماری جیهانی هەیە کەئەمە دەسەلمێنی.

لە عیراقدا:
لە سایەی سیستمی سیاسی بەرژوا میلیشیایی وگەندەڵی حیزبە قەومی وئیسلامیەکاندا، کە هیچ جۆرە زمانەتێکی کەمایەتی بە خێک تیا نیە، وهیچ جۆرە یارمەتیەکی ئابوری دەوڵەت بە توشبوانی کۆرنا وخانەوادەکانیان وکسب و کاریان دابین ناکرێت، لەم ساڵەی هابوردودا هۆڕەی هەژاری بەڕادەیەکی ترسناک زیادی کردوە.
لەهەڵسەنگاندنکی وەزارەتی پلاندانانی عیراق بە پشتیوانی یونیسیف و بانکی جیهانی ودەسپێشخەری گەشەی مرۆیی ئەکسفەرد لە ناوەڕاستی ٢٠٢٠ دا؛ منداڵ وگەنج زۆربەی هەرەزۆری ئەو ٤.٥ ملیۆنە (١١.٧٪)

پەک دەهەنن کە لەبەر مەترسی هەژاری ونداریدان بە بەنای کەرناوە.
ژەی هەژاری لە سالی ٢٠١٨ دا ٢٠٪ بو، ئەمە لە ٢٠٢٠ دا زیادی کردوە بە ٣١.٧٪ کە یەکسانە بە ١١.٤ ملیەن! وزەربەی هەرزەری ئەمانە منداە وگەنجن.

سیستەمی تەندروستی گشتی عیراق یەکجار وەرانە ولە یزی نەبودایە، لەکاتەکدا کە کەرتی تایبەت لە بوژاندنەودایە، ولەم چەند سالەی ابوردودا دەیان وسەدان کلینیک وخستەخانەی تایبەت کراوەتەو. بە متمانەیی خەک بە سیستەمکە گومان وبە باوەی بە نەنمایین تەندروستیەکان وبایخ نەدان پیان دروست کردوە وتانەت خەدزینەوە لە تەست وفەحس کردن وچون بە خستەخانە. پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی ەژانە دەبینن ژمارەی توشبوان وگیان لەدەست دان زیاترە لە وەی کە تەمار دەکرەت چونکە کرێکاران ونداران لەکژەری ١٤ ەژ کەرەنتینەیان نیە لەماەوە دانیشن وکار نەکەن تاچاک دەبنەوە وخەیان ودەوروبەریان بپارێزن، وکارەکانیان بجەرەک نیە کەبتوانن لەماەوە ئەنجامی بدەن. هەمو شپەلەکی تازەی کەرەنا یەک شاەاوی گەورەی تازەی هەژار کردن وچالەنجی تەندروستی زیاتر لەگەە خەیدا دەهەنیت.
خزمەت گوزاریە گشتیەکانی تر وەک خویندن وئاو کارەباو سوتەمەنی وەگەوبان وخانوبەرە…هتد بەهەمان شەوە وەرانە وکەتەتە بەر شاەاوی پرایقەتایز (تایبەتی) کردن.

بگومان کەقید-١٩ وئاکامەکانی بە چەندین سالی تر باس دەکرەت وهەشتا بەتەواوی هەمویمان نەزانیوە. ڤاکسینەکان وچارەسەرەکانی کەقید چالەنجی تازە لەگەە خەیان دەهەنن هەروەک سەرەتاکانی لە ئەستادا دەردەکەوەت بە ناسیەنالیزمی ڤاکسین وبیرتەسکی وهاتە گوڕەکان ودەست گرتنیان بەسەر ڤاکسینەکاندا لەسەر حسابی هەژارانی دنیا. هەر لەئەستادا سەرهەدانی چەندین نەوی تازەی ئەم ڤایرەسە پرسیاری تازەی هەناوەتە ئاراوە وبگومان لە هەمو قەناغ وهەچون وداچونیکی پاندەمیکەکدا نایەکسانیەکان زەقتر دەبنەوە. نایەکسانی وهەژاری بنەمای سەرەکی کەمەگای سەرمایەداریە وئەم سیستەمە خەی دروستکەری نایەکسانیە.
لەوانیە هەرگیز سەرچاوەی سەرەکی کەقیدمان بە نەدەزرەتەوە ویان نەتوانین بەر بە پاندەمیکی داهاتو بگرین، ئەگەری پاندەمیکی تروکارەساتی سروشتی تر لە داهاتویەکی نزیکدا هیچ بە دور نازانرەت. بەلام گەورەترین چالەنج لەبەردەم کەمەگای مرۆیی

ئەمەدا کارکردنە بە نەهێشتنی ئاو هەژاری ونایەکسانیەی کە بوە هەی گیان لەدەست دانی زیاد لە ٢.٣ ملیۆن هاومرۆقمان وداسپانی نەهامەتی وبئاسودەیی بەسەر داهاتوماندا.

شیرین عبدالله
7.2.2021

کۆرتەیەک دەربارەی ناتورالیسم.. ڕاستی بەهادین

ناتورالیسم لە زانستی فەلسەفەدا بە و بە شانە دەووترێ کە باوەڕی بە هێزی سەرەکی سروشت "Nature" هەیە و هەرگیز سروشت بە شتیکی لە دەست نەزمێکی باڵاتر لە خەی نازانێ لە رووی ئەدەبیەوە زیاتر لە چاولیکردن وتەقلیدێکی یەکسان لە سروشت دەووترێ.
وە چوارچیوەیە کی تەنگتر و سنوردارتری لە "رئالیسم" هەیە و بەو قوتابخانەیە دەوترێ کە نووسەری بە ناوبانگ "ئیمیل زولا" و لایەنگرانی دایان مەزراندوە و بەو کارەیان دەیان ویست هونەر و ئەدەبیات ببەت بە چەمکێکی زانستی و زەرهەولیاندا کە هەوشی"ئەزمونی و جەبری زانستی" لە ئەدەبیات دا رواج بدەن.

ئەم قوتابخانەیە بە ماوەی دەساڵ واتا لە ساڵی ١٨٨٠ تا ١٨٩٠ی زایینی بەسەر هەموو ئەدەبیاتی ئەوروپادا حوکمڕانی کرد. نووسەرانی سروشتی و سروشت گەرایانی ئەو سەدەیە جگە لە قبوڵ کردن و پەیڕەوی کردن لە "
ئایینی سروشت" و "جەبری زانستی" بە ڕەوشەکانی پشکنین بۆ بابەتی "هاوخوینی" و "ودراسات" تیبینیەکی گرنگیان هەبوو وە بەکاریگەری خوینی "باوك لە منداڵ "دا باوەڕی تەواویان هەبوو ، هەروەها لە رووی بەچوون و دیدگای ئەوان وەزعی لەش لە سروشتدا لە حاڵەتی ڕەوانی گرنگتر و "ئەسیل تر" بوو
ناتورالیستەکان لە ئەفسانەکانی خۆیاندا بە هیچ جۆریك مرۆڤیان بە بوونەوەرێکی ئازاد و خاوەن ئیرادە پیشان نەداوە بەڵکو لە

بەرامبەر هەزکانی زادەی لەش و سروشت و "متافیزیك" هیزی باتر لە سروشت" بە مروۆکی بە ئیرادە و سنوردار وەسف کردوە.
لە پەشرەوانی ئەم قوتابخانە یە ئەتوانین ئیشارەت بە "ئیمیل زولا وە ویلیافالکنیز" دوو نووسەری گەورە بکەین.

ئاستی بەهادین

لە سەرەمەرگ بانگت دەکەم چاوەکانم دابپۆشیت.. سەباح هەنجەر

لە قوتابخانە لە هەبەیك
دەمانخوەند و لە ئاوەکی تەنك و بە بوار دەپەینەوە
دوای سی و یەك ساڵ تەلیسم و تاریکی شکا
لە ساردترین شەودا ژمارەیەك
هاتە سەر شاشەی مەبایلەکەم و زمانی گەلا
هەلاو
ەشنایی خودا دوورنییە و دەنگت
خوداوەندیی و پاك و ەوونە
جیهانی لەوەدە
فەرموو گیانی من بە
بەزت کەی
تە حەسرەتی ئەبەدیی و بکوژمی و هەزی دەدانەوش
هەموو شتەکت لەبارەوە دەزانم
پیاوەکی حەز لە کراس و پانتەل و پەلاوی ەش ناکەیت
جلوبەرگی سادە و ماتیش لەبەردەکەی
لەتاو شەل لە گەلەکی زەربەل و هەوا ناخەش
بەدەم خورپەی ەشناییەوە بارتکرد
ئەم ساتە پەردەی شادیتە
بەرز بەرز ەایدەگریت و ەزی دەگری
بە درەژایی شەو تفەنگچییە قەلەب و چرووك و فیتنەچییەکان

نەخشەی هەرشەکانیان لە بەر شەوقی تفەنگەکانیان دەکەشا
ئەم شەوقە چییە
بەردەوام پەشوازییان لەدەکات و باش دەنوون
هەنگاوە یەکەمەکان ئەوە لە کۆن
باندە بە باڵەکانیان ووناکییان بە گواستوونەتەوە
بەوانە باڵەکانیان پڵۆپتان بەهەز دەکا و گەرانی ئاکامن
دوژمن فڕی کردن چی پەویستە بیکەن
چاویان ساغە و لە ئاسمان خەیان
لە بەرد و گوللە و کاو دەپارێزن
ئاژاوەی زەویشیان بژار کردووە
دەتوانن لە بەرپە لایەن و دەنگی ئومەد هەبەن
بەرانبەر ئومەد ئاوەنە هەیە
ئومەد مانگی بە سەروشەن دەهەنەتەوە حەوزی
حەوشە و باڵح ئاو دەدا
لە باڵگاشدا باڵبوار دەگەڕێتەوە
گەانەوە جارەکە لە سەبووری
باڵت پە دەگرە و لە ئەستای پە گرەوگوە لەگەڵ خەتدا هەڵدەکەی

حوزەیرانی 2019 هەولێر

ڕۆی ژنانی کورد لە راپەڕینی پێنجی ئادارداو.. هەسوە بەسکەنی

خەبات و تەکۆشانی کورد لەپێناوی ڕزگارکردنی نیشتمانەکەی هەمیشە لەگیانی بەپۆیستر زانیوە، بەتایبەت لەکاتی دەسەڵاتی بەعس و دوای کۆتایی هاتنی جەنگی هەشت ساڵەی عیراق- ئێران، کە بەعس بەشی زۆری هێزی سەربازی خۆی ئاراستەی کوردستان کرد دژی شۆڕشگێڕانی کورد و لەناوبردنی شۆڕشی کوردستان، لەم ڕووەوە بەعس درێغی نەکرد لە گرتن و کوشتن و ئەنفال و کیمیاباران کردنی خەڵکی کوردستان، بەوەش نەوەستا لە ساڵی 1990 عیراق هێرشی کردەسەر وڵاتی کوێتی دراوسێ و داگیری کرد، دواجاریش سەدام گوێی بەقسەی کەس نەدا و لەسەرکۆشیەکانی بەردەوام بوو، بەمەش هاوپەیمانان بۆیاریاندا

بەزەر لە کۆت بیکەنە دەرەوە، ئیدی خۆنی شۆشگێڕەکانی کورد هاتەجۆش و بۆیاریاندا سوود لەم دەرفەتە زێرینە وەربگرن بۆ ڕزگارکردنی کوردستان.
یەکێتی نیشتمانی کوردستان زۆر لەخۆبوردوانە و شۆشگێڕانە هاتەدەست و بەرنامەی ڕاپەڕینیان داڕشت و شانیان دایەبەر ئەرکی ڕاپەڕین. لەناو بەرەی کوردستانیشدا، تێزی ڕاپەڕین پەسەندکرا. یەکێتی سەرچاوەکی شۆشگێڕانەی نواندو بۆیاریدا ڕاپەڕین بکاتە یەکێك لەئەرکە لەپێشینەکانی، لەبەرئەوە کەوتە هاندانی خەڵك و نامە ناردن بۆ زۆربەی کەسایەتی و خەڵکانی نیشتمانپەروەر و سەرۆك چەکدارەکانی ڕژێم و بەشێك لە پیاوانی بەعس، بۆ وریاکردنەوەیان، ئەگەر بشکرێت کاریگەریان لەسەر دابنێت بۆ هاوکاری جەماوەری ڕاپەڕیو لەشارەکانی کوردستان.
هەرچەندە بۆیار وابوو لەڕۆژی 7 ی مانگی ئاداری 1991 بەبەرنامەیەکی ڕێك و پێك لەسەرجەم شارەکانی باشووری کوردستان ڕاپەڕین ئەنجام بدرێت، بەڵام بەهۆی گوشاری دەزگاکانی بەعس بۆ سەر خەڵك، لەتەواوی ناوچەکانی باشووری کوردستان، بەهیوای ئەوەی بەرلە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان بگرن، لەسنووری شاری ڕانیە زیاتر گوشاریان بەکارهێنا، بەمەبەستی سەرکوت کردنی چالاکانی ڕاپەڕین، لەئەنجامدا خەڵك بەرگەی نەگرت و بارودۆخەکە لەڕانیە تەقیەوە و ڕاپەڕین ڕوویدا.

لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە خەڵکیان خرۆشاندووە

بەهۆی خۆنگەرمی و قینی خەڵك لەبەعس و گوشاری پیاوانی بەعس بارودۆخەکە گرژی تێکەوت و جەماوەر خرۆشا و ڕاپەڕینیان دەست پێکرد، چالاکانی ڕاپەڕین خۆنیان هاتەجۆش و لە 5ی ئاداری 1991 ڕاپەڕین لە شاری ڕانیە دەستی پێکرد و لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە کەوتنە هاندانی خەڵك و خرۆشاندنیان بۆ ڕاپەڕین بەڕووی بەعسیەکاندا، ڕاپەڕیوان هەڵمەتیان بردە سەر دامودەزگاکانی بەعس و شارەکەیان لە بەعسیەکان پاك کردەوە، لە هەمان کاتدا برایانی کوردانی ڕۆژهەڵات هاوکاربوون لە تەك خەڵکی ڕاپەڕیودا، پێشمەرگە و کچ و کوڕانی ئەوانیش بە چەك بەشداری ڕاپەڕینیان کرد.

ڕۆڵی ژنان لە ڕاپەڕیندا

ژنان و کچانی کورد هەمیشە سەر مەشقبوون لە ڕاپەڕین و بەرخۆدان، لە ڕۆژی پێنجی ئاداری 1991دا، کە خەڵکی ڕانیە ڕاپەڕین و دەستیانگرت بەسەر بارەگاکانی حزبی بەعسدا. ژنانیش شانبەشانی پیاوان ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو، لە دەستپێکی ڕاپەڕیندا ژنان

بەشداری سەرەکییان کرد و خەڵکیان هاندەدا بۆنە سەر شەقام و بەشداری ڕاپەڕین بکەن، لەو ڕۆژەدا بەگرنگییەوە ڕۆڵی ژنان دەهاتە پێشچاو، زۆر لە ژنان چالاکانە بەشداری ڕاپەڕینیان کرد لەوانە: هەمینە شۆر، خانم لۆرەش، ڕەهێلەی جەمال ڕەشید، کەژاڵ عەریف عەلی و خەرمان هیرانی لەو ژنانە بوون ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لەناو جەماوەردا، لەبەشداری و هاندانی خەڵك بۆ ڕاپەڕین.
کاتێ شانبەشانی پیاوان ژنانیش بەشدار بوون، لەڕۆژی ڕاپەڕینی 5ی ئاداردا لەکاتی هەڵمەت بردن بۆ سەر دەزگای ئیستخباراتی بەعس لە هانیە، یەکێك لە پێشمەرگە ژنەکان، بە ناوی گوڵەباخ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو لە حزبی سازمانی خەبات، بەداخەوە لەکاتی هەڵمەوت بردندا گوڵەباخ شەهیدبوو، ئەگەر یەکەم شەهیدی ڕاپەڕین عەزیز بچکۆل بوو، یەکەم شەهیدی ژنیش لە یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕیندا گوڵەباخ بوو.

مریەم قادری، نازناوی گوڵەباخ بوو، خەڵکی پارێزگای کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، لە ساڵی 1986 ڕووی لە باشووری کوردستان کردووە و لە حزبی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بووتە پێشمەرگە، گوڵەباخ پێش شەهیدبوونی قات و شەواڵی پیاوانەی لەبەربووە و چەکی پێبووە، لەگەڵ پێشمەرگەکانی سازمانی خەبات، پەلاماری بارەگاکانی بەعسی داوە، ئەو یەکەم شەهیدی ژن بوو لە ڕۆژی ڕاپەڕیندا، کەی گشتی شەهیدەکانی ڕانیەش لەو ڕۆژەدا 9 کەس شەهید بوون.
لە5ی ئادار و پاك کردنەوەی داموودەزگانی حکومەت لەبەعسیەکان هانیە، لەسەر زمانی خەڵکی کوردستان نازناوی (دەروازەی ڕاپەڕین)ی پێ بەخشرا و لە 7ی ئاداریش سلێمانی لەبەعسیەکان پاك کرایەوە و 9ی ئازار گەرمیانی گرتەوە و دواتریش لە 11ی ئاداردا خەڵکی هەولێر ڕاپەڕین. دوا جاریش لە 20ی مانگ لە شاری کەرکوك تەپڵی سەرکەوتن لێ درا و لە ڕۆژی نەورۆزی پیرۆزدا شاری کەرکوك ئازادکرا.

لەگەڵ ڕاپەڕینی جەماوەر لەدژی دەزگاکانی بەعس، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، سەرکەوتنەکەی چەسپاند و بەرزەفتی بارودۆخی ڕاپەڕینی کرد، بێگومان بێ سەرخستنی ڕاپەڕین جەماوەر و پێشمەرگە تەواوکەری یەکتر بوون.
خۆشبەختانە ئامانجی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان دژی زوڵم و ستەم و سەرکوتکاری دوژمنان، ئەو دەستکەوتانەی کورد بەدەستی هێناون لە حکومەت و پەرلەمان، خەونی لەمۆژینەی نەتەوەکەمان بوو، خەڵکی کوردستان مافی خۆیانە شانازی بە ڕاپەڕینی گەلەمانەوە بکەن، ئێستا

پاش چەندین ساڵ دوای ڕاپەڕین خەڵکی کوردستان داوا دەکات یادی ڕاپەڕین بکرێتە ڕۆژی پەیمان نوێکردەوە بۆ نوێکردنەوەی یەکێتی و چارەسەرکردنی کێشەکان. ئێستا خەڵکی کوردستان داوای بەدیهێنانی زیاتری مافەکانی خۆی دەکات لەژێر ئاڵای پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

وێنەکەی سەرەوە وێنەی (شەهید گوڵەباخ)ە

ئەدەب خۆی جوانییە.. بەختیار محەمەد

گرنگ نییە چەند کتێبت هەیە، گرنگ ئەوەیە چ دەنووسی و چۆن دەنووسی (لە ڕاستیدا لە دنیای نووسینیشدا وەك زۆر شتی دیکە، چەندایەتی و چۆنایەتی بەیەکەوە گرنگن). نووسین هزرە و شێوازە (شێوازی دەربڕین و گوتن). نووسین واتایە بە زمانێکی کاریگەری ڕاست و دروست (ڕاست و دروست لە ڕووی بنەمای ڕێزمانەوە). ئیستاتیکای نووسین (ئەدەب و شیعر) لە شێوازی دەربڕین و گەیانەوە (گوتن) دایە؛ بەڵام لە پشت ئیستاتیکادا هەمیشە ئەوە واتایە، کە قسە دەکا. واتا زمانی هەیە: زمانی گوتن و زمانی نووسین. ڕاستییەکەی هەم واتا دەتوانێ زمان جوان بکا، هەم زمانیش (شێوازیش) دەتوانێ واتا کاریگەر بکا. ئێمە ناتوانین واتا ببینین، ئەگەر زمان نەبینین (واتە زمان نەخوێنینەوە). وەزیفەی زمان هەم گەیاندنە (گەیاندنی دەلالەت و واتا)، هەم ئیستاتیکایە (بەخشینی چێژی جوانی وشە و دەربڕین). ئەم حاڵەتانە وەزیفەی هەموو جارە نووسینێکە و لە هەموو جارە نووسینێکدا بەرجەستە دەبن؛ بە تایبەتی لە ئەدەب و شیعردا. هیچ ئەدەبێك نییە لە دەرەوەی ئیستاتیکادا؛ ئەگەر ئیستاتیکا لە ئەدەب دابماڵی، ئەوا ئەدەبیش لە ئەدەب دەکەوێ.

ئێمە هیچ ئەدەب و هیچ نووسینێك ناخوێنینەوە، ئەگەر چێژمان پێ نەبەخشێ (پاشانیش کەڵك و سوودی مەعریفی). هەندێك جار ئیستاتیکا (چێژی ئیستاتیکی) لە ئەدەبدا بە پێش زەروورەتی سوود و کەڵك دەکەوێ

و ئەمە تەنها بۆ چێژ و بە پێنەری چێژ دەقێکی ئەدەبی دەخوێنینەوە. لێرەوە هەندێك جار هەگەزی ئیستاتیکا لە ئەدەبدا وەپێش هەگەزی واتای مەعریفی دەکەوێ؛ یان با بڵێین ئەم هەگەزە لە ناو چێژی هەگەزی ئیستاتیکادا خۆی دەشارێتەوە و خوێنەر بە هووڕنی نایبینێ و زۆر بایەخی پێ نادا. هاستییەکەی لە پشت هەموو وشەیەکی جواندا، خەیاڵ و فیکرێکی جوانیش هەیە. لێرەوە واتای جوان، ڕەحی هەموو دەقیکی جوانە.

بەختیار محەمەد

باڵندەی کۆچەری.. شیعر: ایرج جنتی عطایی.. وەرگێڕانی : پشکۆ ناکام

" پرندۀ مهاجر "

ئەی باڵندەی کۆچەری
ئەی عاشقی ڕەشتن
یەک دونیایێ
نەوانی دونیای تۆ و من

تۆ هاوڕێی شەوانێ پڕپولێیت (1)
من لێ بیری گوڕکانم
تۆ ءەوداڵی گوڕاوی گوڵی سوور
من پەرِشی بانی " نان"م
دونیای تۆ بۆ کۆتایێ
لەهەر شوێنێک تۆ میوانی " نور"
دونیای من یەک لەپی دەست
لێ بنمیچی گڕکی سارد

من لێ داخی بووکێ شووشەکانم ئەمرم
" کەسێ بچووکێ بێ هەستەکان "

تۆ چیرۆکی پڕیپۆکانم بۆ ئۆۆی
من لۆ حیلەی ترس هۆئۆلۆرزم
تۆش چیرۆکی نیگای " چرا" م بۆ ئۆۆیی

کۆان دوای کۆانی خاکی
دۆر و دیوار تۆک ۆووخاو
دۆ نشین، بۆ پۆی پیناوی
بۆتۆ وۆنۆیۆکی تازۆ
بۆ ئۆلبوم۞کی کۆن
یان بیستنی چیرۆکۆک
لۆ عاشق۞کی دۆرین
بۆ من ژیان وایۆ
پۆ لۆ دوو دۆی و غۆم
یان وۆک هۆناسۆیان
پۆۆ لۆ چۆژ..هۆردۆم

ئۆی باۆندۆی کۆچڕیۆ
ئۆی عاشقی دوور کۆووتنۆو
شۆکۆتی کۆۆۆ بارم
لۆبۆردۆم سیمای بتی جۆستۆم
وۆک پۆنگۆکی زامدار
پۆ لۆ ترس سۆیر کردنۆکانم
ئۆمرم ، بۆۆام ئۆستاش
هۆر عۆوداۆی جۆرۆک پۆنام

نابۆ وۆک سۆبۆرۆک
لۆ ژۆر " پۆ"یۆکانا زیندوو بین
وۆک چۆتری خۆر ئۆبۆ
لۆبۆردۆم قۆۆای دونیایا بین

تۆ هاوۆۆی شۆوانۆ پۆپولۆیت
من لۆ بیری گوۆۆکانم
تۆ عۆوداۆی گوۆاوی گوۆی سوور
من پۆڕشی بۆنی " نان"م
دونیای تۆ بۆ کۆتایۆ
لۆهۆر شوۆنۆک تۆ میوانی " نور"
دونیای من یۆک لۆپی دۆست
لۆ بنمیچی گۆۆۆکی سارد.

شیعر: ایرج جنتی عطایی
ئاواز: صابر راستین
وەرگێڕانی: پشکۆ ناکام
گۆرانی: داریوش اقبالی
"""""""""""""

شاپرک
(1)= بە فارسی بە جۆرە پەپولەیەک کە بەشێو ئەفڕە ئووترێت :

ئازادی دەربڕینی بیروا لەکوردستان و کێشی دەستگیرکراوانی بادینان.. هیوا ئەحمەد

سەرەتا بە تێگەیشتن لەم پرسە دەبێت پێناسەیەکی کورتی ئازادی دەربڕینی بیروا بکەین بگشتی تا بزانین لەکوردستاندا چەندێک ئەم مافە بونی هەیە و لایەنەکانی چۆنە.
ئازادی دەربڕینی بیروا بە گشتی واتە: دەربڕین و خۆنیشاندانی بەمەرجی مرۆڤ لەهەموو ڕوەکەوە، ئازادی تەواوی هێزەسوانی سیاسی، دروستکردنی حیزب و ڕێکخرای سیاسی وجەماوەری ومەدەنی، ئازادی خۆپیشاندان وگردبونەوە وناڕازایەتی دەربڕین، ئازادی دەربڕین و ڕێخنەگرتن لە هەر بیروباوەڕێکی جیاواز، ئازادی ڕۆژنامەگەری، ئازادی هەجوکردن، ئازادی دەربڕین و خۆنیشاندان لە ڕوبی هونەری و ئەدەبی وشیعرەوە.
لە هەرەمی کوردستاندا تا ئێستا دەستورێک نییە کە مافی ئازادی دەربڕینی بیروا و ئەم مافە سەرەتایانەی خەڵکی تەدا جێگیرکرابێت و بەفەرمی ناسنرابێت لەلایەن دەسەڵاتەوە، ئەوەی تا ئێستا هەیە و دادگاکانی کوردستان کاریپەدەکەن یاسای سزادانی ڕۆمی دیکتاتۆری بەعس و ئەو یاسایانەن کە هەموارکراونتەوە کە یاساگەلێکی تەواو دژە ئازادی و سەرکوتگەرانەیە و دژی سەرەتاییترین مافی مرۆڤ،

بەمپێیە یاسایەکی دانپیانراو و فەرمی سەبارەت بە ئازادی دەربڕینی بیروڕا لە کوردستان بونی نییە.
لە لایەکی ترەوە یاسای ئازادی رۆژنامەگەری هەیە کە لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچونراوە، کە ئەویش دەیان مادە وەگری بەدانراوە وەک: ئاسایشی نەتەوەیی ونیشتیمانی نەخاتە مەترسیەوە، دژ بە ئاداب و ڕەوشتی گشتی نەبێت، دژ بە بنەماکانی شەرع و دین نەبێت... وەختێک ئەم هەموو مەرجە دادنرێت ئیتر بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێت لە خانەی ئازادی بەمەرجی بیروڕا دابنرێت. چونکە هەر ئەو بیانوو و تەمەتەی کە ئەمرۆ شەروان شەروانی ڕۆژنامەنووس و هاوڕێکانی پێدادگایکراوە ئەویە کە دەڵێت ئاسایشی نیشتیمانیان خستۆتە مەترسیەوە!
ئەو کەمە ئازادیەی کە ئێسا لە کوردستان هەیە خێر و سەدەقەی دەسەڵاتی حیزبەکانی کوردایەتی نییە هەروەک هەمیشە ڕیاکارانە بڕواشکردنی خەڵک بانگەشەی بەدەکەن، بەڵکو ئاکام و دەرئەنجامی ئەو کشمەکێشە نیمچە ئاوایە سیاسیەیە کە بەهۆیی ناپەیینی خەڵکی کوردستان لە بەهاری ١٩٩١دا دژ بە ڕژێمی بەعس ئەنجامیاندا هاتۆتەوە. بەدەرنانی ڕژێمی بەعس و لاوازبون و هەڵوەشانی پایەکانی دیکتاتۆریەت و سەرکوت، خەڵک توانی تا ئاستێک سود لەو کشمەکێشە بەینەت و پیادەی هەندێک لە ئازادیەکانی خۆی بکات.

بەدەسەڵاتگەیشتنی ناسیونالیزمی کورد وحیزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بەپشتیوانی ئەمریکاو وڵاتانی ڕۆژاوا هەر لەسەردەمی بەرەی کوردستانیەوە تا ئەمڕۆ ئەم دەسەڵاتە لەهەوڵی بەرتەسکردنەوە و نەهێشتنی ئەم کەمە ئازادیەدا بوە، خودی دادگایکردن و سزادانی دەستگیرکراوانی سیاسی و ڕۆژنامەنوسی بادینان لەڕاستای ئەم پرسەی بەرتەسکردنەوە ونەهێشتنی تەواوەتی ئەم کشمەکێشە نیمچە ئاوایە سیاسیەیە کە جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان لە خەباتدان بۆ هێشتنەوەیی وپاراستنی.
حیزبەکانی دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد کە خۆی لە یەکێتی و پارتی و حیزبەکانی بەشدار لە حکومەتدا دەبینێتەوە بەهۆی ناڕەزایەتی قوڵی جەماوەری کوردستان دژ بەپشڵەکردنی ئازادیەکان و سەرکوت و دزی وگەندەڵی دەسەڵاتی ئەم دوو حیزبە و هەروەها بەهۆی یەکلانەبونەوە و نادیاربونی ئاس و داهاتوی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان، دوچاربونیان بە قەیرانێکی قوڵی حوکمڕانی و سیاسی و ئابوری وکۆمەڵایەتی، قوڵبونەوەی جیاوازی وململانێی سیاسی و حوکمڕانی و حیزبی وبنەماڵەیی و دابەشبونیان بەسەر دوو قەرەوی دەسەڵات و دوو جەمسەری سیاسی ناوچەیی دژ بەیەک کە بەرەی ئێران و

تورکیان، تا ئێستا نەیانتوانیوە دەسەڵاتێکی یەکدەست و یەک ناوەند و تەواو دیکتاتۆریانە دروستبکەن کە بتوانن بەزەبری هێزی سەرکوت تەواوی ئەو دەستکەوتانە لە خەڵک وەربگرنەوە کە لە ئاکامی ڕاپەڕینی ساڵی ٩١ دا بەدەستهاتن، هەر بۆیە ئەم کۆشە سیاسی و ئازادیخوازانە نیمچەئاواڵایە بەجارێک تا ئێستا بەردەوامی هەیە.
بەم ئەم دەسەڵاتی کوردستان لە لایەکەوە کەوتۆتە بەر ناڕەزایەتیەکی قوڵی خەڵک و داوای ڕوخاندنی دەکرێت، وە لەلایەکی تریشەوە بەجارێک توشی قەیرانی سیاسی وحوکمڕانی و ئابووری بوە کە تەنها بە سەپاندنی دیکتاتۆریەت و سەرکوتکردن دەتوانێت درێژە بەدەسەڵاتەکەی بدات هەربۆیە کۆیسی دادگایکردنی دەستگیرکراوانی بادینان لەڕاستای تونەکردنەوەی ئەم سەرکوت ودیکتاتۆریەتەی ناسیونالیزمی کورد وحیزبەکانیدایە بەرگرتن بەڕاپەڕینی جەماوەری خەڵکی کوردستان.
هەردوو حیزبی ناسیونالیستی کورد، یەکێتی وپارتی، ئازادی دەربڕینی بیروڕا لە فەرهەنگ و بەرنامەی سیاسی وپراتیکی ئەم دوو حیزبەدا نییە چ ئاوکات کە لە شاخ بوون چ ئێستا کە ئاوە سی ساڵە لە دەسەڵاتدان. هەمیشە پشێلکاری ئەم مافە بون و بەجارەها شاوە وبیانوی جەراوجار سەرکوتیانکردوە، تا ئێستا هەزاران نەیاری سیاسی خۆیان زیندانی وئشکەنجە وتیرۆرکردوە و دەیەها ڕۆژنامەنوس و نوسەر و خەڵکی ئازادیخوازیان تیرۆر کردوە کە نموونەکانی سەردەشت و سەران و کاوە گەرمیانی و چەندەهای تر.
لە کۆیسی دادگایکردنی دەستگیرکراوانی بادینانان و حوکمدانیان بە شەش ساڵ زیندانی، مەبەستی پارتی لەمە ئەوەیە کە ئەو سەرکوتکردنی ئازادی سیاسیەی کە لەماوەی دەسەڵاتداریەتیاندا تا ئێستا پایادەیان کردوە، بەسازدانی سیناریۆیەکی قەزاوونی لەمجارە بەیاسایی بکەن و شەرعیەتێکی یاسایی پێبدەن و بە یاسا قەدەغەی بکەن. بەم پێیەش کەمەگا و جەماوەری کوردستان و چالاکوانان و ڕۆژنامەنوسان چاوترسێن بکەن بە جارێک کە بیکەنە لەمپەرێکی یاسایی بە ئەوەی لە داهاتودا ڕەگ لەهەر جارە ناڕەزایەتیەک و ڕاخنەیەک کە لەبەرامبەر دەسەڵاتکەیاندا دەتئاراوە بگرن و لەرشەوە بتوانن درێژە بەدەسەڵاتی سەرکوتگەرانەیان بدەن تا بتوانن کەڵکەی سەرمایەی زیاتر و درێژە بە گەندەڵی و دیزینی سەروەت وسامانی کوردستان بدەن و خەڵکیش لە برسێتی و نەبوونی و ژیانکی کولەمەرگیدا بهێنەوە.
ئەم سیاستەی پارتی ئاگەر بەیی بچێتسەر هەنگاوکی مەترسیدارە بە خەڵک وکەمەگا و پەویستە هەموو ئازادیخوازان و خەڵکی کوردستان بگشتی لە هەوڵی جیدا بن بۆ بەرگرتن بەم سیاستە و

پاشکشەپکردنی.

هیوا ئەحمەد

تەکنەلۆژیا و کۆمبوونەوەی کتێب و گۆڤاری منداڵان.. ڕێستەم خامۆش

وەکو هەموومان دەزانین لەم سەردەمی ئێستای مرۆڤایەتی تێیدا دەژی، دەبینین پێشکەوتن لە گشت بوارەکان هاتووەتە ئاراوە، کە داهێنانی گەورە ئەنجامدراوە و پێشکەوتنی زانست، هەمووانی دەخێش کردووە.
نکۆی لەوەش ناکرێ کە تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنی زانستی سەردەم، لایەنی باشی بۆ ئەژمار زۆرو سوودکی گەورەو فراوانی بۆ مرۆڤایەتی بەخشیوە، لەڕدا ئەمە ناتوانین بڵێین نابێ کەس بەکاریان بێنێ، چونکە ئەو پێشکەوتنە بەرهەمی بیرکردنەوە و ژیریی و هەوڵ و تێکۆشانی مرۆڤ و سوودکشی بۆ پلەی یەکەم هەر بۆ مرۆڤ، بەڵام ئەوەی من دەمەوێ باسی بکەم و کۆ لای هەمووان گرنگ بیزانین و خەمی بۆ بخۆین، ئەویش داهێنانی ئامێرە زیرەکەکان و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا تێیەکانن لەلایەن هەموو تەمەنە جیاوازەکانەوە، وە توانیویانە چەند ملیار مرۆڤ هەگری خۆیان بکەن و کاتی بێنرخیان لەبستێنن، وە کاریگەرییەکی زۆریشیان کردووەتە سەر خوێندران و دەستانی کتێب، کە ئەوانیشیان بۆ لای خۆیان ڕاکێش کردووە و تا ڕادەیەک لە کتێبی کاغەز دوورییان خستوونەتەوە و بۆخۆیانیانەوە سەرقاڵ کردوون. بەداخەوە ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین خەڵکانێک زیاد لە پێویست خوویان گرتووە بە بەکارهێنانی ئامێرە زیرەکەکان و تەکنەلۆژیا تێیەکان، کە ئەوەش بە داهاتوویان دەرئەنجامی باشی نابێ.

وەکو گوتمان مادام ئەو پێشکەوتنە بە سوودگیاند بە مرۆڤ داهێنراوە، کەواتە پێویستیشە مرۆڤ پێی ئاشنا بێ و بە کێک وەرگرتن بەکاریان بێنێ، بەڵام تا ئەو کاتە بەکاریان بێنێ کە

سوودی لە وەردەگرێ، نەک زیاد لە پێویست کاتی بە تەرخان بکات، کە پاشان چەندین زیانی دەبێ، لەوانە: کاتێکی زۆر لە تەمەن بە فیڕۆدەوات و کە هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە، بە وتەی شارەزایان: زیانی بە تەندروستییش هەیە، کە چاو و مێشک ماندوو دەکەن و نائارامیی دەروونیی و حاڵەتی خەمۆکیش دروست دەبێ.

خاڵی سەرەکی نووسینەکەی ئەمە ئاوەیە، کە زۆربەی منداڵان ئاشنای ئامێرە زیرەکەکان و تەکنەلۆژیاتییەکانن و لە ئێستادا بە ئاسانی بەکاریان دەهێنن و بە چاودێری دایکان و باوکانیان، یان وەک پێویست ڕێنمایی ناکرێن، کە چۆن بەکاریان بهێنن و تەماشای چی بکەن و چی بخوێننەوە، گەلان بەدوای بابەتێکی سوودبەخش و پەروەردەیی و فێرکارییی لە نێو تۆڕی فراوانی ئینتەرنێتدا، ڕەنگە بتوانن زۆر بابەتی باش و بە کەڵک بدۆزنەوە، بەڵام لە ئەنجامی گەلان بە دوای شتێکی بەسوود، چەندین بابەت و وێنە و ڤیدیۆی نەشیاو و خراپ دەکەونە بەر چاوانیان، کە دواجار زیانمەند دەبن لێی، وە ڕەگەی ڕووناک و ئاستەقینەیی ژیانیان و ئاکارە بەرز و باشەکانیان لە ون دەبێ و تووشی سەرگەردانی و بە فیڕۆدانی کات و تەمەنیان دەبن، وە گرنگی خوێندنی قوتابخانەیان لا کەمتر دەبێتەوە و ئاستی زانستییان دادەبەزێ و کەمتر ئومێدی ئایندەیان لەسەر هەڵدەچنرێ و دواتر دەبنە سەربار ئەشێ بە خانەوادە و کۆمەڵگە، وەلێ مەخابن دایکان و باوکانیش بە ڕازی کردنی دڵی منداڵەکانیان ئامێرەکانیان بە دەستەبەر کردوون و بە ئاسانی خراونەتە بەردەستیان.

وە گرنگیدان بە کتێب و گۆڤاری تایبەت بە منداڵان، بە شێوەی کاغەز زۆر کەمبەتەوە، کە ئەوەش جێگەی داخە، چونکە منداڵان بە بەش دەبن لەو هەموو ژانرە ئەدەبیانەی، وەک: (شیعر و چیرۆک و ئەپەرەت... هتد). کە خوێندنەوەی ئەو بابەتە ئەدەبیانە زۆر چێژ بەخش و هەم سوود بەخشن بە منداڵان، وە حەز و ئارەزووی خوێندنەوەیان زیاد دەکات و کە تەمەنیشیان هەڵکشا، ئەوان هەمیشە دەستی کتێب دەبن و خوێندنەوەی کتێب دەبەتە بەشێک لە ژیانیان، بەڵام لە ئێستادا هەم لایەنی تایبەت بەو بابەتە، وە هەم دایکان و باوکانیش کەم تەرخەمن لە دابین کردنی نامیلکەو گۆڤاری تایبەت بە منداڵان، هەر چەندە بە شێوەی ئەلیکترۆنی، یان لە ڕێی ماڵپەڕەکانەوە زۆر بابەتی سودبەخش دەستدەکەون، بەڵام ناگەنە ئاستی کتێب و گۆڤاری کاغەز، چونکە بە شێوەی کاغەز، زۆر بە جوانی بابەتەکانیان بە منداڵان داناون، کە لە ڕووی تەندروستیشەوە باشترن.

بۆیە پێویستە دایکان و باوکان، هەوڵبدەن لە ماڵدا کتێبخانەیەک بە

خەیان و منداڵەکانیان دابین بکەن، خەیان ئەو کتێبانە بخوێنن‌ەوە کە ئارەزووی لێدەکەن و چۆنی لێ وەردەگرن، بەڵام باشتر وایە ئەو کتێبانە بخوێنن‌ەوە کە زیاتر باسی (منداڵناسیی و پەروەردەیی و فێرکاریی و دەروونناسیی و مافی منداڵ)دەکەن.
چونکە لە ئەنجامی خوێندن‌ەوەی ئەو جۆرە کتێبانەدا سوودمەند دەبن و زانیارییان زیاتر دەبێ بە ناسینی منداڵەکانیان و شێوازی پەروەردەکردنیان.
بەڵام زۆر بەداخەوە، کە منداڵانیش وەک پێویست کتێب و گۆڤاری تایبەت بە خەیان نەبێ، یان کەم بێ و بە ئاسانی دەستنەکەون، ئەوا منداڵانیش کاتەکانی ژیانیان بە زۆر شتی بێ بایەخ و زیانبەخش و بێسوود پێ دەکەنەوە، کە لە داهاتوودا زیانەکان زیاتر دەردەکەون.

هەستەم خامەش – هەولێر

دەستکەش.. پشکۆ ناکام

وتیان حەبلی زێبر و زەنگ لە نیویا ئەپچڕێ ، ئەمە هەموومان پچڕاوین و حەبلەکەش تا بێ درۆژ تر ئەبێ.. وتیان خوا لە سوڵتان محمود گەورەتر ، بێ ئەمە لە هیچ خولێ ناوەک گەورە تر نەبوو، ووتیان زاڵم زۆاڵی بێ پەیا ئەبێ ، لای ئەمە زاڵم مەش میوانی نێ وزۆاڵەکەش تا ئێستا"قیزا"ی هەولێری وەرنەگرتوە ،،سی ساڵ ئەووترێت ئاشی نەزان خوا ئێیگێڕێ ، کەچی ئاشی خوای هەرەم بێ پچڕاوانەوە نەزان ئێیگێڕێ !! هەر ئەڵێن سەبر گرن، شێیتان پاڵەی کرد چاوکی خەی کوێر کرد،ئەمە سی ساڵ پاڵەمان نەکردوە کەچی هەموو خەڵ و چاوزەق و دوورەبینیمان گەر کز نەبێ هەر نیمانێ ، پەمان ئەڵێن"سەددام" بێ کوێ ی برد ؟ با. لە بیرمان نەچێ گەر ئەو ئەحمەق نەبوایە و"کوێیت"ی داگیر نەکردایە وا زوو لێناو نەئەچوو و هەر کاکە ئەمریکا خەی پارێزگاری لێ ئەکرد، خێ هەرەم" کوێیت"کێیش درواسێی نیە عەنتەرەکانی هەرەم بیگرن و بشبێتە مایەی تیاچوونی خەیان..هەر کە بەڵێ بەڵەک بکەین پەمان ئەڵێن "ئەشبین" مەبن ، ئاخر کە هەموو چواردەورمان تاریکە ناکرێ بێ درێ و
بە زۆر " عەینەکی شەمسی" لە چاو کەین..هەردەم بکەیتەوە ئەڵێن قەوارەی!! هەرەم دەستکەوتی خوێنی شەهیدانە، بەڵام پەمان ناڵێن

ئەو هەموو جاش موستەشار و وئەنفالچییانە چەن هەموو موعەزەز موکەرەم ئەژین، دیارە قەوارەی هەرەم ئارەقی ناوچەوانی ئەوانیشی تیایە،، ئاخر کە خەی کردوە بە ساحەبی ئاپۆین لە کاتکا سەرکی حیزبی وا هەیە دوو هەفتەش دوای ئاپۆین هەر لە قادزە خەی شاربوە کەچی ئەم: ئاپۆین درۆژە پیانی خەبات و شۆشی!! حیزبەکەی ئەو بوە،،!! لەسەر ئەم کەونە دەسەاتی دەبە مورالی وەک ئەوەی هەرەم نابینرە، دەسەاتی هەرەم پشتوانی لە خەپیشانکانی خواروی عیراق ئەکرد، بەام لای خەمان لەسەر"مەسیج" ەک بە شۆش ساە مەحکوم ئەکرێیت..، بە بەغا ئەین: شۆڤینی، مەزهەبی، رەگەزپەرست، دژە کورد و کوردستان..نا دادپەروەر! کەچی هەفتەی سە چواجار"شاندی سواە کردن" وان لە بەغا و خەریکی دەست پان کردنەوەن و سوێند و تیاق ئەخەن کە بەشکن لە عیراق! ئێیانەوە بەغا وەک"سەسیال"ەکەی ئەوروپا بەخەویان بکا،، خەشیان ئامادە نەبن تانانەت مووچەکە وەک خەی دابۆش بکەن...خەریکە مقایس و موستەحەکان لە هەرەم هیچ مانایەکی خەی بمێنە، بە نموونە بە "بازرگانەکی نەوت" ئەووترێت پێشمەرگەی دەرین..!! بە هەردوو مەجلیسەکەی هەولێری زمانی بەعس ئیووترا کارتێنی چونکە حیزبی بوو، ئەی خەرە پارلەمانە سوقەتە کارتێنیەکەی هەولێر بە دەزگایەکی نیشتمانی ناو ببرێت ؟خە مەگەر ئەویش نەک هەر حیزب ، بەکو بنەماێ ئێیبا بیو،،،،،،،،،،،،،،،باشترین نەسیحەتی دەسەات ئەویە کە دەست بەکاوەکەتوە بگرە با نێیبا، بە ئەوەی کەدەستت لەسەر گیرفانت نەبە ئەو بەئاسانی بتوانە بەتاڵی بکاتوە ، گەر قسەشت کرد مسگەر دەستکت لە پشتوێیە ، لەبەر کورونا بە دەستکەشوە.....،،

لەکۆینەوێیەک لەسەر داستانی (مەم و زینـ)ی ئەحمەدی خانی، چاپ و بڵاو دەبەتوە

(گەانوە لە داستان و شانـدا، مەم و زین بە نموونە) لەکۆینەوێیەکی ئەدەبییە لەسەر میتەدی شیکاری، پراکتیکی،

بەراوردکاری ئەنجامدراوە، کە باسی هەر بەشێک دەکرێت لە ڕووی تیۆری بەهەمان شێوەش لە ڕووی پراکتیکیش شڕۆڤە و شیکار دەکرێت.
ئەم بە لێکدانەوەی بەرهەمی شیعری داستانی و شیعری شانۆیش بە هەمان میتۆد دەخرێتە بەر نەووکی قەڵەم و خاڵە هاوبەش و جیاوازییەکانیان دەستنیشان دەکرێت.
گرنگی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە (گۆڕانەوە لە داستان و شانۆدا، مەم و زین بە نموونە) دەگەڕێتەوە بە دوو هۆکاری سەرەکی، کە ئەمانیش بریتین لە:
یەکەم/ گرنگی گۆڕانەوە، کە هەمیشە خەی دەخزێنێتە ناو زەربەی بەرهەمە ئەدەبییەکان.
دووەم/ بەراوردی دوو جۆر ڕەگەزی ئەدەبیی دەکات کە یەکێکیان داستانە و بە سەردەمی کۆن دەگەڕێتەوە، ئەویتریشیان بە سەردەمی نوێ دەگەڕێتەوە کە شانۆیە و بەراوردکردنیان ئەرکێکی ئەدەبییە بە ناسینەوەی دۆقەکانیان.
ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت: (بنیادی گۆڕانەوە لە داستان و شانۆدا، توخمەکانی گۆڕانەوە لە داستان و شانۆدا، هونەرەکانی گۆڕانەوە لە داستان و شانۆدا) وە هەربەشێک چەند تەوەرێک لەخۆ دەگرێت، کە لایەنی تیۆری و پراکتیکی ڕەگەزەکان دەکرێت و بەراورد دەکرێن. نووسەر لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە کۆتایی کتێبەکە دەمانگەیەنێتە ئەنجامێک و بە لێکۆڵینەوەکە سوود لە چەندین سەرچاوەی کوردی و عەرەبی و فارسی وەرگیراوە بە سەلماندن و شیکردنەوەی بابەتەکان.
باسکردن و لێکۆڵینەوە لەبەرهەمە فۆلکلۆرییە کوردییەکانی وەک داستانی (مەمی ئالان)، لە زمانی ڕۆژهەڵاتناسکی وەک (ئەسکارمان) بەمان کێشراوەتەوە، کە سامانێکی نەتەوەیی گەورەیە. ئاشکرایە هەموو گەل و نەتەوەیەک شانازی بە داستانە فۆلکلۆرییەکانی خۆیانەوە دەکەن، بەمەبەستی ئاراستنی دابونەریت و سامانی ئەدەبیی نەتەوەیی بۆ نەوەکانی داهاتوو، تا بۆ چاوی ڕێز و شکۆوە بڕوانێ داستان و شانۆ فۆلکلۆرییەکانیان.
کتێبی (گۆڕانەوە لە داستان و شانۆدا، مەم و زین بە نموونە) لە نووسینی (هاوکار جەمیل)ە و (ئیحسان محەمەد) پێداچوونەوە زمانەوانی و خاڵبەندی بۆکردووە و (سیروان مەحموود) دیزاینی ناوەوە و (زاگرۆس ڕۆژهەڵاتی) دیزاینی بەگی بۆ کردووە. ناوەندی ڕۆشنبیری مەم و زین بە تیراژی (٥٠٠) دانە چاپ و بڵاوی کردووەتەوە.

چەمکی ئاکار لە نێوان ئەقڵ و ئایندا.. نووسینی: ئاراس سەعید

ئەوانەیی دەڵێن: (مەلا)ی تاک لەنێو ئایینەکاندا تووشی لەرزێک بوون دەبێت هیچکات لە مەلا تێنەگەشتوون، بۆکو ئایین بابەتێکی کەمەلایەتییە لەدەروونی مرۆڤدا مەلا دەستبەردەکات.

چەمکی مەلا چەمکێکی زانستیەو، لەدونیایی فیکردا پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە. یەکەمین فەیلەسوفیش لەمێژووی هەزری مرۆڤایەتیدا، چەمکی مەلا وەکو چەمکێکی زانستی و بابەتێکی ئیپستمەلۆژیا خستەتەوو (سوکراتێ).
لەدیدی سوکراتەوە چەمکی مەلا، دەرهاوشتەیی ئەقڵەو، پەیوەندی بەئاستی زانینی مرۆڤکانەوە هەیە.
تەوانینی سوقرات دەربارەی لەگەس، واتا دەزینەوەی ڕاستی و چاکە. ئەم جۆرە تەوانینە بە مەلایی ڕاشیونالیست، یان ئەقڵگرایی ناسراوە، لەدیدی سوقراتەوە تاکە مەتیقی کردە ئاکارییەکان ئەقڵە، چونکە لەدیدی سوقراتەوە، چاکە (زانینە).
لەمێژووی فەلسەفەدا، دوو شێوە تەوانین بەرامبەر عەقڵانییەت هەبووە، ئەویش (میتەدی دانپێنان و میتەدی ڕەخنەگرانە).
لە وتە بەناو بانگەکەی سوقرات، دەبینین کە شوێنکەوتەی میتەدی ڕەخنەگرانە بووە، کە دەڵێت؛" ژیانێک تاقی نەکرابێتەوە مانای ژیان نییە".
تاقیکردنەوە، واتا ڕەخنەکردن و تاقیکردنەوەی هەموو ئەو شتانەی زانینێکی ساختەمان لەبارەوە هەیە.
لەزاری ئەفڵاتوونەوە وتەیەکی بەناو بانگی سوقرات دەخوێنینەوە؛
١"من دەزانم، کەنازانم، ئەوان نازانن، کەنازانن، وا دەزانن دەیزانن".
سوقرات یەکەمین فەیلەسووفە، کە بەدوایی شانۆکەو کردنی پرسە چەق بەستوو و ئارەزوکاندا دەگەڕێت بە دەزینەوەی کەموو کورتی و هەنگاوەنان بە گەشەی مەعریفی. کاتێ پێپەر دوای دووهەزار و چوارسەدساڵ سەدساڵ دواتر ئەو وتەیەی دوبارەکردەوە. پێپەر دەڵێت؛ ئەمە کاتێک دەزانین هەڵە و کەموو کورتی تیرەکەمان لەکوێدا، هەنگاوێک لە زانین نزیک دەبنەوە. گەشەی مەعریفی واتا، دەزینەوەی

یەکێک لەکۆموکورتییەکانی بەچوونەکانمان، نزیکبوونەوەیە لە زانین".
پێوەندی نێوان مەعریفە، لەدیدی سوقراتەوە: سوقرات یەکەمین کەس بوو چەمکی مەعریفە ئاوێتەی ئیپستمەلۆجیا دەکات. ت ز لاڤین دەربارەی مەعریفەی سوقرات دەڵێت؛" مەعریفەی سوقراتی واتا دەزینەوەی ئەوەی ڕاست و چاکیە لەناوگەوە".
لەدیدی ئەگەر بمانەوێ گرفتە ئاکارییەکانمان چارەسەر بکەین پێویستە سەرچاوەکانی زانینمان زیاد بکەین.
مەبەستی سوقرات لەم وتەیە؛ "کەس تووشی هەڵەی ئاکاری نابێت، مەگەر زانیاری لەبارەوە نەبێ". چونکە لەتەوانینی سوقراتەوە، چاکە زانینە.
هەرکەس زانیاری دەربارەی خراپەی گرفتە ئاکارییەکان هەبێت هەڵەناکات. ئەمە زەرجار وتەی بریا باشترم بکردایە، بۆکار دەهێنین. بەجۆرێکی تر لەدیدی سوقراتەوە هەر کەسێک تووشی هەڵەیەکی ئاکاری بێت ئەوکەسە، بێ ئەخلاق نییە، بەڵکو زانیاری تەواوی لەبارەی باشەوە نییە.

هەرچەندە مەعریفە بابەتێکی مەعریفیە، بەڵام بەپێی ترادسیۆن و ژینگە و کەلەگا جۆربەجۆرەکان جیاوازان. سەفستاییەکانی یۆنان، زۆر زیتەڕانە لەم بابەتەدا ڕاچوبوون، ئاوێش بەهەی گشت و گاڵانەکانیان، کە شار و دەوڵەتەکانیان دەبەی بە فێرکردنی زانیاری بەمرۆڤەکان. لەدیدی سەفستایەکانەوە مەعریفە بابەتێکی ڕەها و گشتگیر نیە، بەڵکو لە ژینگە و کەلەگا و کلتورجیاوازەکاندا گەڵانی بەسەردا دێت. ئەم تەوانینەش لەگەڵ زانستەمرییەکان و سەسلۆژیایی مەدرندا گونجاوە.

بەڵام بەهەی گونجاندن و کارلێکی شارستانیەتەکاندا، پێویستە، مرۆڤایەتی پابەندی جۆرێکی گشتگیر تر لە بنەما ئاکارییەکان بن، کە لەگەڵ مرۆڤایەتیدا بگونجێ. بەیە ئاکار وەکو زانستێکی تایبەت خێی لەفەلسەفە جیادەکاتەوە و بنەماکانی ئاکار زۆرن لێرەدا باسی چەد دانیەکیان دەکەین وەکو:(باش، خراپە، دروست، نادروست، ئەبە، نابە). فەلسەفە بەتیۆرەکانی خێی لەکەینەوە لەچەمکەکانی ئاکار دەکات. یان لەوە دەکەڵتەوە کام جۆر لەڕەفتار باش، یان بەچی پێویس کاری باش بکەم.
چەند تەوانینێکی فەلسەفیمان هەیە کە هەویان داوە ببنە ئەلتەرناتیڤێک بە ئیتیکی دەستەجەمعی کەمەگایەک تا ببنە چۆن تیۆرێکی یۆنیڤیرسال و مرۆڤ پەیەوی بکەن، بەپێ لەکەینەوە

فەلسەفیەکانیش هەموو کردەکانی مرۆڤ سەر بەیەکەک لەم قوتابخانانەن.

یەکەم: پراگماتیزمی ئەرکگەرایی ئیمانیەل کانت بەدامەزرێنەری ئەم تیۆرانینە دادەنرێت.

چەمکی مەعریفە، لەڕوانگەی فەلسەفەی (کانت)ەوە، مەرجی پێشینی هەیە. کانت گەورەترین فەیلەسوفە لەمێژووی فەلسەفەدا، کە ئاڕوگەی بەشوێنی (شۆڕش و ئۆبژەکرد). زەین و عەین کرد. کە وەرچەخانی کۆپەرنیکەسانەی لە فەلسەفەدا کرد. لەڕوانگەی کانتەوە. زەینی مرۆڤ، کەمەک یاسای و قالبی هەیە، کەپێشینین. مرۆڤ کاتێک لە ڕگەی هەستکانەوە لە سروشت و جیهان دەکەوێتەوە، هەوەی دەزینەوەی نیهێنیەکانی سروشت دەدات. کاتێک لەڕگەی لەگەڵەوە، سەرقاڵی ئامان و تێفکرینە، هەوەی ئەوە دەدات نەزم و یاساکانی زەین بەسەر سروشتدا بسەپێنی. لەپێشووتردا. دەیان گوت: زەین ئاوێنەی عەینە. کە بەپێ توانایی تێگەشتنی خۆی زانیاری دەبارەی شتەکان وەردەگرێت. بەڵام لەڕوانگەی کانتەوە زەین چاولیکەیەکە، بەشەوەی عەدەسەکەی جیهان دەبینین. بەشەوازێکی تر، لەڕوانگەی کانتەوە مرۆڤ بەر لەوەی لەشتێک بکەوێتەوە، دەبێ زانیاری دەربارەی ئەو ئامازانە هەبێ کە بەهەیەوە، بەحس دەکات. مرۆڤ کاتێک گوزارەیەکی ئەرێ دەر دەبڕێ، هەمیشە زانیاری دەربارەی دژەکەی هەیە. بۆیە لەڕوانگەی کانتەوە ئەخلاق مەرجی پێشینی هەیە. مرۆڤ کاتێک دەربارەی چەمکی باش بوون زانیاری هەیە، لەکەوتەکانی خراپ بوونیش دەزانی. واتا، ئەمە کاتێک دەزانین، دەرئەنجامی درەکردن خراپە، ئەوکات، نەفی دەکەینەوە. بۆئەوەی بابەتکەونبەتەوە دەچینە ناوەکی بابەتکەوە:

*ئەخلاق لەڕوانگەی کانتەوە، مەرجکی هەیە، ئەویش سەربەست بوونە. ئەمە تا سەربەست،یان ئازاد نەبین ناتوانین خاوەندارێتی لەکردەکانی خەمان بکەین.
[] کانت میتەدکی هەهای گشتی پێشکەش دەکات، تا بزانین کامە چەمکی ئەخلاقی دروستە، یان نا دروستە.
کانت وتەیکی بناوبانگی هەیە، کەدەڵێت: "ئاسمانی پڕئەستێرەو یاساکانی سروشت لەسەر سەرمەو، یاساکانی ئاکاریش لەناوەومدایە".
کانت لەفەلسەفەکەیدا زەر گرنگی بە نەزم و ڕکی و پکی داوە. بۆیە لە بەشی دووەمی فەلسەفەکەشی *ڕەخنە لە ئاوەزی کردەکی* یاسا و نەزم وەکو مەرجکی ئاکار دەسەپێنە.
کانت دەڵێت: "هەرگیز ناتوانی مامەڵەیەک، وەکو مامەڵەیکی دروستی ئاکاری بناسێنی تا نەتوانی مامەڵەکە بکەیتە یاسایەکی جیهانی".

واتا: کاتێک مامۆستایەکی ئاکاری تەندروستە، کەبتوانی مامۆستای بکەیتە، مامۆستایەکی جیهانی.
بۆنمونە: کاتێک مرۆڤێکی قەرزار ئامۆژگاری کەسێکی لایە، ئەگەر بیەوێت قەرزەکە نەگێڕنەتەوە بە خاوەنی.

مامۆستایەکی دروستە یان نادروست
لێوانگەی کانتەوە، ئەگەر تـــوانیت نەگەیانەوەی قەرز بکەیتە یاسایەکی جیهانی ئەوا دروستە. ئەگەر تێ پەتخش بە کەسێک قەرزاری تایەو قەرزەکەت بۆنەگێڕنەتەوە، پـــت خش بێ. ئەوا مـــامۆستای دروستە. بۆپێچوانەوە نەخێر.
⋆ فەلسەفەی ئەخلاقی کانت، پراگماتیزمی ئەرکگەرایی: ئەرکگەرایی: قوتابخـــانەیەکی ئاکـــاریین، کە ئیمـــانیەل کـــانت بەدامەزرێنەری دادەنرێت. ئەم ڕوانینە فەلسەفەیە، لە ئامـانج و سـوودی کارەکە ناکۆڵێتەوە، بەڵکو ئەخلاق ئەرکەکی دەهایە.
ئەم ڕوانگەیەوە، چاکە ئامانجی بە ئامانجە. چاکە ئەرکە لەپێناوی چاکەدا. بۆنمونە: باشبوون لەپێناوی دەستکەوتنی ناوبانگ. یان ئەنجامدانی کاری پاش لەپێناوی بەدەستهێنانی بەهەشت، یان ڕازی کردنی خودا لەخێت، لێوانگەی کانتەوە نا دروستە.
ڕەنگە مەڵای ئایینەکان. جەڕەک بێت لە حوکمەکی تۆتالیتاریزم و قەدەغەکردنی ئازادیی مرۆڤ بێت، لە زیادەڕەویی کردنی حەرام و حەڵاڵ و دەستوەردانە نیو هەموو دەهەندە تایبەتیەکانی مرۆڤەوە. یان ئەو لەکەینەوانەی کەدەربارەی ئایینەکان کراون کە ئایین بەوابوون بەخودا وابەستەی بەوابوون بەخودا دەکات. ئەمە پەیوەندی بەلاژەک و ئەقڵەوە نیە، چونکە خودا چەمکەکی ئەقڵانی نیە، بەڵکو پەیوەندی بەباوەڕو ڕوحی مرۆڤەوە هەیە. بەڵام وەکو لە بنەماکانی مەڵامان کەیەوە، چەمکی باش و خراپ، دروست و نادروست…هتد یەکەکە لەبنەماکانی مەڵا و فەلسەفەی ئاکاریش لەکەینەوەی لەسەر دەکات. هەریەک لە بنەما ئاکاریەکان لەئایینەئاسمانیەکاندا بوونی هەیە. وەکو تابەکانی ئایینەکە و باشکردن و دوورکردنەوە لەخراپە، کە مرۆڤ لەپێناوی دەستکەوتنی بەهەشت و پاداشتدا ئەنجامی دەدات. ئەمەش تەڕوانینەکی ئامانج گەرایە. بوونی خودا وەکو هەزەکی تەقڵەر و ڕەهایی ئایینەکان فاکتەر و کردە باشکانی مرۆڤ، چونکە خودا وەکو هەزەکی سزادەر و پاداشتدەر لەدەروونی ئایندارەکاندا تەوی ترس و دودڵی و قەڵەقی لەڕوحیان چاندووە.
بابەتەکە لە سەنگەیەکی ئایینیەوە ناخینە ژەر پرسیارەوە، بەڵکو خودی خودا، وەکو باڵاترین هەز لەسەروی ئەقڵ و سروشتی کەسی ئایینیەوە. کاتێک کەمۆک وابەستەیی مەڵاکی دەستجەمعی ئایینی

دەبن، بەناچاری ژیردەستەی کەمەک بکەو مەکەی ئەو یاسایانە دەبن. لەبەرامبەریشدا کەسەکی خاوەن ئیتک و ئەخلاقی ناوەکی و تاک، وابەستەیی ئەو تیرەی خۆیتی. خودی پرسیارەکە لەرەوە دەست پێ دەکات ئایا کەسانێک خودان هیچکام لەو هەسا و یاسا مەزاییانە نین، چ شتێک وایان لێ دەکات باشبن ؟

دەستەڤیسکی دەڤت؛ ئەگەر خودا نەدەبوو، هەموو شتێک ڕێگە پێدراو دەبوو.

نەبونی خودایەک وەکو هەزەکی باباو، بکەر و سەپێنەری کەمەک یاسای سەپاوی ڕەها، وەکو چەمکی سزاو پاداشت، چ شتێک وا لەمرۆڤەکی بەڕەی و ناهەشیار پابەندنەبووی هیچ چەشنەک لە ئیتەکەک ویاسایەک دەکات کە تاوان نەکات لەکاتەکدا، خودی مەزاڤ پەسەیی ئەقڵانیە، یان زانینە، کەسەک نەزان بێت بەرامبەر کەمەک کردە کە ئەنجامی ئەدات، تووشی زەرترین نەزانی دەبێت. ئەوە بوونی خودایەکە، وەکو هەزەکی تەقنەر و پاداشت دەرەوە، فاکتەری باشبوونی مرۆڤ یەکتاپەرستەکانە. هەرچەندە باشبوون بەرهەمی بیرکردنەوە و ناسینی خودە، باشبوونی کەسێتی ئایینی، جەرەکە لە بەزەر باشکراو.
نیچە وتەنی؛ خودا مرد، ئەمە خەمان کوشتمان. مەبەستی نیچە لەکوشتنی خودایەکی باڵا و کەمال نیە. بەڵکو خوێندنەوەیەکی فەلسەفیە بە پشکەوتنەکانی مرۆڤ، کاتێک مرۆڤ لەهەوەسی جوداکردنەوەی بکەرە لە بابەت، واتا دابەانی مرۆڤ لە سروشت و دەستبەسەراگرتنی سروشت لەڕیگەی زانستی ئەزمونییەوە. شتێک بە ناوی خودا بوونی نامێنێت. نیچە وەکو بیرکەرەوەیەکی زیتەڵ هەشداری ئەدات لەدوایی مردنی خوداوە، نیلهیزم و پوچیتی دروستدەبێت، بەم شەوە پوچیەی ئەستا بەرکی مرۆقایەتی گرتووە.

شەرمەزاری وەاتەکەمم کە نەمردومە!.. د. فاخر عالی خان

ئاودەلی

لەگەڵ ئەوەی جەنگەکان پێن لە ووداوی وێرانکەر و کارەساتبار، ووداوی سەیروسەمەرەشیان تێدایە، ئەم ناونیشانەی سەرەوە یەکێکە لەم ووداوە سەیروسەمەرانە، ئەم ووداوەڵ بەسەرهاتی پلەدارێکی سەربازی یابانییە، ئەم سەربازە، ناوی شێچی یەکێیە، ناوبراو لە ڕۆژی 31 ئاداری 1915 لە دایکبووە و لە 22 ئەیلولی 1997دا مردووە، شێچی یەکی، لە یەکەی 29 بڕشی پیادەڵ لێ مانچوکێ لە کار دابووە، ساڵی 1943 بێ ووبەڕوو بوونەوەی ئەمریکییەکان بێ دوورگەکانی ماریانا گواستراوەتەوە، لێ مانگی شوباتی 1943 دا گەیشتەتە دوورگەی گوام.

دوای ووبەڕوو بوونەوە و شەڕێکی یەکلاکەرەوە، هێزەکانی ئەمریکا، دوورگەی گوامیان لە ساڵی 1944 دا دەست بەسەر داگرتووە، یەکێ لەگەڵ نێ سەربازی دیکەی یابانی، خۆیان لە دوورگەکە شاردبۆتەوە، لە نێو ئەم نێ سەربازەشدا تەنها سێ کەسیان لێ دوورگەکە دا ماونەتەوە و ئەوانی دیکە ڕزگاریان نەبووە و مردوونەڵ، ئەم سێ سەربازە یابانییە لە دارستانەکانی دورگەی گوام ماونەتەوە، لە پێناو ئاشکرا نەبوونیان شوێنەکانی خۆیان لە یەکتر جیاکردبۆتەوە، هەروەها بە مەبەستی ئاگاداری و هەواڵپرسین، ماوە ماوە سەردانی یەکتریان کردووە، ئەم شێوە ژیانەیان هێتا نزیکەی ساڵی 1964 بەردەوام بووە، لە کۆتاییەکانی ساڵی 1963 دا، دوو سەربازی دیکەیان بە هۆی لافاوی دوورگەکە گیانیان لێ دەستداوە، ئیتر لەو کاتە بە دواوە یەکێ بێ ماوەی هەشت ساڵی دیکە، بێ تاق و تەنهایی ماوەتەوە. ژیانی ڕۆژانەی یەکێ لەسەر ڕاوکردن بووە، لە ترسی ئاشکرا بوون، ڕاوکردنەکەی لە شەواندا کردووە، هێروەها ووکی سروشتیشی بێ هەمە جۆرکردنی خواردن بەکار هێناوە، جلوبەرگەکانیشی لە گەڵای دارەکان دروستکردووە، بە هۆی هەکەوتە و کەش و هەوای دورگەکە پێویستی بە جلوبەرگی زۆر نەبووە، جێگەی نووستنەکەشی لە قوڵایەکی ژێر زەویدا بووە کە بێ خۆی ڕێکیخستبوو، بێ وریاییەوێ ژیانی ڕۆژانەی بەسەر بردووە و خۆی لە مەترسییەکانی گرتن و کوشتن پاراستووە.

لێ ئەوارەی ڕۆژی 24 24 ی کانوونی دووەمی 1972 دا یەکێ، لێ لایەن دوو کەس بە ناوەکانی: جیس دویناس و مانوێل دی گراسیا کەدوو پیاوی ڕاوچی دوورگەکە بوونە دۆزراوتەوەڵ، ئەم دوو ڕاوچییە، بێ ڕاوکردنی ڕێبیان چوونەتە ووبارێکی ناوچەی تالڤی دوورگەی گوام، لە کاتی گەڕان و ڕاوکردنەکەیان یەکیان بینیوە، لە سەرەتاداوایان زانیوە

کە یەکێ خەڵکی تاڵەفو بێت، لە بەرامبەریشدا یەکێ وا تێگەیشتووە کە دەگیرێت و ژیانی کەوتۆتە مەترسی، لەبەر ئەوە هەرشی کردۆتە سەر ئاوچییەکان، ئەوە بۆتە هۆی دەستگیرکردنی یەکێ، ئەوەبوو دوای گرتن و قەبەستکردنی، یەکێ بە نووسینگەی کۆمیسەرانی دورگەکە گواستراوەتەوە و خراوەتە ژێر لێپرسینەوە، دوای لێکۆڵینەوە و پشکنینی شوێنی مانەوەی، یەکێ دانی بە ناسنامەکەی داناوە، ئەوەی پێڕاگەیاندوون کە یەکەکە لە سەربازە پلەدارەکانی وڵاتی یابان و لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانییەوە لە دوورگەکە ماوەتەوە. بەهۆی دابڕان و نەبوونی هیچ هەواڵێك، یەکێ لە ساڵی 1952دا زانیبووی کە جەنگی دووەمی جیهانی کۆتایی پێهاتووە. دوای دەستگیرکردنی سەیچی، پشکنینێکی گشتی تەندروستی بە دەکرێت، لەگەڵ ئەوەی جەستەکەی زۆر لاواز ببوو، بەڵام هیچ نەخۆشییەکی نەبووە و تەندروستی باشبووە.

گەڕانەوەی بۆ یابان

یەکێ لە کاتی گەڕانەوەیدا، پێشوازییەکی گەرمی لێکراوە، لەگەڵ ئەم پێشوازییە گەرمەشدا هەستی بە شەرمەزاری کردووە، بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی گوتوە: شەرمەزارییەکی گەورەیە بۆ من، هاوڕێکانم مردن و منیش بە زیندوویی گەڕاومەتەوە"، ئەم قسەیەی یەکێ دەنگدانەوەیەکی زۆری لە ناو یابانییەکان دروستکردووە، کاریگەریەکی زۆر لەسەر خەڵك دروستکردووە، بووە بە وتەیەکی بەناوبانگ و سەرزاری یابانییەکان. ئەم وتەیەی سەیچی بۆ وتەی فەرماندەکانی جەنگی دووەمی جیهانی دەگەڕێتەوە، دەڵێت: لە کاتی چوونمان بۆ بەرەکانی شەڕ، فەرماندەکانی ئێمە پێیان دەگوتین: ئێمەی یابانی، مردنمان پێ باشترە لە هەڵاتن و بە دیل گیران و کەوتنە دەستی دوژمن.

یەکێ، دوای گەشتێکی فراوانی چاوپێکەوتنی میدیایی لە شارو شارۆچکەکانی یابان، لە تەمەنێکی نزیك شەست ساڵی، ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە،لە ناوچەی ئایچی لادێیی نیشتەجێ بووە. بەم شێوەیە یەکێ بووە بە هێمای بەرخودان و کۆسایەتییەکی بە ناوبانگی نیشتیمانی. ژیان و بەسەرهاتەکانی، بوونەتە داستان و سیناریۆی فیلمی دۆکیومێنتاری، ساڵی 1977 لە فیلمێکی دۆکیومێنتاریبە ناوی یەکێ و ژیانی نهێنی بیست و هەشت ساڵەی خۆی لە گوام بە شداری کردووە، لە کۆتایدا بۆی 300 هەزاردۆلاری ئەمریکی وەرگرتووە. بەهۆی ئەم خۆڕاگرییەی یەکێ، حکومەت وەك ئەفسەرێکی سەربازی خانەنشینی کردووە. پێش چوونی بۆ بەرەی جەنگ و مانەوەی لە دوورگەی گوام،

دەرفەتی چاوپێکەوتن و دیداری ئیمپراتۆری یابانی هیروهیتۆی بۆ نەهێشتنی ئیمپراتۆر، یەکێ وتی: خاوەنشکۆ من گەمەوە ماڵەوە، زۆر پەشیمانم لەوەی کە ناتوانم باش خزمەتت بکەم. یەکێ لە تەمەنی 82 ساڵی بە جەنگی دژ کۆچی دوای کردووە، لە هەمان ئەو گۆڕەی نۆژراوە کە وەك سەربازی ونبووی جەنگ، لە ساڵی 1955 بۆی هەڵکەنرابوو، ئەم گۆڕهەڵکەندنەی ساڵی 1955 دوای ئەوە هاتووە کە مردنی یەکێی بە دایکی ڕاگەیاندرا بوو.
ئەوەی شایانی باسە ئەم شوێنەی کە یەکێی تێدا ژیاوە، ئێستا بۆتە شوێنکی گەشتیاری گرنگی دورگەی گوام، گەشتیارەکان وەکو مۆزەخانەیەك سەردانی دەکەن و بە گوریس و پەتکی درێژ دەچنە ناوەوەی ماڵی سەیچی یەکێی، ئەم شوێنە بە ئۆشکۆتی یەکێ" " ناسراوە، شوێنکی سەرنج ڕاکێشی گەشتیارییە، مانەمێنتکی تایبەتیان بۆ یەکێ دروستکردووە.

د. فاخر عالی خان ئاودەلی / ماموستا لە زانکۆی سەران

سەرچاوە:

https://www.bbc.com/news/magazine-16681636
https://www.guampedia.com/wwii-sgt-shoichi-yokoi-last-straggle/r-on-guam

چەند وێنەیەکی سەیچی یەکێ و شوێنی مانەوە و کەلوپەلەکانی لە دوورگەی گوام





















.

وەرن بۆ پشتاشان چەك وەربگرن..
ئەحمەد رەجەب

وانەکانی ژیان :

هاورێ عەدنان عەباس ئەلکوردی(1) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق لە رۆژێکی ساردو بەفراوی بانگهێشتی من و بابی تارای کرد بۆ نان خواردنی نیوەڕۆ و ئەوکات ماڵیان لە گوندی دولکان بوو نانمان خواردو لە گەرمەی قسەوباس بووین و وتم قەت ئەم ڕۆژە لە یاد ناکەم وەرگەوتێکی جوانەو بروانە 12/12/1982 وەو لەو کاتانەدا هاورێیەك لە بارەگای حزب هات و نامەیەکی دا بە هاورێ بابی تاراو ونامەکەی هەڵیپچڕێ وخوێندییەوەو سەرکردایەتی حزب لە نامەکەدا ئەڵێت بە زوترین کات وەرن بۆ پشتاشان چەك وەربگرن.
گەراینەوەو شەو لە گەڵ بابی تارا باسی ئەوەمان کرد کە بنڕین بۆ وەرگرتنی چەك و هاوکات ژمارەمان زۆر کەم بوو زۆربەی هاورێیان لە گەڵ هاورێ بەهاءالدین (بابی سەلام) ڕێشتبووون بۆ کردنەوەی

بارەگای حزب لە گوندی حاجی مامەند و، لە نێوان قسەو باسدا وتم خۆم ئەرێم و یەکسەر ناردمان بە دووای بەرپرسی پێشمەرگەکان و وتمان کەسێك ئامادە بکە بەیانی زوو ئەرێن بەرەو پشتاشان و باشترووایە هاورێ عەبدولکەریم سەید عەلی بێت و هەرئێستا گوریس و هێسترو کورتانەکانیان ئامادە بکەن بۆ ئەوەی بەیانی شپرزە نەبین.
بەیانی زوو خۆمان بە باشی پێچایەوە بۆ ئەوەی سەرما کارماتێنەکات بە سواری دوو هێستر من و عەبدولکەریم بارەگای حزبمان لە گوندی دولکان بەجێهێشت و کە لە شاخی زەردگ سەر کەوتین سەرماکە وەك گوێزان وابوو ترسی رەنوومان هەبوو چونکە ساڵانە ژمارەیەك کەس ئەبنە قوربانی و بەناو بەفرو سەرما بۆ پاش نیوەرێ گەیشتینە بارەگای حزب لە نزکان و، یەکسەر پێش ئەوەی خۆمان نان بخۆین تورکە پر لە ئاڤ کاوجێ کردە مل هێستەرەکان.
شەو لە نزکان ماینەوەو رۆژی دواتر بەیانی زوو کەوتینەرێ وبەفر زۆر بوو ئێوارە گەیشتینە پشتاشان و لە پاش پشوودان هاورێیەك هات و وتی : هاوری سلێمان یوسف ئیستیفان (ئەبوعامل) ئەیەوێت بتبینێت و، منیش چووم و زۆر بە تورەییەوە وتی تۆ مەڵەتت وەرگرت بۆ یەك مانگ بەڵام وا دوو مانگ زیاترەو، منیش بۆم رووونکردەوە و وتم هاورێ ئەبو سەلام منی گلدایەوەو وتی خۆم ئاگاداری هاوریانی سەرکردایەتی ئەکەم وپیویستیمان بە تۆیە و لە دولکان مامەوەو ئێستاش هاتووم چەك بۆ مەبەندی سلێمانی و کەرکوك وەربگرم و، هاورێ ئەبو عامل بەرپرسی گشتی هەموو پێشمەرگەکانی حزب بوو تکەشەرکی ناسراوبەڵام زۆر وشك بوو بە منی وت برێ بۆ لای هاورێیانی راگەیاندن و لەوێ بمێنەوەو خۆمان چەك رەوانەی سلێمانی ئەکەین و،منیش وتم حەز ناکەم لە راگەیاندن بم و ئەگەرمەوە بۆ سلێمانی و ئێستا ئەمەوێت برۆم پشوو بدەم و بەیانی قسەی ئەکەین و دەرچووم و ، شەوێکی خۆشم لە گەڵ هاورێیان بە سەربردو بەیانی پاش نانخواردن چووم بۆ لای هاورێ ئەبو عامل چەکمان بداتی و وتی ئیشی تۆ لە راگەیاندنەو باسی چەك مەکەو، منیش چووم بۆ لای هاورێیانی سەرکردایەتی کەریم ئەحمەد { ئەبو سلیم } ئەحمەد مەلا قادر بانیخۆلانی { ئەبو سەرباز} و وتم خۆتان ئەزانن هاورێ ئەبو سەلام چۆنەو ئەو منی گلدایەوە و خۆشم حەز ئەکەم لە سلێمانی بم و نامەوێت لێرە بم و ئەبو عامل ئەیەوێت بە زۆر بمهێنێتەوەو ئەڵێت تۆ یاخی بوویت و داواکارم یارمەتیم بدەن بۆ ئەوەی تووشی کێشە نەبم و حەزناکەم چیتر ئەبو عامل بدوێنم.
هاورێیان قسەیان لە گەڵ ئەبو عامل کردو وازی هێناو لە کاتی چەك وەرگرتن کاتێك وتم سلێمانی لەمەشیان بەختی نییەو کام چەك خراپە ئەیدەن بە ئێمەو ئەبو عامل هەڵچوو وتی بێت نییە ئەوە بڵێت ئەی

كامه باشەو، منیش وتم بە هۆمنی قشە بكەین باشترە و ئەزانن چەك یەكەم جار ئەگاتە بادینان و بەشی خۆیان بە زیادەوە وەر ئەگرن و پاشان ئەگاتە پشتاشان و ئینجا بەشی سلێمانی و كەركوك جیائەكەنەوەو ئەوەش قسەی من نییەو هەموو جارێك وتراوەو هەرچۆنێك بوو سێ بار چەكیان دا بە ئێمەو وتم ئێمە دوو هێسترمان پێیەو، هاورێ ئەبو عامل نیازی وابوو دووبار ببڕن و بۆ ئەوەی تریان جاریكی تر بگەڕێنەوە بۆ پشتاشان و منیش وتم چەكەكانمان بدەرێ خۆمان چارەسەری ئەكەین ، بە هەر حاڵ لە ئەبو عامل رزگارمان بوو.
بە یارمەتی هاورێیان { بابی سەلیم و بابی سەرباز} هێسترێكمان وەرگرت و خۆمان ئامادە كردو شەو ئەبو عامل هات و وتی كامەیك پشمەرگە بۆ سلێمانی گوازراونەتەوەو ئەمەش ناوەكانیانە بیانبەن و، منیش وتم ئێمە بەیانی زوو ئەڕۆین و پێویستە ئامادە بن و هەركەس زوو نەیەت ئێمە بەجێئەهێڵین .
رۆژ بووەوەو نان و چامان خواردو چەكەكان بارگران و كامەیك پشمەرگە هاتن و ژمارەیان 16 كەس بوو منیش وتم زۆر سارەو رێگاوبان بەفرو شەختەیەو دووڕە ئەوەی ناتوانێت لێرە بمێنێتەوەو پاشان كەوتینەڕێ و هەرچۆنێك بوو گەیشتینە نێكان و، رۆژی دواتریش لە نێكان گەیشتینە گوندی بۆران و بەفر زۆر بوو لەوێ خەڵكی گوند وتیان بە شاخدا ناتوانن بڕۆن و رێگای ماشینیش (ئۆتۆمبیل) لە بەر نزیك بوونی لە سەردەست ئاسان نییە و سوپای ئێران چاودێری رێگاكە ئەكات.
بیوران نزیكە لە شاری سەردەشت و هەروا لە كۆڵ كە ئێستا بووەتە دەروازە لە نێوان كوردستان وئێرانە و نزیكە لە قەادزێ و بە هۆی قاچاغچێتی حزبی بەعس كەسانی خۆی بە ئاسانی خزاندووە ناو ئەم گوندەو مانەوە لێرە ترسناكەو جگە لە هاورێ عەبدولكەریم هەموو هاورێیان عەرەبن بۆیە سێ كەسم لە گوندەكە دڵنیەوە بە كرێ بەیانی زوو لە گەڵ هێسترو بارەكانیان تا دێی دەرمان ئاوا هاوكارمان بن و هاورێ عەبدولكەریم سەرپەرشتی هاورێیان بكات و لە سەرشاخ بگەنە گوندی دەرمانئاواو، رۆژی داهاتوو شەفەق عەبدولكەریم و هاورێیان چوون و من و سێ كەسەكەو هێسترو بارەكان بە رێگای ئۆتۆمبیل و لە رێگای مەترسیدار دەرباز بووین و گەیشتینە دەرمان ئاوا.
لە دانیشتوانی گوند زانیمان هێستر بە بارەوە ناتوانێت بەناو بەفری شاخی زەردگ بروات و رێگاكە بە هۆی رەنوو كردن (هەڕەس) زۆر ترسناكە. شەو هەشت كەسمان بە كرێ گرت و بۆ بەیانی هاورێیانم كۆكردەوەو وتم ئەم رێگایە ترسناكەو ئەوەی گورجوگڵە نەبێت ئەكەوێتە ژێر بەفرو پێویستە هەموو وریابن و یارمەتی یەكتر بدەن و

پاشان شەمەندەفەرەکەمان (هاوڕیان و کەسانی بارهەگرو هەستەرەکان) بەبێ بار کەوتەڕێ و زۆر بە سەختی و ناخۆشی گەیشتینە بارەگای حزب لە گوندی دولکان و هاوڕێ بابی تارا بیرکەکەی بەدڵ بوو کە چەکەکان بە کۆنبەر گەیاندە بارەگای حزب.

3/3/2021

پێشکیی تێزی دکتۆرایەکم "وامزانی ئادیبم!".. فازیل شێوە

هەرچەندە دەزانم، ئەوە کە ئێستا لە هەڵسی گفتوگۆی تێزی دکتۆرایەکم دانیشتوون، هەر وەک ئەو دە دوانزدە کوردەی دیکە، کە لە شارەکە ماون، بە زەحمەت لە زمانم حاڵی دەبن، من هەر بەیەش بەو زمانە ، دکتۆرانامەکەم داشتووە، تا بزانن کە پێش (٤٠) ساڵ، زمانی کوردی چۆن بووە و کوردەکان چۆن مژووی ئەو چاخی خۆیان بەسەر یەکدیەوە کۆدەکەنەوە و بۆچی بەو ڕێگارە گەیشتن.

هەرچی ئەو ئامیر و ئامرازانەی کە ئەمڕۆ لەبەر دەستی ئەوەدایە و ئیش و کارەکانی خەتانی پێ مەیسەر دەکەن، (٤٠) ساڵ پێش ئێستا، بە خەونیش، بە خەیاڵی کەس دا نەدەهات. لەو سەردەمدا، لە هەڵسی تەرەکەمەڵاتییەکان و پەیوەندییەکان، بیربۆچوونیان دەردەبڕی و ڕووداوەکانیان دەگوازتەوە، (فەیسبووک و ڤایبەر و وەتس ئەپ و ئینستگرام و تووێتەر و تووێج و تیکتۆک...تاد) لەبەر دەستی خەڵکەکە بوو – هەرچەندە ئەوانەش ، دوگمەی هەڵکردن و کوژاندنەوەیان لە ژووری تاریکیی پارتەکان دابوون و لە ژێرچاودێری ورد دابوون!

تێزی دکتۆرایەکەم، جگە لە پێشەکی، (٣) بەندە:
بەندی یەکەم: بوێری و جەرگسۆزیی کوردان پێش حوکمرانی خۆماڵی.
بەند دووەم: بیست دەقیقەی یەکەمی دوای ئاپڕین.
بەندی سێیەم: چۆن جەهالەت هەڵگەڕایەوە و وەلات وێران بوو؟

دەمو عەسرێک، لە سیلەی کۆمانیەکی تەنگەبەرە شارێک، تازە گەنجێکی چاوەشی ئوخسار کوردانە، بە دەستی خالی و بە هەناوی خالی و بە باخەڵی خالی، لە ماڵ دەرچوو بوو، ئەو نایدەزانی بەرەو کوێ دەچێ، یان بۆچی لە ماڵ دەرچووە، چونکە قورسترین ئیشی ئەو (بیکاری) بوو. لەنکاوا، مایکی پیامنێریکی گۆڤاری تیقیێکی ئەو سەردەم، ڕێی پێدەگرێ و پێدەڵێ:"ببیژە!"

لەچاوترووکانێکدا، بەرچاوی ئەو گەنجە ڕەش دادەگەڕێ و سەری بە ئاسمان هەڵدەبڕێ و هەناسەیەکی قوول هەڵدەکێشێ... خەرا خەرا، بە خەرای تیشکی خۆر، مژووی نەتەوەکەی، لە شێخ سەعیدی پیرانەوە، تا دەگاتە بەردەم ماڵکانی تووز و لەیلان وشەنگالی، دەتەوێ پێش چاو... بە خەرای تیشکی خۆر، فەلسەفەکانی ئیبنوڕشد و فارابێ تێکەڵ یەکدی دەکات و تێۆرییەکانی ژانگ ژانگ ڕەسەن و ئین خەلکان لەکەداتەوە و شیکارییەکانی ونستۆن جۆرجل و دادە میتۆان ئاوێتەی یەک دەکات و لە دڵی خۆدا دەڵێ:
"ئەمڕۆ، دەنگی من و سەدای هاواری ئێم کۆمانیە، دەبێ بگەنمە بەر گوێی بەر پرسە هەرە گەورەکان و بەیەکەوە شۆشەک بەرپاکەین و سەرکەوتنی سەرکەوتن پێکەوە بە ئێم نەتەوە مەزڵمە وەدەست بهێنین..."

ئەوجا، بە زمانێکی شیریین، کە تژبوو لە بەنبڕامەی ئارەقەی پاڵە و جووتەر و زەبوونەکان، بە کوردییەکی ڕەوان، کە دەتگوت سوختەی بەردەستی مام هەژار و هەمن و خاڵ و گۆران بووە، دەستی کرد بە کەشانی نەخشەیەکی ئیستراتیژیی دوورخایەنی بە نەزیر، بۆ هیوایەی بە هاوکاریی و پشتیوانیی خودا و بەرپرسان و هاووڵاتیان، ئایندەیەکی گەش بخولقێنن و ئەو تەم و تارمای و تاریکاییەی ئاسمانی وڵات بڕەوێننەوە... .

بە خەیاڵی حاجی قادر و ، بە خەونی مام هەمن و بە تووڕەیی خالید دەبەر و بە سەدای خاڵ سەوز، پەیامەکەی خۆی گوتەوە. ئەو ساتە وەختە، مەرگ، لەبەر پێ کەتبوو، زیندان دیوارو پەنجەرەکانی خۆی داوخاندبوو، ئەر چوار ئیقلیمی وڵاتی خەیاڵی ئەو (ماف) بوو، ماف بە خۆی و ماف بە خەڵک و ماف بە تەروتوارو دارو بەردەکان... .

زوو، بووە ئاگری ناو پێش، گرتەی ئەو گەنجە ئوخسار کوردە... .

ئەو شەوە، ئەو گەنجە ئوخسار کوردە، مەیلەکەی لە لای باڵیفەکەی داناو نەخەوت... هەر چاوەڕێی بوو، زەنگی سەرکردەیەک... بانگی بەرپرسەک... هاواری خەمخۆرەک گازی بکات و دوای ماچ کردن، بۆینی

هەنانە دی خوونکانی پەبدەن..

لە، هەر دوای دوو ڕۆژ... دیسان لەنکاوەا، مایکک بە زەر خی ڕۆپشکردە بەردەمی و پگوت: ' ببەژە!"

ئو گنجە روخسار کوردە، بە بەرچاویەوە، مەرگ لە ئاسمان بەرو هوکی دەهات... چرنووککان دەهاتن پستی داماەن... شفرە و کلبەکان، وک ئو وا بوو چووبنە نو سینگ و پراسووکانی... دونیا لەبەر چاوی ڕەش بوو... بە زمانک کە هەر خودا تیدگەیی و بە ئاوازی فریشتو بە نەر و نیانی پپوولە گوتی:

"وامزانی ادیە."

هموو میدیاو تۆکمەایتییکان، پش (٤٠) سا، بو گنجە وخسار کوردە پکەین.. زەریش پکەنین...
من چندان مانگە یکە کمنت و نووسراوکانی ئو ووداوە دپشکنموە.. سمایی چاوانم داهات... تنها یک کمنتم دزیوە، کە بوەرانی بابتکی لە چوارچیوە گرتبوو، نووسی بووی.

"ئم دستە واژیە، سدارەی ئایندەی نتوەیکە، گەر تبگن؟"

پیامکی یکمی ئم گنجە وخسار کوردە هەر (٥٠) وشیک بوو، من لەرە بە هەر (تاکە وشیکی) پتر لە (١٠) لاپۆ لکدانوم بە کردووە.

لە ئاکامدا گیشتمە ئو ئنجامە... کە ئگەر...
سرکردەی کوردی، ژیرانوە بوەرانە، پیامکەی ئو گنجە وخسار کوردیان وگربایو بە جددی کاریان لسەر بکردبایە.. ئوا ئوش، نددگیشتنە ئم ڕۆژە!

دزانم دپرسن... (بچی سرکردە کوردکان گویان لو گنجە وخسار کوردە انگرت؟)

دونە، خوندموە، کە دوو گنجی کوردی نازانن، نیازیانە لە گۆپانکی (ئربئیل) بە ئو گنجە پیکرەک دروستکن لە ئاگر... ئویش تا ئستا نازانن، دبە ئاگرکە چ رنگک بە...

دۆن، لە بشی فلسفەی زانکی سربنیش، ئستا بابتی" وامزانی ادیە" دخوندیت و بردوام توژینوەی لسەر دکرە.

تێبینی: تکایە ئاگاڕ لە داشتنەکەم، باش تێناگەن، دەتوانی ئەو فەرهەنگانە بەکار بێنن، کە (٤٠) ساڵ پێش ئێستا هەبوون ، تا ڕادەی وشەکانتان بۆ بکەن.

سەمای مەرگ.. ستیڤان شۆمزینی

هەموو بۆ ئومێدانە لە حەوشەی ژیان وەستاوین
ڕاوەستاوین مەرگ بمانکاتە یادەوەرییەکی بزر بوو
ژیان داهاتوویەکی تێسکە، جێی ئازارەکانمانی تیا نابێتەوە
سەیرە! درەنگانە مەرگ دەروازە بەرینەکانی ئاکاتەوە
مەرگ کاتێ دێ بۆ هاناماندەوە لە خۆناوی ژیاندا گەوزاوین
بۆن و بەرامەی نەسیمئاسای مەرگ ساتێ هەڵدەکا،
سیپەکانمان پڕ بووبن لە ژەهری بەهودەیی ژیان
وەرە، ئەی مەرگ، ئەسرینی ڕژاومان کە بکەرەوە
زوخاوی لە دایکبوونمان تنۆک تنۆک داچۆڕێنە
لە دڵۆپی ژیانداً، دەستی میهرەبانیت درێژ بکە
بزماری بێ ویژدانیی ڕۆژگار لە لاشەمان دەربێنە
تا ئەی مەرگی ئازیز، لاشەکەمان بدەی دەست مەروو
لە دەمی قومارچییەکانی سیاسەت وەک قەندی دڕیکە
لە حەرامسەرا و کەشکی پڕ ئۆژدیهای زەمان دەرمانهێنە
بمانڕەوێ بە کۆتانکانی ئەودیوی زەمەن و وجود
تا ئەی مەرگی شیرین، پێناسەی خەت ببڕێ بە باڵاماندا
جیاواز لەو پێناسەی دڕاوەکانی نیشتمان پێیان بەخشین
غەزەل و سروودەکمان لە خامۆشی و کپبوون فەر بکە
هیچ شتێ نەیگەنێتەوە بە سروودی خودا و ئاینەکان
ببە بە بەرمەدای گیانمان، وەک ئەختەبووت هەڵماڵووشە
تەخت و تاراجی شادییە درێنەکانمان بەسەریەکا تەکدە
تا ئەی مەرگ، زووتر لە کاتی خۆی وەرە میوانیمان
سفرەی تژی جەنگ و کابووس و خوێنمان بدڕێ
فریاکەوە سن و کوللەی ژیان گوڕگەنمی جوانیی خواردین
خەراکە گەڵاڕزانی مرۆڤایەتییە لەم جەنگەڵەی ناوی دنیایە
گیانمان هەمووی شوێنەواری زامی قووڵی پڕکەنینە
پڕکەنین بۆ هەقیقەتە وەهمیانەی شالوری شکانن

سەنگەری بەرگریيمان تێکشکێنێ کە تەنها هەناسەیەکە
ببینێ چەند سارد وسە و مردووانێ، سترانی ئاوین ئاوینەوە
تە وەرە ئەی مەرگی شیرین، گورز بۆشنە لە ڕەحمان
ئاو ڕەحمی کرمانج، بە حەز و خۆشی ئەهریمانی ژیان
گیانای داری هەموو خولیا شەنگانکانمان بوارنێ
تاکو زەوی و ئستێرکانیش پشوو بدەن لە دەستمان
چەشنی مەڕ بەربووینەتە ئاسمان، بەربووینەتە پلکانەینێ
هەموو ڕەنگکانمان،ـ بە ڕەنگی دزەوی خەمان سواخ داوە
فریا بکەوە، وەرە سەر ڕێگای بەختیاریی سێرکانمان
ئاو بەختیاریی لە هەستکی ماسیانەوە لە هەلکە جوقاوە
تە وەرە ئەی مەرگ، خانەبەندانی چاوچنکیمان لێبکە شین
حەوت ملیار ئەمبای زیانبەخشین، خەرکی گەردوونین
کەمەڕ شەڕ بەفرینەن، بە هەتاوک ئەبینەوە بە قوە و لیتە
فریاکەوە، ویژدانمان لە مەزادخانەی بە ئابووویی فرۆشتووە
پلە داڕ کەرخەرین، لەسەر کلاکی تەپیوی ژیان ئاژین
گروپە قالەنچەی ڕەشین، بەنی زەرابی خیانەت لە هەناسەمان دە
ئەی مەرگی شیرین، بە بەزەیانە ڕەشماڵکەمان بدە دەست ڕەشبا
زەوی لە شوێن پە پیسکانمان، بە دیتەی ڕەوشت بشکێوە
بە بەزەیانە، ڕەچەڵکی قەزەونی مرۆڤ قەلاچە بکە لەسەر زەمین
وەک دەرمانی مەلاریا، بارانی خوێت بپرژێنە بەسەرماندا
لە ڕەشبەڵکی درکانما، ملیارەها لوغم و مین بچێنە
دروێنەی ڕەوشتمان بکە، کە پاکیزەیی زەوی لەکەدار کردووە
کون و قوژبنی گەردوون نەماوە، پیسمان نەکردبە
وەک شەپەلەکی تووڕە تاکو لەواری عەدەم بمانبڕێوە
دەی ئاسمانمان تا ئێزان وەک بەژنگ کون کون کردووە
چەک و پارە تاکە زمانمانە بە گفتگۆ لەگەڵ یەکتر
ئاکار و ڕەوشتمان، لە تەوالێتی بەرسیەکدا لە بزر بوو
نیشتمان و پەرستگەشمان تەنها پەخەفی سزانیەک بوو
وەرە ئەی مەرگ، بزانە ژیان چەند زەبوونە بەدەستمانەوە؟
چی جوانی بوو، تەزابەژمان کرد و کردمان بە سووتماک
چی فەنتازیا بوو، هەموویمان کردە کورەی ئەتەمیەوە
چی داهێنان بوو، هەموویمان بە دەلاری لولکراو ڕووپۆش کرد
چی زانستە، کردمانە جۆنیەکی ڕەشەوە بە کیلەکردنی یەکتر
چی خودا بوو، هەموویمان کرد بە یەک خودا، ئاویش دراو بوو
چی عەشقیش هەبوو، بوو بە نوکتە و حکایەتی گوڵ ئاگردان
چی کتێبی دنیا بووـ، هەموویمان کردە لوولەی گوللەبەژێ
تە وەرە مەرگ، گاوبوونی زەوی لە چەکی ڕەشی شعورمان بشکێوە

نەهێی کۆکانمان، لەزەوی بسڕەوە، فڕێدە حاویەی گەردوون
نەهێی لە پەنا درەختەکەوە بمانژن، نەکا فەری درەی بکەین
نەهێی کەتر لەسەر گڕکانمان هەلانە بکا، نەبادا بە شەوارە بکەوە
نەهێی خەر هەبە لەسەرمان، ئەمە بەندەی شەوە تاریکەکانین
ڕەژی رووناکمان، ئەو کاتەیە دەستمان لە خوێنی یەکترداید
تە وەرە ئەی مەرگ، ئەم گاتەبازاڕییەی مرۆڤ بە کەتا بهێنە
توتکە سەگی ناو هەستمان، بە پەتی دڕقیت بخنکێنە
پەهێگرە، داهاتووی گەردوون لە مەترسیی لەناوچوونداید
مرۆڤ، مرۆڤ، دەستی ناوەتە بینە قاقای سروشت
هەنگاوەکانت خەرا بکە، بە کەمەڕیشکەشمان بکە
ئەوەتا، هەموو شت ئەبارە، تەنیا جوانی و عەشق نەبە
هەموو شت لەرە ئەبارە، تەنیا مرۆڤایەتی و ماف نەبە
ژمارەیەک قەخی گەنیوین، باخچەمان پەکردووە لە بەنی ناخۆش
شووشەیەک کەم و جەراعەتی دەستی حەزرەتی ئیبلیسین
دەی سەوزی گشت دەشتەکان ئەکەین بە بیابانی کاکی بە کاکی
خەرا وەرە ئەی مەرگ، کات زەری بە بەرەوە نەماوە
لای مرۆڤ، کاتژمێری کەتایی سەز و بەهاکان و ژیرییە
کاتژمێری کەتایی وەک گرتنە لە حەزی وەرانخوازیی ناخمان
خەراکە، خەرا، لە مەژە کار لە کار ترازاوە، ئەدی تە لە کوێی؟
بە نایەیت شیرینی شیلکی خەت بخەیتە ناو دەممانەوە؟
بە نایەیت کەلارەی خەیاڵمان بدەی بەدەم گەردەلوولەوە؟
بە نایەیت، چەپەیمان بە ئاوی رووندی خەت بسمیل بکەی؟
خەرا وەرە، ئەی مەرگی شیرین، شاری خەشیمان وەران بکە
ئەو خەشییەی تەنیا لە دڕێک زیاتر نییە و لەسەر پشتی
ملیۆنان ئادەمی تر، تەلاری یوتۆپی خەی ڕەناوە
وەرە، ئەی مەرگی شیرین، سەمای خەت دەستپێبکە
ئەمە کەتا جار چاوەڕێی تەین بمانخەیتە سەما..

چاوەڕێین .. چاوەڕێین

ئەم شیعرە لە کەمپەین شیعری "دەستنووسەکی کەنەی عیشق" بڵاوکراوەتەوە. کە لە سەرەتای ساڵی 2017 چاپ بووە

شیعر و مەجهول.. تەیب جەبار

شیعر کەشفی مەجهولە ، ئەم رستەیە الی کورد و عەرەب زۆر دەوترێت و دەنوسرێت . ئەم رستەیە لە
سێ وشەی عەرەبی پێکهاتووە ، بەڵام بە داشتنێکی کوردی . وشەی شیعر ، لە زمانی کوردییدا دوو وشەی
بەرامبەر هەیە ، ئەوانیش " هونراوە و هەڵبەست "ن. ئێستا هونراوە زیاتر و هەڵبەست کەمرت بەکاردەهێنرێت
.ئێمە لەگەڵ ئەوەداین هەر وشەی شیعر بەکاربهێنرێت، چونکە هەموو خەڵکی کورد لەگەڵ ئەو وشەیەدا راهاتووە
و تێدەگا. هەروەها میللەتانی دەوروبەریش هەمان وشە بەکاردەهێنن...

بۆ درێژەی باباتەکە کلیکی ئێرە بکەن...

هونەرمەندێکی جوو، هەنگدانەوەی لە سێ ماڵانی کوردیدا.. یاسین برایم

لە دەسپێکی ئەم نووسینە، یەکسەر دەچینە هەڵدانەوەی ژیانی ئەم هونەرمەندە جووە. بە پێناسەیەکی کورت، قفلی بابەتەکە دەکەینەوە، دەڵێین، ئەم هونەرمەندە، هەڵحشیرینە، دەنگ ئەفسوناوییە، پاشای سەردەمی خۆی بووە لە گۆرانی و سەما و ئاهەنگە گەورەکان و یانەی شەوان. هەوادارانی خۆی دنیا جێش و خرۆش. سەلیمەی جوو، ئەستێرەیەکی دیاری ئاواز و گۆرانی.
سەلیمە مورادە: لە ساڵی 1905 لە بەغدا لەدایکبووە، ئەستێرەی ئەم هونەرمەندە لە ساڵی 1922 تا ڕۆژی مردنی دەگەشایەوە، لە ساڵی 1953 دەبێتە هاوسەری هونەرمەندی گەورەی عێراقی (نازم غەزالی*)، لە

ساڵی 1974 کۆچی دوایکردووە. لە لایەن نووری سەعید، نازناوی پاشای پێبەخشراوە، بە سەلیمە پاشا ناسراوە. چەندین ئاهەنگ و فێستیقاڵ و شەوە ئاهەنگی لە ناوەخۆ و دەرەوە ئەنجامداوە. (1)
سەلیمە، سەماکەر و گۆرانیبێژی ناسراوی عێراق، خاوەن دەنگێکی خۆش و ڕووخسار ناسك و جوان و ڕوحسووکبووە، لە بنەماڵەیەکی جوولەکەی بەغدا بووە. ماموستای باڵیە و وەرزش و گۆرانی کەشافەی قوتابخانەکان بووە. لە خێزانێکی زەنگین و دەستڕۆیشتوو و خانەدان بووە(2). ئەمەش وای لە سەلیمە کردووە، هەر لە تەمەنی زوو تێکەڵ بە بنەماڵەی دەوڵەمەند و دەسەڵاتدار و هونەردۆستان و موزیکژەنان بێت. لە کۆڵ و بەزم و دیوەخان و ئاهەنگی شەوان، گۆرانی بڵێت و بەدەنگە خۆشەکەی ناوبانگی پەیدابکات. تا ئێستاش، گۆرانییەکان و ئاوازەکانی نەمری و هونەرێکی جوان و ڕەسەن و بەها و سەدای خۆی هەیە. ئەم هونەرمەندە جوولەکەیە، ئەستێرەیەکی گەشی گۆرانی بووە لە سەردەمی خۆیدا، ئەمەش وایکردووە لای تاکی کوردیش جێگای بایەخ بێت و ڕەنگدانەوەی لە خەیاڵ و بیر و هونەردۆستان هەبێت و یادگارییان لەگەڵ دەنگ و ڕەنگ و ڕووخساری جوانی ئەو هونەرمەندە هەبێت. لە نێو ئەدەبیش، ئەم ڕەنگدانەوەیە بەرچاو دەکەوێت، بۆ ئەم نووسینە، ئاوڕێك لەم بوارە دەدەینەوە، سێ ژنماننووسی دیاری کورد، بە گرنگی و بایەخی زۆرەوە، باسی ئەم هونەرمەندەیان کردووە.

بۆ چەندین جار وەك گۆرانیبێژ و سەماکەر و سۆزانی و خاوەنی گازینۆ و مەلها و ئەستێرەی دیاری گۆرانی و مەقاماتی عێرقی ناوی دەبەن. بۆجگە لەمەش بۆ چەندین جار ناوی هاوسەرکەشی هاتووە، کە ئەویش گۆرانیبێژی دیاری عێراق و جیهانی عەرەبی بووە. دواتر هەردووکیان هاوسەرگیریی دەکەن و پێکەوە چەندین گۆرانی دەڵێن و ئاهەنگی گەورەی جەماوەری لەناوەوە و دەرەوە سازدەکەن؛ ئەویش (نازم غەزالی). جا لەم نووسینە، سەلیمە پاشا، وەك سۆزانیی و سەماکەرێکی نێو دەق و لە دەرەوەی دەقیش، دەبینین وەکوو ئەستێرەیەکی دیاری گۆرانی و مەقاماتی عێراقی و عەرەبی لە سەدەی بیستەمدا، جێگەی بایەخ و ناوبانگییە. تەنانەت وەك جوویەکی عێراقی ئامادە نەبوو، بۆ ئیسرائیل کۆچ بکات و تا لە زێدی خۆی سەری نایەوە. لە ژیانی ئەم سێ ژنمانەش، تیشکی زیاتر دەخەینە سەر و بە چەند وردەکاری و زانیاریەکی تر ئاشنا دەبین.
بە سەرەتای ئەم باسە، ژنمانەکەی فەرهاد پیربا(3) بەسەر بکەینەوە. ئەویش لە سەر زاری یەکێك لە کارەکتەرەکانی ئەو ژنمانەیە. ئەویش شەهابەی هونەرمەندە، باسی ئەوە دەکات، کە چۆن چویتە بەغدا و گۆرانی گوتووە. دواتر عاشقی گۆرانیبێژێکی ناودار

دەبێت، چەند جارێك بەو یادەوە ڕوو لە بەغدا دەكاتەوە.
" ڕوومان كردە (مەلهای جەواهیری) كە ئەوكات خاوەنەكەی (سەلیمە موراد)ی گەرانیبێژ بوو كە پێیان دەگووت (سەلیمە پاشا)." (4)
شەهابە كە عاشقی گەرانیبێژ (ئوم كەلسووم) بووە. كە لەگەڵ چەند گەرانبێژێكی ناوداری عێراق، بەشداریان لە ئاهەنگێكی گەرانبێژی میسر (ئوم كەلسووم)، كردووە و گەرانیان گووتوە. لەوێ عاشقی یەكدەبن و بەیەكەوە چەند پیاسەیەك دەكەن. دوای ئەوەی شەهابە دێتەوە هەولێر. " گازینۆ هیلال، لە بەغدا، كە مەلهایەكی بریقەداربوو، لە یەكێك لە سووچەكانی گۆڕەپانی (مەیدان)؛ ئینگلیزەكان لە ساڵی 1918 دروستیان كردبوو. ئەم مەلهایە، كە من تەنها جارێك لە دووڕەوە بینیبووم، هەوەڵجار ناوی (مایستیك) بوو، پاشان ناویان گۆڕی و كردیانە هیلال. شەهابە دەیگێڕایەوە، دەیگوت: "سەماكەرێكی بەژن زراقی تورك ناوی (لان) بوو لەوێ بەزمی سەمای گەرم دەكرد. ئنجا پاشان ژنێكی سەماكەری دیكە بەناوی (ماریكا دیمیتری) پەیدا بوو كە پێڵانی بوو." شەهابە دەیگوت"سەلیمە مورادی گەرانیبێژ لە 1924_ەوە لەوێ گەرانیی گوتووە و قەوانی هەبووە؛ جگە لەمە سەلیمە موراد هەر ساخبەری گازینۆكەش بوو كە پاشان مێردی بە نازم غەزالی كرد…"(5)
ئیسماعیل حەمەدەمینیش، لە ڕۆمانی (ئەودیوی سنوور. باڵەفڕە بەنێو دارستانەكانی مانگدا.(6) باس لە كارەكتەرێك دەكات بە ناوی ئەدۆنیس. دوای كوژرانی باوكی، لەگەڵ سوهای دایكی دێتە بەغدا. دایكی شەوانە لە یانەیەك سەما دەكات و كۆەكەشی لە لای پیاو و ژنێكی كوردی فەیلی دادەنێت و دوور لە گرتن و كوشتن، ژیان دەگوزەرێنێت، دوای ماوەیەك لە لایەن زۆباوكییەوە، دایكی لە بەرچاوی لە مەلهایەكی شەوانە دەكوژرێت. ئەدۆنیس، لەو مەلهایە لەگەڵ ژنە سۆزانیەكان دەژێت و ئەوانیش چاویان لێدەبێت. ئەو مەلهایە هی سەلیمە مورادە. لەم ڕۆمانە چەندین جار ناوی ئەو گەرانیبێژە وەكوو سۆزانییەكی گەورە و خاوەن مەلهایەكی بەناوبانگ، ناوی دێ. "ئەدۆنیس لە یەكێك لە ماڵەكانی گەڕەكی كوردەكانی بەغدا گەورە دەبێت زۆربەیان فەیلین، ئەدۆنیس دیالەكتیكیی سۆرانی سلیمانی لە نێو دیالەكتیكیی فەیلیدا دەتوێنێتەوە. سوهاش زۆر زوو لە مەلهاكانی (سەلیمە موراد) كار دەدۆزێتەوە… (7)" ئەم كاركردنە زۆر ناخاتنێت و هەر لەو مەلهایەدا بە چەقۆ دەكوژرێت و ئەدۆنیس بێكەس دەبێت. بە ناچاری لەو شوێنە كاردەكات. ئەمجارە، وەك هەرزەكارێك لە نێو گەواد و لەشفرۆش و سەماكەر و سینگ و ماچ و مەمك و لاق و جەستەی ڕووتی ژنان گەورە دەبێت. هەرلەو شوێنەش لای سەلیمە دەژێت و پارەی ئارەق و سەرمۆزەكان و ژنەكان لە مشتەریەكان

وەردەگرێت و خەریکی دەفتەری حیسابات سزانیەکانی (پاپوچی سپیدا)دەبێت. بەڕۆژ دەخونێت و بە شەویش لە مەلهایەکان و ژیانی ئەوان بە سەردەبات. هەروەها دەبێتە هاوڕێی گرانیبڕ نازم غەزالی، هاوسەری (سەلیمە).

"ئەو ئێوارەیە ئەدنیس لە ژوورەکانی پشت تەختەی سەماکردنی مەلهاکەوە لە باوەشی سەلیمە مورادی خانمدا یەکەم موچڕکەی سێکسوالی بەجەستەیدا هات و چێ دەکات. سەلیمە مورادە هەست بە موچڕکەکەی دەکات و زیاتر گەرمایی لەشی خۆی پێدەبەخشێت... (8)"

دواتر ئەدنیس لە لایەن، کەسێکەوە بەناوی (ملازم جوانر). پێیدەڵێت، کە ئیدی تێ چیتر ئەدنیس نێو مەلهاکان نیت، لەمەودوا ئەدنیسی شۆشگێری. بەم شێوەیە لە کاری نێو مەلهایەکە دەچێتە نێو خانەی شۆش و کوشتن و لەناوبردنی ناحەزانی شۆش. تا دواتر لە لایەن ئەویش دەکوژرێت. هەر لە ڕۆمانەکە، ئەدنیش پەیوەندی دەکات بە گرووپی (بازی سوور ل582)، بازی سوور، ئاماژەکە بێ ڕۆکخراوی (هەڤی سوور) کە لە بەغدا لە ساڵی 1976 دامەزرا و بەشی زۆریان کوردی فەیلی بوون. ناوهێنانی ملازم جوانر لە چەند شوێنێك، هەروەها (ملازم جوامێر، ل59) ناوی هاتووە. ، هەنگە ئەو ملازم جوانێیە، هەر ئەو ملازم جوامێر (1947 _ 1978) بێت لە سێدارە دەدرێت!(9)

" ملازم جوانێ و هەموو برادەرانی دیکەی بەغدا ڕۆکخراوێکی بچوکیان دامەزراندبوو. لە لایەن بەعسییەکانەوە دەستگیر دەکران و بەماوەیەکی کورت لە سێدارە دەدران...(10)" لەم ڕۆمانە، کە باس لە مەلهایەکەی سەلیمە دەکرێت، سەلیمە پێش دامەزراندنی ئەم ڕۆکخراوە لە ساڵی 1974 کۆچی دوایی کردووە، هیچ مەلهایەك بە سەرپەرشتی سەلیمەوە لەوکات نەبووە، ئەمە دەگەڕێتەوە پێش دامەزراندنی ڕۆکخراوەکە. هەرلەم ڕۆمانە هاتووە ئەدنیس لە تەمەنی چواردە ساڵی دێتە نێو ئەو ڕۆکخراوە، ئەگەر لە 1976 پەیوەندی کرد بێت، ئەوا دووساڵ زیاتر سەلیمە مراد مردووە. بەڵام ناوهێنانی سەلیمە مورادە پێش دامەزراندنی ئەم ڕۆکخراوە کە ئەدنیس تێیدا کاری کردووە. وەك سەماکەر و خاوەن مەلها، کە سەرپەرشتی چەندین سزانی کردووە و شەوان بە ئاهەنگ و سەما و گرانی و ڕابواردن کاتیان بەسەر بردووە.

لە ڕۆمانی سێیەمدا، شرزاد هەینی، لە یەکێك لە ڕۆمانەکانی شاری هەولێر بە ناوی (هەولێر. قەرەچوغ)، بەم شێوەیە باس لە هونەرمەندێکی شاری هەولێر دەکات، کە ناوی شەهابەیە، ئەو زانیاریە نزیك لە هەمان زانیاریەکانی ڕۆمانی فەرهاد پیربالە.

به ئاشکرا کاریگەری ئەو □□مانە لەسەر ئەوەی شۆرزاد هەبووە، ئەویش هەر لە □□گەی ناوھێنانی شەهابەوە، سەرەداوێکی ئەو هونەرمەندە جووەمان پێدە□□ت. ئەگەر هاتبوایە مەلا فەندی □□گای دابایە شەهابە چووبایە میسر لەگەڵ ئوم کەلسوم. ھەنگە شەهابە ناوی دەرکردبایە و ئەوها بە بێنازی سەری نەدەنایەوە. "ئەو هونەرمەندە ناوی شەهابە بوو، لە کوردستانەوە هاتۆتە میسر لەسەر داوای ئوم کلسوم هاتووە. ئەگەر ئەو ئەستێرەی خۆرهەڵات بوو، ئەوەش شەهابە خۆی ئەستێرەیە! لەبەر ئەوەی دەنگێکی تایبەتی هەبوو، بۆیەش زۆر لە ئاوازدانەر و موزیکسازەکان بایەخی پێدەدەن. ئەگەر سەفەرەکەی دەکرد، شەهاب دەبووە هاوسەری هونەرمەندێکی ناسراوی میسری. دووریش نەبوو، لە قاهیرە، لە دیمانە هونەرییەکانی، باسی " سەلیمە مورادی بۆ "لەیلا مراد " کردبوایە. کە چۆن عاشقی "نازم غەزالی" بووە. نەیویستووە وەك جوولەکەیەك لە بەغدا کۆچ بکات و شوو بە نازم دەکات. گۆرانی _ گلبك صخر جلمود_ ی بۆ دە□□ت. ئەویش عاشقی لەیلاکەی میسر دەبێت. لەسەر دەستی ئەو، بۆ دەنگی ئەو، ژنەکە دەبێتە موسڵمان. لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 1932 ئوم کلسوم، هاتۆتە بەغدا. چەند ئاهەنگێکی ساز کردووە. سەرەتا لە تیاترخانەی ئەلهلال، کە زووتر ناوی "ماجستیك" بووە، ئینگلیزەکان وەك دیارییەك بۆ بەغدایان ساز کردووە. لەوێ، بۆ سەرخۆشەکان گۆرانی گوتووە…(11)" لەم □□مانە هەر گەورەیی ئەو هونەرمەندە جووەمان بۆ بەدەر دەکەوێت، شانبەشانی ئوم کەلسوم بووە، دواتر عاشقی نازم دەبێت و هەر لەبەر دەنگی ئەویش دەبێتە موسڵمان. سەردەمانیك وەك دوو هاوسەر، دوو ئەستێرەی دیاری گۆرانی بوون و ناو و نابانگیان هەبووە.

لە ئەنجامی خوێندنەوە و وردبوونەوە لە ھەنگدانەوەی سەلیمە مورادلەو سۆ □□مانە، بۆمان دەردەکەوێت. گەورەیی و ناوبانگی ئەومان بەدیدەی فەرهاد پیربا□، هونەرمەند و گۆرانبێژێکی گەورە و کەچی لای ئیسماعیل بە سزانیێکی گەورە و خاوەن مەلهایەکی گەورە باسکراوە. لای شۆرزادیش، ناوبانگی و بویری ئەو ژنەمان بۆ دەردەکەوێت و کە شەوان گۆرانی بۆ خەڵك و کەسە سەرخۆشەکان وتووە، یانەی شەوانەی بە جێش و خرێش خستووە. هەرسێکیان بۆ ئەو □استییە □□یشتوون، کە خاوەنی مەلهایەکی گەورە بوو، دواتر شووی بە نازم غەزالی کردووە. ئەنجامەکەش هەروایە، هەموو ئەو نووسراو و نووسینانە باس لە ناوبانگی ئەو ژنە جووە دەکەن، کە □□لێکی گەورەی گ□□اوە لە سەدەی بیستەم. ئاهەنگ و فێستیقا□ و شەوبۆری لە یانە و دیوەخانەکان و کۆ□ی پیاوانی دەوڵەمەند و دەسهەڵاتدارانی وڵات، نەخاسمە دەنگی و ھەنگی لە تەلەفزیۆن و □ادیۆکان و سازدانی چەندین ئاهەنگی

سەرکەوتوو و پێجەماوەر لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ هاوسەرەکەی (نازم غەزالی). هەنگە ناو و ناتارە و بوختانی زۆریشی بۆ هەبستراوەت لە بەر ئەوەی هەم ژنێکی ناسك و جوان و دەنگخۆش بووە و هەمیش جوولەکە.

لەو سەردەمە خەڵك بە چاوێکی تر سەیری جووەکانیان دەکرد. جا ئەدەبیش، جارێکی تر نەمریی و ناو و دەنگ و هەنگی ئەو خاتوونە جووە، لە ڕێی دەنگ و هەنگ و لەش و سەما گەرانی نا، بەکو لە ڕێگای ئەدەبەوە، لە ڕێگەی پەیڤ و هستەکانەوە، جارێکی تر سەلیمە موراد، بە دیدەی خوێنەر ئاشنا دەبێت، ئەم سێ ڕێمانووسە، کەمەی زانیاری ورد و سەرنجراکێشیان خستەتە ڕوو، هونەرمەندێکی جوویان پێناساندووین, دەکرێت ئەمە سەرە داوێکی ترمان بداتە دەست، لەدوای ئاشنابوون بەو ناوە، ئاوڕێکی لە هونەری جووەکان بدەینەوە لە ڕووی گەرانی و مۆسیقا و ئاوازدانان تا ساڵی پەنجایەکانی سەدەی بیستەم، ئەستێرەی دیاربوون و خزمەتی مۆسیقایان کردووە. بۆ ئەمەش هەنگە بە قەد سەلیمە موراد، (دایکی جەمال)، وەکو هونەرمەندێکی جوو، خزمەتێکی گەورەی هونەر و گەرانی کوردی کردووە. ئیدی ئەوە دونیای ئەدەبە و جارێکی تر دەبێت، ئەم هونەرمەندانە لە ڕێگای ئەدەبەوە پێمان ئاشنا بکەن.

سەرچاوە و پەراوێز:

1. ویکیپیدیا (Wikipedia) سلیمە مراد موسیقیە عراقیە.
2. سەلیمە موراد فریادەسی هونەری نازم غەزالی، ئەدەب و هونەری ماڵپەری (بۆ پێشەوە)، 7ی شوباتی 2020.

- نازم غەزالی: لە بەغدا لەدایکبووە، بەهەژاری و هەتیووی پەروەردەدەکرێ، دواتر پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا بە پلەی بەرز تەواو دەکات. لە ساڵی 1952، سەلیمە دەناسێت و دواتر وەکوو دوو عاشقی گەورە ساڵی 1953 هاوسەرگیری دەکەن. لە ساڵی 1963 بە مردنێکی تەمومژوای کۆچی دوایەکات، گوایە بەعسییەکان هەوڵی لەناوبردنیان داوە. ئینتەرنێت.

1. فەرهاد پیربااڵ، ڕێمان (حیکایەتەکانی باوکم)، چاپی یەکەم، 2007، لە بااڵوکراوەکانی بەدرخان)
2. سەرچاوەی پێشوو، ل213.
3. سەرچاوەی پێشوو، ل 385.
4. ئیسماعیل حەمەئەمین، ڕێمان (ئەودیوو سنوور، باڵەفڕە بەنۆ

دارستانەکانی مانگدا)چاپی یەکەم، سلیمانی، 2013.
5. سەرچاوەی پێشوو، ل587.
6. سەرچاوەی پێشوو، ل588.
7. بڕوانە: هەڵەی سوور، مامۆستا جەعفەر، چاپی دووەم ، بەهاری2007.
8. سەرچاوەی پێشوو، ل 603.
9. ڕێمانی (هەولێر. قەرەچوغ)، شێرزاد هەینی، بەرگی هەشتەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،2017، ل40.

- لە هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان، ژمارە (1235)، لە 23/ 2/2021 بڵاوکراوەتەوە.

گفتوگۆی ڕۆژنامەی بۆ پێشوو لەگەڵ گەران عەبدوڵڵا

گەران عەبدوڵڵا لە ٣٠ هەمین ساڵیادی ڕاپەڕین و شوراکان بۆ بەپێشوو دەدوێت.

- **بۆپێشوو:**
دوای ٣٠ ساڵ لە وەدەرنانی بەعس لە کوردستان، جیاوازی سەرەکی نێوان دەسەڵاتی بەعس و دوای بەعس چییە؟ حزبە بەرژوازییەکانی کوردستان، بەدوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانداا، بەڕێنی کردنی کوردستان بۆ بەهەشتیان دەدا، بنەمای ئەو بەڕێنانە چی بوو؟ بۆچی نەیانتوانی ویستەکانی خەڵکی کوردستان وەدی بێنن؟

گەران:
پێش ئەوەی بچمە سەر وەڵامی پرسیارەکەتان، پێمخۆشە لەسەر دەستەواژەی (وەدەرنانی بەعس) سەرنجی خۆم بدەم. بەعس ئاژەڵێکی دڕندەنەبوو لە کوردستان وەدەربنرێت و خۆیاڵی خۆمان ئاسوودەبکەین. بەعس فیکر بوو، خاوەنی سونەتی کۆمەڵایەتی و دەزگا و دامەزراوەی خۆی بوو لەکوردستان. ئێمە بە بیر کردنەوە لەناوبردنکەی ئێم دەستە واژەیمان وتووە. ئەو حزبی کوردی بوو هەوێدا ڕووی خۆی لە پەنای ئێم

دڕبەینانەوە بشارەتەوە. بەعس بە شوناسە سەرکوتکەرو دژە ئازادی و کۆنەپەرستکەیەوە لە کوردستاندا ماوە. ئەوانە لە دادگاکان، لە شەو کوتانە سەرمایان و تیرەر و ڤاندن و لە خوێن گەوزاندنی خەپیشاندەران و دەیان بواری تردا بوونی هەیە. بزووتنەوەی سۆشیالیستی لەسەریەتی گرنگییەکی زیاتر بە زمان و دڕبەینە سیاسەکانی خەی بدات.

من نامەوێت قسە لەسەر هیچ جیاوازییەکی پەزەتیڤی ئەو دوو دەورانە بکەم، چوونکە ناڕاستەوخۆ وەکوو بەخشندەیی دەسەڵاتداران دەکەوێتەوە، کەمن پەم وایە هەموو کەمگەیەک لەگەڵ چوونە پێشەوەی دەخەی جیهانەکان، ئەویش کەموو زەر ئاوو گەری بەسەردا دێت و دەستکەوتی خەی بەدەستدەهێنێت لەو گەڵانکارییانە، لەگەڵ ئەوشدا دەتوانم بەەم بەعس وەک دەسەڵاتەکی دیکتاتەر بە پەردەو ەوو بە ەوو لە بەرانبەرت دەوەستا و هەوڵی سینەوەی دەدای، کەچی دەسەڵاتی کوردی کار لەسەر بۆئیرادەکردنی تاکەکانی دەکات.

هەموو حزبەک لە دونیادا بەەن دەدات، بەەندان بۆشکی دانبەاوە لە کارو ئەجیندای حیزبی، بەجۆگەیاندن و نۆگەیاندنی ئەو بەەنانە پەیوەستە بە هۆشیاری خەک و شەوەی میکانیزمی دەسەڵات و دەستبەرکردنی دەخاەتی خەک لە سیستەم، بەەام ئەمانەی پەیان دەەی (حیزبە بەرژوازەکانی کوردستان) من پەموایە ئەمانە نە ئەمە و نە لە مەژووی کۆنیاندا مقەوماتی بنەماکانی حیزبیان تیا نەبووە. ئەمان هەر لەسەرەتای بوونیانەوە هەویان داوە حیزب دروست نەبێت (دیارە حیزب بەمانا مەدەرنەتکەی) هەرواشیان کرد، بەیە حیزبیان لە خە کورتکردەوە و بڕەویان بە پەیوەندکانی خەدا. ئەم تەرزە لە حیزبی خەل هەر ئەوەندە لە هەگبەکەیدا جێدەبێتەوە کە تاکوو ئەمڕە داوێتی یان نیشانی داوە.

بەپێشەوە:

ئەزموونی دەسەڵاتی حزبەکانی بزوتنەوەی کورداێتی لە ٣٠ ساڵی دەسەڵاتداڕێتیاندا، ئەزمونی سەرکوتی ئازادی و بەمافی و ەەژەشی و دەیان کۆڕەوەری و مەرگەسات بوو، خەکی کوردستان دەبە چ بکەن، بە ەزگاربوونیان لەدەسەڵاتی کوردی؟

گەران:

خەک بەم بارو دەخێوە لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە هیچی پێناکرێت، چەندین ەەگای تاقیکردەوە و ناکام مایەوە لە گەڵانکاری. ئەم هیچ نەکردنە تەنها پەیوەست نییە بە خەکی کوردستانەوە، بەەکوو بە

شۆڕشێکی گشتی ڕەهەندێکی جیهانی هەیە. دە بیست ساڵی ڕابردوو ساڵی شکستی خۆپیشاندان و ڕاپەڕینە جەماوەرێکان بووە لەسەرتاسەری دونیادا، هەر لە ئۆروپاوە بگرە تا ئاسیاو ئەفریکا و هەردوو ئەمریکا. بزووتنەوەکانی خۆک لە نا ئامادەیی ڕێکخراوبوون یان فۆزای خۆقاندووە یان بە شکستخواردووانە گەراوەتە ماڵەوە. چوار دەیە زیاترە سەرمایەداری کار لەسەر بە ئەتەریتە کردنی کاری ڕێکخراوەیی دەکات هەر لە تەحزوبەوە تادەگاتە سندیکاو شۆڕکانی تری ڕێکخراووون. خێکی کوردستان دەبێت دەست بەرێت بە ڕێکخراوبونی خۆی لە ڕێکخراوە جەماوەرێکانی خۆیدا بە ئاسۆو ئەلتەرناتیڤکی ڕەشنوە لەگەڵ دیاریکردنی چۆنیەتی ڕوبەڕوبونەوەی لەگەڵ دەسەاتکی تۆاو مافیایدا، هەروەها خۆ دوورخستنەوە لە هەموو ئەو ئەحزاب و کەمەانەی کە بە شۆڕشێک لە شۆڕکان تا ئێستا سوودمەند بوونە لەم دەسەاتە.

بەپێشەوە:
لەدەی ڕاپەڕینی خێکی کوردستان، چەپ و کەمۆنیستەکان بەکردەوە هاتنە مەیدان و بزوتنەوەی شورایییان وەڕەخست، ئەمە چۆن بوو؟
گۆران:
هەموو بزووتنەوەیەکی سیاسی هەڵگری شۆڕشێکە لە میکانیزمی بەرەوەبردنی کەمەڵگە کە لەگەڵ ئاسۆو ئامانجەکانیدا کەکە، دیارە ئەمە بە بزووتنەوەی سۆشیالیستیش هەر وایە. چەپ و کەمۆنیستەکان ئەلتەرناتیڤی شورایییان وەک بەدیلێکی گونجاو خستە پێش کەمەڵگە وەک بنەمایەکی بنەڕەتی خۆ بەڕەوەبردن و گەیشتنەوەی ئیرادە بە خێک بە شۆڕشێکی گشتی، وە لەو بووارەشدا بە هەموو کەموو کوێکانیەوە هەوڵی شۆڵگیرانەی دا.

بەپێشەوە:
ئەوانەی مەژوو دەگەڕێنەوە دەنووسن، بە دەگمەنیش باسی بزوتنەوەی شورایی ناکەن، هۆکاری ئەمە چییە؟
گۆران:
وەک وتراوە(**مەژوو براوەکان دەینووسنەوە**) ئەمە براوە نەبووین، بەڵام ڕێژەک دەینووسینەوە.

بەپێشەوە:
کاتێک باڕەی کوردستانی لەگەڵ ڕاپەڕیندا گەیشتنەوە کوردستان، لەبوردنی گشتیان بە کرێگرتەکانی بەعس و سەرکەی فەوجە خەفیفە و مەفرەزە خاسە و ئەمن و ئیستیخباراتە کوردەکان دەرکرد، بەڵام شۆڕشێکی ژن کوشتنیان دەستپێکرد، لە ژێر ناوی پێوەندیان بە

دۆزگاکانی حکومەت و لە ژێر ناو و پاساوی ئەخلاقیدا، لەو بارەیەوە بەچوونی ئەوە چییە؟

گۆران:

بزووتنەوەی کوردایەتی وەفادارترین بزووتنەوەیە بە مێژووی سیاسی و فکری و کۆمەڵایەتی خۆی. ئەو لە گۆڕانکاری خێراوە هەروا کاری کردووەو دەیکات. ئەوە ئەمەین یان مێژووکانیان ناخوێنینەوە یان خەمان دەبان دەکەین لە مێژوو فیکری ئەوان. ئەوەی دوێنێ کردیان، ئەوەی ئەمڕۆ دەیکەن، سبەینێش بە زیادەوە هەر ئەمانە دەکەن کە کردویانە. ئەوە ئەوانن وەک خۆیانن، ئەوە ئەمەین هەمیشە بە کارەکانی ئەوان توشی تاسان دەبین. خۆ خڕیک کردن بە مێژووی ئەوان و چیرۆکە تەواو نەبووەکانی ئەوانەوە درێژکردنەوەی تەمەنی دەسەڵاتیانە. وەک **سەردەشتی ئێژنامەنووس** وتی: (**خاڵ دانە و بڕە سەر دڕ.**) هەستی نوێ ئەوەیە، وازیان لەبەنێ ئەوان خڕیکی چیین و چی دەکەن، باشترە لەگڕ خۆک ئامرازەکانی لابردنیان تاوتوێ بکرێت.

بەپێشەوە:

بزوتنەوەی شورایی تەمەنی کورت بوو، بەڵام دیاردەیەکی نوێ و جێگای پێشوازی خۆکی کرێکارو زەحمەتکێش بوو. هۆکانی ئوهۆنانی خۆکی بەشمەینەت بە شوراکان چی بوو؟

گۆران:

من زۆر تەبا نیم لەگڕ ئەوەی کە دەڵێن خۆک هووی لە شوراکان کرد و وێنەیەک بە نەوەی نوێ بدەین کە شوراکان ببوە جێگەی سەدان هەزار لەخۆکی کرێکار و زەحمەتکێش. شوراچ وەک ناوچ وەک ئێکخستن، بەتەواوی نوێبوو لای خۆک، هەروەها ئەم تەوانینە لەگڕ مێژووی سیاسی و ئێکخستنی زاڵ لە کوردستان و عێراق نالەجیکێ و ناگونجێت. خۆکی کورد بە شۆڕیکی گشتی ئاسۆو ئومێدی خۆی بە لوولەی چەکی پێشمەرگایەتییەوە گرێدابوو و ئەزموونی ئێکخستنی جەماوەری لە ناو خۆکدا زۆر زۆر لاواز بوو. بزووتنەوەی کوردایەتی و حیزبی بەعس بە پلان و بەرنامە دژی هەموو شێوە ئێخستنکی خۆبە خۆی جەماوەری بوون، ئەوەی حیزبی شوعی وەک نیقابێ و یەکێتکان لە مێژووی سیاسی خۆی دروستی کردبوو، لەلایەن ئەمانەوە بەر لەدان کەوت یان لە ناوەکە جەماوەری و شۆشگڕکەی بەتاڵ کرایەوە.

خۆک لە کوردستان بەقەستنەوەی تێکشکانی سوپای عێراق لە کەنداو، ئەمانیش دژی دیکتاتۆری هاتنە مەیدان، وە پێشی وابوو تفەنگکانی شاخ ئازادی بە ئەو دەستبەر دەکەن. سۆشیالیستکان بە شۆڕیکی گشتی شورایان وەک هێزاردەی خۆیان بە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە هێزاردبوو، وە ئەم هێزاردەیشیان خستە پێش جەماوەرو لەگڕ

هەموو بۆ ئەزمونەکانی خۆیدا لەو بارەوە ماندو نەناسانە کاریان بۆ کرد. ژمارەیەکی دیاریکراو لە چەژکی دیاریکراودا تووشی وەهمان نەکات لەوەی واقیعەکە وەک خۆی نەخوێنێنەوە بە لەتەگشتن و کارکردن.
باسی شوراکان و زەمینەی کارەکەی و پێوەندەکانی بە جەماوەرو جەماوەرکەی باسکی جدیێ و نابەت ئاگوزرانە بەسەریدا بڕین. شورا وەک ئەلتەرناتیڤی دەسەاتی سیاسی لەدەرەوەی ئەزموونی ۹۱ شایانی تاوتوێ کردنی زیاترە.

- **بەپێشەوە:**
  دوای ۳۰ ساڵ لەدەسەاتی تاانچی و بنەماڕەیی و حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، لاتان وانییە کە پیویستە ئەو دەسەاتە ابماڕێت؟
  گەران:
  هەر ئەو قسەیەی سەرەوە دووبارە دەکەمەوە، سبەی نا، ئەمرۆش درەنگە.

گەران عەبدوڵا
٢٠٢١\٢\٢٦

http://www.bopeshawa.net/index/wp-content/uploads/2021/02/Forward-N-93-2.pdf

---

خاوەنی کۆنەکسییەکان کێن؟.. ستیڤان شەمزینی

حاڵی حازر سەدان کۆنەی ئاسمانی سەکسیی و هەزاران وێب سایتی پۆرنۆ لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، ڕۆژانە پەخش دەکەن. خاوەنی ئەو کۆنەانە تا ئێستا لای زۆربەی خەڵکی ڕۆژهەات و جیهانیی ئیسلامی کە بە پلەی یەکەم دەن لە سەیرکردنی ئەو کۆنە و سایتانەدا، ئاشکرا نییە. زۆربەی جار بانگخوازە ئیسلامییەکان، بانگشە دەکەن، گوایە ماسنییەت یان سەهیونییەت لە پشتی ئەم کۆنەانەوە ڕاوستاوە، هەندێکجاری تر بانگشەی ئەوە دەکەن، ئەو کۆنە سەکسییانە تەنیا

بۆ جیهانی ئیسلامیی دروستکراون، ئۆیش لایەن ڕکخراوە تبشیریەکان یان ڕکخراوە نهنیەکانی وابستە بۆ ئیسرائیل و زایۆنیزم.

ئۆ جۆرە بانگشەیەی بانگخوازە ئیسلامیەکان، دوورن لە راستیەوە، چوونکە زۆربەی ئۆ کەناڵ و سایتە سکسیانە لایەن کەسانی موسڵمان و خکی ژهات و جیهانی ئیسلامیەوە خاوندارتی دکرێن. بم دوایە ئاشکرابوو کە زیاتر لە 60 ملیاردێری میسریی، خاوندارتییان لە چندین کەناڵ و سایتی سکسیی کردووە، وک سرچاوەیکی گرنگیی بازرگانی، بۆ تایبت لە ڕگەی ئۆ سایتانەی بۆ پارە گرتە سکسیەکان بۆاو دکنەوە، یان ئۆ کەناڵانەی پەیوندیی راستەوخۆ وردگرن، کە بۆهای ئۆ پەیوندییە تلەفنیانە چند قات زیاترە لە پەیوندیی تلەفنی ئاسایی، ئۆش ربحکی گورەیە بۆ ئۆ سرمایدارانەی لە پشتی ئۆ کەناڵانەوە وستاون.
بۆیە ئامارکان ئۆ راستیە بۆئاشکرا خی دەرخستووە، زۆربەی تماشاکارانی کەناڵ و سایتە سکسیەکان لە جیهانی ئیسلامییدان، لم رووەوە عراق لە ریزبندی سێ لەو وڵاتانە دت کە زۆرترین تماشاکرانی سایت و کەناڵە سکسیەکانی تدایە. بە گورەی بە دواداچوونکی NAWA دەرکوتووە لە سێ وڵاتی ئیسلامی، سایتە سکسیەکان لە ریزی پشەوەی ئۆ سایتانەن کە زۆرترین سردانیکریان هەیە و لە نویشیاندا وڵاتی عراق بە پلەی یکم دت بۆ پیەی دوای تەکەکانی youtube ، facebook و هردوو سایتی google و yahoo و سایتە پرنیەکان زۆرترین سردانیکری هەیە لە عراق. دوای عراق وڵاتی جزائیر بە پلەی دووەم دت بۆ واتایەی لە 30 سایتی یکم 3 سایتیان سکسین کە ئۆوانیش لە ریزبندی 16، 25 و 27دا جێیان گرتووە. لە پلەی سێیەمیش مغریبە کە دوو سایتی پرنی لە ریزبندی 12 و 23دا لە نێو ئۆو 30 سایتەدان کە زۆرترین سردانیان دکرت لەو وڵاتەدا.
